# فەرهەنگی دیپلۆماسی

## (کوردی - ئینگلیزی)

هاوکار حمەفەرەج

(هەولێر 2022 )

# فەرهەنگی دیپلۆماسی
(کوردی - ئینگلیزی)

نووسین و ئامادەکردنی: هاوکار حەمە فەرەج.
زمانەوانی و هەڵەچن: شێرزاد فەقێ، هاوکار حەمە فەرەج.
بەرگ و ناوەڕۆك : ئیبراهیم ساڵح
بابەت: فەرهەنگسازی.
چاپ: یەکەم 2022
چاپخانە: مادیار
تیراژ: 1000 دانە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەڕتووکخانە گشتییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ژمارە (715)ـی ساڵی 2022ی دراوەتێ.

مافی لە چاپدانی پارێزراوە بۆ نووسەر

# پێشەکەشە:

*بە دەستە ماندووەکـــانی باوکـــم و دڵە گەورەکەی دایـکم، کە بە کرێکاری حەوت منداڵیان گەورە کرد و پێیانگەیاندن.

*بە سەرجەم سیاسی و دیپلۆماتەکانی کوردستـــان و ئەو فێرخواز و ئـەکـــادیمیـــانەی کـــە بـــە بواری دیپـــلۆماسیەت و پەیوەندییە نێـو دەوڵـەتییەکانەوە سەرقاڵن

## پێشەکی

دیپلۆماسی هونەر و پراکتیکی بەڕێوەچوونی دانوستان، پاراستنی پەیوەندییەکانی نێوان گەلان و کارامەییە لە مامەڵەکردن. ئامڕازی سەرەکی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە و حوکمڕانی جیهانە، کە نوێنەرایەتی بەدەستهێنانی ئامانج و ستراتیژییە فراوانەکان دەکات. لە هەمان کاتدا ڕێنوێنی بەڕێوەچوونی پەیوەندی نێوان وڵاتان دەکات و بەشدار دەبێت لە دا ڕشتنی بنەمای یاسای نێودەوڵەتی، پەیماننامە و ڕێککەوتننامەکان. دیپلۆماسی لەسەر بنەمای مامەڵەی هاوبەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕێک دەخرێت. ئەو پلانە یان ستراتیژییەتەیە کە سەرۆک و گەورە سیاسەتمەدارانی وڵاتێک بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندی وڵاتەکەی خۆیان پێناسەی دەکەن و دای دەمەزرێنن. پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتی دەرەوە، پەیوەندی نێودەوڵەتی، ئاسایشی نەتەوەیی، ئاسایشی ئابووری و... هتد، هەیە.

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵێک کاری هەمەجۆرن کە لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر ڕوو دەدەن، بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەکانی نێوانیان. ئاشکرایە هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت بە دابڕاوی لە دەوڵەتەکانی دیکە بمێنێتەوە. بە تایبەتی لە سایەی شۆڕشی پەیوەندی زانیارییەکان و بڵاوبوونەوەی دیاردەی جیهانگیری. لەم ساڵانەی دوایدا پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان زۆر پەرەی سەندووە، سنوور و لەمپەری

نێوانیان نەماوە، هەر ڕووداوێک کە لە جیهاندا ڕوو دەدات کاریگەری لەسەر زۆربەی دەوڵەتەکان دەبێت.

دیپلۆماسی پەیوەندییەکی دانەبڕاوی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوە هەیە، تەنیا ئامرازی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە نییە بەڵکوو بەشداریش دەبێت لە ئامادەکردن و ڕێکخستنی سیاسەتی دەرەوە و گەیشتن بە ئامانجەکانی. هەندێک جار سیاسەتی دەرەوە و دیپلۆماسی وەک یەک زانست سەیر دەکرێن بە بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوانیاندا بکرێت.

چالاکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان بە شێوەیەکی گشتی بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی وڵات، سەروەری، سەروەری خاک، بەهێزکردنی سەروەری یاسا و دامەزراوە دیموکراتییەکانە هەروەها دروستکردنی هەلومەرجی دەرەکی گونجاوە بۆ گەشەی بەردەوام، بەرزکردنەوەی پێشبڕکێی ئابووری، نوێبوونەوەی تەکنۆلۆژیا و باشترکردنی ئاست و چۆنیەتی ژیانی دانیشتووان بەهێزکردنی پێگەی وڵاتەکە وەک یەکێک لە ناوەندە کاریگەرەکانی دونیای مۆدێرن.

لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، بەتایبەتی لە کاتی گرژیی نێوان دەوڵەتەکاندا، تەکتیک و ستراتیژی دیپلۆماتکارەکان لە چالاکی دیپلۆماسی ڕۆژانەیاندا گرنگترین ڕۆڵ دەگێڕێت. پێش هەموو شتێک دیپلۆماسی هونەرێکە بەکاردێت بۆ دامەزراندن و پاراستنی پەیوەندییە

نێودەوڵەتییەکـان لەڕێگەی شـــێوازی جۆراوجۆری پەیوەنـدییەوە. ئەم تەکنیکانە شێوازی و دەربڕینی تایبەت بە خۆیان هەیە کە ڕەنگدانەوەیان لە بەڵگەنامە دیپلۆماســـییەکاندا دەبینین. هونەری دیپلۆماتکارێک لەو ڕۆژەوە دەسـت پێ دەکات کە توانای بەکارهێنانی تەکنیک و دەسـتەواژە و چەمکەکانی بە ڕێک و دروستی هەیە لە کاتی گفتوگۆدا.

لە هەلومەرج و ڕووداوە قەیرانـاوییەکـانی ئێســـتـای جیهـانـدا، پرۆسـەی دیپلۆماسـی بە ئامانجی چارەسـەرکردن، گرنگییەکی زۆری پێ بەخشـــراوە. لەم ڕووەشـــەوە وێنەی دیپلۆماســـی مۆدێرن و "زمانی دیپلۆماســـی " لە وڵاتەکانی جیهاندا گرنگییەکی تایبەتی وەرگرتووە. بەم فاکتەرانە تا ڕادەیەکی زۆر بە پۆرتریێتی زمانەوانی کەسـایەتی دیپلۆمات دیاری دەکرێت، واتا دەبێت دیپلۆماتەکە هەگبەیەکی پڕی لە دەســـتەواژە زمانەوانییەکان پێ بێت.

دیپلۆماســـی زانســـتە و هونەرە، زانســـتە لە ڕێگای خوێندن و لێکۆڵینەوە دەسـتمان دەکەوێت، کە پشـت بە کۆمەڵێک یاسـا و ڕێسـای پەیوەندی نێودەوڵەتی دەبەســـتێت بەڵام ئەم زانســـتە نابێتە حەقیقەت و پراکتیک ئەگەر دیپلۆماتکارەکان بە زمانێکی پاراو زیرەکانە جێبەجێی نەکەن. بە واتـایەکی تر گفتوگۆ و قســـەی دیپلۆمـاســـی هونەرە کە هاریکاری دیپلۆماتکارەکان دەکات، کە بە چەندین شـێواز گوزارشـت لە ڕاسـتییەکان بکەن و لەسـەر مێزی گفتوگۆ سـەرکەوتوو بن. تا ئێسـتا بە زانسـتی دەربارەی زمان و چەمک و دەسـتەواژە دیپلۆماسـییەکان هیچ لێکۆڵینەوە و نووسـراو پەرتووکێکمان لە کوردسـتان نییە. لەم ناوەندەدا

هێزی زمان کاریگەرییەکی گەورەی هەیە تاکوو بتوانین دیپلۆماسی بکەین کاریگەرترین چەکی هاوچەرخ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلەکەمان.

فەرهەنگ سازی دەچێتە چوارچێوەی زمانەوانی کارەکییەوە (Applied Linguistics) کە لقێکە لە زمانەوانی گشتی. فەرهەنگ گەنجینەیەکە کە وشە و زاراوەکانی زمانێکی تێدا دەپارێزرێت. وڵاتان بە هۆی فەرهەنگەکەیانەوە دەناسرێنەوە. فەرهەنگ نووسین کارێکی بنەڕەتییە و لە پێویستییەکانی هەموو نەتەوەیەکە. بە خۆشحاڵییەوە ئەمڕۆ بە زمانی شیرینی کوردی لە زۆر بواری جیاوازدا فەرهەنگ بەردەستە. بەڵام لە بواری دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا فەرهەنگ بە زمانی کوردی بەردەست نەبوو.

فەرهەنگ چەندین شێوازی هەیە ئەوەی من مەبەستمە و کارم لەسەر کردووە. فەرهەنگی ڕوونکردنەوە یان پێناسە کردنە. کە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێت (**ExplanatoryDictionary**) و بە زمانی ڕووسی پێی دەگوترێت (**ТолковыйСловарь**). ئەوەی بیرۆکەی بنچینەیی ئەم فەرهەنگەیە ناساندنی زاراوە، چەمک و دەستەواژەکانە لە چوارچێوەی زانستی دیپلۆماسی، پەیوەندی نێودەوڵەتی، کاروباری دەرەوەی وڵاتان، کاروباری نێردە دیپلۆماسی و کۆنسوڵییەکانە و پەیماننامە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەکاردێن. تاکوو بتوانین چەمکە هاوچەرخ و گەشەسەندووەکانی دیپلۆماسی بە بەرپرسانی حکومی،

دیپلۆماسی، ئەکادیمیستەکان و زانایان و قوتابیان نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت بناسێنین، کە لە بواری دیپلۆماسی، سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا سەرقاڵن.

لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرایەتی و نێردەی بیانی لە هەرێمی کوردستان، بە پێچەوانەشەوە بوونی نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وڵات. هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆر لە فێرخوازان لە زانکۆ گشتی و تایبەتەکان کە لە بەشەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی و زانستی سیاسی دەخوێنن. بەڵام لە ڕووی ئەکادیمییەوە تا ڕادەیەک ئاوڕ لەم بوارە و چەمکەکانی نەدراوەتەوە. بۆیە بڕیارمدا کە بەشێک لە ئەو بۆشاییە پڕبکەمەوە لەگەڵ ئەوەی کە دەمزانی بێ کەموکوڕی نابێت بەڵام وەک هەمیشە لە ژێر کاریگەری ئەو پەندە کوردییەی کە دەڵێت (کردەی پەشیمانبە نەک نەکردەی پەشیمان) دەستمپێکرد. سوپاس بۆ خودا ئەو شانازییە بەر من کەوت کە بۆ یەکەم جار بە زمانی شیرین کوردی فەرهەنگ لە بواری دیپلۆماسی ئامادە بکەم. هیوادارم ببێتە سەرچاوەیەک هەم لە بواری ئەکادیمی و هەم لە بواری پڕاکتیکی سیاسی و دیپلۆماسی سوودی لێ ببینرێت.

ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە بڕگەکانی ئەم فەرهەنگە لە کۆمەڵێک کولتووری ئەدەبی جۆراوجۆرەوە کۆ کراونەتەوە کە بریتین لە ئینگلیزی، ئەمریکی، ڕووسی و کوردی هەروەها بە سەدان سایتی ئینتەرنێت و

پەرتووک و ڕۆژنامە وەکوو سەرچاوە سوودی لێ وەرگیراوە. لە پێکهاتەی فەرهەنگەکەدا چەمکەکانبە زمانی کوردی ناسانێراون لە بەرانبەریدا هاو واتاکەی بە زمانی ئینگلیزی بەکارهێنراوە و پاشان بە زمانی کوردی چەمکەکان پێناسە کراوون.

جێگای خۆیەتی سپاسی ئەو کەسانە بکەم کە هاوکارییان کردووم و لەگەڵم ماندوو بوون.

**هاوکار حمەفەرەج حسن**

# أى ر ا

## ئاشتی سارد Cold Peace

دەســـــتەواژەکە بەکاردێت بۆ گوزارشـــــتکردن لە بارودۆخی نێوان ئەو وڵاتـانەی، پەیوەنـدییەکـانیـان لە ئـاشـــتییەکی ڕێژەیی و گرژییەکی ناتەواودایە. وڵاتەکان بە دوای جەنگێکی کارای سەرتاسەریدا ناکەون، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان بە تەنگژەی سیاسی و بێ متمـانەیی هـاوبەشـــــەوە تەنگە تـاو دەبێت. بۆ نموونە، پەیوەنـدی دوو لایەنەی هیندسـتان و پاکسـتان، هەرچەندە دەسـتیان بە دەسـتپێشـخەریی دیپلۆماسـیی کولتووری کردووە و پابەندن بە پرۆسـەی ئاشـتی دیالۆگی تێکەڵەوە، بەڵام لەو کاتەوە کە لە ســـــاڵی (١٩٤٧) دا ســـــەربەخۆییان بەدەســــــت هێناوە، پەیوەندی نێوان هەر دوو لا گرژی پێوە دیارە. لە لایەکی ترەوە پەیوەندی نێوان میسر و ئیسرائیل کە ئاشتی لە نێوان هەر دوو وڵاتـدا هەیە، بەڵام پەیوەنـدییە گەرمەکـان بەشـــــدار نەبوون بۆ ئاڵوگۆڕی کولتووری درێژکراوە و بازرگانی.

## ئایدیالیزمی سیاسی Idealism Political

لە تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، گەڕانەوەیە بۆ ئەو بیرۆکانەی، کە لە زۆر ڕووەوە پێچەوانەی ڕێبـازە ســــیـاســـــییە واقیعی و جیۆپۆلەتیکییەکانن. بنەمـای ئـایدیـالیزمی ســــیـاســــی بـاوەڕ بوونە بە بنەماکانی یاسـا و ڕەوشـت وەک ڕێکخەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ئەم ڕێبازە لەلایەن ســـەرۆکی ئەمریکا (ویلســۆن) ەوە لە دروســتکردنی کۆمەڵەی نەتەوەکـان (١٩١٩) جێبەجێ کرا. ڕێبـازەکە ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی هێزی ســـەربازییە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەروەها

هەوڵدانە بۆ گۆڕانکاری لەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییانەی کە بە زەبری هێز بەدەستهاتوون.

## ئاگربەست، شەڕڕاگرتن، ڕاگیران Armistice

ئەم زاراوەیە لە ئارمای لاتینی وەرگیراوە Arm واتا چەک و Stitium، واتا ڕاوەستان. ڕێککەوتنێکی فەرمییە لە نێوان وڵاتە دژبەر و شەڕکەرەکاندا، بۆ هەڵپەساردنی شەڕ و دوژمنایەتی بۆ کاتێکی دیاریکراو. مەرج نییە ئاگربەست کۆتایی جەنگێک بێت، چونکە لەوانەیە تەنیا وەستانی شەڕەکەبێت، لە کاتێکدا چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە دەبن کە بۆ ئاشتییەکی هەمیشەیی دەکرێت. زۆرجار ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵدەدات بەخێرایی بڕیاری ئاگربەست بەسەر لایەنەکاندا بسەپێنێت. ئاگربەست وەک پەیمانی ئاشتی نییە، کە لەوانەیە چەند مانگێکیان تەنانەت چەند ساڵێک بخایەنێت بۆ ئەوەی لەسەری ڕێکبکەون بەڵکو دەمودەست شەڕەکە ڕادەگیرێت. مەرج نییە ئاگربەست ڕێککەوتنی ئاشتی بەدوای خۆیدا بهێنیت. بۆ نموونە، ئاگربەستی جەنگی کۆریای (١٩٥٣) نموونەیەکی ئاشکرایە کە پەیمانی ئاشتی بەدوای خۆیدا نەهێناوە. بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، ئاگربەست ڕێککەوتنێکی یاساییە کە کۆتایی بە شەڕ و پێکدادانی نێوان وڵاتە شەڕکەرەکان دێت. ئەگەر ماوەکەی دیار و جێگیر نەبێت، ئەوا لایەنەکان لەوانەیە بەردەوام بن لە شەڕکردن. ئاگربەست لەوانەیە لە نێوان نوێنەرەکانی دەوڵەت بێت یان نوێنەری نێودەوڵەتی تێیدا بەشدار بێت. لەوانەیە فەرمی بن یان نافەرمی و مەرجەکانیان

ئاشـــکرا بێت یان نهێنی. لەوانەیە لەڕێگەی نێوەندگیرییەوە ڕوودات یان بە پێچەوانەوە وەک بەشـێک لە پرۆسـەی ئاشـتی، لەلایەن بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسـایشـی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەبەر ڕۆشـنایی بەشـی شەشەمی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بسەپێنرێت.

### ئاشتبوونەوە، پێکهاتنەوە، سازان Conciliation

هەوڵێکە بۆ بەدیهێنانی ڕێککەوتن بە ئومێدەوە، نیازپاکییەکە لەنێوان دوو لایەن یان دوو وڵاتی دژ پیشـان دەدرێت. ئاشـتبوونەوە چارەسـەرێکی جێگرەوەی نـاکۆکییە. لایەنی سـێیەم بە جیـا و پێکەوە لەگەڵ لایەنە دژەکان کۆدەبێتەوە، بە مەبەسـتی باشـترکردنی پەیوەندییەکانیان هەوڵی کەمکردنەوەی جیاوازییەکان و چارەسـەرکردنی گرژییەکانی نێوانیان دەدات. لایەنەکان هاندەدات، بۆ گەڕان بە دوای چارەسـەرێکی گونجاودا، بۆ گەیشتن بە دۆزینەوەی ئەنجامێکی دوو لایەنەی قبووڵکراو.

ئاشـتبوونەوە جیاوازە لە ناوبژیوانی، لەم پرۆسـەیەدا هیچ وەسـتانێکی یاسـایی نییە و ئاشـتکەرەوەش بە شـێوەیەکی ئاسـایی هیچ دەسـەڵاتێکی نییە، بۆ گەڕان بە دوای بەڵگە یان بانگکردنی شـایەتحاڵ، بە شـێوەیەکی ئاسـایی هیچ بڕیارێک نانووسـرێت. هەندێک جار ئاشـتەوای لەلایەن لایەنێکی بەشـداری ناکۆکییەکە دەسـتپێشـخەری لێ دەکرێت. بۆ نموونە، تەلەڤزیۆنی دەوڵەتی سـعوودییە لە ئاماژەیەکی گونجاوی ئاشـکرادا، ئامادەی شـا عەبدوڵڵای نیشـاندا کە لە لایەن خۆیەوە پێشـوازی لە مەحمود ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێران دەکات.

### ئازادی پەیوەندیکردنیکۆنسوڵخانەکان
### communicationof consulates Freedomof

- لەســـەر وڵاتی میواندار پێویســـتە ڕێگا بدات و ئازادیی پەیوەندیکردن بۆ نێردراوی کۆنســـوڵخانەکان دابینبکات، ســـەبارەت بە هەموو کاروبارێکی پەیوەندیدار بە کارە فەرمییەکانیان. هەروەها وڵاتی میوان بۆی هەیە بە هەموو شێوازێک پەیوەندی بە حکومەت یان نێردە دیپلۆماسییەکانی تری وڵاتی میواندار لە هەر کوێیەک بن بکات. بەڵام کۆنســـوڵخانەکان بەبێ ڕەزامەندی وڵاتی میواندار ناتوانن وێســـتگەی بێ تەل دابمەزرێنێت یان بەکاربهێنیت.
- وڵاتی میوان ڕێز لە نامە گۆڕینەوە فەرمییەکانی نێردراوی کۆنســـوڵخانە دەگرێت.

### ئاشتیخواز، لا شەڕ Pacifism

ئیدانەکردنی شـــەڕ و کردەوە ســـەربازییە توندوتیژەکانە. ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی توندوتیژییە لە ســـیاســـەت و پیادەکردنی دەســـەڵات. بە واتایەکی فراوانتر ئایدیۆلۆژیای بەرهەڵســـتییە بۆتوندوتیژی هەروەها هەوڵی بنبڕکردنی و بەدیهێنانی ئاشتی دەدات.

## ئاشتی پارێز Peace-keeping

ئەم چەمکە لە دیپلۆماسیدا وەک هەوڵەکان بۆ پاراستنی ئاشتی ، سەپاندنی ئاشتی و دروستکردنی ئاشتی دەناسێنرێت. چالاکی ئاشتی پارێزی کۆمەڵە یان پێکهاتە نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە پێویستی بە هەوڵدانێکی زۆرە بۆ ئەوەی توخمەکانی ""ئاشتەوایی" بە یەکسانی لە قۆناغی نەهێشتنی ململانێ و بەڕێوەبردن و چارەسەردا بەکار بهێنرێت.

## ئاژانسی کۆنسوڵخانە Consulate Agency

ئاستی نوێنەرایەتی ئاژانس کۆنسوڵخانە لە کۆنسوڵخانەی گشتی نزمترە، لەو پارێزگایانەی وڵاتی میواندار دەکرێنەوە کە نێردەی دیپلۆماسی و کۆنسوڵخانە گشتی و کۆنسوڵخانەی تێدا نییە، هەندێک خزمەتگوزاری سەرەتای لە بارودۆخە بە پەلەکاندا وەک دەستگیرکران و مردن پێشکەش بە هاووڵاتییانی خۆیان دەکەن کە لە وڵاتی میواندار نیشتەجێن، بەزۆری خزمەتگوزاری ڤیزایان نییە. .

## ئاگادارکردنەوە بۆ دۆخی وەرگرتنی مەوعیدەکان، گەیشـــتنەکان و ڕۆیشتنەکان

## Notification to The Receiving State of Appointments, Arrivals and Departures

وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی میواندار یان ئەو فەرمانگەیەی ئەو وەزارەتە دەســـتنیشـــانی دەکات، دەبێت لە هەڵســـوکەوتی نێردە دیپلۆماســـی و کۆنسوڵییەکان ئاگادار بکرێنەوە لەم کردارانەی خوارووە:

- دامەزراندنی ئەندامانی کۆنســـوڵخانە و گەیشـــتنیان بۆ وڵاتی میواندار و جیهێشتنی یەکجارەکییان. هەروەها گشت گۆڕانکارییەکانی تری پەیوەست پێیان، کە دەشێت لە کاتی کارکردنیان گۆڕانکاری بەسەردابێت.
- گەیشـــتن یان جێهێشـــتنی یەکجارەکی کەســـێک کەســـەر بە خێزانی ئەندامێکە لە ئەندامانی نێردراوی کۆنســـوڵخانە و ئەوانەی لەگەڵیان دەژین.
- گەیشـــتن و جیهێشـــتنی یەکجارەکی ئەندامانی دەســـتەی تایبەت و ئەو حاڵەتانەی کە خزمەتیان لەو سیفەتەدا کۆتای دێت.
- بەپێی توانا دەبێت لە ڕۆشتنی یەکجارەکی ئاگاداربکرێنەوە.

ئالا Flag

گوزارشته له دروشم و هێمای نهتهوه و وڵاتان، ههر گهل و نیشتمانێک ئاڵای تایبهتی خۆی ههیه، بهڵگهیه بۆ شــــوناس و ڕهچهڵهکیان. هێمای تایبهت به گهل و هۆزێکی دیاریکراوه. ئاڵا له ڕووی ڕهنگ، شـــێوه و قهباره ههروهها واتای هێماکان له ئاڵای وڵاتێکی تر جیاوازه. ئاڵای ههر وڵاتێک پێگهی تایبهتی خۆی ههیه، هیچ کات نابێت ســــووکایهتی پێ بکرێت یاخود شــکۆی بشــکێنرێت، ســـووکایهتی کردن به ههر ئاڵایهک پێویســـتی به داوای لێبووردن فهرمی ههیه، له کــاتی کــارهســــاته ســرووشــتییهکان و کارهســاته مرۆییهکان وهکوو ڕێزلێنان ئاڵای وڵات شـــۆڕ دهکرێتهوه و دادهگیرێت. له پهیوهندییه نێودهوڵهتییهکانـدا ئـاڵا گرنگی خۆی ههیه و له ســـهردان و کۆبوونهوه و کۆنگره جیهانییهکاندا ئاڵای بهشـــداربوون دادهنرێت، که گوزارشـــت له ناوی ئهو وڵاتانی بهشداربوو دهکات.

**ئاماژه، نیشانه، جووڵه Gesture**

جووڵهی دهســـت یان جهســـته بۆ جهختکردنهوه لهســـهر بیرێک یان ههستێک، ئاماژهکردنه به جۆرێکه له پهیوهندی نا زارهکی یان پهیوهندی نا ئاهەنگی که تێیدا بهڕوونی پهیامه تایبهتهکان دهگهیهنرێت. ئاماژهکان بریتین له له جووڵهی دهستهکان، دهموچاو، یان بهشهکانی تری جهسته. دیپلۆمـاســـی و جهســـته پهیوهنـدییهکی پتهویـان بهیهکهوه ههیه و لێکدانهوهی جیاواز بۆ جووڵه و زمانی جهســـتهی باڵیۆز و ســـهرۆکی ئهرکه دیپلۆماسییهکان دهکرێت.

**ئاوارە، دوور خراوە** **Displaced Person**

جوولەیەکی زۆرەملێیە کە کەسێک یان کەسانێک دوور لە حاڵ و ماڵی خۆیان دەژین. UNHCR ئاوارەبوونی زۆرەملێ بەو شێوەیە پێناسە دەکات: کە لە ئەنجامی چەوسانەوە، ململانێ، توندوتیژی گشتگیر یان پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دروست دەبێت. لەوانەیە هەندێک ئاوارە بە پەنابەر هەژمار بکرێن، بە تایبەتی ئەو ئاوارانەی کە لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە پارێزگاری یاساییان بۆ دەکرێت. ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان لە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری کۆچکردنی زۆرەملێ، لە هەمان کاتدا سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەڵگەکانن تاکوو ئەو کەسانە ڕووبەڕووی دادگاییکردن بکرێنەوە کە بەشدارن لە دروستکردنی ڕووداوی کۆچی بە زۆری مرۆڤ. لە سەرەتای سەدەی (٢١) وە زیاتر لە (٦٠) ملیۆن کەس ئاوارەبوون، کە زۆرینەیان لە باشووری گۆی زەوین.

**ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی**

**International Atomic Energy Agency**

ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە بۆ پەرەپێدانی هاوکاری لە بەکارهێنانی ئاشتییانەی چەکی ناوکی لە نێوان دەوڵەتەکاندا دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی (١٩٥٧) وەک بەشێک لە چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەستپێشخەری سەرۆکی ئەمریکا (ئایزنهۆیر) پێک هێنرا، لەبەر ڕۆشنایی کۆنگرەی ئەتۆم بۆ ئاشتی، کە لە ساڵی (١٩٥٣) لە ئەنجوومەنی گشتی

نەتەوە یەکگرتووەکان ســـاز کرا. کارەکانی ئاژانســـەکە یارمەتیدانە لە پەرەســـەندنی تەکنۆلۆژیای ئاشـــتییانەی ناوکی، توێژینەوە و کۆنترۆڵی گشـــتگیر لەســـەر بڵاونەبوونەوەی چەکی نـاوەکی لە جیهـانـدا. لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەدا کۆڕ و کۆبوونەوەی ســـاڵانە بەڕێوە دەچێت، لەو چوارچێوەیەدا گرنگترین بڕیار لە بواری گەشەپێدانی وزەی ناوەکیدا دەدرێت. لە دوای تەقینەوەکەی کارگەی هێزی ناوەکی چێرنۆبیل لە ساڵی (١٩٨٦) و لە کارگەی ئەتۆمیی فوکوشیما-١ ی ژاپۆن لە ســـاڵی (٢٠١١) دا، پێشـــینەی کـارەکـانی ڕێکخراوەکە پەرەدانە بە سیستەمی سەلامەتی لە هەموو دامەزراوە ئەتۆمییە کارپێکەرەکان. لەم ســـاڵانەی دواییدا گرنگییەکی تایبەت بە کێشـــەکانی کۆگا و فڕێدانی پاشـــەڕۆی ناوکی دراوە. ئاژانســـەکە هانی ئەو چالاکییانە دەدات کە ئامانجیان ئاڵوگۆڕی تەکنۆلۆژیای زانســـتی و ئامادەکردنی بەڵگەنامەی ڕێکخەرییە لە بواری سەلامەتی ناوکیدا. پێکهاتەی ئاژانسەکە بریتییە لە: بەشی هاریکاری تەکنیکی، بەشەکانی وزەی ناوەکی، ئاسایشی ناوکی. دەستەی بەڕێوەبەریی ئاژانسەکە لە نوێنەری دەوڵەتانی ئەندام پێک دێن.

**ئابڵووقە، گەمارۆی ئابووری، حەسار، سزای دارای**

**Economic Sanctio**

ســـزای بازرگانی و داراییین، کە لەلایەن وڵاتێک یان چەند وڵاتێکەوە لە دژی وڵاتێکی خاوەن سەروەری ئەنجام دەدرێت. ئەم سزایانە بە گرووپ یان بە تاک جێبەجێ دەکرێت. مەرج نییە ســـزا ئابوورییەکان بەهۆی گیروگرفتی ئـابوورییەوە بســـەپێنرێت، لەوانەیە بە هۆکـاری ڕوودانی

کۆمەڵێک کێشـــەی سـیاســی و ســەربازی و کۆمەڵایەتیش بســەپێنرێت. دەکرێــت ســــزای ئــابووری بۆ بەدیهێنــانی ئــامــانجە نــاوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بەکار بهێنرێت. بە گشــــتی ئامانجی دروســــتکردنی پەیوەندییەکی پتەوە لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە ســزاکان جێبەجێ دەکەن. لەوانەیە ئابووری جۆرەها شــێوازی بەربەســتی بازرگانی و گومرگ و ســنووردداربوون لە مامەڵەی دارایدا بگرێتەوە. زۆر جار لە پاش ســزای ئابووری سزا دەخرێتە سەر گەشتە ئاسمانی و ئاوییەکان.

### ئابووری سیاسی نێودەوڵەتی
### International Political Economy (IPE)

بریتییە لەبواری ئەکــادیمیی، کە مەودای پەیوەنـدی نێوان پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکان و ئابووری ســیاســی شــرۆڤە دەکات، لەلایەکی ترەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکـانی کـاریگەرییـان لەســــەر بنیاتنان و کارکردەکانی پێکهاتە ئابوورییەکانی جیهان هەیە.

### ئابووری سەوز Green Economy

ئاراستەیەکە کە پێی وایە ئابووری پێکهاتەیەکی پشتبەستوو بە ژینگەیی ســــروشــــتی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی زیرەکانە و عاقڵانەی ســــامانی ســروشــتییەوە. ئامانجی ئەم ئاڕاســتەیە تەنیا بەهێزکردنی ســێکتەری ئابووری نییە، بەڵکوو پاراســتنی ســامانی ســروشــتی و کەمکردنەوەی

کاریگەری نەرێنی لەســەر ســروشــت. هەروەها ئامانجی گەڕانەوەی ئەو بەرهەمە سروشتییانەیە کە وازیان لێ هێنراوە ئێستا ئەم ئاڕاستەیە کار دەکات کە جارێکی تر ئەو بەرهەمانە بگێڕێتەوە بۆ سووڕی بەرهەمهێنان. ستراتیژی پەرەســەندنی ئابووری ســەوز بریتییە لە کەمکردنەوەی باری قورســـــای لەســــەر ئەو بەرگە هەوایەی کە بەهۆی چالاکی مرۆڤەوە دروست بووە.

ڕێکخراوی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکـانUNEP، پێی وایە ئـابووری ســــەوز چالاکییەکی ئابوورییە کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هاوکات مەترســییە ژینگەییەکان و هەژاری بە شــێوەیەکی بەرچاو کەم دەکاتەوە.

**ئاوی نێودەوڵەتی International Watercourse**

ســیســـتەمی ئاوی ســــەر زەوی و ژێرزەوی، بە شـــوێنی جوگرافی و پەیوەنـدی خـاکەوە، ئـاوی نێو دەوڵەتی پێـک دەهێنێـت. ئەم چەمکە لە پەیمـاننـامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ســـاڵی (١٩٩٧) لە یاســــای بەکـارهێنـانی ئـاوی نێودەوڵەتی ئـامـاژەی پێـدراوە. پێشـــتر چەمکی "ڕووباری نێودەوڵەتی" بەکارهاتووە. بۆ دیاریکردنی ئەو ڕووبارانەی کە دەڕژێنە نـاو خـاکی دوو وڵات یـان زیـاتر بەکـار دەهێنران. هەروەهـا چەمکی "ئاوە ســـنوورییەکان" بەکارهاتووە بۆ ئاوی ســـەر زەوی یان ژێرزەوی کە لە سـنووری دوو وڵات یان زیاتر تێ دەپەڕن یان دەکەونە سنووری دوو وڵات یان زیاترەوە.

### ئاسایش، تەناهی Security

دەستەبەرکردنی هێمنایەتی و ئارامییە، لە ڕێگەی کردارە سیاسییەکان بۆ کەمکردنەوەی مەترسی سەرهەڵدانی شەڕ. خۆ پاراستنە لە مەترسی دەستدرێژیکردن بۆ ئازادی و مافە ڕەواکانی هاووڵاتییان. هەروەها هەبوونی متمانەیە لە مەڕ ئاسایشی جەستە، گیان و ماڵ. لە فەرهەنگی سیاسیدا چەند جۆرێک لە ئاسایش دیاریکراوە: ئاسایشی تاک، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی نەتەوەی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

### ئاڵنگارییە نوێیەکانی ئاسایش New Security Challenges

ئەم چەمکە لە پراکتیکی دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە کۆتاییەکانی (١٩٨٠)کانە و - سەرەتای (١٩٩٠) کانەوە سەری هەڵدا و بەکاردێت. هەڕەشە و ئاڵەنگارییەکان بریتین لە دەستدرێژی بۆ سەر سنوورەکان، بەدەستهێنانی کۆنتڕۆڵ لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان، سێکتەرە ئابوورییەکان هەروەها هەڕەشەی تیرۆر، شەڕی ئایینی، گرووپی چەکداری و یاخیبوون، بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان، پیسبوونی ژینگە، گۆڕانی کەش و هەوا (گەرمبوونی جیهان)، بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە کوشندەکان، کارەساتی دروستکراوی مرۆڤ و... هتد. تایبەتمەندیی ئاڵەنگارییە نوێیەکانی ئاسایش لەو ڕاستییەدایە، کە لە چوارچێوەی جیهانگیری کێشە ئەمنییەکاندا پەرەی پێ دەدرێت، کە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی فاکتەرە دەرەکی و ناوەکییەکاندا لە دایک دەبن. بەم پێیە، هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم ئاڵنگارییانە، پێویستی

بە یەکخستنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکانە لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە نێوان وڵاتانی جیهان.

### ئاسایشی نێودەوڵەتی International Security

حاڵەتێکە کە تێیدا ئاسایش لە نێوان وڵاتەکاندا بەرقەرارە، و کەس دەستدرێژی ناکات بۆ سەر خاکی ئەوی تر. هەر کاتێک یەکێک لە دەوڵەتەکان ئەم کارەی کرد، لە ڕوانگەی دەسەڵاتی نەیارەوە ئاسایشی نێودەڵەتی دەکەوێتە مەترسییەوە. هەر کاتێکیش ئەم کارە ڕوویدا مانای وایە مەترسی هەڵگیرسانی شەڕ هەیە. سەرەکیترین ڕێگای ئاشتی پارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتییە لە "ئاسایشی دەستەجەمعی" کە تێیدا هاتووە هێرشێک دژی هەر وڵاتێکی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هێرشێک دادەنرێت لە دژی هەموو وڵاتانی ئەندام. چەمکی ئاسایشی نێودەوڵەتیش لەسەر ئەو بیرۆکەیە سەرچاوەی گرتووە کە پێویستە وڵاتە زلهێزەکان لە ڕێگەی دامەزراندنی ستراتیژییە زیانبەخشەکانی ئابووری و سەربازییەوە پەنا بۆ هێز و ئیستغلالکردنی وڵاتە لاوازەکان نەبەن.

## ئاسایشی زانیاری نێودەوڵەتی

## Security International Information

لە زاراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، وەک ئاسایشی سیستەمی زانیاری جیهانی ناو دەبرێت. کە بواری ململانێی بەرژەوەندیی دەوڵەتانە و ڕووبەڕێکە بۆ گفتوگۆ. ناوەڕۆکی چەمکەکە باس لە لایەنی تەکنیکی و لایەنی سیاسی و ئایدیۆلۆژی مسۆگەرکردنی ئاسایشی زانیاری نێودەوڵەتی دەکات، هەوڵی کەمکردنەوەی بۆشایی زانیاری لە نێوان دەوڵەتەکان دەدات. چونکە بوونی بۆشایی زانیاری لە نێوان دەوڵەتەکاندا ئەگەری ڕوودانی هەر کارێکی شەڕانگێزی زیاتر دەکات، بۆیە پێویستە هەماهەنگییەکی بەهێز لە نیوان دەوڵەتاندا هەبێت هەتا بتوانرێت ئاسایشی زانیاری دەستەبەر بکەن و پێکەوە بەرەنگاری تاوانی نێودەوڵەتی و تیرۆریزم ببنەوە.

## ئاسایشی کۆمەڵ، گشتی، دەستەجەمعی Collective Security

ئەم چەمکە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەرکەوت، کە مانای هاوکارییە لە نێوان کۆمەڵێک وڵات بۆ ڕێگەگرتن یان نەهێشتنی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکانیان. لە سەرەتای (١٩٣٠) ەوە بە چڕی لە فەرهەنگە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەم چەمکە بەکارهاتووە. بۆ نموونە، گەیشتن بە ڕێککەوتن لە نێوان وڵاتانی ئەورووپا دژی فراوانبوونی دەسەڵاتی هیتلەر، کە بە (پەیمانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات) ناسێنراو و سەرەتای کارکردن بوو بەم ڕێکارە.

لە ئەیلوولی (١٩٣٨) دا سەرکردەکانی فەرەنسا و بەریتانیا لەگەڵ هیتلەر هاوڕابوون لەسەر دابەشکردنی، چیکۆسلۆڤاکیا و بۆیە ڕێککەوتننامەی (میونشن) یان ئەنجامدا، بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەن یەکێتی سۆڤیەت ببێتە هاوکاری ئەم دەوڵەتە. نموونەیەکی تری ئاسایشی کۆمەڵ پاش جەنگی کەنداوی ساڵی (١٩٩١) ئەویش ڕزگارکردنی کوێتە لەلایەن هێزێکی هاوپەیمانەکانەوە، لە ژێر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان.

## ئاسایشی کۆمەڵایەتی Social Security

دەکرێت وەک توانای کۆمەڵگەیەک ببینرێت، بۆ پاراستنی ناسنامەی کولتووری خۆی لە بەرامبەر گۆڕانکاری بەردەوام و هەڕەشەکانی ئێستا. ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەسەر سێ جۆری سەرەکیدا دابەش کراون: کۆچکردن، پێشبڕکێی ئاسۆیی و پێشبڕکێی ستوونی.

لە حاڵەتی کۆچکردندا، بە هۆکاری لێشاوی کۆچبەر بۆ وڵاتێک گۆڕان لە پێکهاتەی دانیشتووان و ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات.

پێشبڕکێی ئاسۆیی، ئاماژە بەو گرووپانە دەدات کە بەهۆی فراوانبوونی کاریگەری زمانەوانی و کولتووریی دەرەکی لە سەریان، هەڕەشە لە ناسنامەی کۆمەڵایەتی ناوخۆیی خۆیان دەکەن. بۆ نموونە، بە زۆرەملێی بە ڕێکخستنی دانیشتووان لە ئەفریقا.

پێشـــبڕکێی ســـتوونی، لە حاڵەتی تێکەڵبوون یان لێکترازانی گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا ســـەر هەڵدەدات، کە لە ئەنجامیدا کۆمەڵگە ناچار دەکرێت ناسنامەیەکی فراوانتر یان تەسکتر بگرێتە بەر.

**ئاسایشی نەتەوەیی** **National Security**

حاڵەتێکە کە نەتەوەیەک بەبێ ئەوەی هەســـت بە ترس یان مەترســـی لەدەستدانی هەموو یان بەشێک لە دانیشتووان، سامان، یان لەدەستدانی خـاکی خۆی بکـات، لەو پەڕی ئـارامیـدا دەژییـت. ئەمڕۆ یـاســـا نێودەوڵەتییەکان ســـنووری ماف و ئازادی دەوڵەتانیان دیاری کردووە، کە گەرەنتییەکن بۆ ڕێگریکردن لە دەســـتدرێژی وڵاتان بۆ ســـەر مافی یەکتر. بەڵام دەزگایەک کە بتوانێت وەک یاســـای ناوخۆی مافەکانی نەتەوەیەک دیاری بکات بوونی نییە. ئێســـتا کەم تا زۆر لە هەموو وڵاتەکان جۆرێک پۆلیسی سیاسی یان ئاسایش لە کاردایە کە ئامانجیان بەرگریکردنە لە دزەکردنی ســـیخوڕ و کەســـانی مەترســـیدار بۆ ناو وڵاتەکانیان لە پێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی.

**ئاسایشی مرۆڤ** **Human Security**

ئەم تیۆرییە چاڵنجی ئەو گریمانە باوە دەکات کە پێویســـتە ئاســـایش لە ڕووی نەتەوەیەکەوە ڕەچاو بکرێت، و پێی وایە کاریگەربوونی خەمی ئەمنی پێویســـتە لە چوارچێوەی تاکی هاووڵاتیدا بخرێتە بەر باس. دوو شـــێوازی ســـەرەکی بیرکردنەوە لە مەیداندا هەن بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەی ئاســـایشـــی مرۆڤ. یەکەم: ڕێبازی ئازادی لە ترس-ە، کە

مەبەستیەتی تیشک بخاتە سەر وەستاندنی توندوتیژی و شەڕ و ململانێ بۆ باشترکردنی ئاسایشی مرۆڤ بە شێوەیەکی گونجاو. دووەم: بریتییە لە ڕێبازی ئازادی لە ویست، کە فراوان دەبێت لەسەر تیۆری یەکەم بە چارەسەرکردنی هەژاری و برسێتی و نەخۆشی کە ئەوان مشتومڕی ئەوە دەکەن کە خەڵکێکی زۆر زیاتر دەخاتە مەترسییەوە.

## ئاسایشی هاوبەش Cooperative Security

ئەم چەمکە جەخت لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکاتەوە، لەسەر بنەمای هاوکاری نێوان دەوڵەتەکان، کە پێشکەوتنی ئاشتییانە و بەردەوام دەستەبەردەکات لە ئاستی ناوچەیی یان جیهانی. یەکگرتنی ژمارەیەک لە دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پێویستییە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی هاوبەش، بە مەبەستی ڕێگەگرتن یان بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژییە دەرەکییەکان. ئاسایشی هاوبەش تەنیا لە بواری سەربازی- ستراتیژیدا سوودی نییە، بەڵکوو لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری سوودی گشتی دەبێت. کاتێک باس لە ئاسایشی هاوبەش دەکرێت ئەوا باس لە یەکخستنی هەموو بەها سیاسی و بەرجەستە و دەرجەستەکان دەکرێت، بۆ ڕێگرتن لە توندوتیژی و پاراستنی وڵاتان لە کاتی کارەساتی سروشتی و کارەساتی مرۆیی و... هتد.

## ئاسایشی هەرێم Regional Security

بەشێکە لە ئاسایشی نێودەوڵەتی لە دۆخی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ناوچەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگەی جیهانییە، بە دوورە لە هەڕەشە سەربازییەکان و مەترسییە ئابوورییەکان و داگیرکەری و دەستتێوەردانەکانی دەرەوە.

## ئاسایشی وزە Energy Security

ئەم چەمکە گوزارشت لەو دڵنیاییە دەکات کە وزە لە هەموو بارودۆخێکی پێویستدا بوونی دەبێت. پاراستنی سەرچاوەی وزەی بەردەستە لە هەڕەشەکان، بە واتایەکی تر دۆخی پاراستنی وڵاتە لە دابینکردنی تەواوی پێداویستییە داواکراوەکان لە وزە. ئاسایشی وزە پەیوەندییەکی پتەوی بە ئاسایشی ئابوورییەوە هەیە، زامنکردنی ئاسایشی ئابووری یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی سیاسەتی وزەی دەوڵەت.

## ئاسایشی خۆراک Food Security

ئەم دەستەواژەیە ئاماژە بە ئاسانبوونی ڕێگاکانی گەیشتن بە خۆراک لەلایەن دانیشتووانەوە دەکات. سێ لایەنی سەرەکی هەیە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک: بەردەستبوونی خۆراک/ هەبوونی بڕێکی پێویست لە کەلوپەلە خۆراکییەکان لەسەر بنەمای گونجاو. دەست گەیشتن بە خۆراک/ هەبوونی سەرچاوەی پێویست بۆ گەیشتن بە خۆراکەکە. وە بەکارهێنانی خۆراک/ دەبێت لەلایەن کار بە دەستانەوە

پلانی گونجــاو دابنرێــت بۆ چۆنیەتی بەکــارهێنــانی ئەو خۆراکە کە بەردەستە بە شێوەیەکی بەردەوام.

**ئۆپەراسیۆنی سەپاندنی ئاشتی**

**Peace Enforcement Operation**

پرۆســـــەی بەکارهێنانی هێزی ســـــەربازییە، بۆ پشـــــتگیری لە هەوڵە دیپلۆماســییەکان بە مەبەســتی گەڕاندنەوەی ئاشــتی نێوان وڵاتەکان، لە گرفت و ململانێیەک کە لەوانەیە لا یەک یان هەر دوو لا ڕازی نەبن بە دەســـتتێوەردانی نێودەوڵەتی. تەنیا بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاســـایشـــی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەر ڕۆشنای بەشی شەشەمی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم جۆرە ئۆپەڕاسیۆنانە ئەنجام دەدرێت.

**ئەتەکێتی دیپلۆماسی** **Diplomatic Etiquette**

ئەتەکێت بەشـێکە لە سـیاسـەت و دیپلۆماسـی. کۆمەڵێک ڕێنمای و داب و نەریتە، کە بەرپرسـان، نوێنەران و سـەرۆکی دەوڵەتان لە نیوان خۆیاندا لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکـانـدا ڕەچـاوی دەکەن. لە ئەتەکێتی دیپلۆماســـــیدا تەنیا ڕێزگرتن و هەڵســـــوکەوتکردن بە ئەدەبەوە جێگای دەبێتەوە، بە پێچەوانەوە هەڕەشـــــە و گوڕەشـــــە جێگای نابێتەوە. بۆ نموونە، (جۆن کەنەدی) ســـەرۆکی پێشـــووی ئەمریکا لە ســـەر ســـەکۆی نەتەوە یەکگرتووەکـان ئـامـاژەی بەوە داوە و گوتوویەتی "ڕێزگرتن و نەرم و نیانی، نیشـــــانی لاوازی نییە" پەیڤەکەی لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە. بە گوێرەی یاسا و ڕێساکانی دیپلۆماسی دەوڵەتی زلهێز و بێهێز

یان دەوڵەتی گەورە و بچووک دەبێت بە یەک چاو سەیری یەکتر بکەن. ئەتەکێت ڕێگا خۆش دەکات نوێنەرانی دەوڵەتان ترسیان لە دیداری یەکتری بشکێت و پێکەوە دابنیشن و بکەونە دانوستانەوە، هەروەها بەینی گەلەکان خۆش دەکات و دەوڵەتەکان ئاشت دەکاتەوە.

**ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان**

**Kurdistan Region Security Council**

ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە بە بڕیاری ژمارە (٤)ی پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە، وەکوو چەترێکە بۆ سەرپەرشتیکردنی کاری هەواڵگری و ئەمنی لە کوردستان کە لە سێ دەزگای سەرەکی پێک دێت لەوانە (دەزگای ئاسایش، هەواڵگری سەربازی، ئاژانسی پاراستن و زانیاری) کە ئەو دەزگایانە هەندێک ئەرکی تایبەت و هەندێک ئەرکی هاوبەشیان هەیە. ئەنجوومەنەکە بەرپرسی سەرەکییە لە پاراستنی تاک و کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان لە هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، دەستەبەرکردن ماف و ئازادییە دەستوورییەکانی هاوولاتیيانی هەرێم کە دابینکردنی ستانداردی ژیان، سەروەری، پاراستنی خاک، گەشەی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرگری وڵات.

**ئۆپەراسیۆنی ئاشتی پارێزی** **Peacekeeping Operation**

ئەو کردارانەن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەشـــدارانی ســـەربازی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدرێت، بۆ جێگیرکردنی ڕەوشـــی ئەمنی، کۆتای دەســـتبەجێی خوێنڕشـــتن و وەســـتاندنی شـــەڕە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، هەروەها هەوڵـدان و ئـاســـــانکـاری بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتن لەنێوان لایەنە دژەکان، بۆ دۆزینەوەی چارەســەرێکی بەردەوام بۆ قەیران و گرفتەکان. لە ناو کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان تێگەیشـتنێکی گشـتی هەیە، کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئاشتی پارێزان چاودێری پرۆسەی ئاشتی دەکەن لە ناوچەکانی دوای شـــەڕ، هەوڵ دەدەن کە ژیان ئاســـای بکەنەوە و بنەمـاکـانی ژیـانی مەدەنی بچەســـپێنن، لەوانە پێوەری متمـانە پێـدان، ڕێکخســـتنی هاوبەشـــی کردنی دەســـەڵات و پشـــتگیری هەڵبژاردن و بەهێزکردنی یاسای گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

**خۆبەڕێوەبەری، خود موختاری** **Autonomy**

چەمکەکە بۆ چارەســـــەرکردنی کێشـــەی نێوان نەتەوەکانی یەک وڵات بەکاردێت. لە بنچینەدا بە مانای ڕێکخســـتنی وڵات دێت. لە ڕاســـتیدا ئۆتۆنۆمی جۆرێکە لە ســـەربەخۆبوون بەو مانایە کە تەنیا خۆبەڕێوەبەر دەبێت. بە واتایەکی دیکە حکومەتی ناوەندی لە ڕێگەی یاســـاکان کە بەشـــێکن لە دەســـەڵاتەکانی گشـــتی، ئەنجوومەنێک بۆ ئەو هەرێمە هەڵدەبژێرێت و ئەو ئەنجوومەنەش دەســتووری ئەو هەرێمە دادەڕێژێت. زاراوەی ئۆتۆنۆمی لە یاســا نێودەوڵەتی بریتییە لەوەی تاکەکان خۆیان

پیادەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری لە هەرێمەکەی خۆیان دەکەن. ئۆتۆنۆمی پێویستە لە سنووری یەک دەوڵەتدا کاری پێ بکرێت. بۆ نموونە، بەیاننامەی (١١ی ئازاری١٩٧٠) ئۆتۆنۆمی بە کوردستانی عیراق-دا بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەقینە ئەو مافەی بە کورد نەبەخشی. ئەو دەسەڵاتەی کە دامەزرا لە ئەنجوومەنی یاسادانان و ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن، تەنیا دوو دەزگا ڕووکەش بوون، ئەگەرنا دەسەڵات و بڕیارەکان هەر لە حکومەتی ناوەندەوە دەردەچوون.

**ئەنجوومەنی تورک (ئەنجومەنی هاریکاری دەوڵەتانی تورکزمان)**

**Turkic Council (Cooperation Council of Turkic-Speaking States)**

ڕێکخراوێکی سیاسی و ئابووری نێودەوڵەتییە، کە بە ئامانجی هاوپەیمانی لە نێوان ئازەربایجان و کازاخستان و قیرغیزستان و تورکیا و ئۆزبەکستان لە ساڵی (٢٠٠٩) دامەزرا، بنەمای سەرەکی کارکردنی ڕێکخراوەکە پەرەپێدانی هەماهەنگیی هەمەلایەنەیە لە نێوان وڵاتانی ئەندام لەسەر بنەمای ئارەزوومەندانە، ڕێزلێکگرتن، تەوافوقی هاوبەش، پتەوکردنی متمانەی هاوبەش، دۆستایەتی، هاوسێی باش لەنێوان لایەنەکاندا، پاراستنی ئاشتی، پتەوکردنی ئاسایش و متمانە لە ناوچەکە و جیهاندا، گەڕان بەدوای خاڵە هاوبەشەکان لە بابەتی سیاسەتی دەرەوە لە بەرژەوەندی هاوبەش. ئەرکی سەرەکی ئەنجوومەنی تورک

فراوانکردنی پەیوەندییەکانە لە بوارەکانی گواستنەوە و بازرگانی و گەشتیاریدا بۆ قوولکردنەوەی تێکەڵبوونی ناوخۆیی دەوڵەتە ئەندامەکان.

**ئیدانەکردن، سەرکۆنەکردن** Denounce

ئیدانەکردن کولتوورێکی نێودەوڵەتییە، لە کاتی ڕوودانی هێرشێکی تیرۆریستی بۆ سەر وڵاتێک لە لایەن زۆربەی وڵاتانەوە ئیدانە دەکرێت. یاخود هەندێک جار لە ناوخۆی وڵاتێک گرووپێک دژی دەسەڵاتی وڵاتەکەیان هەوڵی نانەوەی پشێوی دەدەن، دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ئەو وڵاتە ئیدانەی ئەو کارە دەکەن و پاڵپشتی خۆیان بۆ دۆستەکەیان دەردەبڕن.

**ئیسلامۆفۆبیا** Islamophobia

ئەم چەمکە ئاماژە بە گەشەکردنی بیری دژە ئیسلامی لە ڕۆژئاوادا دەدات. دوای هێرشە تیرۆریستییەکەی سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لە (١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١)، میدیاکانی ڕۆژئاوا زۆر جار ویستوویانە ئیسلام وەک ئاینێک وێنا بکەن کە دوژمنایەتی و شەڕانگێزی و پشتیوانی تیرۆریزم دەکات. بەم شێوەیە ئیسلامۆفۆبیا لەسەر ئەو ترس و باوەڕە نا عەقڵانییە چەقیوە کە هەموو یان زۆربەی موسڵمانەکان شەڕ خوازن. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، ئەم بیرە لە ئەورووپا بە شێوەیەکی

بەرچاو بەرزبووەتەوە، کە پراکتیزەی جیاکاری و دوورخستنەوەی موسڵمانان لە کۆمەڵگەی سەرەکی بووە بە باو.

### ئیمپراتۆریەت Empire

پێکهێنانی دەوڵەتە، لە ناوچەیەک کە ژمارەیەک ناوچەی مێژوویی نەتەوەی و گەلانی جیاواز لە خۆ دەگرێت. بۆ نموونە، ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا. یان لە چەند ناوچەیەک کە هاوسنووری یەکترن. بۆ نموونە، ئیمپراتۆریەتی نەمسا.

تایبەتمەندییەکانی ئیمپراتۆریەت چڕکردنەوەیەکی بەرزی دەسەڵاتە و بڵاوبوونەوەیەتی بەسەر ناوچەیەکی فراواندا. بە واتایەکی تر ئیمپراتۆریەت پێکهاتەیەکی ناتەبای ڕەگەزی و کولتووریی دانیشتووانە و ئاواتی فراوان خوازی نوخبە و دەزگایەکی بیرۆکراسی بەهێزە. یەکێک لە کۆنترین شێوەکانی حکومەت. وەک، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، ئیمپراتۆریەتی فارس.

لە سەدەی بیستەمدا، نزیکەی هەموو ئیمپراتۆریەتییە بەردەستەکان یان بوونیان نەماوە یان گۆڕانێکی ڕیشەییان دەست پێکردووە.

### ئیمپریالیزم Imperialism

پراکتیکی درێژکردنەوەی دەسەڵاتە و دەستکەوتنی ڕاستەوخۆی خاکی وڵاتێکی ترە یان بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری ناوچەکان و دەوڵەتەکانی ترە.

## ئیمپریالیزمی کولتووری Cultural Imperialism

ئەم تیۆرییە لە (١٩٧٠) کانــدا دەرکەوت، کــاتێـک بەکــار هــات بۆ گوزارشتکردن لە زاڵبوونی گەلانی ڕۆژئاوا بەسەر وڵاتانی دواکەوتوودا. ئەمڕۆ ئیمپریالیزمی کولتووری ئاماژە بەو ڕێگایانە دەکات کە وڵاتانی زلهێز کولتوور وەک ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی زاڵبوونی ســـیاســـی و ئــابووری بەکــار دەهێنن. مرۆڤ دەتوانێـت بزانێـت بۆچی ئەمریکــا بەهـێزترین وڵاتـی جیـهــانە، چـونکە خـواردنـی ئەمـریکـی، بەرنــامە تەلەڤزیۆنییەکان، مۆســیقا و فیلمەکان لە هەموو شــوێنێک کاریگەرییەکی زۆر بەهـێزیــان لەســـەر کولتووری بەکــاربەر هەبووە. لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەســتپێشــخەرییەکانی هێزی نەرمەوە، بە پێچەوانەی هێزی سەربازی یان داگیرکەری، ئەمریکییەکان توانیویانە کولتووری خۆیان بە نزیکەیی بۆ هەموو ســـووچێکی جیهــان بڵاو بکەنەوە، بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی کولتووری جیهانی "زاڵ" لە سەدەی بیست و یەکدا.

### ئینتەرپۆڵ

### International Criminal Police Organization

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی (١٩٢٣) لە شاری ڤیەننا بە مەبەستی بەرگری لە یاسای گشتی و سزادان و ڕادەستکردنی تاوانبارانی نێودەوڵەتی دامەزراوە. ئێستا زیاتر لە (١٦٧) وڵات بوونەتە ئەندامی ڕێکخراوەکە. بەگشتی ئامانجی ئەم ڕێکخراوە بریتییە لە: پتەوکردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان دەزگا پۆلیسی و ئەمنییەکانی جیهان، بە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری پەیوەندیدار بە تاوانبارانی نێودەوڵەتی و هەنگاونانی تەکنیکی لەمەڕ تاوانەکانی یاسای گشتی، جگە لەو بابەتانەی کە لایەنی سیاسی یان ئاینی یان ڕەگەزییان هەبێت. ناوەندی ڕێکخراوەکە لە ساڵی (١٩٨٩) لە شاری پاریسەوە بۆ شاری لیۆن لە فەرەنسا.

ئەکادیمیای دیپلۆماسی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا

### Diplomatic Academy of the Ministry of Foreign Affairs of the Russian

دامەزراوەیەکی پەروەردەیی باڵای تایبەتە کە کارمەندانی دیپلۆماسی بۆ سیستەمی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ئامادە دەکات لە ساڵی (١٩٧٤) لە ژێر ناوی قوتابخانەی باڵای دیپلۆماسی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا دامەزراوە. خوێندن لەم ئەکادیمیایە لە ئاستەکانی بەکالۆریۆس و ماستەرە. ڕاهێنانی کارمەندان لە بواری زانستی و پەروەردەی بە

بەرزترین کوالیتی ئەنجام دەدرێت، هەروەها خوێندنی پیشـــەیی لە فاکەڵتی ڕاهێنانی کادیری پێشکەوتوو، پێشکەشی فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووســـیا و فەرمانبەرانی دەســـەڵاتدارانی فیدراڵی و هەرێمی دەکرێت. هەروەها لە بەشـــی ڕاهێنانی پرۆفیشـــناڵ، خوێندنی تایبەت پیشـــکەش دەکرێـت بە ئەو کەســـــانەی کە لە بواری پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکاندا کاردەکەن، بە فێرخوازە دەرەکییەکانیشەوە.

### ئەجێندای سیاسی Political Agenda

لیستێکە لە بابەتەکان یان کێشەکان، کە بەرپرسانی حکومەت و تاکەکانی دەرەوەی حکومەت لە هەر کاتێکی دیاریکراودا بە گرنگییەوە جەختی لێ دەکەنەوە. ئەجێندای سیاسی زۆربەی کات لە لایەن نوخبەی سیاسییەوە دیاری دەکرێت، هەروەها دەکرێت گرووپە چالاکوانەکان، لۆبی کەرانی کەرتی تـایبەت، دادگـاکـان، ڕووداوەکـانی جیهـان و پلەی مەرکەزیەتی دەوڵەت کاریگەرییان هەبێت لە دیاریکردنی ئەجێندادا. لە بنچینەدا وەک ئەو بابەتە پێناســـە دەکرێت کە بەرپرســـــانی حکومی بە گرنگی دەزانن بۆ گفتوگۆکردن. ئەو کەســـــانەی کە دەگەنە ئەو ئاســـتەی کە ئەجێندای ســـیاســـی دیاری بکەن، بێگومان توانایان هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کام بیرۆکە زۆرترین گرنگی هەیە و کام بیرۆکە بێبایەخە. بۆ نموونە، ســـەرۆکی وڵاتان دەســـەڵاتی ئەوەیان هەیە کە پەیماننامەکان ئەنجـام بـدەن و بـاڵیۆز و دادوەری دادگـای بـاڵا دیـاری بکەن.

**ئەفسەری دیسک، بەڕێوەبەری فایل** **Desk Officer**

ئەفسەرێکە یان فەرمانبەرێکە لەناو وەزارەتی دەرەوە کە بەرپرسە لە چاودێریکردن و بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتێکی بیانی دیاریکراو یان گرووپێک لە وڵاتان.

**ئەکتەری سیاسی** **Political Actor**

تاک، گرووپ، کۆمەڵگە، دەوڵەت، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، ئەنجامدەرانی چالاکییە سیاسییەکان کە کاریگەرییان هەیە لەسەر بڕیاردان، یان ڕاستەوخۆ لەسەر ڕەوتی پرۆسەی سیاسی. لە سیاسەتی جیهانیدا پێیان دەگوترێت ئەکتەری سیاسی. ئەکتەری سیاسی دەوڵەتی ئەو کەسەیە، کە لە ئۆرگانە زیندووەکانی حکومەت و پارتە سییەکان کار دەکات بەڵام ئەکتەری سیاسی نا دەوڵەتی کەسانی بە ئەزموون و لە چوارچێوەی ئۆرگانە فەرمییە دەوڵەتییەکاندا کار ناکەن.

**ئەنارشیزم** **Anarchism**

فەلسەفەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، کە دەوڵەت بە نا پێویست و چەوسێنەر دەبینێت. لەسەر ئەو باوەڕە چەقیوە کە هیچ کەسێک دەسەڵاتی نییە یان مافی کۆنترۆڵکردنی کردەی یەکێکی تری نییە. بۆیە ئەنارشیستەکان هەموو شێوازەکانی زاڵبوون و دەسەڵات ڕەتدەکەنەوە، و بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە دەبێت کۆمەڵگەکان لەسەر

بنەمای هاوکاری خۆویستانە و پێکەوەبەستنی ئازادانەی هەموو ئەندامان بەڕێوە ببرێن. ئەوانەی دژایەتی ئەم بیردۆزە دەکەن، باس لەوە دەکەن کە نەبوونی یاسـا بە شـێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە هۆی ئاژاوە. بە واتایەکی تر جۆرێک لە حکومەت پێویسـتە بۆ پاراسـتنی کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز و مەدەنی. سیاسەتمەدار و سۆسیالیستی فەڕەنسی (پیەر جۆزێف ڕۆفرۆن) یەکەم کەس بوو کە ناوی "ئەنارشیستـ"ێکی بۆ خۆی دانـا و دەڵێت کە خـاوەنـداریێتی زەوی لەلایەن حکومەت و کۆمەڵگەوە جۆرێکە لە دزی.

### ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەوروپا

## Parliamentary Assembly of the Council of Europe (PACE)

ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی (٤٦) نەتەوەیە، کە تـایبەتە بە بەرزڕاگرتنی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسـی و یاسـا. ئەنجوومەنەکە لە (٣٢٤) ئەندام پێکهاتووە کە لە پەرلەمانە نەتەوەییەکانی ئەنجوومەنی وڵاتانی ئەندام لە ئەورووپا وەرگیراوە، بە گشـتی چوار جار لە سـاڵێکدا بۆ دانیشـتنە گشـتییەکانی لە سـتراسـبۆرگ کۆدەبێتەوە. یەکێکە لە دوو دەسـتەکەی ئەنجوومەنی ئەورووپا، لەگەڵ لیژنەی وەزیران و دەسـتەی جێبەجێکار کەنوێنەرایەتی حکومەت دەکەن و دیالۆگێکی بەردەوامیان لەگەڵیدا هەیە. ئەم ئەنجوومەنە زۆربەی کـات بە "مۆتۆر" ی ڕێکخراوەکە دادەنرێـت، حکومەتەکان ناچار دەکات کە ڕەچاوی کێشـەکانی مافی مرۆڤ بکەن، فشار دەخاتە سەر دەوڵەتەکان بۆ پاراستنی ستانداردە دیموکراتییەکان،

پێشـــنیازکردنی بیرۆکەی تازە و دروســـتکردنی تەوژم بۆ چاکســـازی. ڕێکخراوەکە لە (١٠ ی ئابی ١٩٤٩) یەکەم دانیشتنی خۆی لە ستراسبۆرگ ئەنجامدا و لە دەستکەوتە سەرەکییەکانی ئەمانەن:

-کۆتایی هێنان بە ســـزای لە ســـێدارەدان لە ئەورووپا بە داواکردنی وڵاتانی ئەندامی نوێ بۆ وەستاندنی هەموو لەسێدارەدانەکان.

-ڕاپۆرتە بەرزەکـان پێشـــێلکارییەکـانی مـافی مرۆڤ لە ئەنجوومەنی وڵاتانی ئەندامی ئەورووپا ئاشکرا دەکەن.

-یـارمەتی وڵاتـانی ســـۆڤیەتی پێشـــوو دەدات بۆ بـاوەش کردن بە دیموکراسیدا لە دوای ١٩٨٩.

-هاندان و یارمەتیدان بۆ شـــێوە پێدانی چەندین یاســـای نەتەوەیی نوێ پێشـــکەوتوخواز، یارمەتیدانی وڵاتانی ئەندام بۆ زاڵبوون بەســـەر ناکۆکی یان گەیشـــتن بە کۆدەنگی لەســـەر کێشـــە جیاکەرەوەی ســـیاســـی یان کۆمەڵایەتی.

**ئەنترۆپۆلۆژیا** **Anthropology**

ئەو زانستەیە توێژینەوە لەسەر مرۆڤ دەکات، لە کولتوور و دابونەریت و ڕەفتـارەکـانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. کە پێی وایە مرۆڤ ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت بۆ شیکردنەوەی شارستانییەت، چونکە بوونەوەرێکی سروشتییە و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سروشتدا هەیە. زانستی مرۆڤناسی هەر لە ئێســـتـای مرۆڤ نـاکۆڵێتەوە بەڵکوو لە ڕابردووشـــی دەکۆڵێتەوە، و بایەخ دەدات بە چواردەوری مرۆڤ و هەموو ئەو بوارانەی کە مرۆڤ پێوەی بەندە وەک لایەنی ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی و چەندان بواری تر.

مرۆڤناســـــی کولتووری کە یەکێکە لە لقە گەورەکـانی ئەنترۆپۆلۆژی، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە هەمەچەشـــنی کولتووری و کاریگەری فاکتەرە کۆمەڵایەتییە ئـابوورییەکـان لەســــەر کولتوورەکـان و بەراوردکردنی پراکتیزە کولتوورییە ناوچەییەکان بە سروشتی جیهانی مرۆڤ.

**ئەنجوومەنی بەریتانیا** **British Council**

لە ســـاڵی (١٩٤٣) دامەزراوە کە جەخت لەســــەر گواســـتنەوەی زمان و کولتووری بەریتـانی بۆ وڵاتـانی جیهـان دەکـاتەوە. کـارەکـانی لە چوار چالاکی ســـەرەکی پێک دێن: فێرکردنی ئینگلیزی، پێشـــکەشـــکردنی هەلی خوێندنی نێودەوڵەتی، بەرزکردنەوەی دیالۆگ لە ڕێگەی هونەرەکانەوە و هاوبەشـــکردنی ئەزموونی گشـــتی بەریتانیا. ئەنجوومەنی بەریتانیا زیاتر لە (٧٥) ساڵ شارەزایی لە پەیوەندییە کولتوورییەکاندا هەیە و یەکێکە لە گەورەتـریـن دامەزراوەی کـولـتـووری و زمــانـی جـیـهــان ئەمڕۆ، کە نـاوەنـدەکـانی لە ســــەرووی (١٠٠) وڵات هەیە. لە ســــاڵی (٢٠٠٥) دا ڕێکخراوەکە خەڵاتی شـــــازادەی (ئەســـتوریاس) ی بۆ دەســـــتکەوتە دیـارەکـانی پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکـان و زانســــتە مرۆڤـایەتییەکـان وەرگرت.

**ئەنجوومەنی هاریکاری ئاسایشی ئاسیا و المحیط الهادئ**

**Council for Security Cooperation in the Asia Pacific**

ئەنجوومەنێکی نێودەوڵەتییە، کە لە ساڵی (١٩٩٣) وەک سەکۆی ڕاوێژکردن بۆ ئاڵوگۆڕی بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکان لەسەر کێشەکانی ئاسایشی هەرێمی و پەرەپێدانی پێشنیازەکان بۆ حکومەتەکانی ناوچەی ئاسیا دامەزراوە. لە هەمان کاتدا خۆی لە پێکهاتەکانی دیالۆگی لووتکەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا دەبینێتەوە. ئەنجوومەنەکە پێکهاتووە لە توێژەرانی دامەزراوە ئەکادیمییە پێشەنگەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بەرپرسانی حکومەت لە وڵاتانی ئاسیا هەروەها هاوبەشەکانی دیالۆگی کۆمەڵەکە لەوان ڕووسیا، ئوستralیا، چین، هیندستان، ژاپۆن، نیوزلەندا، کۆماری کۆریا، بەرپرسیاریەتی ئەنجوومەنەکە لەسەر بنەمای خولی بەڕێوەدەبرێت.

**ئەنجوومەنی ئەورووپا** **Council of Europe**

کۆنترین ڕێکخراوی سیاسی نێودەوڵەتییە لە کیشوەری ئەورووپادا، کە لە (٥ ی ئایاری ١٩٤٩) دامەزراوە، (٤٧) وڵات ئەندامی ئەنجوومەنی ئەورووپان، کە (٢١) وڵاتی ناوەندی و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپی تێدایە. ڕێکخراوەکە هاوکاری نێوان وڵاتانی ئەورووپا - لە بواری ستانداردی یاسایی، مافی مرۆڤ، پێشکەوتنی دیموکراتی، یاسا و کولتووردا پتەوتر

دەکـات. ئەنجوومەنی ئەورووپـا ڕێکخراوێکی تەواو ســـەربەخۆیە لە دەرەوەی ســـیســـتەمی یەکێتی ئەورووپادایە بەڵام ئەم دوو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە چەند ســیفەتێکی ســیمبولی هاوبەشــیان هەیە، بۆ نموونە، ســروود و ئاڵاکەیان. یەکێک لە گرنگترین دەســتکەوتەکانی ئەنجوومەنی ئەورووپا درێژەدان و گرتنەبەری پەیماننامەی ئەورووپایە بۆ پاراســتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بەپێی دەستووری ڕێکخراوەکە. ئـامـانجی ئەنجوومەنی ئەورووپـا ئەوەیە کە یەکڕیزیی زیـاتر لەنێوان ئەندامەکانیدا بەدی بهێنێت بۆ پاراســتن و جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانەی کە کەلەپووری هاوبەش و پێشــکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتییان پێش دەخەن.

چالاکییەکانی ئەنجوومەنەکە لەسەر بنەمای بەها بنەڕەتییە هاوبەشەکانی: مافی مرۆڤ، یاســا و دیموکراســین. بەهێزکردنی ڕێوشــوێنەکان بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئاسایشی هاووڵاتییانی ئەورووپا بەتایبەتی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، تـاوانی ڕێکخراو و بـازرگـانیکردن بە مرۆڤەوە.

**التبشيرى، موژدەدەر** **Proselytizing**

ئەم زاراوەیە بۆ گوزارشــتکردن لە کـاری ئەو ڕێکخراوە ئـاینییـانە بەکاردێت کە هەوڵی ڕاکێشــانی ئارەزووی تاکەکان دەدەن بۆ ســەر باوەڕی ئەو ئاینەی دەیانەوێت. یان ئەو چالاکییانەن بە ئامانجی گۆڕینی ئایین لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە جیاواز و ئاینە جیاوازەکاندا بە کار دێت.

- کۆماری پاشایەتی: لەم مۆدێلانەدا دوای مردنی سەرۆک کۆمار پۆستی سەرۆک کۆمار وەک سیستەمی پاشایەتی دەدرێت بە کوڕەکەی. لە کۆریای باکور کیم جوونگ ئیل دوای مردنی باوکی، لە سووریا بەشار ئەسەد لە دوای مردنی باوکی بوون بە سەرۆک کۆمار.

## ئەرکەکانی کۆنسوڵخانە Consular Functions

کۆنسوڵخانەکان بۆ پاراستن و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی دەوڵەتەکەیان دادەمەزرێن، لەو ناوچەیەی کە کۆنسوڵخانەیەک کاری تێدا دەکات چەند کارێک بۆ وڵاتەکەی دەکات وەک:

- دەرکردنی پاسپۆرت، گرێبەستی هاوسەرگیری، سەردانیکردنی هاووڵاتییەکانیان لە زیندان و تەنانەت پێدانی قەرزی بچووک بە هاووڵاتییەکانیان. ئەفسەرانی کۆنسوڵخانە کە لە دەرەوەی 'پایتەخت' ی دەوڵەتە بیانییەکان خزمەت دەکەن هەروەها ڕاپۆرت دەدەن بە وڵاتەکەی خۆیان لەسەر بارودۆخی ناوخۆی ئەو وڵاتە چالاکی تایبەتی دیپلۆماسی.
- ئەگەر دەوڵەتێک نێردەی دیپلۆماسی لە پایتەختی وڵاتی میواندار نەبێت وە لەلایەن دەوڵەتی سێیەمەوە لەو وڵاتە نوێنەرایەتی نەکرێت، ئەوا ئەفسەرانی کۆنسوڵخانەکان لەوانەیە بە ڕەزامەندی دەوڵەتی خانەخوێ، کاری دیپلۆماسی ئەنجام بدەن.
- کارکردن بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی بازرگانی، ئابووری، ڕۆشنبیری و زانستی نێوان ئەو وڵاتەکەی و وڵاتی میوانداردا.

- بە دەستهێنانی زانیاری بە هەموو ڕێگا گونجاوەکان، دەربارەی بارودۆخ و پەرەســـەندنی ژیانی بازرگانی، ئابووری، کولتووری و زانســـتی ئەو وڵاتەی بۆی نێرراوە، و ناردنی ڕاپۆرتەکان لەو بارەوە بۆ حکومەتی وڵاتەکەی.
- پێدانی ڤیزا یان بەڵگەنامە و قەواڵەی پێویســـت بە هاووڵاتیانی وڵاتی میواندار کە ئارەزووی گەشت دەکەن بۆ وڵاتی میوان.
- پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتییانی وڵاتەکەی لە کاروبارەکانی بۆ ماوە و خاوەن داری لە زەوی و زارەکانی وڵاتی میواندار بەگوێرەی یاسا و بڕیارەکانی ئەو وڵاتە.
- نوێنەرایەتیکردنی هاووڵاتییانی وڵاتەکەی لە بەردەم دادگا یان دەســـەڵاتەکانی تری وڵاتی میوانداردا، بۆ پاراســـتنی ماف و بەرژەوەندییەکانی ئەو هاووڵاتییانەی کە ناتوانن ئامادەببن.

بەجێگەیاندنی گشـــت ئەو کاروبارانەی کە یاســـا و ڕێنمایەکانی وڵاتە بۆ نێرراوەکە قەدەغەی ناکەن یان ئەوە کاروبارانەی کە لە ڕێککەوتنی نێوان وڵاتی نێررا و بۆ نێرراودا باسکراوە.

## ئەرکی دیپلۆماسی Functions of Diplomacy

بریتین لە: پەیوەندیکردن،کۆکردنەوەی زانیاری،ڕوونکردنەوە بۆ (پروپاگەندە)کان، چارەسەری ناکۆکی، چارەسەری کێشەکان، فراوانکردن یان ئاســـانکاری پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکان، دانوســـتان و گەڕان بەدوای ڕێککەوتن لەسەر مەسەلە تایبەتەکان، ڕێنمایی پرۆگرامی گشتی بڕیارەکان لە بواری سیاسەتی دەرەوە.

**ئاشکرابوون، بە شەفافی، بە کراوەی** **Glasnost**

ئەم چەمکە لە کۆتای (١٩٨٠) وە وەک سـیاسـەتێک لە یەکێتی سـۆڤیەتدا لە لایەن (میخائیل گۆرباچێڤ) ەوە پێشـــکەش کرا، کە داوای زیادکردنی شـــەفافیەت و کراوەیی لە دامودەزگا حکومییەکان و چالاکییەکانی ناو یەکێتی ســـۆڤیەت کرد، هەروەها ڕێگەی بە ڕەخنەگرتن لە بەرپرســـانی حکومەت دا و ڕێگەی بە ڕاگەیاندنەکان دا کە هەواڵ و زانیاری ئازادتر بڵاو بکەنەوە. چەمکەکە دەرهاوێشتەکانی سەبارەت بە مێژووی سۆڤیەت بەرهەمهێنا، بە تایبەتی ســـەبارەت بە خولیاکانی ســـەرۆکی پێشـــوو (ستالین) و چالاکییە پۆلێنکراوەکانی پێشوو کە کاریگەرییەکی وێرانکەری هەبوو لەســـەر ئەو کەســـانەی لەناو یەکێتی ســـۆڤیەتدا کە باوەڕیان بە کۆمۆنیزم هەبوو.

# ب

## باڵیۆزخانە Embassy

نوێنەرایەتی هەمیشەیی یان کاتی وڵاتێکە لە وڵاتێکی دیکە. سەرۆکەکەی باڵیۆزە کە بۆ جێبەجێکردنی کاروباری خەڵک و وڵاتەکەی کار دەکات. باڵیۆزخانە بینایەکە کە دیپلۆماتەکان تێیدا کار دەکەن هەندێک جاریش دەژین، کە کۆمەڵە کەسێکن بۆ نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەتێک بە فەرمی لە دەوڵەتێکی تردان. مەرجە باڵیۆزخانە لە پایەتەختی وڵاتان دابنرێت، هەروەها ئەرکی دیپلۆماسی بچووکتر بە شێوەیەکی ئاسایی دەکەونە شارە گەورەکانی دەوڵەتەکان بەڵام ئەگەر وڵاتێک ئاستی نوێنەرایەتییەکەی لە باڵیۆزخانە کەمتر بوو، دەکرێت بارەگاکەی لە پایتەختی وڵاتی خانەخوێ بێت. لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا بە ڕوونی ئەوە باسکراوە تەنیا ئەو دەوڵەتانە دەتوانن باڵیۆزخانە لە وڵاتەکانی تر بکەنەوە کە سەربەخۆن، بە واتایەکی تر ئەو دەوڵەتانەی کە بە تەواوەتی سەربەخۆ نین یان لە ژێر سەرپەرشتی دەوڵەتانی دیکەدان ناتوانن باڵیۆزخانەیان هەبێت واتا دەتوانن نوێنەری سیاسی دەوڵەتان قبووڵ بکەن بەڵام ناتوانن نوێنەری سیاسی بنێرنە دەوڵەتێکی تر.

ئەگەر هاتوو وڵاتێک بە بێ ئەوەی لەگەڵ وڵاتێکی تردا بە شەڕ هاتبێت یان پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا پچڕاندبێت و نوێنەری سیاسی ئەو وڵاتە قبووڵ نەکات ئەوا لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە هێرشکردنە سەر مافی دەوڵەتی قبووڵنەکراو لە قەڵەم دەدرێت.

**باڵیۆز، نێردە، سەفیر** **Ambassador**

سەرۆکی ئەرکێکی دیپلۆماسییە، باڵاترین نوێنەر و کەسایەتی سیاسییە لەو وڵاتەی کە بۆی دیاریکراوە، نوێنەرایەتی فەرمی دیپلۆماسی وڵاتەکەی دەکات. لە هەمان کاتدا نوێنەری تایبەتی سەرۆکی وڵاتەکەیەتی بۆ سەرۆکی وڵاتی خانەخوێ. باڵیۆزەکان هەمیشە لە پایتەختی وڵاتی خانەخوێ نیشتەجێ دەبن، بە شێوەیەکی فەرمی ئەرکیان بریتییە لە:

- پارێزگاری لە هاووڵاتییانی وڵاتەکەیان دەکەن کە لە وڵاتی خانەخوێ دەژین، بەهۆی هاتنە پێشەوەی تەکنۆلۆژیای مۆدێرن. جیهانی ئەمڕۆ لە ڕووی ڕێژەییەوە شوێنێکی زۆر بچووکترە لە جاران. لەگەڵ ئەمەشدا وڵاتەکانی جیهان بە لایەنی کەمەوە ژمارەیەک لە هاووڵاتییانیان لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان دەژین بۆیە دەبێت باڵیۆزخانەکان ئاگاداریان بن و لە کاتی پێویست هاوکاری تەواویان پێ بگەیەنن.
- زیادبوونی گەشتە دەرەکییەکان و گەشەی بازرگانی نێوان وڵاتان ئێستا بەشێکی گرنگە لە ئابووری جیهانی، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بوارێکی زیاتر بۆ فرۆشتن و بازرگانیکردن لەنێوان وڵاتاندا هەیە. کە پەیوەندیی هاوبەشی بازرگانی لە نێوانیان دروست دەکات، زۆربەی کات سوودبەخشە بۆ هەر دوو لا کە باڵیۆزیان هەبێت لە وڵاتەکانی یەکتری. ئەرکی باڵیۆزخانەیە کە هەموو ئاسانکارییەک بۆ بازرگان و گەشتیارەکان بکەن کە بە ئاسانی کارەکانیان ئەنجام بدەن.
- یەکێکی تر لە ئەرکە دیپلۆماسییەکانی باڵیۆزەکان کارکردنە بۆ ئاشتی. ئەم ئەرکە دەتوانێت گەشە بکات بۆ شەڕکردن لە دژی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، بازرگانی مادده هۆشبەرەکان، بەرتیلی نێودەوڵەتی و

بازرگانیکردن بە مرۆڤ. ئەم چالاکییانە گرنگ و هەستیارن و نەریت وایە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بەرگری یان سەرۆکی وڵاتان ئەنجام دەدرێن.

**باڵیۆزی پیشەی** Career Ambassador

پلەیەکی تایبەتە کە سەرۆک کۆمار بە ئامۆژگاری و ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نوێنەران دەتوانێت پێشکەشی ئەندامێکی پیشەیی بکات. لە ئەمریکا ئەم دەسەڵاتە بەپێی یاسای خزمەتگوزاری بیانی لە (١٩٨٠) ەوە دراوە بە سەرۆک. باڵیۆزی پیشە بەو کەسانە دەدرێت کە بە لایەنی کەمەوە (١٥) ساڵ خزمەتی کردبێت لە بوارێکی هاوتا بەو بوارەی کە باڵیۆزی پیشەی لەسەر وەردەگرێت یان لە ئاژانسەکانی سەر بە حکومەت کاری کردبێت و چالاک بێت.

**باڵیۆزی نائاسایی و ڕێپێدراو**

**Ambassador Extraordinaire and Plenipotentiary**

باڵیۆزی نوێنەری تایبەتی سەرۆکی دەوڵەتەکەیەتی و دەسەڵاتی تەواوی پێ دەدرێت هەروەها لەلای سەرۆکی دەوڵەتی میواندار باوەڕپێکراوە. پەیماننامەی ڤیەننای ساڵی (١٩٦١) بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئەوەی دیاری کردووە کە باڵیۆزەکان دیپلۆماتکارن و لە پلە باڵاکانن و بە فەرمی نوێنەرایەتی سەرۆکی دەوڵەتەکەیان دەکەن، بەڵام بەشێک لە باڵیۆزەکان ناونیشانی باڵیۆزی نائاسایی هەڵدەگرن، جیاوازی لەگەڵ

باڵیۆزی ئاسایی ئەوەیە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەی لەو وڵاتەی کە بۆی نێرراوە نیشتەجێ نابێت. بۆ نموونە، باڵیۆزی بێلاڕووس لە تورکیا و عیراق کە بارەگاکەی لە شاری ئەنقەرەیە و هەر لە ئەنقەرەوە کاروبارەکانی وڵاتەکەی لە عیراقدا ڕادەپەڕێنێت. بەشێکیی تر لە باڵیۆزەکان ناونیشانی باڵیۆزی ڕێپێدراو یان تەواوکاری هەڵدەگرن کە کاریان تەواوکردنی ئەرکێکی دیپلۆماسی کاتییە یاخود تەواوکردنی ئەرکی باڵیۆزی پێش خۆیانن کە بە هەر هۆکارێک بێت لەو ئەرکە بەردەوام نەبووە.

### باڵیۆزی پاپا — Nuncio

نوێنەری دیپلۆماسی هەمیشەی ڤاتیکانە لە وڵاتانی دەرەوە، لە ساڵی (١٥١٣) دا لە سەردەمی پاپا (گریگۆری سێهەمدا) دروستبوو، سەرەتا وەک نوێنەری هەمیشەی بۆ ئەڵمانیا، فەرەنسا و ئینگلتەرا دەستنیشان کران. ئەم جۆرە نوێنەرایەتییە لە کۆتایدا بەپێی ماددەی (١٤) ی پەیماننامەی ڤیەننا (١٩٦١) بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بە پلەی باڵیۆز یەکسان کرا.

### باڵیۆزی دەستنیشانکراو — Ambassador-Designate

کەسێکە کە وەک باڵیۆز ناوبراوە بەڵام بە فەرمی سوێندی نەخواردووە و دەستبەکار نەبووە لە پۆستەکەیدا.

## باڵیۆزی نیازپاکی Goodwill Ambassador

ئەم دەستەواژەیە بەکاردێت وەک ناونیشانێکی شکۆمەندی پاشناوی. کە پیشـــەیەکی دەســـتنیشـــانکراوی دەســـەڵاتخوازە کە تەرخان کراوە بۆ کەسـێک کە داکۆکی کار بێت لە دۆزێکی دیاریکراو یان بابەتێکی جیهانی لەســـەر بنەمای ناوبانگ و توانا. باڵیۆزی نیازپاکی وەک کەسـایەتییەکی گشـــتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. ئامانج لە دامەزراندنی کەســـێک لەو پلەیەدا کاری خێرخوازیی یان بە جێ گەیاندنی ئەرکێکی دیپلۆماســـییە (یان ئەرکی دۆستایەتی نێودەوڵەتییە) لە ئاستی هاوتا بۆ هاوتاکان؛ واتە: وڵات بۆ وڵات، حکومەت بۆ حکومەت، شار بۆ شار.

## باڵیۆزی ئاکریدیتێ Accredited Ambassador

هەر کاتێک دوو وڵات لەگەڵ یەکتر پەیوەندی ســـیاســـییان هەبێت بەڵام پێکەوە باڵیۆزیان ئاڵوگۆڕ نەکردبێت، لەم حاڵەتەدا بە زۆری باڵیۆزی خۆیان لە وڵاتێکی دراوســـێی ئەو وڵاتە وەک باڵیۆزی ئاکریدیتێ بە وڵاتەکەی تر دەناســـێنن. ئەم باڵیۆزە لە ڕاســـتیدا دەبێتە ڕاســـپاردەی وڵاتێک لە دوو وڵات.

### باوەڕپێکراو، جێی متمانە Trustworthy

لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا متمانە بناغەی ســــەرکەوتنی پەیوەندی نێوان دوو وڵاتە، بۆ ئەوەی بتوانن پەیوەندییەکی دۆســـتانەی بە ســـوود بۆ هەر دوو لا بنیات بنێن. ئەگەر هاتوو متمانە لە نێوانیان نەبوو هەرگیز ناتوانن پەیوەندییەکەیان تەندروست بێت. زاراوەی متمانە بە شـێوەیەکی ئاســــایی ئاماژە بە ئەو حاڵەتانە دەکات کە بەم لایەنانەی خوارەوە دەستنیشان کراون: لایەنێک (متمانە پێدەر) ئامادەیە پشت بە کردەوەکانی لایەنێکی تر ببەستێت (متمانە پێکراو)، وە دۆخەکە بە شێوەیەکی ئاسایی ئاڕاستەی داهاتوو دەکرێت.

### بەشی کۆنسوڵخانە لە باڵیۆزخانە
### Consular Section of the Embassy

ئەم بەشە لە ناو باڵیۆزخانەکان دادەمەزرێت، بۆ ئەوەی بەرپرسی ئەرکی کۆنسوڵخانە بێت لە پایتەختی وڵاتی خانەخوێ، یان لە هەر بەشێکی تری وڵاتی میواندار بەشـــی کۆنســـوڵخانە دەکرێتەوە کە هیچ ســـتافێکی تری دیپلۆماســــی و کۆنســــوڵی تێیدا کار ناکەن. باڵیۆزخانەکان لە کاتێکدا سـەرۆکی بەشـی کۆنسـوڵخانە ناو باڵیۆزخانەکان دیاری دەکەن پەیامێک ئاڕاســـتەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی میواندار دەکەن کە تێیدا داتا و زانیاری کەسـی و وێنەی کۆنسـوڵەکەی تێدایە، لەم حاڵەتەدا، وەک یاسـا، پێویســـت ناکات ڕێکارەکانی دامەزراندنی کۆنســـوڵخانە بگیرێتە بەر. ئەفسەرەکانی بەشی کۆنسوڵی باڵیۆزخانە بەشێکن لە ستافی باڵیۆزخانە و دیپلۆماسـی وڵاتی میوان. مۆڵەتی تایبەت بە ڕێکخسـتنی پێویسـت نییە،

چونکە دامەزراندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و باڵیۆزخانەکان واتە دامەزراندنی پەیوەندییە کۆنسوڵییەکان.

**بەریەککەوتنە دیپلۆماسییەکان** **Diplomatic Contacts**

پەیوەندییە کەسییەکان لە نێوان بەرپرسانی پلە بەرز و پلە تایبەتی وڵاتەکان بە بەریەککەوتنی دیپلۆماسی ناوزەند دەکرێن. پەیوەندی و بەریەککەوتنە دیپلۆماسییەکان لەلایەن سەرۆکی دەوڵەت، سەرۆکی حکومەت، وەزیری دەرەوە، دیپلۆماتکار و نوێنەرانی فەرمی ترەوە دەپارێزرێت و درێژەی پێ دەدرێت. لە پراکتیکدا بەریەککەوتنەکان لە ڕێگەی کۆبوونەوەی خولییەوە ئەنجام دەدرێن، لە میانەی کۆنفرانسە دیپلۆماسییەکان، سەردانەکان و دانوستانەکان و پێشوازییە دیپلۆماسییەکان و... هتد. کۆبوونەوەی لووتکە لە پەرەسەندنی لێکتێگەیشتنی هاوبەش و هاوکاری نێوان وڵاتاندا گرنگییەکی زۆری هەیە ئەنجامەکانی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە زۆر جار لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکاندا تێ دەپەڕێت و کاریگەرییەکی سوودبەخشی هەیە لەسەر بارودۆخی نێودەوڵەتی.

**بروسکەی دیپلۆماسی، بلاچە، بریقە** Diplomatic Cable

ئەم زاراوەیە بۆ گوزارشتکردن لە بروسکەی دیپلۆماسی یان کێبلی باڵیۆزخانە بە کاردێت. ئاڵوگۆڕکردنی دەقی پەیامێکی نهێنییە لە نێوان ئەرکە دیپلۆماسییەکاندا، کە لە شێوەی ڕاپۆرتێکی نووسراوە لەنێوان کونسوڵخانە، باڵیۆزخانە و وەزارەتی دەرەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

**بە یاساییکردنی کۆنسوڵی** Consular legalization

بریتییە لە پرۆسەی ڕاستاندن یان سەلماندنی بەڵگەنامە یاساییەکان، بۆ ئەوەی لە سیستەمی یاسایی وڵاتێکی بیانی وەک بەڵگەنامەیەکی تەواو یاسایی بناسێنرێت، کۆنسوڵخانەکان لە خاکی وڵاتانی بیانیدا ئەم کارە بۆ هاووڵاتێکانیان ئەنجام دەدەن، ڕاست و دروستی و ڕەسەنایەتی واژۆکان لەسەر بەڵگەنامەکان دەسەلمێنن و بەراوردیان دەکەن بە یاساکانی وڵاتانی میواندار.

**بەکارهێنانی ئالا نیشتمانی و دروشم**

**Use of National Flag and Coat-of-arms**

-نێردەیەکی دیپلۆماسی مافی بەکارهێنانی ئالای نیشتمان و دروشمی نەتەوەیی خۆی هەیە لە وڵاتی میوانداردا.

-دەکرێت نێردە دیپلۆماسییەکان ئالای نیشتمان و دروشمی نەتەوەی خۆی لەسەر بینا و بارەگای دیپلۆماسی و کۆنسوڵی بەرز بکاتەوە

هەروەها لەسەر ماڵی باڵیۆز و کۆنسوڵ ئامێرەکانی گواستنەوە بەکار بهێنێت.

-یاسا و داڕێژراوەکان و نەریتە پەیڕەوکارەکانی وڵاتی میواندار لە بەر چاو دەگیرێت لە کاتی بەجێ گەیاندنی مافە پێدراوەکان بە وڵاتی میوان.

## باجی دیپلۆمات Diplomati Tax

ئەفسەری دیپلۆمات لە شەش باردا نەبێت هیچ باج و خەراجێکی باوی دەوڵەتی خانەخوێ و هەرێم و شارەکانی ئەو وڵاتەی لە سەر نییە:

-ئەو باجە ئاساییەی کە خراوەتە سەر نرخی هەر بەرهەمێک و خزمەتگوزارییەکەوە هەموو بەکارهێنەرێک ئەو باجە دەدات.

-ئەفسەری دیپلۆمات هەر موڵک و زەوی و زارێکی ناو وڵاتی خانەخوێی بە دەستەوە بێت، باج و خەراجی دەکەوێت، مەگەر لە لایەن دەوڵەتەکەی خۆیەوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی نوێنەرایەتی گیرابێت.

-ئەو باجەی وڵاتی خانەخوێ لە میرات گلی دەداتەوە.

-ئەفسەری دیپلۆمات هەر داهاتێکی لە وڵاتی خانەخوێ هەبێت و هەر سەرمایەیەکی لەوێ خستبێتە گەڕ باج و خەراجی دەکەوێت.

-حەقی ئەو خزمەتەی کە پێشکەشی کراوە.

-لە حاڵەتێکدا کە دەچێتە بەردەم دادگا و کاری پوول و تۆماری خانووبەرە و موڵک و زەوی و زار دەکەوێتە ئەستۆی خاوەنەکەی.

## باجی فڕۆکەخانە Airport Tax

ئەم باجە لە کۆمپانیا فڕۆکەوانییەکان وەردەگیرێت بۆ تێپەڕبوون بە فڕۆکەخانەکاندا. بڕی باجەکە پەیوەستە بە چەند فاکتەرێک لەوانە ناوبانگی فڕۆکەخانە، قەبارەی فڕۆکەخانەکە، فڕینێکی نێودەوڵەتی بێت یان ناوخۆیی. باجی فڕۆکەخانە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە نرخی بلیتی هێڵی ئاسمانی دانەبەزێت.

## بارگرانی زانیاری Information Overload

گوزارشتە لە شێوانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەهۆی فراوانبوونی بڵاوبوونەوەی زانیارییەوە. ئەم دیاردەیە لە زیادبوونی سەرچاوەکان و کەناڵەکانی پەخشکردنەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ئەنجامدا تاک دەکەوێتە ناو دونیای خۆ ونکردنەوە و کارایی پرۆسەی شیکردنەوە و لێکدانەوەی زانیاری کەم دەبێتەوە. لە ڕاستیدا، بارگرانی زانیاری لە ئەنجامی بڕێکی زۆر لە زانیارییە کە دەچێتە ناو هۆشی کەسێکەوە و کاریگەری لەسەر باری گشتی جەستەیی و دەروونی و تێگەیشتن و بیرکردنەوەیدا دروست دەکات. بەشێک لە وڵاتانی جیهان کە مەبەستیانە ڕای گشتی بە لا ڕێدا بەرن هەڵدەستن بەم کارە و بڕێکی زۆر لە زانیاری پەیوەست بە قەیرانەکانەوە بڵاو دەکەنەوە.

**State of Emergency** **باری نائاسایی**

ڕێگایەکی تایبەتە، دەوڵەتەکان لە کاتی بارودۆخی ناهەمواردا دەیگرنە بەر، کە تێیدا ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییان لە سەرتاسەری خاکی وڵاتەکەیان سنووردار دەکەن هەتا ئەو بارودۆخە ناهەموارە تێ دەپەڕێنن. ئەم سنووردارکردنە لە پێناوی پاراستنی گیانی هاووڵاتییانە. بارودۆخە ناهەموارەکان بریتین لە (هێرشی سەربازی، هەوڵی کوودەتا، کارەساتی سروشتی، پەتای یان هەر هەڕەشەیەکی بەرفراوانی تر) ئەم ڕێکارە کاتییە، کە تەنیا لە بەرژەوەندی دەستەبەرکردنی سەلامەتی هاووڵاتییان و پاراستنی فەرمانی دەستووری، دەگیرێتە بەر، مەبەست لە ناساندنی دۆخی فریاکەوتنە، ئاسایی کردنەوەیی خێرای هەڕەشەکان بۆ سەلامەتی هاووڵاتییان.

**Commerc** **بازرگانی**

ئەو مامەڵانەیە کە کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان دابین دەکەن، بازرگانی نێودەوڵەتی ئاڵوگۆڕی کاڵا و خزمەتگوزارییە لەنێوان وڵاتاندا، ئەم جۆرە بازرگانییە بۆ چەندین سەدەیە (ڕێگای ئاوریشم) بوونی هەیە، بەڵام بەهۆی جیهانگیری ئابوورییەوە شێوازێکی نوێ پێویستە. یاسایەکی بازرگانی نێودەوڵەتی بوونی هەیە، کە بە تایبەتی لەلایەن ژوورە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانەوە بە فەرمی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و ئاسانکاری بۆ کاروباری بازرگانی لە دەرەوەی وڵات کاری پی دەکرێت. هەروەها لە زۆربەی باڵیۆزخانەکان پاشکۆی بازرگانی هەیە کە ئاسانکاری بۆ بازرگانەکانی هەر دوو وڵات دەکات کە کارە بازرگانییەکان لەگەڵ یەکتری ئەنجام بدەن.

## بازرگانی ئازاد Free Trade

سیاسەتێکە کە ئامانجی ئەوەیە کە حکومەتێک جیاکاری نەکات لە هاوردەکردن یان دەستوەردان لە هەناردەکردن بە بەکارهێنانی هێز و پارە لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا. هاوردەکردن و هەناردەکردن سنووردار ناکات. لە حکومەتدا بازرگانی ئازاد بە زۆری لە لایەن ئەو پارتە سیاسییانەوە داکۆکی لێ دەکرێت کە خاوەنی بۆچوونە لیبراڵییە ئابوورییەکانن، لە کاتێکدا پارتە سیاسییە ناسیۆنالیستە ئابووری و چەپەکان بەگشتی پشتگیری لە بازاڕی ئازاد ناکەن.

## بانکی جیهانی World Bank

ڕێکخراوێکی دارایی نێودەوڵەتییە کە پارە دەدات بە وڵاتان بۆ باشترکردنی ژێرخانی ئابوورییان. بانکی جیهانی لە دوو دامەزراوە پێکدێت: یەکەم/ بانکی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان. دووەم/ کۆمەڵەی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی. ئامانجی سەرەکی بانکی جیهانی کەمکردنەوەی هەژاری و باشترکردنی ستانداردەکانی ژیانی ئەو کەسانەیە کە لە وڵاتانی داهات نزم و مامناوەند دەژین. پشتگیری لە ڕێگەی پرۆژە یان قەرز، بەخشینی سیاسەت و یارمەتی تەکنیکییەوە دابین دەکات.

## بانکەکانی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی

## International Development Banks

جۆرێکی تــایبەتە لە دامەزراوەکــانی بــانکی نێودەوڵەتی، کە لەلایەن ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دامەزراوە. لەم بانکانەدا نەریت وایە لەســــەر بنەمای هەرێمی متمانە بە وڵاتانی ئەندام دەدرێت. ئەم گرووپە زۆربەی کات لەســــەر بنەمای دارایی هاوبەش دەرماڵەی متمانە دابین دەکات. ئەمەش بەو مـانـایە دێت کە گوژمەی جێبەجێکردنی پرۆژەیەک بەشــێکی بە قەرزی ئەم بانکانە دابین دەکرێت و بەشــەکەی تر دەبێت لەلایەن حکومەتی ئەو وڵاتە لە بودجەی دەوڵەت تەرخـان بکرێت. ئەم جۆرە بانکانە لە نیوەی دووەمی ســەدەی بیســتەمدا دروســت بوون و گەورەترینیان بانکی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشــەپێدانە کە لە ســاڵی (١٩٤٤) لە کۆنفرانســی (برتۆن ودس) لەگەڵ ســندووقی دراوی نێودەوڵەتی دروست کراوە.

## بایکۆتکردن، بەر بەندکردن — Boycott

کارێکی خۆویســتانەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەسـێک، ڕێکخراوێک، یان وڵاتێکدا وەک دەربڕینی ناڕەزایی بە هۆکاری، کۆمەڵایەتی، سیا سی، یان ژینگەیی. مەبەســـت لە بایکۆت ئەوەیە کە هەندێک زیانی ئابووری بە بکەرەکە بـدەن، یـان هەوڵـدان بۆ نـاچـارکردنی بکەرەکە بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکەی. زۆر جار لەبەرامبەر کارێک یان پێشێلکارییەکدا، کە وڵاتێک بەرامبەر وڵاتێکی تر ئەنجـامی دەدات، وڵاتی دووەم لە ســێکتەرێکـدا

بایکۆتی وڵاتی یەکەم دەکات بە مەبەســـتی زیانی ئابووری. بۆ نموونە، کاتێک وڵاتی تورکیا بە بیانووی بەزاندنی ســـنووری وڵات فڕۆکەیەکی وڵاتی ڕووسیای خستە خوارەوە. خەڵکی ڕووسیا بایکۆتی گەشتکردنیان کرد بۆ تورکیا، کە زیانێکی ئابووری زۆری بە کەرتی گەشتیاری تورکیا گەیاند. ئەم چەمکە ئێستا بە گشتگیری لە پراکتیکی پەیوەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیـدا چەســـپـاوە، بەڵام بە شـــێوەیەکی ڕێژەیی کەڵکی لێ وەردەگیرێت. لە بیرمـان نەچێت زۆر جـار هەڕەشـــەی بـایکۆتکردنی بازرگانی هەڕەشـــەیەکی بەتاڵە و هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەســـەر بەرامبەر نابێت.

### بڕوا پێدەر، بڕوانامە، نامەی متمانە Credentials

ئەو نامەیەیە کە لەلایەن ســـەرۆکی وڵاتێکەوە بە باڵیۆزێک دەدرێت و ئاڕاســـتەی ســـەرۆکی ئەو وڵاتە دەکرێت کە باڵیۆزەکەی بۆ ڕەوانە دەکرێت. نامەکە لەلایەن باڵیۆزەوە لە ڕێوڕەسمێکی فەرمی متمانە پێداندا ڕادەستی سەرۆکی وڵاتی خانەخوێ دەکرێت. کە بە شێوەیەکی گشتی دوای گەیشتنی نێردەیەکی دیپلۆماسی (باڵیۆز) بۆ پۆستێکی نوێ ئەنجام دەدرێت، هەتا کاتی ئەنجامدانی ئەو ڕێوڕەســـمە باڵیۆزەکە بە فەرمی لەلایەن دەوڵەتی خانەخوێوە نا ناســـرێت و ناتوانێت بە فەرمی وەک باڵیۆز ڕەفتار بکات. نامەکە بە "نامەی متمانە" نا و دەبرێت چونکە داوا لە ســـەرۆکی وڵاتی خانەخوێ دەکرێت کە "متمانەیەکی تەواو" بدات بەو قسانەی باڵیۆز بەناوی وڵاتەکەیەوە دەیکات.

### بڕیار Resolution

ئەم چەمکە بەکاردێت بۆ ئەنجامدانی کارێک یان ڕەفتارێک بە شێوەیەکی دیاریکراو. بۆ نموونە، بڕیارنامەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش بە ئامانجی فشار خستنە سەر دەوڵەتێک، کە بەرهەڵستییەکی چەکداری بەهێز دەکات. بۆ لۆژیکی پیشەیی، بە شێوەیەکی سیستەماتیک بڕیار پیادەکردنی یاسای چارەسەرکردنە وەک ڕێکارێک بۆ نا ڕەزای هاوکێشەکە کار دەکات. لە یاسای دەستووریدا بڕیار بەو کارانە دەگوترێت کە نەریت وایە لە لایەن ئەندامێک لە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە جێبەجێ بکرێت بە شێوەیەکی جیاواز لە ڕەشنووسی یاساکان باس دەکرێت و بۆ واژۆ ناگەڕێنەوە بۆ سەرۆکی دەوڵەت.

### بڕیاری سیاسی Political Decision

ڕێگەیەکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان لە ڕووداوە سیاسییەکانی کۆمەڵگەدا. ژیانی سیاسی دەوڵەت تەنیا بریتینییە لە پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و ژێردەستەکانی، بەڵکوو بریتییە لە کارلێک کردنی بەرژەوەندی هەموو بەشداربووانی پرۆسەی سیاسی کە هەر یەکەیان ئامانجی خۆیان هەیە. بڕیاری سیاسی یەکێکە لە بوارە هەرە گرنگەکانی سایکۆلۆژیای سیاسی و بیردۆزی هەڵبژاردنی عەقلانی، گشتگیرترین چوارچێوەی تیۆرییە بۆ ڕوونکردنەوەی پرۆسەکانی بڕیاردان. گریمانە بنەڕەتییەکانی بیردۆزی هەڵبژاردنی عەقلانی ئەوەیە، کە تاکەکان

کۆمەڵێکی هاوتەریب لە پەسەندکراوەکان و کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بۆ گەیشتن بە بڕیارێک دیاری دەکەن. هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی کردارەکان کە بە شێوەیەکی گونجاو پەیوەندییان بە باوەڕ و بەهاکانەوە هەیە.

**بڕیاری کۆدەنگی** **Consensus Decision-Making**

ئەم زاراوەیە لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراوە بە واتای "ڕێککەوتن، تەوافوق دێت. بەکارهێنانەکەی پەیوەستە بە بۆچوونێکی پەسەندکراوی گشتی و دەرەنجامی بڕیارێک لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی بە کۆمەڵ. بڕیاری کۆدەنگی بریتییە لە پرۆسەی بڕیاردانی گرووپێک بە تێکڕا لەسەر پێشنیازەکان. کۆدەنگی پێویستی بە دەنگی هەموو بەشداربووان هەیە پشتگیری بڕیارێک بکەن.

**بریکار، جاسووس، سیخوڕ لە شوێنی خۆی** **Agent in Place**

کەسێکە کە دەست گەیشتنی بە زانیاری زۆر هەستیار هەیە (بۆ نموونە، لە وەزارەتێک، دەزگای هەواڵگری یان دامەزراوەی توێژینەوەی چەک) کە بە شێوەیەکی نهێنی کار بۆ دەزگای هەواڵگریی دەوڵەتێکی تر دەکات. جاسووسەکان لە شوێنی خۆیان ئەو کەسانە نین کە لەم جۆرە شوێنانەدا چێنرابن، بەڵکوو هاووڵاتی ئەو وڵاتەن کە تێیدا دەژین و زۆربەی کات فەرمانبەری درێژخایەن و باوەڕپێکراون، بۆیە دەزگاکانی تر سوودیان لێ دەبینن و زانیاری ورد و هەستیاریان پێ کۆ دەکەنەوە کە لە ئەنجامدا دژی وڵاتەکانیان بەکار دەهێنرێت.

## بزووتنەوەی مافی مەدەنی Civil Rights Movement

بزووتنەوەیەکی سـیاسـییە، تێ دەکۆشـێت بۆ یەکسـانی هاوولاتییان لەبەردەم یاسـادا. زۆرێک لە کەیسـەکانی بزووتنەوەکە بەرهەڵسـتی توندوتیژییە، لە کاتێکدا هەندێک لە کەیسـەکانی نائارامی مەدەنی یان یاخیبوونی چەکداری بە دوای خۆیدا دەهێنێت. نموونەیەکی بزووتنەوەی مـافی مەدەنی بزووتنەوەی مـافی مەدەنی ئەفریقی و ئەمریکییە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نیوەی دووەمی سـەدەی بیسـتەمدا. دەکرێت وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بناسـێنرێت کە مەبەسـتیان قەدەغەکردنی جیاکاری ڕەگەزی بوو دژی ئەمریکییە ڕەش پێسـتەکان. هەندێک لە سـەرکەوتنەکانیان بریتین لە یاسـای مافی مەدەنی سـاڵی (١٩٦٤) کە جیـاکـاری ڕەگەزی قەدەغە کرد لە دامەزرانـدن، شـوێنی نیشتەجێبوونی گشتی و یاسای مافی دەنگدان. و دواتر لە ساڵی (١٩٦٥) مافی دەنگدانی ڕەش پێست گەڕایەوە.

## بەڵێننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان

## Social and International Covenant on Economic Cultural Right

یەکێکە لەو دوو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەی کە بڕگەکانی ناو ڕاگەیەنراوی جیهانی مافی مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک یاسا کە دەبێت جێبەجێ بکرێن. بەڵێننامەکە دان دەنێت بە هەموو ئەو مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی کە شیاوی مرۆڤن، دەوڵەتەکانی ناچار کردووە کە هەوڵبدەن ئەم مافانە دەستەبەر بکەن. کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵێننامەکەی لە (١٩٥٤) دارشت ئاڕاستەی کۆمەڵەی گشتی UN کرا و ساڵی (١٩٦٦) لەلایەن (٣٥) دەوڵەتەوە پەسەند کرا.

## بەجێهێنانی ئەرکی سەرۆکی نێردراوی کۆنسوڵخانە بەشێوەیەکی کاتی

## Temporary Exercise of The Functions of The Head of a Consular post

ئەگەر سەرۆکی نێردراوی کۆنسوڵخانە نەیتوانی کاروباری ئەرکەکەی بەجێ بگەیەنێت، دەشێت کەسێکی تر بە شێوەیەکی کاتی لە شوێنی ئەو کارەکانی بەجێبهێنێت. ناو ناسناوی ئەو کەسەی جێگای سەرۆکی نێردراوەکە دەگرێتەوە دەدرێتە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی میواندار، ئەویش بە ئاگاداری سەرۆکی نێردراوی دیپلۆماسی(باڵیۆز) وڵاتە میوانەکە. پێویستە لە سەر دەسەڵاتی وڵاتی میواندار هاوکاری ئەو کەسە بکەن کە دەچێتە شوێنی بەرپرسی کۆنسولخانەکە.

## بلۆک، بەرە Bloc

گرووپێک لە دەوڵەتەکانن بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی پشتیوانی و گرنگیدان بە سیاسەتەکانیان، لە یەک ناوچە یان چەند ناوچەیەکدا، چی بە هاوپەیمانییەوە پێکەوە پەیوەست بن یان بە بێ هاوپەیمانی، گرووپێک پێک دەهێنن و بەرگری لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان دەکەن.

## بونیاد پەرس Constructivism

تیۆرییەکە هەوڵ دەدات ئەوە پیشان بدات، کە هەموو چەمکەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەکرێن و لەبەر ئەوە توانای گۆڕینیان هەیە بە کرداری بنیاتنانی مرۆڤ. سیاسەتی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لە بنیاتنانی پەیوەندی نێوان دەوڵەتاندا لە سەرەتای (١٩٩٠) کاندا بوو بە یەکێک لە قوتابخانە گەورەکانی فیکر لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

## بونیادی کۆمەڵایەتی Social Constructivism

قوتابخانەیەکی فکری فراوانە، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر کاریگەری بیرۆکە و ناسنامە و نۆرم و کولتوور لە سیاسەتی جیهانیدا. ئەم ڕێبازە سیاسییە کار بۆ دروستکردنی بنیاتنانی زانین کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. تیۆرییەکە دژایەتی تێڕوانینە تەقلیدییەکانی سیاسەت دەکات، کە گوایە جیهانی سیاسی نە دەرەنجامێکی حەتمی سروشتی مرۆڤە و نە

ڕەنگدانەوەی خودی سیستەمی سیاسییە بەڵکوو لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت. بنیاتنەرەکان باس لەوە دەکەن کە هاندانی سیاسی کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی واقیع و نۆرمی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە هەیە.

**بێ پەڕە (زارەکی)** **Non-Paper**

حکومەتی خانەخوێ بە شێوازی زارەکی، سەرنجێک یاخود ئاگادارکردنەوەیەک یاخود پەیامێک بە ڕێگای باڵیۆزخانە و نێردە بیانییەکان کە لە وڵاتەکەین، ئاڕاستەی وڵاتە بیانییەکان دەکات. ئەم پەیامە دەبێت لەلایەن کەسی سێیەمەوە کە نێردە دیپلۆماسییەکانن بنووسرێتەوە و ئامادە بکرێت و ئاڕاستەی وڵاتەکانیان بکرێت.

- **بیردۆزی پێوانەیی** **Measurement Theory**

لە ڕێکخســـتنەکانی ئەکادیمیای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەریەکە لە (ســـمیت و بایلز و ئۆوینز) لە ســـاڵی (٢٠٠٨) بابەتی پێوانەیی یان هەڵوێستی پێوانەییان کردە بنەمایەکی ئاشتییانە بۆ کێشە جیهانییەکان، کە بەگوێرەی ئەم بیردۆزە هەریەکە لە بنەما کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانیان کردە پێوانە بۆ چارەســـەری کێشـــە هەرێمی و ناوچەییەکانی جیهان، کە هەر ناوچەیەک لە جیهان دەبێت لەســـەر بنەما کۆمەڵایەتی و ڕامیاری هەڵســـەنگاندنی بۆ بکرێت کە ئەویش لە ڕێگای پێوانە کردنی گریمانە خێراکان و گریمانە درێژخایەنەکان بۆ هەریەکە لە بنەما کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانیان. بۆ نموونە، هەندێک ناوچە پێویستیان بە لیبراڵی ڕامیاری هەیە هەندێکیشیان بە مارکسی یاخود جیهانگیری.

- **بیردۆزی زانیاری و تیشکی ژێر سوور**

**Information theory and subred light**

بیردۆزەکانی تیشکی ژێر سوور دابەش دەکرێن بۆ دوو چەقی زانیاری: ئەرێنی و دوای ئەرێنی. ئامانجی بیردۆزە ئەرێنییەکان دووبارە سوود بینینەوەیە لە هۆکارەکانی سروشت و کاریگەری ژینگەی مرۆڤ بەسەر پەیوەندییەکانەوە. کە ئایە ئەم کۆمەڵگەیە لە چ ژینگەیەک دەژییت چ هێزێکی ســـەربازی هەیە، پەیوەندییەکەی چۆنە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، توانا ئابوورییەکانی چەندن. بە پێچەوانەوە کە بیردۆزەکانی دوای ئەرێنی هەموو ئەم هەڵســـەنگاندنانە ڕەت دەکاتەوە، کە مرۆڤ یان

تاکی کۆمەڵگا نابێت بە پێوەرە مادییەکان هەڵبسەنگێنرێت، بەڵکوو بزانین تا چەند ئەم مرۆڤە ئازادە وە ئەم مرۆڤانەی کۆمەڵگە چ جۆرە ڕژێمێک و هزرێک هەڵدەبژێرن. جیاوازی ســـەرەکی لە نێوان ئەم دوو بیردۆزە بریتیە لەوەی کە تەوەری ئەرێنی دەپرســێت وەک ســەرهەڵدانێکی نوێ (بۆ چی وە چۆن دەســەڵات بە کار دەهێنن)، وە بیردۆزی دوای ئەرێنی پرســـیاری ئەوە دەکەن بۆ ئەم ڕژێمە دروســـت بووە. بۆ نموونە، مەبەســـتیان چییە لە"هێز" ئایا چی لێ دەکەن وە چۆن وەڵامی ئەم هێزە بدرێتەوە بیردۆزی نەرێنی بیردۆزی پێوانەیی بۆ ئەم قۆناغە بە باش دەزانێت کە دەکرێت لە ڕوانگەی ڕەوشـــتەوە تێی بڕوانین. لە ماوەی دوایی ١٩٨٠ تــاوەکو ١٩٩٠ لە ئەنجــامی گفتوگۆی ئەم دوو چەقە ئاراســـتەی ســـێیەم دروســـت بوو کە ناویان لێ نا چەقی مەزن.

- **بیردۆزی بەرجەستەیی** Embodiment theory

ئەم بیردۆزە بەرجەستەیی یان ڕاستەقینەی ئاسایشی وڵات و دەسەڵاتی وڵات لە پێش هەموو شتێک دادەنێت. لایەنگرانی وەک (ئیدوارد هالیت) و (هانز مۆرگێتاو) پێیان وایە دەوڵەت بریتییە لە بەرژەوەندیی خودی، کە هەوڵ دەدات بەرەو دەســـەڵاتی کرداری ژیرانە هەنگاو بنێت، و هەوڵ دەدەن بۆ بەرجەســتەکردنی کەمترین توانا بۆ هێشـــتنەوەیان لە ژیان بە ئاشـــتیانە. ئەو هاوکاریانەی لە نێوان وڵاتان دەکرێت بۆ بەدەســـتهێنانی کەمترین دەرفەت بۆ پاراســـتنی ئاســـایشـــی هەر یەکەیان لە ناوەوە. بۆ

نموونە، هەر جەنگێک دەکرێت یان هەر هاریکارییەکی جەنگ کە پێشـــکەش دەکرێت بۆ بەرژەوەندی خودییە نەک بۆ چاککردنی بارودۆخەکە. وەک بەشداریکردنی وڵاتان لە جەنگە جیهانییەکانی یەکەم و دووەم.

- **بیردۆزی پەیوەندی ئاڵۆزی Complex Interdependence Theory**

بیردۆزەکە لەسەر بنەمای ئەو چاودێرییە دامەزراوە کە ئەو وڵاتانەی کە پەیوەندی ئابووری و کولتووری بەهێزیان هەیە مەیلی ئەوەیان هەیە کە نەچنە شـــەڕ لەگەڵ یەکتردا. هەر وەک لە بەهێزبوونی پەیوەندی نێوان گەلان و کەمبوونەوەی هاوچەشـــنی ململانێی چەکداری نێوان وڵاتە پێشـکەوتووەکان زیاتر لە بواری ئابووری و کولتووری بەرەو پێشـــەوە دەچن. بۆیە تیۆرییەکە هانی سـیاسـەتمەداران و دەوڵەتەکان دەدات کە جەخت بکەنە سـەر دروسـتکردنی پەیوەندی لە ڕێگەی سـیسـتەمی ئابووری و سـتراتیژەکانی تری پەیوەندی دروسـتکردن بۆ زیادکردنی هەماهەنگی نێوان دەوڵەتەکان و کەمکردنەوەی مەترسی جەنگ.

- **بیردۆزی ڕژێمی Regime theory**

ئەم بیردۆزە پشـــتیوانی بۆچوونی لە لیبراڵییەکان دەکات کە پێیان وایە دامودەزگاکانی وڵات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتان کە بە شێوەیەکی هەرەمەکی کار دەکەن، کاریگەریان بەسـەر یەکەوە هەیە. لایەنگرانی ئەم بیردۆزە لەو بڕوایەدان لەگەڵ ئەوەی هاوکاری هەیە لەنێوان وڵاتان

لەســەر بنەمایی بەرژەوەندی لە شـێوەی هەڕەمەکی. لە هەمان کاتیشـدا ململانێی قووڵیش لە نێوانیاندا هەیە، بۆ پاراســـتنی بەرژەوەندییەکانیان یان پەرەپێدانیان، کە خودی ئەم ململانێیە بووەتە هۆکاری بەرەو پێش بردنی پەیوەندییەکان ی مەیدانی نێودەوڵەتی.

**بێلایەنێتی، لا نەگری** **Neutrality**

بــاری یــاســــایی نێودەوڵەتی دەوڵەتە، کە ئـامــاژە بەڕەتکردنەوەی بەشــــداریکردن لە ململانێ چەکـدارییەکـان و چوونە نـاو کوتلە و هاوپەیمانییە سەربازیی و سیاسییەکان دەکات.

چەند جۆرێک بێلایەنی بوونی هەیە لەوانە:

I. هەمیشەیی، کە بە فەرمانی نێودەوڵەتی (سویس، نەمسا) دەرچووە.
II. پەیماننامەیەکە کەڕێککەوتنێکە لەسـەر جێبەجێکردنی بنەمای بێلایەنی لە پەیوەندییەکانی نێوان دوو دەوڵەتیان زیاتر.
III. نەریتی – پرەنســـیپێک کە لەلایەن دەوڵەتێکی دیاریکراوەوە چاودێری دەکرێت بۆ ماوەیەکواتەبووەتە نەریت.
IV. ئەرێنی – بنەما و ســیاســەتی دەوڵەتەکان و پەیڕەوی ســیاســەتی خۆڕێکخستن لەگەڵ کوتلە سەربازییەکان، هاوپەیمانەکان.

## براندینگی نەتەوە Nation Branding

پراکتیزەکردنی دیپلۆماسی کولتووری و گشتییە، کە مەبەستی پیشاندانی وێنەی وڵاتێکە چی لە ڕووی دەرەکی و چی لە ڕووی ناوخۆییەوە بە مەبەستی ڕاکێشانی گەشتیار و سەرمایەی وەبەرهێنان دەرەکی بۆ بەخێوکردنی پایەی کولتووری و سیاسی ئەو وڵاتە. (سایمۆن ئانهۆڵت) بە دامەزرێنەری ئەم کردارە دادەنرێت. تێڕوانینی جیهانی لە وڵاتان لە ڕەهەندە جیاوازەکاندا (کولتوور، هەناردەکردن، گەشتیاری، حوکمڕانیتی، وەبەرهێنان و کۆچ پێوانە دەکات.

## بە نیشتمانیکردن، خۆماڵیکردن Nationalize

ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ پرۆسەی گۆڕینی سەرمایەی تایبەت بۆ خاوەنداری گشتی. واتا ڕاکێشانیەتی بۆ ژێر خاوەنداریێتی حکومەت یان دەوڵەت. یەکێک بوو لەو میکانیزمە سەرەکییانەی کە لەلایەن سۆسیالیستە ڕیفۆرمیستەکان و سۆسیال دیموکراتەکانەوە داکۆکی لێ دەکرا. لەم چوارچێوەیەدا ئامانجەکانی بە نیشتمانیبوون بریتی بوو لە بچووککردنەوەی سەرمایەدارە گەورەکا و ئاراستەکردنەوەی قازانجی پیشەسازی بۆ ناو کیسی گشتی، و دامەزراندنی جۆرێک لە بەڕێوەبردنی خودی کرێکاران وەک پێشەکی بۆ دامەزراندنی سیستەمی ئابووری سۆسیالیستی.

**بە هەرێمایەتیی کردن** **Regionalization**

پرۆسـەی گواسـتنەوەی کارەکانی بەڕێوەبردنە لە دەوڵەتەوە بۆ ئاسـتی هەرێمی، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی و پێداویسـتییە هەرێمییەکان لە سـیاسـەت و ئابووریدا. تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەم پرۆسـەیە چڕکردنەوەی هاوکارییە لە بواری ئابووری و سـیاسـیدا. هەرێمایەتی کردن یەکێکە لە فاکتەرە نێودەوڵەتییە گرنگەکانی دونیای مۆدێرن. دەر ئەنجامی دابەشـبوونی نێودەوڵەتی وڵاتانە، وەک ئامرازێکە بۆ بەرەو پێشبردنی کەرتی ئابووری کار دەکات هەروەها بۆ پاراستنی هاوسەنگی ڕێژەیی لە هەلومەرجی نایەکسانی وڵاتاندا خزمەت دەکات.

**بەخشین** **Bestow**

لە سـێکتەری دیپلۆماسـیدا بۆ ئەوەی لایەنەکانی هەسـت بکەن کە پەیوەندییەکەیان لە ئاسـتێکی ڕێز لێ گیراودایە، کارەکتەرەکان دیاری بەنرخ بە یەکتری دەبەخشـن. زۆر جار ئەم دیاریانە دروسـتکراوێکی وڵاتەکانە کە پێشـینەیەکی مێژووی و کولتووری هەیە و ڕووداوێک دەگێڕێتەوە.

**بەرپرسیاریەتی وڵات** **State Responsibility**

ئەم دەستەواژەیە بەکاردێت بۆ گوزارشتکردن لە ئەرک و بەرپرسیاریەتی وڵاتێک، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بە هۆی کەمتەرخەمی یان جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکانی هاتوونەتە ئاراوە. بەپێی یاسـا

نێودەوڵەتییەکان بەرپرسیاریەتی وڵاتان بۆ پیشاندانی جێبەجێ نەکردنی ئەرکێکی نێودەوڵەتی بەکاردێت، کە لەلایەن وڵاتێکەوە بووەتە هۆی زیانگەیاندن بە وڵاتێکی تر. بەرپرسیاریەتی وڵات بە هۆی ئەو کردەوانەوە سەر هەڵدەدات کە لە ڕێگای نوێنەری وڵاتەوە ڕاستەوخۆ دەدرێنە پاڵ ئەو وڵاتە یان هەڵقوڵاوی ئەو کردەوانەیە کە ناڕاستەوخۆ بەرۆکی ئەو وڵاتانە دەگرن. بەرپرسیاریەتی ڕاستەوخۆ بەرهەمی ئەو کردەوە نە یاسایانەی کە لەلایەن کار بە دەستانی پلە نزمی حکومەت یان لەلایەن کەسانی ئاساییەوە ئەنجام دەدرێت.

## بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان National Interests

پێویستییە هۆشیارەکانی دەوڵەتە لە بواری پەیوەندی ئابووری و جیۆپۆلەتیکیدا، کە بریتییە لە پاراستنی شوناسی فیزیکی (پاراستنی خاکی وڵات)، شوناسی سیاسی (پاراستنی ڕژێم)، شوناسی کولتووری (بەها و نەریتە مێژووییەکان) و پاراستنی دانیشتووانی دەوڵەت لە هەڕەشە دەرەکییەکان و پشێوییەکانی ناوخۆ و کارەساتی ژینگەی و... هتد. بەرژەوەندییە ناوخۆییەکان پەیوەستن بە پاراستنی دامەزراوەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی بنەمایەکی گونجاو بۆ پێشکەوتنی ئابووری بەردەوام و زامنکردنی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و زیادکردنی توانای کولتووری. بەرژەوەندییە دەرەکییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستن بە ئاڵۆزی فاکتەری سەربازی سیاسی، ئابووری، ئایدیۆلۆژی - کۆمەڵایەتی هەروەها لەگەڵ هەلومەرجی هاریکاریی نێودەوڵەتی کە

پێگەی وڵات لە جیهاندا دیاری دەکات. بەرژەوەندی نەتەوەی بە چەند جۆر دابەش دەکرێت کە بریتییە لە: بەرژەوەندی هاوسەنگ، بەرژەوەندی هاو دژ، بەرژەوەندی هاوبەش.

### بەرگری زیرەک Smart Defense

ئەم چەمکە لە ساڵی (٢٠١١) لەلایەن (ڕاسموسن) سکرتێری گشتی ناتۆ وەک یەکێک لە کارە پێشـــینەکانی هـاوپەیمـانێتییەکە پێشـــکەش کرا. ســـتراتیژی "بەرگری زیرەک" ڕێگایەکی تایبەتە بۆ دەســـتەبەرکردنی ئاسـایشـی زۆرتر بە نرخێکی کەمتر بۆ وڵاتانی ئەندام. ئەو پرۆژانەی کە لەو چوارچێوەی " جێبەجێ دەکرێن:

- پاراســـتنی هاوبەشـــی کەلوپەلە ســـەربازییەکانی وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانی ناتۆ کە لە ئۆپەراسیۆنەکانی هاوپەیماناندا بەکاردێت.
- دابینکردنی ســـووتەمەنی هاوبەش بۆ بەشـــداربووان لە ئۆپەراســـیۆن و ڕاهێنانەکانی ناتۆ.
- دابینکردنی هاوبەشی چەک و کەلوپەلی سەربازی بە سەرۆکایەتی ناتۆ.

### بەرنامەی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکان
### UNEP United Nations Environmental

لە ســاڵی (١٩٧٢) دامەزراوە و بارەگای ســەرەکی لە نایرۆبییە. ئامانجی یارمەتیدانی وڵاتانە بۆ جێبەجێکردن و فراوانکردنی سیاسەتی ژینگەییان و هەوڵدان بۆ چارەســـەرکردنی کۆمەڵێک کێشـــە کە بریتین لە قەیرانی

نەبوونی وزەی نوێ، پیســـــبوونی هەوا، ئــاوی پــاک، کەش و هەوا، بەڕێوەبردنی ژینگە، و ئابووری سـەوز. هەروەها ڕای گشـتی پەروەردە دەکات لەســـەر کێشـــە ژینگەییەکان و بەرزکردنەوەی هەڵوێســـتەکان و بەهاکان کە گونجاون بۆ بەردەوامی ژینگەیی.

**بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان**

**UNDP United Nations Development**

لە ساڵی (١٩٦٥) دامەزراوە و بارەگای سەرەکی لە نیویۆرکە و ئۆفیسی لقی لە (١٧٧) وڵات هەیە UNDP. نوێنەرایەتی تۆڕی گەشـــەســـەندنی سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات. تیشک دەخاتە سەر یارمەتیدانی وڵاتان بۆ دروســـــتکردنی چارەســـــەر بۆ ئاڵەنگارییەکانی حوکمڕانی دیموکراتی و نەهێشتنی قەیران و پاراستنی ژینگە و وزە بۆ گەشەپێدانی بەردەوام. بودجەی UNDP بەتەواوی پشــت دەبەســتێت بە بەخشــینی خۆبەخشانە.

**بەرهەڵستکار، ناڕازی، دابڕاو، جیاواز لە بیروڕا Dissident**

ئەم چەمکە بۆ گوزارشتە لە کەسێک کە دژایەتی سیاسەتی فەرمی بکات بەتایبەتی لە وڵاتێکی دەســەڵاتخوازدا. چالاکانە بەرەنگاری سـیسـتەمێکی ســــیاســــی یان ئایینی دامەزراو، مەزهەبی، باوەڕ، ســــیاســــەت، یان دامەزراوەیەک بــبــێــتەوە. ئەم زاراوەیە لە ســـــەدەی (١٨) ەوە لە

چوارچێوەیەکی ئایینیدا بەکارهاتووە، بە مانای ســـیاســـی لە ســـالآنی (١٩٢٠) ەوە بەکار دەهێنرێت، هاوکاتە لەگەڵ ســـەرهەڵدانی حکومەتە تۆتالیتارەکان لە وڵاتانی ئیتاڵیای فاشـیسـت و ئەڵمانیای نازی و یەکێتی ســـۆڤیەت. لە وڵاتە تۆتالیتارەکاندا زۆر جار نارازییەکان بە بێ تۆمەتی سیاسی ئاشکرا یان بە هۆی پێشێلکارییەکانی هەمان ئەو یاسایانەی کە دژایەتی دەکەن یان لەبەر ئەوەی پشـتگیری ئازادییە مەدەنییەکانی وەک ئازادی ڕادەربڕین دەکەن زیندانی دەکران.

**بەرهەڵستی کردن** **Snub**

ئەم زاراوەیە بەکـاردێـت بۆ ڕەتکردنەوەی دانپێـدانـان بە قەوارەیەکی سەربەخۆ. کە پابەند نەبووە بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی کە لە چوارچێوەی پەیماننامەیەکەوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە.

**بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم** **Countering Terrorism**

چالاکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دەســـەڵاتدارانی دەوڵەت و قەوارە یاســـاییەکانە بۆ ڕێگرتن و شـــەڕکردن و کەمکردنەوە و نەهێشـــتنی ئەنجامەکانی تیرۆر.

چالاکییەکانی دژە تیرۆر پێکهاتوون لە:

بەرەنگـاربوونەوەی تیرۆریزم، ڕێگەگرتن لە تیرۆریزم، نەهێشـــتنی هۆکاری (سـیاسـی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵایەتی) کە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی تیرۆر، دۆزینەوە، ڕێگەگرتن، سەرکوتکردن، ئاشکراکردن و لێکۆڵینەوە لە کردەوە تیرۆریســـتییەکان؛ کەمکردنەوە و نەهێشـــتنی ئەنجامەکان و دەرکەوتەکانی تیرۆریزم.

**بەرەنگاربوونەوەی کولتوور** **Counter Culture**

ئەم چەمکە لەلایەن (ثیۆدۆر ڕۆزاک)ەوە لە کتێبەکەیـدا بە نـاوی (بەرەنگاربوونەوەی کولتووری) دا ئاماژەی پێدراوە و پێناســـەی کراوە، کە ئاماژە بە شـــۆڕشـــی کولتووری دەکات کە لە جیهانی ڕۆژئاوادا لە سـالانی (١٩٦٠ و١٩٧٠) دا ڕووی داوە. زۆرێک لە بزووتنەوە سـیاسـییە کۆمەڵایەتییەکانی ســەدەی بیســتەم دەتوانرێت بە کولتوورێکی پێچەوانە بناســـرێن، وەک هـاوڕەگەزبـازان، گێی، پەلکەزێڕینە، دوو ڕەگەزی و لیزبیان و... هتد. بەرزبوونەوەی جیهانگیری بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەی جیهانی فرە کولتووری و جیاوازی زیاتری دروســت کردووە لە کولتوورە سەرەکییەکان.

**بەڵێننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان**

**International Covenant on Civil and Political Right**

یەکێکە لەو دوو ڕێککەوتننـامە نێودەوڵەتییەی کە مـافەکـانی نـاو ڕاگەیەنراوی جیهانی مافی مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک یاسا کە دەبێت جێبەجێ بکرێن، بەڵێننامەکە کۆمەڵێک مافی مەدەنی و سـیاسـی هاوبەش

بۆ هەموو مرۆڤەکان لە خۆ دەگرێت، دەوڵەتەکانی ناچار کردووە کە هەوڵ بدەن ئەم مافانە دەستەبەر بکەن. ئەم مافانە بریتین لە: مافی ژیان و ئاسایش، ئازادیی کۆڕ و کۆبوونەوە، ئازادی بیرورا، ئاین و قەدەغەکردنی کۆیلایەتی و ئەشکەنجە. ئەم بەڵێننامانە سەرەتا لەلایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ ئاراستەیUN کراو لە ساڵی (١٩٦٦) لەلایەن کۆمەڵەی گشتییەوە پەسەند کرا.

**بەهاری عەرەبی** Arab Spring

لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١٠) و سەرەتای ساڵی (٢٠١١) دا شەپۆلێکی شۆڕش و ناڕەزایی لە تەواوی ناوچەکانی وڵاتانی عەرەبی بەرپا بوو کە سەرەتاکەی بە خۆسووتاندنی (محەمەد بوعەزیزی) توونسی دەستی پێ کرد و پڕیشکەکەشی لە زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبیدا پەرەی سەند، ئەوەش بە بەهاری شۆڕشەکانی عەرەبی ناوی دەرکرد. ناڕەزایەتییەکان بەهۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و خراپی باری ئابووری و ژیان و خراپی بارودۆخی ئەو وڵاتانە لە ڕووی سیاسییەوە بوو. ناڕەزایەتییەکان بە شێوەیەکی زۆر خێرا بڵاوبوونەوە و پەرەی سەند لە زۆرێک لە وڵاتاندا جەنگی لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا هەڵگیرساند. لە هەندێک ناوچە کوژرانی هاووڵاتییان و پیاوانی ئاسایشی لێکەوتەوە، دروشمەکانی شۆڕشەکەش لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکاندا دەرکەوتن.

### بەیاننامە Declaration

I. ڕاگەیاندراوی فەرمییە لەلایەن دەوڵەت، پارتی سیاسی، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بنەما بنەڕەتییەکانی چالاکی ڕادەگەیەنرێت.

II. کردەوەیەکی سیاسی و یاسایی بانگەشەی بنەما بنەڕەتییەکانە، بەندەکانی بەرنامەی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی دەوڵەتە.

III. بەڵگەنامەیەکی فەرمی کە هەر زانیارییەک ڕابگەیەنێت.

### بەیاننامەی هێلسنکی Helsonki's Statement

کۆتا کرداری کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپایە کە لە (١ی ئابی ١٩٧٥) لە (هیلسینکی) لە کۆبوونەوەیەکیدا لەلایەن سەرۆکی (٣٥) دەوڵەتەوە واژۆ کرا. ڕێککەوتنی هێلسنکی لە بواری ئابووری و یاسای نێودەوڵەتی و مرۆیی و سەربازی- سیاسیدا ئەنجام درا. ئەو وڵاتانەی کە ڕێککەوتنەکەیان واژۆ کردووە پابەندن بە سیاسەتی پاراستنی ئاشتی، هاوکاری، دەستوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی تر و یەکلاییکردنەوەی ئاشتییانەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان لە بواری یاسای نێودەوڵەتیدا، ڕێککەوتنی هێلسنکی بە مەبەستی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، یەکسانی و جێبەجێکردنی پابەندبوونەکان لە بواری یاسای نێودەوڵەتیدا ئەنجامدراوە.

لە ڕاستیدا ڕێککەوتنەکە هەنگاوێکی جددی بوو بۆ دەستپێکردنی سیاسەتی چەکدانان و دەست پێکردنی بنیاتنانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر گۆڕینی

تەواوی سیستەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەروەها ڕێککەوتن بوو لەسەر بەکارنەهێنانی هێز وەک ئامرازێک لە ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان لە جیهانی مۆدێرندا.

# پ

## پاریزبەندی دیپلۆماسی Diplomatic Immunity

ئەو پاراستنە فەرمییەیە کە لەلایەن وڵاتی میواندارەوە بە دیپلۆماتکارانی بیانی دەدریت، کە دیپلۆماتەکان لە دادگاییکردن یان دەستگیرکردن قەڵغان دەکات. و ڕیگە بە ئازادیی جووڵە و هاتووچۆی سەرتاسەرییان دەدات، جگە لە هەلومەرجی تایبەت. پاریزبەندی جۆریکە لە بەرگری یاسایی کە دڵنیای دەدات کە دیپلۆماتکارەکان ڕیگەیەکی سەلامەتیان پی دەدریت و بە هیچ شیوەیەک لە ژیر یاساکانی وڵاتی خانەخویدا داوای یاسایی و دادگەرییان لی ناکریت، بەڵام دەوڵەتی خانەخوی لە کاتیکدا دەتوانیت دیپلۆماتکار لە وڵاتەکەی دەربکات یاخود دادگای بکات کاتیک تاوانیکی گەورەی ئەنجام دابیت و پەیوەندی بە کاری دیپلۆماسییەوە نەبیت وەک (سیخوڕی). بۆ نموونە، لە ساڵی (٢٠٠٢) دیپلۆماتیکی کۆڵۆمبی، کاتیک پاریزبەندی دیپلۆماسی لەلایەن حکومەتی کۆڵۆمبیاوە لەسەر لا درا، لە بەریتانیا دادگایی کرا بە تۆمەتی سەربڕینی مرۆڤ. پاریزبەندی دیپلۆماسی هاوچەرخ وەک یاسای نیودەوڵەتی لە کۆنگرەی ڤیەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان (١٩٦١) کە لەلایەن هەموانەوە پەسەند کراوە جگە لە ژمارەیەکی کەم لە دەوڵەتەکان.

چوار پاریزبەندی بنەڕەتی دیپلۆماسی:

- بە هەر هۆکاریک بیت دیپلۆماتەکان و سەرجەم ئەندامانی خیزانەکانیان دەستگیر ناکرین.
- بە هیچ شیوەیەک پشکنینی کەلوپەل، ماڵەوە و دۆکیۆمینتەکانیان ناکریت.

- باج و سەرانەی خانوو و خاوەن داریەتی هیچ شتێکیان لێ وەرناگیرێت لەلایەن ئەو وڵاتەوە کە خزمەتی دیپلۆماسی تێدا ئەنجام دەدەن.
- خۆیان و سەرجەم ئەندامانی خێزانەکانیان ئازادن لە هەر بیر و ڕایەکی ئایدیۆلۆژی و ئاینی کە پەیڕەوی دەکەن.

هەریەک لەم پارێزبەندییانە بەگوێرەی پلەی نوێنەرایەتیەکەی دەگۆڕدرێت.

### پارێزبەندی کۆنسوڵی — Consular Immunity

ئەم دەستەواژەیە بەکاردێت بۆ جیاکاری لە دەسەڵاتی دادوەریی بۆ کۆنسوڵەکان، ئەندامانی خێزانەکانیان و موڵکە فەرمییەکانیان لە بەرامبەر ڕێکارە چەسپاوەکانی دادوەری، ئیداری و دارایی دەوڵەتی میواندار. وەک، دەستگیرکردن، داواکردن، گەڕان، لێپێچینەوە، باج، گومرگ. بە شێوەیەکی گشتی پارێزبەندی کۆنسوڵی بەم شێوازەیە مەگەر ڕێککەوتنی دووقۆڵی یان ڕێککەوتن لەسەر پارێزبەندییەکان بۆ شاندی کۆنسوڵی هەر دوو لا ئەنجام بدرێت. پارێزبەندی کونسوڵ لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە کۆنسوڵ دەچێتە ناو خاکی دەوڵەتی خانەخوێ و بە کۆتاییهاتنی ئەرکەکانی پارێزبەندییەکەشی دەوەستێت و کۆتای دێت.

### پاشکۆ، پەیوەستبوون، هاوپێچ — Attaché

ئەم زاراوەیە لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگیراوە. بەرپرسێکە، چ وەک دیپلۆماتکار چ وەک ئەندامی دەستەی پشتیوانی، لە ژێر دەسەڵاتی باڵیۆزێکیان سەرۆکێکی دیکەی ئەرکێکی دیپلۆماسیدا کاردەکات. ئەرکی

لە ناو باڵیۆزخانەکارکردنە لەسەر بوارێکی دیاریکراو. ئەو کەسەی وەک پاشکۆ دەناسێنرێت بە شێوەیەکی ئاسایی شارەزایی پێشکەوتووی هەیە لە بوارێکدا، وەک کشتوکاڵ، بازرگانی، سەربازی و ڕۆشنبیری و...هتد. پاشکۆکان چاودێری کێشە جۆراوجۆرەکان دەکەن کە پەیوەستن بە بواری تایبەتمەندی خۆیانەوە. لە ناو وڵاتی خانەخوێدا نوێنەری بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکەیانن و پلان دادەنێن بۆ بەرەوپێشبرنی ئەو سێکتەرەی کە لێی بەرپرسن. بەشێوەیەکی گشتی لە باڵیۆزخانەکان ئەم پاشکۆیانە بوونیان هەیە پاشکۆی کلتووری،پاشکۆی بازرگانی، پاشکۆی یاسایی، پاشکۆی سەربازی/بەرگری، پاشکۆی دەریایی، پاشکۆی چاپەمەنی، پاشکۆی کشتوکاڵی، پاشکۆی کار، پاشکۆی گومرگی، پاشکۆی پەیوەندی.

## پاسپۆرت Passport

بەڵگەنامەیەکی فەرمی گەشتی ناسراوی نێودەوڵەتییە، کە ناسنامە و نەتەوەی هەڵگرەکەی دەسەلمێنێت. پاسپۆرتێکی دروست پێویستە بۆ چوونە ژوورەوە و جێهێشتنی زۆربەی وڵاتانی بیانی. تەنیا وەزارەتی دەرەوەی وڵاتان دەسەڵاتی پێدانی پاسپۆرت یان دەرکردن یان سەلماندنی هەیە. پاسپۆرتە ستانداردەکان ناوی تەواو و وێنە و شوێن و مێژووی لەدایکبوون و واژۆ و مێژووی بەسەرچوونی پاسپۆرتەکەی تێدایە. حکومەتەکان لە سەرتاسەری جیهاندا چەندین پاسپۆرت بۆ مەبەستی جیاواز دەر دەکەن باوترین جۆر پاسپۆرتی ئاساییە کە بە هاووڵاتییان دەدرێت. لە ڕابردوودا، چەند وڵاتێکی دیاریکراو پاسپۆرتی

بە کۆمەڵ یان پاسپۆرتی خێزانییان دەکرد. پاسپۆرتەکان بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ گەشتیارانی تاکەکەسی دەردەکرێن نەک گرووپەکان. هەندێک لە حکومەتەکان ڕێگە بە هاووڵاتییان دەدەن کە زیاتر لە پاسپۆرتێکی ئاسایی هەڵبگرن هەروەها ڕەنگە تاکەکان پاسپۆرتێکی ئاسایی و پاسپۆرتی فەرمی یان دیپلۆماسییان هەبێت.

## پاسپۆرتی دیپلۆماسی Diplomatic Passport

بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ دیپلۆماتە باوەڕپێکراوەکان، دەستەی پایەبەرزی دیپلۆماتەکان، سەرۆکی دەوڵەت یان حکومەت، و فەرمانبەرە گەورەکانی وەزارەتی دەرەوە و خێزانەکانیان دەردەکرێت. لەوانەیە ڕێگە بە دیپلۆماتەکان بدرێت لە دوای خانەنشینی خۆیان پاسپۆڕتە دیپلۆماسییەکانیان بهێڵنەوە، ئەو کەسانەی پاسپۆرتی دیپلۆماسییان بەدەستەوەیە، پارێزبەندییان لە پشکنینی کۆنترۆڵی سنوورەکان هەیە.

## پاسپۆڕتی فریاکەوتن Emergency Passport

ئەم جۆرە پاسپۆرتە پێیی دەگوترێت پاسپۆرتی کاتی، بۆ ئەو کەسانە دەردەکرێت کە پاسپۆرتەکانیان ون بووە یان دزراوە هیچ کاتێکیان نییە بۆ وەرگرتنی جێگرەوە. بۆ نموونە، کەسێک لە دەرەوەی وڵات و پێویستی بە گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی هەیە، لەم جۆرە پاسپۆرتەی بۆ ماوەیەکی زۆر کورت پێی دەدەن کە ماوەی ڕەوایی و بەکارهێنانی زۆر کەمترە لە پاسپۆرتە ئاساییەکان.

## پاسپۆرتی فەرمی (یان خزمەتگوزاری)

## Official (or Service) Passports

ئەم جۆرە پاسـپۆرتە بە ئەو بەرپرسـە بالایانەی حکومەت دەدرێت کە لەسـەر بودجەی دەوڵەت کە گەشـت دەکەن بەڵام شـیاوی پاسـپۆرتی دیپلۆماسـی نین. خاوەن پاسـپۆرتە فەرمییەکان بە شـێوەیەکی ئاسـایی مافی بەرگری هاوشـێوەیان هەیە لە پشـکنینی کۆنترۆڵی سـنوورەکان. لە ئەمریکـا پـاسـپۆرتی فەرمی و خزمەتگوزاری دوو جۆری جیـاوازی پاسـپۆرتن و پاسـپۆرتی فەرمی بۆ بەرپرسـانی بـالای حکومەت دەردەکرێت لە کاتێکدا پاسپۆرتی خزمەتگوزاری بۆ بەڵێندەرانی حکومەت دەردەکرێت.

## پاسپۆرتی ئەرک بەڕێوەبردن Serrice Passport

تـایبەتە بە ڕاسـپێردراوەکـانی دەوڵەت بۆ ڕاپەڕانـدنی کـارەکـانیـان لە دەرەوەی وڵات.

## پاسپۆرتی تەندروستی Sanitary-Epidemiological Passport

بڕوا پێدانێکە لە وڵاتەکاندا، وەک بەشـێکە لە هەوڵەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆڤید-١٩ لە ڕێگەی کوتانەوە بەکار دەهێنرێت. پاسـپۆرتی ڤاکسـین بە شـێوەیەکی ئاسـایی لەلایەن حکومەت یان دەسـەڵاتی تەندروسـتییەوە

دەردەکرێت، لە تۆمارێکی دیجیتاڵ یان چاپکراو پێک دێت. بەکارهێنانی پاسپۆرتی تەندروستی یان کارتی کوتان لەسەر بنەمای گریمانە گشتییەکانە کە کەسێکی کوتراو کەمتر ئەگەری گواستنەوەی ڤایرۆسی هەیە بۆ ئەوانی تر هەروەها کەمتر ئەگەری ئەوە هەیە کە گیان لە دەست بدات. پاسپۆرتی ڤاکسینی دژ بە COVID-19 لە زۆربەی وڵاتەکان وەک مەرجێک بۆ چوونە ژوورەوەی وڵاتان و لە فڕۆکەخانەکان بە بێ ئەو کارتە ڕێگا نادرێت هاووڵاتییان گەشت ئەنجام بدەن.

**پاسەوانی ڕێز و شەرەف** **Honor Guard & Parade**

یەکەیەکی سەربازییە، لە ڕێوڕەسمە فەرمییەکان و بۆنە سەربازییەکاندا نمایش دەکەن. بۆ نموونە، لە پرسەی بەرپرسان دەوڵەت، یاد و بۆنەی نیشتمانی، هەڵکردنی ئاڵای نیشتمانی، پێشوازی کردن لە میوانە بیانییەکان دەوری باڵایان دەبێت و بە نمایش ڕێزی دەوڵەتەکەیان دەنوێنن.

**پارێزگە، شوێنێک لە ژێر پاراستندا** **Protectorate**

دەوڵەتێکە یان ناوچەیەکی خۆ بەڕێوەبەرییە، کە بە شێوەیەکی دیپلۆماسی یان سەربازی لە دژی لایەنی سێیەم پارێزراوە لەلایەن دەوڵەت یان قەوارەیەکی بەهێزترەوە. دەوڵەتە پارێزەرەکە سەروەریی فەرمی بۆ دەوڵەتی پارێزراو دەهێڵێتەوە کارەکانی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا ئەنجام دەدات. دەوڵەتە پارێزراوەکە بە دەگمەن کاری

سـەربازی خۆی ئەنجام دەدات، بەڵام پشـت بە دەوڵەتە پارێزەرەکە دەبەستێت بۆ بەرگری.

**پەیمانی نێودەوڵەتی مافی مەدەنی و سیاسی**

**International Covenant on Civil And Political Rights**

پێکهاتووە لە کۆمەڵێک مافی مەدەنی و سـیاسـی هاوبەش بۆ هەموو مرۆڤێک، کە دەوڵەتەکان پابەند دەکات بە پیادەکردن و بەرزڕاگرتنیان. ئەم پەیماننامە (٥٣) مادده لە خۆ دەگرێت. گرنگترین مافەکان بریتین لە: مافی ژیان و ئاسایش، ئازادی بزووتنەوە، ئازادی ڕێکخستنی کۆبوونەوە و خۆپیشـاندان، ئازادی بیر و ڕا، ئاین، ئەندێشـە، سـڕینەوەی کۆیلایەتی، مافی چارەی خۆ نووسـینی نەتەوەکان و قەدەغەکردنی ئەشـکەنجە. ڕەشـنووسـی ئەم پەیماننامە لە سـەرەتای سـاڵی (١٩٥٤) لە کۆمیسـیۆنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشـنیاز کراوە و لە سـاڵی (١٩٦٦) لەلایەن کۆمەڵی گشـتی پەسـەند کرا. ئەم پەیماننامە لە ساڵی (١٩٧٦) بۆ کۆی (٢٥) دەنگ وەک یاسایەک پەسەند کرا.

**پەنابەر، داڵدەخواز** **Refugee**

هـاوولاتییەکە کە بەهۆی ترس لە ئـازار و ئەزیەتی ڕەگەزی، ئـاییني، هۆزی و نەتەوەیی یان لەبەر بەشـداریکردن لە دەسـتەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەت یان هەبوونی بیروڕای سـیاسـی، ناتوانێت پەناگەیەکی هێمنی لە وڵاتی خۆی هەبێت، یان کەسـێکە کە وڵات نامەی تایبەتی نییە و بەهۆی ترس لە گیانی لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی دەژیت، بە باشـتری دەزانی نەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی. ئەو جۆرە کەسـانە بە پەناخواز ناو دەبرێن پێگەی پەنـابەرییـان پێ دەدرێـت لە لایەن دەوڵەتێکەوە یـان لەلایەن UNHCRئەگەر بە فەرمی داوای پەنابەرێتی بکەن.

**پارەی نێردراو، بەڕێکردن** **Remittance**

بریتییە لە گواستنەوەی نا بازرگانی پارە لەلایەنکەسێک یان کۆمپانیایەکی بیانی، ئەندامیکۆمەڵگەیەکی دیاسـپۆرا، یان هاوولاتییەک کە پەیوەندی خێزانی هەیە لە دەرەوەی وڵات بەردەوام پـارە دەنێرێتە دەرەوەی ئەو وڵاتە. ئەو پـارەیەی کە کۆچبەرانـدەینێرنە وڵاتی خۆیـان پێشـبڕکێ لەگەڵیارمەتییە نێودەوڵەتییەکان دەکات وەکیەکێکە لە گەورەترین قەیرانی داراییەکانە بۆ وڵاتانی پێشـکەوتوو. پاشـەکەوتیکۆچبەران بەشـێکی بەرچاون لە لێشاوی نەمانی سەرمایەی نێودەوڵەتی.

### پاشایەتی Monarchy

جۆرێک لە حکومەت کە تێیدا سەرۆکی دەوڵەت تاکە فەرمانڕەوایە (پاشایەتی). هێزی پاشایەتی بۆماوەیی و نادیارە. پاشایەتی - ڕەها (لە ئێستادا تەنیا چوار پاشایەتی ڕەها هەیە: سوڵتانی برونای، میرنشینی قەتەر، سوڵتانی عومان و شانشینی سعوودییە (کە تێیدا هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی پاشادا چڕ بێتەوە و سنووردار بێت. دەسەڵاتەکان لە پاشایەتییەکی سنوورداردا سەرۆکی دەوڵەت دەسەڵاتی ڕاستەقینەی نییە و تەنیا کاری نوێنەرایەتیکردنە و دەسەڵاتی یاسادانان لە پەرلەماندا جێبەجێ دەکرێت و دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە حکومەتدایە.

### پایتەخت capital

پلەی سەرەکی هەیە لە وڵاتێک یان هەرێمێک، بە زۆری کورسی حکومەت لە پایتەختدایە. بە شێوەیەکی ئاسایی شارێکە کە لە ڕووی جەستەییەوە فەرمانگەکانی حکومەت و شوێنی کۆبوونەوە سیادییەکان لە خۆ دەگرێت. زۆربەی کات بە یاسا یان دەستوور پایتەختی وڵاتێک دیاری دەکرێت. لە هەندێک وڵاتدا لقە جیاوازەکانی حکومەت لە شارەکاندا جێگیر دەکرێن. و لە هەندێک حاڵەتدا جیاوازی لە نێوان پایتەختی فەرمی (دەستووری) و کورسی حکومەتدا دەکرێت کە لە شارێکی تردایە. میدیاکانی هەواڵ زۆر جار ناوی پایتەخت وەک ناوێکی

ئەڵتەرناتیڤ بۆ حکومەتی ئەو وڵاتە بەکار دەهێنن، بۆ نموونە" پەیوەندی نێوان واشنتن و لەندەن" ئاماژە بە "پەیوەندی نێوان ئەمریکا و شانشینی یەکگرتوو" دەکات. هەموو کات ئەرکی دیپلۆماسی لە پایتەختە و تەنها لەو شارە نێردە دیپلۆماسییەکان جێگیر دەکرێن و لە هەمان کاتدا مەراسیمە دیپلۆماسییەکان بە زۆری لە پایتەخت ئەنجام دەدرێت.

**پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان**

**Relation Disconnection of Diplomatic**

بڕیاری پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، چەند جۆر و شێواز لە خۆ دەگرێت، بەوەی کەوا تەنیا یەک شێوازی دیاریکراوی نییە، جگە لەو ڕێسا گشتییە نەبێت کە بەپێی مەرجەکان حوکمی ڕەفتارەکان دەکات. ئەمەش بە شێوەی زارەکی دەردەچێت، بەڵام ئەگەر زۆر بوو، ئەوا دەکرێتە مەلەف. زۆر جار وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی میواندار، سەرۆکی نێردراو- باڵیۆز بێت، یان وەزیری کۆمیسیاری، یان کاربەڕێکەر) قائم بالاعمال ( -Chargé d'affaires بانگهێشت دەکات و بڕیارەکانی حکومەتەکەی سەبارەت بە پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان هەر دوو دەوڵەتی پێ ڕادەگەیەنێت و، داوای لێ دەکات خۆی و ئەندامانی دەزگەکەی و تاکەکانی خێزانەکانیان، بەپێی ئەو کاتەی کەوا بۆیان دیاری دەکرێت وڵاتەکەیان جێ بهێڵن و، لەو کاتەدا سەرۆکی دەزگای دیپلۆماسی، ڕاستەوخۆ یاداشتێک بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی دەنێرێت بۆ ئەوەی زانیاریی نوێ دەربارەی بارودۆخەکە بخاتە

ڕووو. لە لایەکی ترەوە، بڕیــاری پچڕانی پەیوەنــدییەکــان، وەک لە چوارچێوەی کارە نێودەوڵەتییەکاندا ناســـراوە، بە شـــێوازێکی فەرمی و ئاشـــکرایە و هیچ نهێنییەکی تێدا نییە. لەم کاتەدا دەبێت دەوڵەتان بە مـادەی (٤٤) ی پەیمـاننـامەی ڤیەننـای ســـاڵی (١٩٦١) بۆ پەیوەنـدییە دیپلۆماسییەکان پابەند بن و یارمەتی پێویست دابین بکەن بۆ گەڕانەوەی ستافە دیپلۆماسییەکان بۆ وڵاتی خۆیان.

لەم چوارچێوەیەدا، پێویســـتە چەمکی پچڕان و کۆتاییهێنانی پەیوەندییە دیپلۆماســـییەکان و، هەروەها ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان هەر دوو چەمکەکەدا هەن، دەســـتنیشـــان بکەین. پچڕان لە پەیوەنـدییە دیپلۆماســـییەکانی نێوان دوو دەوڵەتدا، ئاماژەیە بەوەی کە بە ڕێگەیەکی نائاشـــتییانەیە، بەڵام کۆتاییهێنان، بە مانای ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا بە ڕێککەوتنێکی هاوبەش و ئاشـــتییانەیە. لێرەدا دەکرێت ســـێ حاڵەتی ســـەرەکیی پچڕان و کۆتاییهێنان بە پەیوەندییە دیپلۆماســـییەکان وێنا بکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**حاڵەتی یەکەم**:داخســتنی دەزگای ســتافی دیپلۆماســیی نێوان هەر دوو دەوڵەتی میوان و میواندار، لە دەرەنجامی گۆڕانی بارودۆخ، بۆ نموونە: نەمـانی پێویســـتی بە نێردە، یـان لەبەر ئەوەی بەردەوامی دانێکی نـا ئابووریيانەیە، واتا لێرەدا پەیوەندییە دیپلۆماســـییەکان بە ڕێککەوتنی هاوبەش کۆتایی پی دێت لە ڕێگای بڕیارێکی ئاشـــتییانە لە نێوان هەر دوو دەوڵەت. زۆر نموونە هەن، کەوا لە مێژووی دیپلۆماســـیدا تۆمار کراون، بە پێویستی دەزانین هەندێکیان بخەینە ڕوو: داخستنی ژمارەیەک لە دەزگا دیپلۆماســییەکانی عیراق لە ســاڵانی ســەرەتای گەمارۆکان، لە

سالآنی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا. داخستنی کۆنسوڵخانەی گشتی سوودان لە هەرێمی کوردستان بەهۆی بارودۆخی داراییەوە.

**حاڵەتی دووەم**:پەیوەندیی دیپلۆماسـی دەکرێت بپچڕێت لە نێوان دوو دەوڵەتدا بەهۆی چەندین فاکتەری جیاواز وەک (دەستتێوەردان، هەڕەشە، هەڵوێستی سیاسی، هتد) کە دەوڵەتی یەکەم بەرامبەر بە دەوڵەتی دووەم بەکاری دەهێنێت و بە پێچەوانەشـەوە ڕاسـتە. لە حاڵەتی دووەمدا، دەبینین ئامانج لێی کاری نا ئاشتییانەیە. هۆکاری ئەمەش دەوڵەتە، کە بە تەواوی ئازادییەکانییەوە لە کاتی دانی بڕیاری لەم شێوەیە سەرپشکە و، زۆر جار ئەم بڕیارە نادرێت تا ئەو کاتەی دەوڵەتەکە دەبینێت کە بەرژەوەندییەکانی زەرەریان پێ دەگات و داوای لێ دەکات بۆ پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ دەوڵەتێکی تر و، لە گرنگترین جیاوازییەکانیشـی ئەوەیە، کە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەر دوو دەوڵەتەکە لەسەر ئۆپەراسیۆنی جەنگ لە نێوانیاندا، چوونەتە قۆناغێکی پەرەسەندووەوە، بەڵکوو تەنیا مەبەست لێی هەڕەشەیە بۆ سەر دەوڵەتی تر، تاکوو بە بۆچوونێکی دیاریکراو ڕازی بێت و، ئەمەش ئێستا بووەتە حاڵەتێکی دووبارەبووەوە و، بەستراوەتەوە بە چەند بەڵگە و نموونەیەک، لە دیارترینیان: بڕیاری دەوڵەتە عەرەبییەکان، جگە لە عەممان و سوودان، بە پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان لەگەڵ وڵاتی میسر، لە نۆڤەمبەری سـاڵی ١٩٧٨دا، لە دەرەنجامی واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل.

**حاڵەتی سێیەم**:پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان دەرەنجامی پەیدابوونی جەنگە لە نێوان دوو دەوڵەتدا، کە ئاڵوگۆڕی نوێنەرایەتیی

دیپلۆماسی دەکەن. ئەمەش بانگەشەی پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و بەردەوامیی پەیوەندییەکان دەکات لە حاڵەتی دوژمنایەتیی ڕێکخراودا بۆ جەنگ، کە مەبەست لە ئاماژەدانی ئەم بوارە ڕاگەیاندنێکی فەرمییە بۆ جەنگ، بەڵام کردەوەی سەربازی لە نێوان دوو دەوڵەتدا، نابێتە پێویستییەک بۆ پچڕانی پەیوەندییەکانیان. بۆ نموونە، جەنگی هیندستان و پاکستان تایبەت بە کێشەی کشمیر لە ساڵی (١٩٦٥) دا، نەبووە هۆی پچڕانی پەیوەندیی دیپلۆماسیی نێوانیان. هەمان شت لە هێرشی چیک و سلۆڤاکیا بە نێوانگیری هاوپەیمانێتیی وارشۆ لە ساڵی ١٩٦٨ دا، نەبووە هۆی پچڕانی پەیوەندیی دیپلۆماسیی ئەو دەوڵەتانە و دەوڵەتی چیک و سلۆڤاکیا لەگەڵ دەوڵەتێکی دیاریکراو. نموونەیەکی تریش، جەنگی کەنداوی نێوان ئێران و عیراق، نەبووە هۆی پچڕانی پەیوەندیی نێوان هەر دوو دەوڵەت، کە ماوەی هەشت ساڵی خایاند.

## جۆرەکانی پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان
## Types of Disconnection of Diplomatic Relations

١ .پچڕانی تاک لایەنە: ئەو پچڕانەیە کە دەوڵەتێک بەرامبەر بە دەوڵەتێکی دیاریکراو دەیکات. لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە نموونەیەکی زیندووی پچڕانی تاک لایەنە بکەین کە لە نێوان وڵاتانی سعوودیە و ئێراندا دروست بوو؛ ئەویش لە ساڵی (٢٠١٦) دا و بە هۆی لەسێدارەدانی بەرهەڵستکاری مەزهەبی شیعە شێخ باقر نەمر) دوای تاوانبارکردنی بەوەی لە "تیرۆر"دا تێوە گلاوە لە سعوودیە.

٢ .پچڕانی بەکۆمەڵ: ئەم جۆرە پچڕانە زۆر جار لە لایەن چەند لایەنێکەوە ڕووبەڕووی لایەنێکی دیاریکراو دەکرێتەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی گەلە کۆمەیەکدا دەکرێت. بۆ نموونە، ئەوەی ساڵی (١٩٩٠) لە ئەنجامی هێرشی عیراق بۆ سەر کویت ڕووی دا و، دەوڵەتە عەرەبییەکان بڕیاری پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان لەگەڵ بەغدا دەرکرد، هەروەها لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕش لە سووریا دژی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە ساڵی (٢٠١١) دا زۆرێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکان و تورکیا بڕیاریان دا، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕژێمی سووریا بپچڕێنن؛ وەک سزایەک بۆ ئەو تاوانانەی دەر حەق بە گەلەکەی دەیکات.

## پرۆتۆکۆڵ Protocol

زاراوەیەکی یۆنانییە، کە سەرەتا بۆ ئەو لاپەڕە بچووکانە بەکاردەهات کە لەسەر فایلەکان دەدران و پوختەی ناوەڕۆکی ناو فایلەکانیان تێدا دەنووسرا، بەڵام ئەمڕۆ مانای ئەم وشەیە بەرفراوان بووە و بە گەلێکواتای جۆرا و جۆر لە خۆ دەگرێت وەک:

-ڕێوڕەسم: ئەو پرەنسیپ و ڕێوشوێنانەن کە لە پەیوەندی فەرمی وڵاتان بەڕێوە دەچن. وەک ئەو ڕێوشوێنانەی کە پەیوەندییان هەیە بە نەریتی جیهانیدیپلۆماسیو لە چاوپێکەوتنە سیاسی و نووسینە فەرمییە دیپلۆماتییەکاندا ڕەچاو دەکرێن.

-ئەجێندای کۆنفرانس، پوختە و توێژینەوەکان.

-مانای نوێی پرۆتۆکۆڵ هاوشـــێوەی ڕێککەوتننامە و پەیماننامەکان، ئەمەش زیاتر تایبەتە بەو حاڵەتانەی کە وڵاتان ڕێککەوتنی خۆیان لە بەڵگەیەکی هاوشێوەدا تۆمار دەکەن کە هەر ناوی پرۆتۆکۆڵە.

-هەندێک جار زاراوەی پرۆتۆکۆڵ بەو بەڵگەنامانەش دەگوترێت، کە پوختە و خاڵە ســـەرەکییەکانی تێدا تۆمار دەکرێت، کە دوو لایەن لە سەریان ڕێککەوتوون، پاشان دەخرێنە سەر دەقی ڕێککەوتننامەکە، کە دەکرێت پێی بڵێن ڕێککەوتننامەی ســـەرەتای یان ڕەشـــنووســـی ڕێککەوتننامە.

دەســـتەواژەکە بۆ ئیتنیکی دیپلۆمـاســـی و کـاروبـاری دەوڵەت و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بەکاردێت، کە پەیمانێک دەبەســـتن یان هەمواری دەکەنەوە.

لە مەیدانی یاســـاییدا پرۆتۆکۆڵ بە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی پێناســـە دەکرێت کە پەیمانێک تەواو دەکات یان هەمواری دەکاتەوە.

پرۆتۆکۆڵ لە بواری دیپلۆمـاســـیدا یاســـایەکە کە باس لە چۆنیەتی ئەنجامدانی چالاکییەکان دەکات. ڕەفتاری گونجاو و بە گشـــتی پەســـەندکراو دیاری دەکەن لە کاروباری دەوڵەت و دیپلۆماســـیدا. وەک نیشاندانی ڕێزێکی گونجاو بۆ سەرۆکی دەوڵەت و چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ دیپلۆماتکاران بەگوێرەی پلەوپایەکانیان. پرۆتۆکۆل بە گشـــتی وەک موجامەلەی نێودەوڵەتی وەسف دەکرێت.

بە واتایەکی تر کۆمەڵێک یاسا و ڕێکارە، کە لە مەراسیمەکانی پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکاندا کاری پێ دەکرێت. جگە لە ڕێکخستنی مەراسیمەکان، پرۆتۆکۆڵ چەند کارێکی تر هەیە، وەک:

-ناردنی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکی وڵاتان، لە کاتی سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکاندا، لە بۆنە نیشتمانی و ئایینییەکاندا و هەندێک جار زەماوەندی بنەماڵەی سەرۆک و پاشاکان.

-ناردنی پرسەنامە، لە کاتی پرسەی نیشتمانی وڵاتەکاندا. بۆ نموونە، ، کۆچی دوای سەرۆکی وڵاتێک یان کارەساتێکی نیشتمانی.

-ناردن و گۆڕینەوەی دیاری، ئەمەش لە چوارچێوەی موجامەلە دەکرێت، کە لە بۆنە جیاوازەکاندا دیاری دەگۆڕنەوە.

-داوای لێبوردن لە کاتی هەڵەیەک کە لەلایەن وڵاتێکەوە بەرامبەر وڵاتێکی تر ئەنجامدراوە.

**جگە لەمانە پڕۆتۆکۆڵ لە بۆنە فەرمییەکاندا چەند ئەرکێک دەگێڕێت بەم شێوەیە:**

-پێشخستن: کێ مافی ئەوەی هەیە لە پیشەوە بێت.

-ڕێوڕەسمی خوانی فەرمی.

-ڕێوڕەسمی کۆنگرە و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان.

-ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای نیشتمانی.

### پڕوپاگەندە — Propaganda

ئامرازێکی پەیوەندییە بە کار دەهێنرێت بۆ ئەوەی کاریگەری بکاتە سەر تێگەیشتن یان باوەڕی تاکێک یان کۆمەڵێک لە خەڵک، بە پێشکەشکردنی گفتوگۆیەکی تاک لایەنە. هەر وەک پڕوپاگەندە لەسەر بنەمای زانیاری لایەنگرییە، بە گشتی ئامرازێکی زانیاری بەخش نییە، بەڵکوو حاڵەتێکی

ســـۆزداری، بە زیرەکییەوە گرێ دەدات بۆ ئەوەی باوەڕێکی شـــێواوی دیاریکراو بە تاک یان گرووپێک بگەیەنێت. پڕوپاگەندە لەلایەن حکومەت و ڕێکخراوە ئـاینییەکـان و میـدیـا جەمـاوەرییەکـان بۆ بەرزکردنەوەی ئەجێندایەک بەکار دەهێنرێت. ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار پەیوەندی بە کەنیسەی کاسۆلیکەوە هەبوو لە ماوەی سەدەی (١٧) بەڵام دواتر لەگەڵ ســـیاســـەتدا تێکەڵ بوو. ئامرازەکانی پڕوپاگەندە ل لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا زۆر بە چڕی بەکارهاتوون و هەتا ئێســـتاش چەکێکی کاریگەرە.

**پڕۆسەی چارەسەری ناکۆکی، گفتوگۆکردن** **Dispute**

ئەم دەستەواژەیە ئاماژەدانە بە چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان وڵاتان و لایەنەکان. تەکنیکەکانی چارەســـەری ناکۆکی یارمەتی چارەســـەری دوژمنایەتی نێوان وڵاتان دەدات. بەشـێک لە وڵاتان لە ڕێگەی پڕۆسـەی هاوبەشـــە و گفتوگۆوە ناگەنە هیچ ڕێککەوتنێک. هەندێک لە ناکۆکییەکان پێویســـتیـان بە هێزی زۆرەملێی دەوڵەت هەیە بۆ جێبەجێکردنی و دۆزینەوەی چارەســـەرێک. ڕەنگە لەوەش گرنگتر بێت، زۆربەی وڵاتان کـاتێک کە خۆیـان لە نـاکۆکییەکـدا تێوەگلاون داوای داکۆکی کـارێکی پیشـــەیی و بێلایەن دەکەن بۆ نێوانگیری، بەتایبەتی ئەگەر ناکۆکییەکە مافی یاسایی تێدا بێت.

**پرۆسەی سیاسی- سەربازی** **Politico-Military Process**

کردارێکی هاوبەشی ناوەندە سیاسی و سەربازییەکانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان. بە ڕێگای بەکارهێنانی هێزی سەربازی و خستنە حاڵەتی ئامادەباشی ئەو هێزانە بۆ بەکارهێنانیان لە ئەگەری پێویستدا.

**پرۆسەی ئاستانا** **The Astana Process**

گفتوگۆکانی ئاشتی ئاستانا بە دەستپێشخەری ڕووسیا و تورکیا و ئێران دەستپێکرد، پرۆسەی ئاستانا تەواوکەری پرۆسەی جنێڤە و هەردووکیان بۆ دەستەبەرکردنی چارەسەری ئاشتییانە و جێگرەوەی ململانێی سووریا داڕێژراون. (٨) شاند بەشداری دانوستانەکان دەکەن: سێ وڵاتی ئەندامی هەمیشەی ڕێککەوتننامەکەن (ڕووسیا، تورکیا، ئێران) چاودێران (ویلایەتە یەکگرتووەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان، ئوردوون) و هەروەها دوو پارت - نوێنەری حکومەتی فەرمی سووریا و قسەکەرانی گرووپە چەکدارەکانی دژ بە بەشار ئەسەدن، وڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی لەلایەن وەزیرانی دەرەوەوە نوێنەرایەتی دەکرێن.

دژوارییەکانی ئەم فۆرماتە: ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ڕازی نییە بە بەشداری ئێران لە گفتوگۆکاندا کە لەلایەن حکومەتی سووریاوە بانگهێشت کراوە هەروەها ئێران دژایەتی بەشداریکردنی ئەمریکا دەکات. یەکەم کۆبوونەوە لە (٢٣ و ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧) لە ئاستانا بەڕێوەچوو لە میانەی کۆبوونەوەکەدا ڕێککەوتن لەسەر چاودێری

ئاگربەســت لە ســووریا و هەروەها هاوکاری لە شــەڕی دژی داعش و ئەلنوسرە ئەنجامدرا.

**پشتگیری گەیاندن** **Communication Support**

ئەم دەســـــتەواژەیە بەکـاردێـت بۆ گوزارشـــتکردن لە پەرەپێـدان و جێبەجێکردنی ڕێوشـــوێنەکان بە ئامرازەکانی پەیوەندی بۆ دڵنیابوون لە چـالاکییە نێودەوڵەتییەکـان. لەوانە بڕیـار و میکـانیزمی بەڕێوەبردن بۆ دابەشـــکردنی زانیـاری لەنـاو دەوڵەتـانـدا هەروەهـا پەخشـــکردنی بۆ هاووڵاتییانی ناوخۆیی و دەرەکی.

**پلانی شین** **Blue Plan**

چوارچێوەیەکی هەرەوەزی ژینگەیی هەرێمییە، بەشـــێکی گرنگە لە ناو بەرنـامەی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکـان. یەکێـک لە ئـامـانجە ســـەرەکییەکانی ئەم چوارچێوەیە، دابینکردنی زانیارییە ســـەبارەت بە مەترســـییە ژینگەییە هـاوبەشـــەکـان و پێشـــهـاتە بەردەوامەکـانی گەشەسەندنیان، بۆ ئەوەی بڕیاری دروست بدرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەش و هەوا و بەرزکردنەوەی سیاسەتی بەردەوامی ژینگەیی.

**پلێتی دیپلۆماسی، ژمارەی ئۆتۆمبێلی دیپلۆماسی**
**Diplomatic licence Plates**

زۆربەی وڵاتەکان لە ژێر ڕۆشـــنایی پەیماننامەی ڤیەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسیـیەکان، ژمـارەی ئۆتۆمبێلی دیپلۆمـاسـی بۆ دیپلۆمـاتە بـاوەڕپێکراوە بیـانییەکـان کە لە وڵاتەکەی ئەوان خزمەت دەکەن دەردەکەن. کە بریتییە لە پلێتێکی تـایبەت کە تـایبەتمەندی جیـاوازیـان هەیە، بە جیاکردنەوەیان لەلایەن پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانەوە. هەندێک کەس ڕەخنە دەگرن لەم جۆرە تابلۆیانە و دەڵێن کە بەکارهێنەرانی ئەو ئۆتۆمبێلانە دەسـتدرێژی دەکەنە سـەر ئەو ئیمتیازاتانە و زۆر جار لە شوێنی نایاساییدا پارک دەکەن و یاسای هاتووچۆ دەشکێنن.

**پلە دیپلۆماسییەکان** **Diplomatic Ranks**

پلە و پایەی خزمەتگوزارین، تایبەتن بە کارمەندانی دیپلۆماسی وەزارەتی دەرەوە و ئەرکە دیپلۆمـاسـییەکـانی دەرەوەی وڵات. هەر دەوڵەتێک سـیسـتەمی دیپلۆماسـی خۆی هەیە کە بە یاسـای ناوخۆ دامەزراوە، یاسـادانانی زۆربەی وڵاتەکان پلە دیپلۆماسـییەکان بەم شـێوەیە دیاری دەکەن: باڵیۆز، نێردراو، ڕاوێژکار، پلەی پاشـکۆ، سـکرتێری یەکەم، سـکرتێری دووەم و سـکرتێری سـێیەم. پلەی دیپلۆماسـی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هەیە ناو و پلەبەندییان بە یاسـای ناوخۆی دەوڵەتەکان دیاری دەکرێت. لە ئەرکە دیپلۆماسـییەکانی دەوڵەتان. ڕەنگە پۆسـتە

دیپلۆماسییەکان لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوە بچێت کە پلەی دیپلۆماسی نەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی کارمەندانی دیپلۆماسی وڵاتان، بەپێی لێهاتوویی و پێگەی خزمەتگوزاری مەدەنی دەوڵەتی، ئەم پلە دیپلۆماسییانەی خوارەوەیان پێ دەسپێردرێت:

-باڵیۆزی نائاسایی.

-نوێنەری نائاسایی پۆلی یەکەم.

-نوێنەری نائاسایی پۆلی دووەم.

-ڕاوێژکاری پلە یەک.

-ڕاوێژکار پلە دوو.

-سکرتێری یەکەمی پلە یەک.

-سکرتێری یەکەمی پلە دوو.

-سکرتێری دووەم، پلە یەک.

-سکرتێری دووەم پلە دوو.

-سکرتێری سێیەم.

-بەستراو، هاوپێچ، پاشکۆ.

سپاردنی پلە دیپلۆماسییەکان بۆ کارمەندانی دیپلۆماسی بەپێی یاسای دامەزراوەکانی وڵاتان بریتییە لە: لێهاتوویی، پەروەردەی پیشەیی، ساڵانی خزمەت، ئەزموونی کار لە پسپۆڕی و زانینی دەستوور و یاسا، بڕوانامە و زانینی زمانی بیانی دەبێت.

**پووچەڵکردنەوە** **Thwart**

ئەم زاراوەیە و هاوواتاکانی پێشنیازی شکستهێنانن بە پیلانی دەوڵەتێک دەکەن یـان ڕێگەگرتن لە دەســـتکەوتنی ئـامـانجێـک لەلایەن دەوڵەتە ڕکابەرەکانەوە. "پووچەڵکردنەوە" عادەتەن گومان دروست دەکات لەوەی کە بە چی هۆکارێک ئەو کارە پووچەڵکراوەتەوە و ســـەری نەگرتووە. زۆر جار لە ســەردێڕی هەواڵەکاندا دەبینین نووسـراوە ("سـوپا هەوڵێکی کوودەتای پووچەڵ کردەوە").

**پۆستمۆدێرنیزم** **Postmodernism**

ســـەردەمی دوای مۆدێرنیزمە و هەڵگری تێڕوانینێکی زۆر گوماناوییە بۆ بیرۆکە باوەکان لە زۆر بواردا لەوانە هونەر، کولتوور، ئەدەب، ئابووری، فەلســەفە و تەلارســازی. لە بواری زانســتی ســیاســیدا پۆســتمۆدێرنیزم ئاماژە بەو باوەڕە دەکات کە مەسەلە سیاسییەکان تەنیا لە چوارچێوەی ڕێبازە تەقلیدییەکانی ســیاســەتدا بەڕێوە نابرێت و بەڵکوو بە فراوانی لە بابەتەکان دەڕوانێت. وەک لیبراڵیزم و ڕیالیزم پێناســەیەکی زۆر تەســک بۆ بەها و ماناکان ناکات.

**پۆشتە زەردەکان، هێلەک زەردەکان** **Yellow Vests**

بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی خۆڕسـکە کە لە سـاڵی (٢٠١٨) لە فەڕەنسـا ســەری هەڵدا، لە وەڵامی پلانەکانی حکومەت بۆ زیادکردنی باج لەســەر ســووتەمەنی ئۆتۆمبێل و گاز، خۆپیشــاندەران جلی زەردیان لەبەر بوو،

لە سەرەتادا لە ژێر کاریگەری ئەو سکاڵا نامانەی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دابەش کراون، بزووتنەوەی نارەزایەتییەکان و داواکارییەکەیان بچووک و کەم بوون و نارەزایەتی سیاسییان نەبوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات داواکاری خۆپیشاندەران بە پرۆگرامێکی فراوانتری چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناسێنرا، بزووتنەوەکە گەیشتە گەورەترین پێوەری خۆی لە مانگی تشرینی دووەمی (٢٠١٨) دا، زۆرترین ژمارەی هاووڵاتییانی فەرەنسا کە (٣٠٠هەزار) کەس بوو لە یەکەم خۆپیشاندانداندا بەشدارییان کرد. سەرەتا وەک خۆپیشاندانێکی ئاشتیخوازانە دەستی پێ کرد بەڵام خۆپیشاندانەکان بەخێرایی بەرەو ئاژاوە هەڵکشان.

### پاراستنی ماددە ناوەکییە نێودەوڵەتیەکان

### International Nuclear Materials Safeguard

هەنگاوەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمییە، بە مەبەستی دۆزینەوە و ڕاوەستانی ئەو هەوڵانەی کە بەکارهێنانی ماددەی ئەتۆمی ڕێدراو بە لاڕێدا دەبات، دەستبەجێ لە ڕێگای پەیماننامە و یاسای پێویست بە لاڕێ چوونی وڵاتان لە دامودەزگای ئەتۆمییەکان ڕادەگەیەنێت.

**پۆلیسی نهێنی، نوێنەری نهێنی** **Emissary**

ناردنی نوێنەرێکی دیپلۆماسییە بۆ وڵاتێکی تر بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی تایبەت. نوێنەری تایبەتی وڵاتێک یان ڕێکخراوی وڵاتێکە یان هەندێک جار نوێنەری تایبەتی کەسێکە، کە ڕادەسپێررێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکی جۆراوجۆر (بە زۆری نهێنی) لە وڵاتێکی تر، ئەرکی پۆلیسی نهێنی لەڕووی یاساوە، ئەرکێکی فەرمی نییە. چونکە بە بێ ئاگاداری وڵاتی دووەم ئەم کارە ئەنجام دەدرێت.

**پەنابەری دیپلۆماسی، داڵدەی دیپلۆماسی** **Diplomatic Asylum**

ئەم دەستەواژەیە بەکاردێت بۆ گوزارشتکردن لە وەرگرتنی پارێزگاری لە وڵاتێکی تر. لە هەندێک حاڵەتدا کەسێک لە ڕێگای باڵیۆزخانەی وڵاتێکی بیانی کە لە وڵاتەکەی ئەو بارەگای هەیە داوای داڵدە و پەناگە دەکات. کەسەکە دەیەوێت بە دوور بێت لە دەسەڵاتی وڵاتەکەی خۆی واتا پارێزراو بێت. مافی پەنابەری لە سێکتەری دیپلۆماسیدا بۆ مەبەستی بەخشینی پەنا بە دوو شێواز بەکار هێنراوە: یەکەم/ لەناو زەوی دەرەوەی باڵیۆزخانە واتە لە وڵاتەکەی خۆی. دووەم/ کاتێک دەوڵەتێک ڕێگە بە کەسێک دەدات کە لە سنووری دەسەڵاتی ئەو بژی واتە لە ناو باڵیۆزخانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی دووەم کە ئەو کەسە لێی ڕادەکات و داوای پاراستنی لێ دەکات. هەرچەندە پەیماننامەی ڤیەننای ساڵی (١٩٦١) بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی دەڵێت نابێت بارەگای

ئەرکە دیپلۆماسییەکان بۆ دالدەدان بەکار بهێنرێت چونکە لەگەڵ ئەرکەکانی ناگونجێت.

**پەیامنێری دیپلۆماسی (تەتەر) دیپلۆماسی** **Diplomatic Courier**

ئەفسەرێکە یان فەرمانبەرێکە لە بواری دیپلۆماسیدا کار دەکات، کە کاری گواستنەوە و گەیاندنی نامە و پەیامە دیپلۆماسییەکانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک یان بنکەیەکی تری دیپلۆماسی. ئەم دیپلۆماتە دەبێت هەڵگری بەڵگەیەکی فەرمی بێت کە ئاماژە بە ماددەکانی ناو جانتا دیپلۆماسییەکەی بکات. تەتەر پارێزبەندی دیپلۆماسی هەیە و بە هیچ شێوەیەک نە دەگیرێت و نە زیندانی دەکرێت.

**پۆلەکانی کۆنسوڵخانە** **Consular Classes**

پلەی ئەفسەری کۆنسوڵخانە پەیوەستە بە پۆستی چین و توێژەکانی کۆنسوڵخانەکان کە بە شێوەیەکی فەرمی دیاریکراوە، وەک لە یاساکان ڕێکخراوە. ڕێککەوتنی دەوڵەتان پۆلەکانی کۆنسوڵخانەکان دیاری دەکەن: پێکهاتەکەی چینی سەرەکی (کونسوڵی گشتی، کۆنسوڵ، جێگری کۆنسوڵ، بریکاری کۆنسوڵ). جگە لەم پۆستانە ستافی تری کۆنسوڵخانەکان بە ئازادی لەلایەن دەوڵەتی میوانەوە دەستنیشان دەکرێن.

### پێچەوانەی پێشبینی Hindsight

ڕای گشـتی زۆر جار پێشـبینی ڕوودانی ڕووداوێک دەکات یان لەوانەیە بە ڕادەیەکی زۆر بە دڵنیـای بزانن کە ئەنجـامی ئەو ڕووداوێـک پێش ڕوودانی چی دەبێت. بەڵام پێچەوانەکەی ڕوو دەدات هۆکارەکانی زۆر جـار دەگەڕێتەوە بۆ نەخشـــــە داڕێژی نهێنی یـان کـاری هەواڵگری وا دەکات ئەنجامەکەی بە پێچەوانەی ڕای گشتییەوە بێت.

### پێدان و وەرگرتن لە دیپلۆماسیدا، گونجان لە

### Reciprocity in Diplomacy

یەکێکە لە پرەنســـیپە بنچینەییەکـانی پەیوەنـدی نێوان وڵاتـان، کە لە بنەماکانی پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماســـیدا ڕەنگی داوەتەوە، و لە پەیماننامەی ڤیەننای سـاڵی (١٩٦١) بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسـییەکانی ئاماژەی پێدراوە. زۆرێک لە وڵاتان بنەمای گونجان وەک بنەمای بەخشـــینی پارێزبەندی دیپلۆماســی و ئیمتیازات بە نێردە دیپلۆماســی و کۆنسـوڵەکانی وڵاتانی دیکە دادەنێن. لە پراکتیکی پەیوەنـدی نێودەوڵەتیـدا هەموو دەوڵەتەکـان پێیان باشــە کە ماف و ئیمتیازاتی یەکسـان بدەنە دیپلۆماتەکانی یەکتری. لادان و پابەندبوون بە پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماسـی وەک کارێکی نا دۆسـتانە ســـەیر دەکرێت و لەوانەیە لە بەرامبەردا هەنگاوی تۆڵەســـەندنەوە بگیرێتە بەر لە چوارچیوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکاندا. هەندێک جار کە وڵاتێک تێبینی هەیە لەســـەر فەرمانبەرێکی نێردراوی دیپلۆماســـی و بە

کەســـێکی قبووڵنەکراو لە قەڵەمی دەدات داوای لێ دەکـات کە وڵاتی خـانەخوێ بەجێ بهێڵێـت. عــادەتەن، ئەم جۆرە هەنگـاوانە گرژی لە پەیوەنـدییە دووقۆڵییەکـانـدا دروســــت دەکەن و دەبێتە هۆی قەیرانی دیپلۆماسی.

### پێدانی دوو دەسەڵات، دوو جار متمانە پێکردن، دەبڵ دەسەڵات
### Dual Accreditation

وڵاتێک لە چوارچێوەی کاری دیپلۆماســـی دوو بەرپرســـیاریەتی جیا بە یەک دیپلۆمات دەدات. یەکێک لە شـــێوە دیارەکانی باوەڕ پێدانیی دووانە ئەوەیە کە دیپلۆماتکارێک وەک باڵیۆز لە دوو وڵات بە هەمان دەســـەڵات خزمەت بکات. بۆ نموونە، باڵیۆزی بەلجیکا لە ئوردن و عیراق، باڵیۆزی لۆکسمبۆرگ لە ئەمریکا و کەنەدا.

### پێرستی گەشەسەندنی جیۆئابووری
### Index of Geo-Economic Development

لەســــەر بنەمــای کۆمەڵێـک فـاکتەری جیۆئـابووری بەکـاردێـت بۆ هەڵســــەنگاندنی کاریگەری گەشـــــەســـــەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی وڵاتێک یان هەرێمێکی دیاریکراو.

## پیسبوونی هەوا Air Pollution

مرۆڤ هەر لەو کاتەوە کە ئاگری بەکار هێناوە دەستی بە پیسکردنی هەوا کردووە، شۆڕشی پیشەسازی بە دووکەڵە خۆڵەمێشییەکەی ئەم پیسبوونەی زیاد کرد، کاتێک پیسبوونی هەوا ڕوو دەدات ئەگەر گۆڕانکاری لە پێکهاتەی سەرەکی هەوادا ڕوو بدات ئەگەر پێکهاتەی تر تێکەڵ بوو ئەوا زیان بە زیندەواران دەگەیەنێت. ئەنجوومەنی کۆنگریسی ئەورووپا پێناسەی ئەم جۆرە پیسبوونەی بەم شێوازە کردووە: "هەوا پیس دەبێت کاتێک هەر ماددەیەکی تێدا بێت کە گۆڕانکاری گرنگ لە ڕێژەی مادده سەرەکییەکاندا بکات کە دەبێتە هۆی کاردانەوە و زەرەرمەند و شپرزەبوونی و جەنجاڵ. کێشەی پیسبوونی هەوا لە هەموو جیهاندا بووەتە کێشەیەکی سەرەکی و ئاشکرا کە ئێستا ڕووبەڕووی مرۆڤ و بوونەوەران بووەتەوە، لەبەر ئەوەی هەوا سەرچاوەی ژیانی مرۆڤە بۆیە پێویستە هەوا پاکژ و خاوێن بێت، ئاشکرایە کە پیسبوونی هەوا زۆر زیاترە لە پیسبوونی خاک و ئاو، شایانی باسە سالانە بە هۆی پیسبوونی هەواوە لە جیهاندا سێ ملیۆن کەس دەمرن، سییەکانی مرۆڤی ئاسایی لە ڕۆژێکدا (٢٢٠٠٠) جار هەناسە وەردەگریت، بەمەش لایەنی کەم پێویستی بە (١٥٠٠٠) لیتر هەوا هەیە کە بە کێش دەگاتە (١٦) کگم ئەم وزەیە زۆر زیاترە لە سەرجەمی نان خواردن و ئاو خواردنەوەی مرۆڤی ئاسایی، ئەمە لە کاتێکدا لەشی مرۆڤ تەنیا پێویستی بە بڕی (٢،٥) کگم لە ئاو و (١،٥) کگم خواردن هەیە لە ڕۆژێکدا.

**پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی باوەڕپێکردن**

**Presented Credentials**

ئەو وادەیەی کە باڵیۆز نامەی متمانەی خۆی پێشـــکەش بە ســـەرۆکی دەوڵەتی خانەخوێ دەکات. لەدوای ئەو وادەیە باڵیۆزەکە بەفەرمی وەکوو نوێنەری وڵاتەکەی دەناسرێت.

**پێشێلکردن، سەرپێچیکردن** **Violate**

بەشـــێک لە لایەنەکان یان وڵاتان پێشـــێلی ئەو ئاگربەســـتانە دەکەن کە خۆیان ئەنجامیان داوە لەگەڵ لایەنی دووەم، ئەم جۆرە کارە لە زانســتی ســـیاســـەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێیی دەگوترێت خۆکوشـــتن، چونکە ئەو لایەنانە پێچەوانەی یاســـا نێودەوڵەتییەکان هەنگاویان ناوە و دەبێت چاوەڕێی سزای قورس بێت کە بەسەریدا بسەپێنرێت.

**پێکدادانی شارستانییەتەکان** **The Clash Of Civilization**

(سـامۆیل هانتینگتۆن) مامۆسـتای زانکۆی هارڤارد کۆتای شـەڕی سارد بە دەســـتپێکی قۆناغێکی نوێی پێکدادانی شـــارســـتانییەتەکان دەزانێت. شـــارســـتانییەتەکان دابەش دەکات بەســـەر شـــارســـتانییەتی ڕۆژئاوا، کۆنفۆشیۆسی، ژاپۆنی، سلاڤی، هیندۆ، ئەرسەدۆکس، ئەمریکای لاتین و لە پەراوێزیشـدا شـارسـتانییەتی ئەفریقا. بە بۆچوونی سـامۆیل دژایەتی نێوان ئەو شـــارســـتانییەتانە دەبێتە ســـەرچاوەی شـــەڕ لە داهاتوودا و

جێگـای یەکەی سـیـاسـی دەوڵەت- نەتەوە دەگرێتەوە. پێکـدادانی شارستانییەتەکان، سیاسەتی زاڵی جیهانی و دوایین قۆناغی گەشە پێش هەڵپڕژانەکانی چاخی نوێ پێکدەهێنێت وەک:

-کێشەی شارستانیەتەکان قووڵە.

-هۆشیاری شارستانییەت تا دێت زیاتر دەبێت.

-ئاین وەک ئامرازێک بۆ پڕکردنەوەی بۆشـای شـوناس تا دێت زیاتر گەشە دەکات.

-سـیـاسـەتی ڕۆژئـاوا بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی هۆشـیـاری شارستانییەت لەلای ئەوانی تر.

-تایبەتمەندییەکان و ناکۆکییە کولتوورییەکان نەگۆڕن.

-ناوچەگەری ئابووری و ڕۆڵی هاوپەیوەندی ئابووری ڕووی لە گەشەیە.

-ئێستا هێڵی ترازانی نێوان شارستانییەتەکان جێگای سنوورە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی شـەڕی سـاردی گرتووەتەوە ئەم هێڵانە بروسـکەیەکە بۆ قەیران و شەڕی خوێناوی.

**پیلانگێڕی، گەلەکۆمە** **conspiracy**

ئەم زاراوەیە گوزارشـتـە لە ڕێککەوتنێکی نهێنی نێوان وڵاتـان، بۆ مەبەسـتێکی نایاسـایی یان زیانبەخش بە دوژمن و نەیارەکانیان. بەتایبەتی لە بواری سیاسـەتدا ئەم کارە ڕوودەدات. پیلانگێڕی ئاماژە بە کۆمەڵێک خەڵک دەکات کە یەکگرتوون لە ئامانجێکدا لە گۆڕینی یان بەزاندنی دەسـەڵاتێکی سـیاسـی دامەزراودا. بەپێی هەلومەرجێک، ڕەنگە پیلانگێڕییەکە تـاوان بێت، یـان هەڵەیەکی مەدەنی بێت. ئەو چەمکە بە

گشتی بە مانای هەڵەکردن یان نا شەرعیەتی دێت، چونکە خەڵک پێویست ناکات پیلان بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییانە بکەن کە یاساین، یان هەندێک چالاکی هاوئاهەنگی هەیە کە بە نهێنییەوە تێ دەکۆشـــن کە بە گشـــتی وەک پیلانگێڕی بیریان لێ ناکرێتەوە. بۆ نموونە، دەزگا هەواڵگرییەکان مەرجە بە نهێنی پلان دروست بکەن بۆ سیخوڕیکردن لە دوژمنی گومان لێ کراو لە وڵاتە پەیوەندیدارەکانیان.

**پێوانەی دروستکردنی متمانە Confidence-Building Measure**

ئەو کارانەن کە بۆ کەمکردنەوەی ترس لە هێرشکردن لەلایەن دوو وڵات یان دوو لایەنەوە لە دۆخێکی ناکۆکیدا ئەنجام دەدرێن. زاراوەکە زۆربەی کات لە چوارچێوەی ململانێی چەکداریدا بەکاردێت، بەڵام لە لۆژیکدا هـاوشـــێوەی ئەو پەیوەنـدییە کە بەکـاردێـت بۆ کەمکردنەوەی بـارە ناکۆکەکان لە نێوان تاکەکانی مرۆڤدا. پێوانەی دروســـتکردنی متمانە لەنێوان دەوڵەتە ســـیادییەکان بۆ چەندین دەیە بریتی بوو لە زیادبوونی چالاکییە دیپلۆماســـییەکان کە لەلایەن نێردە دیپلۆماســـییەکانەوە، کە دامەزراوەی دەوڵەتن و لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەونە نـاو خـاکی وڵاتێکی ترەوە.

**پەرلەمانی ڕۆشنبیری ئەورووپا European Cultural Parliament**

نـاوەنـدێکی ئەورووپییە کە ئـامـانجیـان بەرزکردنەوەی ڕۆڵی هونەر و زمـان و کولتوورە لە گفتوگۆکـانی داهـاتووی ئەورووپـادا، کۆڕێکە بۆ نووسەران، هونەرمەندان، دیزاینەرەکان، فەیلەسووفەکان، میوزیک زانان،

تەلارســــــازان و... هتد. کە لە بواری ڕۆشــــنبیری و هونەردا چالاکن بۆ بەشــداریکردن لە گفتوگۆیەکی چڕ دەربارەی بابەتەکانی ژیانی مرۆڤ و پێکەوەبەســتنی بنەما کۆمەڵایەتییەکان بەیەکەوە. ئەم پەڕلەمانە لە ســاڵی (٢٠٠١) لە ســتراســبۆرگ دامەزرا و لەو کاتەوە بۆ تاوتوێکردنی بابەتی سەرەکی پەیوەست بە بەهێزکردنی ڕۆڵی دەستپێشخەرییە کولتووری و هونەرییەکان چەندین دانیشـــتنی ســـاڵانەیان لە شـــارە جیاوازەکانی ئەورووپا کردووە.

**پەرلەمانی ئەورووپا** **European Parliament**

پەڕلەمانی هەڵبژێردراوی ڕاســـتەوخۆی یەکێتی ئەورووپایە. پێویســـتە هەموو ئەو پێشــنیازانەی کە لەلایەن کۆمیســیۆنی ئەورووپاوە کراوە لە پەرلەمان پەســـەند بکرێن. پەرلەمانی ئەورووپا پێکهاتووە لە نوێنەرانی وڵاتـانی یەکێتی ئەورووپـا، کە ڕاســـتەوخۆ لەلایەن هـاووڵاتییـانی هەر وڵاتێکەوە هەموو پێنج ســـاڵ جـارێـک هەڵـدەبژێردرێن. گەورەترین هەڵبژاردەی دیموکراتیی نەتەوەییە لە جیهـانـدا، پەڕلەمـانی ئەورووپـا سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەورووپا هەڵدەبژێرێت.

**پەسەندکردن، بەدڵبوون، مۆرکردن** **Ratification**

پەیمـانە نێودەوڵەتییەکـان زۆربەی کـات پێش ئەوەی پەســـەنـد بکرێن، لەلایەن دیپلۆماتکارەکانەوە گفتوگۆیان لەســەر دەکرێت. پەســەندکردن لە دوای گفتوگۆ لەلایەن سیاسەتمەدارانی دەوڵەتەوە لەسەر پەیماننامەیەک ئەنجام دەدرێت. کاتێک وڵاتێک خۆی پابەندی ئەو پەیماننامانە دەکات

واتا بە سەرجەم خاڵەکانی ناو ئەو ڕێککەوتننامەیەوە پابەندە. زۆربەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان سەرەتا لە نێوان چەند وڵاتێکدا ئەنجام دەدرێن و بە کراوەی لەبەردەم وڵاتانی تردا دەهێڵرێنەوە، بۆ ئەوەی پەسەندی بکەن و لە وڵاتەکانیاندا بەند و خاڵەکانی جێبەجێبکەن. وەکوو ڕێککەوتننامەی ڤیەننا و جاڕنامەی مافی مرۆڤ. پەسەندکردن لەلایەن بەرزترین دەسەڵاتەوە ئەنجام دەدرێت وەک سەرۆکی وڵات یان سەرۆکی حکومەت و وەزیری دەرەوە یان وەزیری ڕێگا پێ دراو یان باڵیۆز.

**دەستپێکەر،دەتەقێنێت** Trigger

ئەم دەستەواژەیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە هۆکارێکی دیاریکراوە بۆ ڕووداوێک دەگوترێت. پێ دەچێت هۆکارەکە ئەرێنی یان نەرێنی بن. لە پەیوەندیی نێودەوڵەتی هاوچەرخدا، (هۆکارەکانی) چەند بابەتێکی دیاریکراون:

- لێدوانەکان یان کردەوەکانی سەرکردە سیاسییەکان وەک نوێنەرانی فەرمیی بەشەکانی سیاسەتی دەرەوە، نوێنەرانی سەرکردایەتی سیاسی، لێدوانەکانی سەرۆکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.
- لێدوانەکان لەلایەن میدیای دەوڵەتەوە.
- کرداری دەوڵەتەکان بە ئامانجی گۆڕانکاری لە سیستەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.
- کرداری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی نێوان حکومەت و ناحکومی.

- لێدوان و کرداری گرووپە تیرۆریستی و توندڕەوەکان و تاوانبارانی تر.

**پەیمان** **Pact**

جۆرێکە لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی نووسراو لەنێوان دوو دەوڵەتی سـیادیدا ئەنجام دەدرێت. پێناسـەکردنی بنەما بنەڕەتییەکانی هـاوکـاریی نێوان دوو دەوڵەت یـان زیـاترە. بۆ نموونە، پەیمـانی سـەقامگیری و گەشـە (١٩٩٧) ڕێککەوتنێکە لەنێوان دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا لە بواری باج و سـیاسـەتی بودجە ئەنجام درا. ئەم جۆرە پەیمانە لە ڕەگ و بناغەکەیدا "ئاشـتی" هەیە، چونکە پەیمانێکە زۆر جار کۆتایی بە پەیوەندییە نا دۆسـتانەکان دەهێنێت. ئەو زاراوەیە بە گشـتی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکـانـدا بەکـاردێت، کـاتێک دیپلۆماتەکان باس لە پەیمانی چەک، پەیمانێکی بازرگانی، یان پەیمانی مافی مرۆڤ دەکەن.

**پەیمان شکێنی، پێشێلکردنی ڕێککەوتن و یاسا** **Breach**

نێردەی دیپلۆمـاسـی چی وەکوو دیپلۆمـاتکـار چی وەکوو بـاڵەخـانە و شوێنی نیشتەجێبوونیان، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتننامەی ڤیەننا پارێزبەندییان دەسـتەبەرکراوە، ئەگەر هەر پێشـێلکارییەک یان هێرشـێک ڕوو بدات بۆ سـەریان، دەچێتە چوارچێوەی شـکاندنی یاسـا و

پەیمانەکان. لە چەند حاڵەتێک هەبووە کە دیپلۆماتکارەکان کوژراون، کە ئەم کارە وەک پێشێلکارییەکی گەورەی شەرەف سەیر دەکرێت.

**پابەندبوون بە بەجێگەیاندنی شایەتیدان Liability to give evidenc**

دەشـــێت داوا لە ئەنـدامـانی نێردراوی دیپلۆمـاســـی و کـارمەنـدانی کۆنســـوڵخانە بکرێت بە شـــایەتیدان لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێککاری دادوەری و کارگێڕی، ناکرێت شـــایەتیدان ڕەتبکەنەوە. بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێکدا ڕەتیان کردەوە نابێت هیچ ڕێگایەکی بەخورتی یان سـزایان لە دژ بەکار بهێنرێت.

**پابەندبوونەکانی وڵاتی سێیەم Obligations of Third States**

لە کـاتی تێپەڕبوونی دیپلۆمـاتێک ئەنـدامێکی کونســـوڵخـانە بە وڵاتی ســـێیەمدا کە ڤیزای ڕێپێدانی پێیە، پێویســـتە ئەو وڵاتە دەســـتەبەری تێپەڕبوون و گەڕانەوەی بکات هەروەها بە هەمان شـــێوە مامەڵە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا دەکەن.

- وڵاتی ســـێیەم نابێت تەگەرە بخاتە بەردەم دیپلۆماتەکان و ئەندامانی کۆنسوڵخانە لە کاتی تێپەڕبوون بە وڵاتەکەیدا.
- وڵاتی سـێیەم ئازادی دەبەخشـێت بە نامە گۆڕینەوە و گشـت جۆرەکانی پەیوەندیکردن کە بە خاکەکەیدا تێ دەپەڕێت. و جانتا دیپلۆماســـییەکان پارێزراو دەبن.

**پابەند بوون** **Adhere**

ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ پابەند بوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و ئەو بڕیارانەی کە لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان دەردەچێت. هەندێک وڵات هەیە پابەندی ئەو بڕیارنامە و ڕێککەوتنانە نابن. بۆ نموونە، کۆریای باکوور سەبارەت بە چەکی ئەتۆمی .

**پارادیپلۆماتیا** **Paradiplomatia**

ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ شیکردنەوەی بەشداریکردنی دەوڵەتە فیدراڵەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ڕۆڵی بنەما فیدراڵییەکان لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەدا دەخاتە ڕوو. پارادیپلۆماتیا تەواوکەری دیپلۆماسییەتی نەریتییە و بە واتایەکی دیاریکراو لەگەڵ ڕەوتی جیهانگیریدا نارێک دەبێت، چونکە لە ئاستی ناوچەکانی وڵاتە فیدراڵییەکان یان کۆنفیدراڵییەکان پەیوەندی ئاسۆیی پەرە پێدەدات. چەمکەکە گوزارشت لە بواری جۆراوجۆر دەکات وەک چالاکی ئابووری، هاوکاری مرۆیی، پەیوەندی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بوارە پیشەگەرەکان و سەندیکای بازرگانی و... هتد.

**پەیمان، دەستوور** **Charter**

بەخشینی دەسەڵات یان مافە بە لایەنێک یان وڵاتێک، ئەم زاراوەیە لە زمانی فەرەنسییەوە بازیدا بۆ ناو زمانی ئینگلیزی، هاو واتای بەڵگەنامەیەکە کە ماف یان ئیمتیازێک بداتە لایەنێک.

**پەیماننامە، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی** **Convention**

بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە بۆ ئاماژە دانە بە شێوازێک لە شێوازەکانی پەیماننامەی دیپلۆماسی، کە لە پراکتیزەی پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا پەسەندە. ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکە بە نهێنی دەهێڵرێتەوە هەتا ئەو کاتەی لە لایەن ئەنجامدەرانییەوە ڕوون دەکرێتەوە و ڕا دەگەیەنرێت. ڕێککەوتنەکان دوو لایەنە و هەمە لایەنەن، کە لە نێوان چەند لایەن و وڵاتێک بۆ مەبەستی دیاریکردنی خاڵی هاوبەش ئەنجام دەدرێت، بە تایبەتی کۆبوونەوەی نوێنەری دیپلۆماسی وڵاتان بەمەبەستی داڕشتنی ڕێککەوتنێکی نووسراو لەسەر کێشە دیاریکراوەکان دواتر دەبێتە هۆی پەیماننامەیەک لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر.

**پەیماننامەکانی کۆنسوڵی** **Consular Conventions**

پەیماننامەی نێودەوڵەتی دوو لایەن و فرەلایەنەن کە لە لایەن دەوڵەتەکانەوە ئەنجام دەدرێت، کە تێیدا ئاماژە بە یاسای گشتی، تایبەت، پەیماننامە و عورفی یاسای کۆنسوڵی دەدرێت. کە حوکمی دامەزراندنی ئەرکی کۆنسوڵی، دیاریکردنی ستافی کۆنسوڵی، شێوازی کارکردن و

ماف و ئیمتیازاتی تێدایە. خواستی دەوڵەتەکان بۆ دامەزراندنی یاسای کۆنسوڵی نێودەوڵەتی بووە هۆی ئەنجامدانی کۆنگرەی هاڤانا لەسەر بەرپرسانی کۆنسوڵخانەکان لە ساڵی (١٩٢٨) کۆنگرەی ڤیەننا بۆ پەیوەندیی کۆنسوڵخانەکان (١٩٦٣) بەسترا و لە (١٩ی ئازاری ١٩٦٧) دا، یاسای کونسوڵی گشتی و دامەزراندنی سروشتی کرداریی بەرگری و ئیمتیازاتە کۆنسوڵییەکان، هاتە ناو مەیدانی کارکردنەوە.

**پرۆتۆکۆلی گۆڕینی کەش و هەوای کیۆتۆ**

**Kyoto Climate Change Protocol**

ئەم پرۆتۆکۆلە لە ساڵی (١٩٩٧) لە نێوان سەرۆکی وڵاتانی جیهان لە کیۆتۆی ژاپۆن مۆر کرا، بەمەبەستی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئەو گازانەی کە دەبنە هۆی گەرمبوونی گۆی زەوی، ئەو گازانەی لە ئەنجامی سووتانی نەوت، گاز و خەڵووزی بەردین دروست دەبێت. واتە دەبێت وڵاتان هەوڵبدەن بەکارهێنانی ئەم سووتەمەنییانە کەم بکەنەوە و ڕوو بکەنە وزەی هەتاوی، بۆ پیادەکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبووایە وڵاتانی بڵاوکەرەوەی ئەو گازانە واژۆی لەسەر بکەن. مانگی (٢٠٠٢/٦) لەلایەن پازدە وڵاتی یەکێتی ئەوروپاوە پرۆتۆکۆلەکە پەسەند کرا. هەر لەو ساڵەدا پتر لە (٧٠) وڵاتی جیهانی واژۆی پەسەندبوونیان کرد. ئەمریکا پەیڕەوی ئەم پرۆتۆکۆلە ناکات لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی (١٩٩٠) لە (٣٦٪) ی ڕێژەی ئەم گازە زیانبەخشانە لە ئەمریکا بوو.

### پەیماننامەی بەغدا Baghdad Pact

لە (١٩٥٥/٢/٢٤) لە نـێـوان هەر دوو وڵاتـی تـورکـیـا و عـیـراق ڕێککەوتننامەیەکی دوو قۆڵی بە ناوی پەیمانی هاوکاری دوو لایەنە لە بەغدا مۆر کرا کە بە پەیماننامەی بەغدا ناوی دەرکرد.

ئامانجی ئەم پەیماننامەیە بریتی بوو لە دەستەبەرکردنی بەرگری و ئاسایشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کە لایەنەکان لە پێناوی داکۆکیکردن لە ئاسایش و هێمنی و بەختەوەری و نەتەوەکانی خۆیان هاریکاری یەکتربکەن. بەپێی ماددەیەکی پەیماننامەکە وڵاتانی ناوچەکە ئـازاد بوون لەوەی ببن بە ئەنـدام و هەر بۆیە وڵاتی بەریتـانیـا لە (٣٠ مارس پاکستان لە ٢٣ سێپتەمبەر و ئێران لە ١١ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٥) هـاتنە نـاو ڕێککەوتننـامەکەوە. پێکهێنـانی پەیمـاننـامەی بەغدا بەر ئەنجـامی هەوڵ و تەقەلای ئەمریکـا بوو کە دەیویست ڕێکخراوێکی بەرگری بەهێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێک بهێنێت تاکوو لە دزەکردن و هاتنە ناوەوەی سۆڤییەت بۆ ناوچەکە ڕێگری بکات. دواتر ئەمریکا خۆی نەبووە ئەندامی ئەو ڕێککەوتننامەیە.

### پەیماننامەی پاریس بۆ ئەورووپایەکی نوێ

### Charter of Paris for a New Europ

یەکێک لە گرنگترین بەڵگەنامەکانی کۆنفڕانسی ئاسایش و هاریکاری لە ئەورووپا، پەیماننامەی پاریسە کە لە لایەن (٣٢) دەوڵەتی ئەورووپا،

ویلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا و کەنەداوە پەســـەنـد کرا. لە کۆبوونەوەکەدا ڕێککەوتن لەسەر کەمکردنەوەی هێزە چەکدارەکانی ناتۆ کراوە. یەکەم کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی بوو لە دوای کۆبوونەوەی هێلســـنکی بەرنامەی هاوکاری نێودەوڵەتی خرایە ڕوو، پابەندبوونی وڵاتانی بەشداربوو بە دیموکراسی، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دەســـتەبەرکردنی خۆشـــگوزەرانی هـاوبەش، لە کـاتی گەرەنتیکردنی ئازادی ئابووری و دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا خرایە بەر باس.

**Negotiation Process** **پرۆسەی گفتوگۆ**

یەکێکە لە ڕێگا چالاکەکان بۆ چارەســـەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتەکان. پرۆسەی گفتوگۆ لەنێوان وڵاتەکانی پەیوەندیدار بە کێشەیەکی مشـــتومڕ پێکراو لەگەڵ تێڕوانینێک بۆ گەیشـــتن بە چارەســـەرێکی دوو لایەنەی قبووڵکرا ئەنجامدەدرێت.

**پەیماننامەی ماستریخت** **Maastricht Treaty**

ئیمزاکردنی پەیماننامەی ماســــتریخت ("پەیماننامەی یەکێتی ئەورووپا") قۆناغێکی گرنگە لە پێکهێنانی یەکگرتنی وڵاتانی ئەورووپادا. پەیماننامەکە لە ٧ی شـوباتی ١٩٩٢ لە ماسـتریخت (هۆڵەندا) لە لایەن دوازدە دەوڵەتی ئەندامەوە (بەلجیکا، هۆڵەندا، لوکســەمبۆرگ، ئەڵمانیا، فەرەنســا، ئیتاڵیا، بەریتانیا، یۆنان، دانیمارک، ئێرلەندا، ئیسـپانیا، پرتوگال) پەسـەند کرا. بە فەرمی، بەڵگەنـامەی نوێی دامەزرانـدنی یەکێتی ئەورووپـایە، لە (١) ی تشـــرینی دووەمی (١٩٩٣) کاری پێکرا و یەکێتی ئەورووپی دامەزراند. پەیماننامەکە ئامانجی دروستکردنی سیاسەتی هاوبەشی دەرەکی، ئەمنی، داد و کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ئەورووپا بوو. لە لایەکی ترەوە هەوڵی دروســتکردنی یەکێتی ئـابووری و دراوی ئەورووپـا بوو هەروەهـا دەســەڵاتی زیاتر بە پەرلەمانی ئەورووپا درا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا پەیماننامەکە ناکۆکییە سـەرەکییەکەی پرۆسـەی یەکگرتنی ئەورووپای لە نێوان پرەنسیپەکانی وڵات و پرەنسیپی هاوبەشی وڵاتەکانی ئەورووپادا چـارەســەر نەکـرد. جـیـاوازی لە بەرژەوەنـدیـیە ئـابـووری و جیۆپۆلەتیکییەکـانی وڵاتـانی ئەنـدام ڕەنگـی دایەوە هەروەهـا ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان لایەنگران و نەیارانی پاراســتنی ســەروەری نەتەوەییدا لەگەڵ لایەنگرانی یەکگرتنی وڵاتان لە چوارچێوەی ئەورووپادا ڕوویدا.

**پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان**

**Covenant on Economic, Social and Cultura RightInternational**

ئەم پەیماندنامە داخوازییەکانی هەموو مرۆڤێکی لەمەڕ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی لە بەرچاو گرتووە، و دەوڵەتەکانی بە مسۆگەرکردنی ئەم مافانە پابەند کردووە. ئەم پەیماننامە (٣١) مادده لە خۆ دەگرێت. بۆنموونە، دەکرێت ئاماژە بدەین بە مافی خۆبەڕێوەبردن، کار و پشوودان، مافی مانگرتن و دامەزراندنی ڕێکخراو، ڕزگاربوون لە هەژاری و برسییەتی و نەخۆشی، پەروەردە و باشترکردنی باری ژیان و گوزەران.

**پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان** **International Treaties**

لە یاسای نێودەوڵەتیدا گوزارشتە لە ڕێککەوتنەکانی نێوان دوو وڵات یان زیاتر هەروەها بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانیانە، لەڕێگەی دروستکردنی ماف و پابەندبوونی هاوبەش لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و زانستی و تەکنیکی و... هتد.

**پەیوەندی نێوان کولتووری یان دوو کولتووری**

**Intercultural or Cross-Cultural- Communication**

جۆرێک لە پەیوەندی جیهانی لەسەر بنەمای کارلێککردنەکانی نێوان خەڵک، لە ڕوانگەی باکگراوندی کولتووری، ئایینی، کۆمەڵایەتی و ئیتنیکی جیاوازەوە. لە ڕێگەی ئەم جۆرە پەیوەندییانەوە تاکەکان دەتوانن تێگەیشتنێکی هاوبەش لە کولتوور و تێڕوانینەکانی یەکتر پەرە پێ بدەن. ئەم چەمکە بۆ بواری بازرگانی جیهانی گرنگە، چونکە ڕێکخراوەکان دەبێت دووبارە بیر لە ستراتیژەکانیان بکەنەوە بۆ بەڕێوەبردنی هەمەچەشنی کولتووری لە شوێنی کاردا.

**پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کاروباری نێودەوڵەتی**

**International Relations**

واتا بوونی میکانیزمی پەیوەندی نێوان وڵاتە جۆربەجۆرەکان، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەو سیستەمانە ڕێک دەخرێن، کە بە قۆناغەکانی پێکهاتن و بە قەیران و داڕماندا تێدەپەڕێن. بە مانایەکی تر پەیوەندی نێوان قەوارە ڕامیارییەکان و وڵاتی خاوەن سەروەری، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومییەکان و ناحکومییەکان، و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانە. پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستێکی ڕامیاری بەرزە کە هەڵوێستی چاکە کاری وڵاتان دیاری دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان و ئاشتی جیهانی و چالاکی ڕامیاری.

دەوڵەتان بۆ هاوکاریکردن و سوود وەرگرتن لە یەکتری، پێویستییان بەوەیە کە هاوبەشی بکەن لە بوارەکانی تەکنۆلۆژیا، ئەندازە، ئابووری، مێژوو، یاسای نێودەوڵەتی، دیمۆگرافی، جوگرافی، فەلسەفە، کاری کۆمەڵایەتی، کۆمەڵزانی، دەروونزانی، تاوانناسی، زانستەکانی کۆمەڵکوژی و لێکۆڵینەوە ڕۆشنبیرییەکان و دیپلۆماسییەکان، جیهانگەرایی (عەولەمە)، سەروەری وڵاتان و ئاسایشی نێو دەوڵەتی، پەیوەندیی دیپلۆماسی، پاراستنی ژینگە، بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، ڕژێمی ئابووری جیهانی، بانکە نێودەوڵەتییەکان، بابەتی تیرۆر، مافەکانی مرۆڤ، دەستتخستنە ناو کاروباری وڵاتان، ناکۆکییە ئاینییەکان و ڕەگەزپەرستی. بۆیە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هاتە کایەوە.

## پەیوەندییەکان و کارتەکانی پەیوەندیکردن

## Calls and Calling Cards

پەیوەندیکردن یان دەستپێشخەری بۆ پەیوەندیکردن تا ڕادەیەکی زۆر لە ژیانی تایبەتی ونبووە، بەڵام ئەو کردارە لە کۆمەڵگەی دیپلۆماسیدا بە سوودە بۆ بنیاتنان و دروستکردنی پەیوەندی فراوان. بۆ نموونە، لەگەڵ گەیشتنی دیپلۆماتکارێک بۆ پۆستێکی نوێ، ڕاستەوخۆ دەست دەکات بە بەرنامەیەک بۆ پەیوەندیکردن بەو کەسانەی کە لە ئایندەدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، و نابێت هیچ کات لە دەست بدات بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بە کارەکانی پێش خۆی بدات و پەیوەندییەکانیان فراوانتر و پتەوتر بکات.

### پەیوەندییەکانی ناوەند-دەوروبەر Center-Periphery Relations

کۆمەڵناسی نەرویجی (جۆهان گالتۆنگ) پێشەنگی ئەم تیۆرییەیە. مۆدێلی پەیوەندییەکانی ناوەند-دەوروبەر گوزارشت لە پەیوەندی نێوان وڵاتێکی زلهێزی پێشکەوتووی سەرمایەداری داگیرکەری دەکات لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری کە کەمتر پەرەیان پێدراوە. بەپێی ئەم بیردۆزە، زانیارییەکان بەردەوام دەگوازرێنەوە بۆ ناوەند بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی کە داگیرکەران هەمیشە لە هەمان ئاستی ئابووریدان.

### پەیوەندیەکانی دەسەڵات Power Relations

ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار لەلایەن (کارل مارکسەوە) پێشنیازکرا، کە بەدوای ڕووخاندنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی و دروستکردنی ڕیزبەندییەکی نوێی جیهانیدا بوو. زاراوەکە ئاماژە بە وردەکاری ئەکتەرە گونجاوەکان دەکات، کە سروشت و ناوەڕۆکی کارلێک کردنەکانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ڕێکخستنە هەرەمیەکان لە کۆمەڵگەیەکدا دیاری دەکەن. بەم شێوەیە دەکرێت پەیوەندییەکانی دەسەڵات وەک یەکێک لە ئامانجە پەیوەندیدارەکانی گۆڕان لە هەر پرۆسەیەکی سیاسی یان پێکهاتەیی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیدا ببینرێت.

# ت

## تایبەتمەندییەکانی یاسای دیپلۆماسی

## The Characteristics of Diplomatic law

یاسای دیپلۆماسی کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، کە پێویستە لە هەموو حاڵەتەکاندا پەیڕەوی بکرێن، کە ئەمانەن:

-یاسای دیپلۆماسی یاسایەکی پابەند کارە، کە زۆر بە ڕاشکاوانە دەوڵەت و تاک ناچار دەکات پابەند بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە، هەروەها بە گرنگترین لقی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت.

-یاسای دیپلۆماسی زانستە، هەروەها یاسا و بنەمای تایبەت بە خۆی هەیە، یاساکانی شیاوی درێژکردنەوەن.

-یاسای دیپلۆماسی زانستێکی پراکتیکییە، لە ڕوانگەی جێبەجێکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە هاتووە.

-یاساکانی دیپلۆماسی لە ڕێگای دەزگا تایبەتەکانەوە بەسەر کەناڵە دیپلۆماسییەکاندا جێ بەجێ دەکرێت.

-یاسای دیپلۆماسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕێک دەخات، هەروەها پەیوەندی نێوان کەسەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان ڕێک دەخات. وەک، دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

یاسایەکی گشتگیرە پەیوەستە بە زۆر بوارەوە. وەک سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سەربازی و کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکان.

-یاسای دیپلۆماسی کارێکی ئاڵوگۆرییە، واتا مامەڵەی هاوشێوەیە بەرامبەر چۆن مامەڵەی کرد تۆش بە هەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت.

**تواناسازی، بنیاتنانی توانا** **Capacity Building**

بەهێزکردنی کـارامەیی و لێهـاتوویی تواناکـانی وڵاتێکە. کە بریتییە لە پێشـــخســـتنی توانای دامەزراوەیی و ســـەرچاوەی مرۆیی، زانســـتی، ڕێکخراوەیی و تەکنۆلۆژیـای. ئـامـانجی توانـاســـازی بریتییە لە چارەســـەرکردنی کێشـــەکانی پەیوەســـت بە ســیاســـەت و شـێوازەکانی گەشەسەندن، لە ئاستی تاک و دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتیدا. تواناسازی پێویســـتی بە هەســـتیاری هەیە بۆ ســـنووردارکردنی شـــاراوەکان و پێویســـتییەکانی وڵاتێک و خەڵکەکەی هەروەها دەتوانێت گەشـــەی ستراتیژی کارامەیی کولتووری بگرێتەوە.

**توانای سەربازی** **Military Power**

هێزی سەربازی دەوڵەت لە کۆمەڵێک هێز پێک دێت، کە تەرخانکراون بۆ پاراســتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، گەیشــتن بە ئامانجە ناوخۆیی و دەرەکییەکـان. بوونی هێزێکی ســـەربـازی بنـاغەی دەوڵەتێکی بەهێزە، نوخبەی سیاسیی وڵات بەپێی پێویستییەکان بۆ هێنانە دی بەرژەوەندییە نیشـــتمانییەکان چ لەناو وڵات و هەم لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بەکاری دەهێنێت.

خاوەنداریکردنی هێزی سەربازی گرنگە، ئەگەر نوخبەی سیاسی بەدوای ئـامـانجی یەکلاکەرەوەدا نەگەڕێن و بۆ هێزە چەکدارەکـانیـانی دانەنێن، هێزی سەربازی دەبێتە هێزێک کە هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی نەبێت.

## تووربۆکاپیتالیزم Turbocapitalism

ئەو گۆڕانکارییانەن لە ڕوانگەی جووڵەی سەرمایەوە لە ئابووری جیهانیدا ڕوو دەدات. ئەم چەمکە لە کۆتاییەکانی هەشتاکاندا لە لایەن (ئێدوارد نیکۆلای لوتواک) زانای سیاسیی ئەمریکی، ئابووریناس، مێژووناس، پسپۆڕی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ستراتیژی سەربازییەوە ناسێنرا.

توربۆکاپیتالیزم وەک جۆرێکی نوێی ئابووری لێکدەدرێتەوە، کە تێیدا بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی جیهانگیرییەوە هەموو پرۆسەکان خێراتر ڕوودەدەن. سەرمایە لە سنووری دەوڵەتەکان ئازاد دەکرێت توربۆکاپیتالیزمیش دەبێتە هۆی جەمسەرگیری داهاتەکان.

لە لایەکەوە توربۆکاپیتالیزم پرۆسە ئابوورییەکان خێراتر دەکات و بەشداری لە گەشەکردنی ئابووری لە کۆمەڵگە دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی جەمسەر گیری لە داهات. لە ئێستادا لە جیهاندا بەشێک لە دەوڵەتەکان بە دەست کێشەی هەژارییەوە دەناڵێنن، هاوکات هەوڵەکانیش لە ئارادان بۆ بە لاڕێدا بردنی کەرتی ڕاستەقینەی ئابووری، بۆیە ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بارودۆخی چینی مامناوەند ڕوو لە مەترسیی بکات و بەرەو خراپتر بچێت. هەروەها زیانێکی زۆری بۆ ئەو هاووڵاتییانە دەبێت کە ئاستی داهاتیان نزمە سەرەڕای ئەوە لە وڵاتانی گەشەسەندودا دەژین. کەواتە تۆربۆکاپیتاڵیزم ڕێگە بە دەوڵەمەندەکان دەدەن کە هەموو ئابووری و سامانی نەتەوەیی ژێردەستە بکەن.

## تاکڕەوی و فرەلایەنی Unilateralism and Multilateralism

ئەو چەمکانەی کە مانای پێچەوانەیان هەیە، زۆرجار لە دژایەتی هاوبەشدا بەکار دەهێنرێت. تاکڕەوی چەمکێکی نوێیە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەدا، کە وەک دژێک بۆ چەمکی فرەلایەنی بەکار دەهێنرێت. کە بە واتای فەرامۆشکردنی هەموو وڵاتانی تر یان بەشێکیان دێت لەلایەن وڵاتێکەوە. تاکڕەوی وەک پرەنسیپێکی سیاسەتی دەرەوە هاوکاری و ڕاوێژکردن یان هاوئاهەنگی لەگەڵ دەوڵەتانی تر ڕەتدەکاتەوە. دەوڵەتێکی تاکڕەو لەسەر بنەمای بیروبۆچوونەکانی دەتوانێت لە بواری سەربازی، سیاسی، ئابووری، ژینگەیی، ئاشتی، چەک و ئاسایش و بوارەکانی تری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا تاکڕەوی جێبەجی بکات. کرداری تاک لایەنە بۆ کەمکردنەوەی قەیران و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە پراکتیکدا نەک هەر ئەوەندە کاریگەر نییە، بەڵکوو زیان بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی وڵاتانی دیکە تاکلایەن و فرەلایەن دەگەیەنێت.

ڕێبازێکی پێچەوانەیە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە، لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە هەمەلایەنەکان لە بواری: سەربازی سیاسی، ئابووری، ژینگەیی، ئاشتی، چەک، ئاسایش و لە بوارەکانی دیکەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەم ڕێبازە لەسەر بنەمای ئەو بڕوایەیە کە کارەکان بۆ کەمکردنەوەی قەیرانەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان ئەگەر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی وڵاتان بێت ئەوا هەوڵەکان کاریگەرتر دەبن.

**Tandem** **تاندم**

ئەم چەمکە لە پراکتیکی سیاسەتدا بەکار دەهێنرێت بۆ گوزارشتکردن لە هاوکاری نێوان تاکەکان، کۆمەڵگەکان، پێکهاتەکان و دەوڵەتەکان تاکوو پێکەوە بتوانن بە هاوبەشی کردار و چالاکی هاوبەش ئەنجام بدەن.

**International Crime** **تاوانی نێودەوڵەتی**

لادانە لە پرەنسیپەکانی دەوڵەتەکان و پێشێلکردنی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی. کە هەڕەشەیە لە ئاشتی و ئاسایشی گشتی، تاوانەکان بریتین لە: دەستدرێژی، داگیرکەری، جینۆساید، ڕەگەزپەرستی و نەپاراستنی پاک و خاوێنی ژینگە.

**Unilateral** **تاک لایەنە، یەک لایەنە**

کردارێک یان بڕیارێکە لە دۆخێکی دیاریکراودا بەبێ ڕێککەوتن یان بەشداریکردنی دەوڵەتەکانی تر لەلایەن یەک دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێت.

**Tact** **تەکتیک، تەگبیر، کارزانی**

ئەم زاراوەیە ڕاستەوخۆ لە زمانی فەرەنسییەوە وەرگیراوە، لە مانایەکی نافەرمی یان کۆمەڵایەتیدا دیپلۆماسییەت بریتییە لە، دامەزراندنی تەکتیک بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی ستراتیژی یان دۆزینەوەی چارەسەرە

پەســــەندکراوەکانی دوو لایەنە بۆ ئاڵنگارییەکی هاوبەش. کەســــێکی بە تەکتیک دەتوانێت هەستی قورسترین خەڵک هێور بکاتەوە، کەسێکی بێ تەکتیک بە گشتی بارودۆخێکی خراپتر دەکات.

## تیۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (قوتابخانەی ئینگلیزی)
## International Society Theory (the English School)

ئەم بیردۆزە لەسـەر بنەمای هاریکارییە نێودەوڵەتییەکان بۆ دامەزراندنی ڕژێمی پەیوەندی نێودەوڵەتی، چۆنیەتی ڕێکخستنی دیپلۆماسی و یاسای نوێی نێودەوڵەتی کار دەکات. جەخت لەســـەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت بەگوێرەی پێویســـتییە هەنوکەییەکان یاســـاکانی بواری پەیوەندی نێودەوڵەتی دەربچێت. لایەنگرانی ئەم بیردۆزە دابەشبوون بەسـەر دوو بەرەدا. بەرەی یەکەم ئەوانەن کە ســـۆزیان هەیە بۆ ئەم بیردۆزە وە بەرەی دووەمیش لەو بڕوایەدان کە دەبێت زۆر بەتوندی پێداچوونەوە بۆ ئەم بیردۆزە بکرێت.

## ترساندن، تۆقاند — Intimidation

ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ گوزارشـــتکردن لە ترســـاندنی وڵاتێک یان لایەنێک یان چینێکی کۆمەڵگە، لەلایەکی ترەوە بەم کارە هەڵدەســـتێت بە مەبەســـتی بەدەســـتهێنانی بەرژەوەندی. بۆ نموونە، هەندێکی وڵاتی باڵادەســـت بە هەڕەشـــەی تێکدانی ئاســـایش و ئارامی هەندێک وڵاتی تر بەردەوام دەبن لە بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەو وڵاتە.

## تووندڕەوی Extremism

پـابەنـدبوونە بە میتۆدە تونـدڕەو و ڕادیکـاڵەکـانەوە، بەکـارهێنـانی توندوتیژییە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سـیاسـییەکان لە چوارچێوەی یاسـا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکاندا. دەکرێت لەلایەن دەوڵەتێک یان ڕێکخراوێکی ڕادیکاڵ یان ڕێکخراوێکی تیرۆریسـتییەوە پراکتیزە بکرێت. توندڕەوی لە ئاستی دەوڵەتدا بۆ سەرکوتکردنی دەنگە دژە دەسەڵاتەکان بەکاردێت. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا گوزارشت دەکات لە تیرۆری تاکەکەسی و بەکۆمەڵ و شـــەڕی چەکداری. چالاکی توندڕەوی ناگونجێت لەگەڵ پرەنســـیپە دیموکراســـییەکان و تۆوی دووبەرەکی ئاینی و نەتەوەی و شـــۆڤێنیزم دەچێنێت.

## توندڕەوی، ڕادیکاڵیزم Radicalism

بە هەموو ئەو بزووتنەوە و بەرنامانە دەگوترێت ڕادیکاڵی کە دەیانەوێت واقیعێکی دیاریکراو لە ڕیشـەوە بگۆڕن. جاران (لیبڕاڵ) یش ئەو مانایەی هەڵدەگرت بەڵام لە ئێســـتادا ئەو توانایەی نەماوە. ئامانج لە ڕادیکاڵیزم گۆڕانکارییەکی ڕیشـەییە لە سـیسـتەمی سیاسـی و پەیوەندی سیاسـی و دامەزراوەکان زۆربەی کات ڕێگای توندوتیژی دەگرنە بەر بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.

**توندوتیژی چەکداری، دژواری چەکداری** **Armed Violence**

جۆرێکە لە خەباتی کۆمەڵایەتی، ڕێگایەکە بۆ ناچارکردنی دوژمنێک بە بەکارهێنان یان هەڕەشەکردن لە بەکارهێنانی هێزی چەکداری. دەتوانرێت توندوتیژی چەکداری بە دوو شێوەی سەرەکی بەرجەستە بکرێت: ڕاستەوخۆ (بە ئاشکرا سەربازی، فیزیکی) و ناڕاستەوخۆ (شاراوە). لە حاڵەتی یەکەمدا کارەکە بە کراوەیی دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە و لە حاڵەتی دووەمیشدا وەک هەڕەشەیەک کار دەکات، واتە کاریگەری لەسەر دۆخی ڕۆح و هۆشیاری و ئیرادەی بەرامبەر دەبێت. توندوتیژی چەکداری کرداری هێزی سەربازی دەوڵەتە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بێ گوێدانە چۆنیەتی بەکارهێنانی، وەک دەستدرێژیی ڕاستەوخۆ یان ڕاهێنانی سەربازی لە نزیک سنوورەکانی دەوڵەتێکی دراوسێدا بۆ ئەوەی فشاری بخاتە سەر، یان یارمەتیدان لە ڕێکخستنی کوودەتای سەربازی. جۆرە سەرەکییەکانی توندوتیژی چەکداری بریتین لە: یاخیبوونی چەکداری، تیرۆری چەکداری، گەمارۆی سەربازی، خۆپیشاندانی هێزی سەربازی، کوودەتای سەربازی، جەنگ، ململانێی سەربازی، بڵاوبوونەوەی بنکە سەربازییەکان لە سەر خاکی دەرەوە.

**تۆلێرانس، لێبوردەیی، لێخۆشبوون** **Tolerance**

ڕەوشـــتێکە بۆ کارکردنی تاک و کۆمەڵگە و دەســـەڵات. لە زانســـتی فەلسـەفەدا مانای یەکسـانی دەگرێتەوە، کە دەبێتە بناغەیەکی یاسـایی بۆ ڕێگەگرتن لە بەریەککەوتنی کولتوورەکان و ئەو کارەســـاتانەی کە لەو بەریەککەوتنانە ئارامی دەخاتە مەترسییەوە. هەروەها بریتییە، لەو هێز و بڕوایەی کە دەتوانێت بەرگەی فۆڕمی جیاوازی خەڵکی تر بگرێت بەڵام ڕەتکردنەوەی بیری گەوجانەی نا شـــارســـتانی و توندوتیژی بەرامبەر تاک و کۆمەڵگە دەگرێتەوە کە کارێکی بناغەیی تۆلێرانســـە. تۆلێرانس دەتوانێت ناکۆکییەکان و بەریەککەوتنەکان و داپڵۆسـینەکان بوەسـتێنێت، دیارە ئەوەش لە پرۆســـەیەکی ڕێزگرتن و بەرگەگرتن لە بیروباوەڕی یەکتری بۆ بەدیهێنـانی ژیـانێکی ئـارام بۆ هەموو لایەک بە وجودی ناکۆکییەکانیشـــەوە. کەواتە تۆلێرانس تەنیا یەک ئامانجی هەیە ئەویش ئـارامییە. لە بەر ئەوەی هەموو ئـامـانجەکـانی تـاکی ئـازاد و کۆمەڵگەی داهێنەر و دەوڵەتی شـارسـتانی هەر لە ناو ئەو ئامانجەدا گەشـە دەکەن. دەســتەواژەی تۆلێرانس لەم ســەدەیەدا زۆر بە چڕی بەکار دەهێنرێت و لە هەموو ناکۆکییەکاندا ئامادەیە.

**تەواوکاری، کەسێک دەسەڵاتی ڕەهای پێدراوە** **Plenipotentiary**

ئەم زاراوەیە لە زمـانی لاتینییەوە وەرگیراوە، واتـا دیپلۆمـاتکـارێـک کە دەســـەڵاتی تەواوی هەیە بۆ ئەنجـامـدانی کـار یـان بڕیـاردان. کـاتێـک ســـەرکردەکانی وڵاتێک باڵیۆزی خۆیان ڕەوانەی وڵاتێکی بیانی دەکەن،

تەنیا وەک بریکارێک نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کاروباری دەرەوەدا بەڵکوو دەســـەڵاتێکی تەواوی پێ دەدەن بۆ ئەوەی بەناوی دەوڵەت و حکومەتەکەیەوە کار بکات. مۆڵەتی پێدراوە کە لە جیاتی باڵا دەستەکانی وڵاتەکەی پەیماننامەکان واژۆ بکات.

## تێبینی کەسی یەکەم First Person Note

لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کەسی یەکەمی نێردە دیپلۆماسییەکان بە نوێنەری دەوڵەتی میوان بە ســـەرۆکی دەوڵەتی میواندار دەناســـێنرێت. بۆیە لە کاتێکدا کەســـی یەکەمی نێردەیەکی بیانی یان باڵیۆزخانەیەک بۆ ماوەیەکی کاتی لە کارەکەی غیاب دەبێت یان بە نووســـراوی فەرمی مۆڵەت وەردەگرێت. لایەنی پەیوەندیدار کە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی میواندارە ئاگادار دەکرێتەوە، و ئاماژە بەوە دەدرێت کە کارەکانی نێردە دیپلۆماســـییەکە بە چی شـــێوازێک بەڕێوە دەچێت تاکوو باڵیۆزەکە دەگەڕێتەوە.

## تیرۆری هاوچەرخ Modern Terrorism

لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دووبارە کردارە تیرۆریســـتییەکان لە چەند وڵاتی جیاوازدا سەریان هەڵدایەوە، وەک ئەڵمانیا و وڵاتانی بەڵقان. فاشـیسـتەکان و کۆمۆنیسـتە توندڕەوەکان بڕوایان بە تیرۆری گشـتی هەبوو نەک بە کرداری تیرۆریســـتی تاکە کەســـی، بەڵام هەندێک جار

کردارەکـان لەدژی تـاکەکەســـەکـان ڕوویـان دەدا، وەک تیرۆکردنی ســـەرکردەی ئیشــتراکییەکان لە ئیتاڵیا بەناوی (جیاکو مۆماتیوتی)، بەڵام کرداری تیرۆریســـتی کە شـــایەنی باس بێت لە ســـەردەمەکانی جەنگی جیهــانی دووەم و دوو دەیەش دوای ئەوە ڕوویــان نەدا، بەڵام لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەم کردارانە لە سەر تیرۆریزمی ئیسلامی لەژێر ناونیشـانێکی نوێ و دوور لە هاوشـێوەی پێشـوو هاتە کایەوە کە ئەویش دیـاردەی خۆکوژی. دیـاردەی تیرۆر وەک هەر دیـاردەیەکی تر کۆمەڵێک لەدژی دەوەســـــتێتەوە و کۆمەڵێکیش لایەنگری دەبن چۆن تـا ئێســـتاش لایەنگرانی گەورە تاوانباری جیهان لە (هیتلەر) ەوە هەتا (بول بوت) لە سەرتاسەری جیهاندا بوونیان هەیە.

هەندێک جار تیرۆر ســـەرکەوتن بەدەســـت دەهێنێت و هەندێک جاریش شـکسـتخواردوو دەبێت و بکەرەکانیشـی تووشـی دەرەنجامێکی پێچەوانە دەبنەوە، بەڵام تیرۆر دیاردەیەکی بەردەوامە و هەمیشـــەش بەردەوامی دەبێت ئەگەر بێت و دەســتیشــی بەســەردا بگیرێت و لەکاتێکی تردا هەر ســــەر هەڵدەداتەوە، ئەو کاتانەشـــی کە تیرۆر هێور دەبێتە و جەنگ و کوشــتاری زۆر لە تەواوی جیهاندا بوونی هەیە. تیرۆر ئەگەر بوونیشــی هەبێت گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادرێت.

## تیۆری مارکسیست Marxist Theory

ئەم تیۆری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لە بری ئەوەی جەخت بکاتە سەر ململانێ یان هاوکاری نێوان دەوڵەتەکان وەک ڕیالیزم و لیبراڵیزم دەیکەن، جەخت لەسەر لایەنە ئابوورییەکان دەکاتەوە. تیۆرییە مارکسیستەکان لەو باوەڕەدان کە توخمە ئابووری و ماددییەکان گرنگییەکی سەرەکییان لە بەرەو پێشچوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە، هەروەها پێکهاتە جیهانییەکانی ئێستا سیستەمێکی چینایەتییان دروست کردووە. ڕەخنەگرانی ڕێبازی مارکسیستی دەڵێن ئەم ڕێبازە تیشک دەخاتە سەر لایەنە ئابوورییەکان و گرنگی پێویست بە بیرۆکەکانی دیکە نادات.

## تیۆری نوێکردنەوە Modernization Theory

ئەم تیۆرییە هەوڵ دەدات ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ڕابردوودا بوونەتە هۆی پێشکەوتنی ئابووری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکاندا، لە ئێستادا دووبارە پلان بۆ جێبەجێ کردنیان لە وڵاتانی نا گەشەکردوودا بەرجەستە بکات. لایەنگرانی ئەم تیۆرییە پێیان وایە ئەو وڵاتانە دەتوانن بەو شێوەیەی کە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەنجامیان داوە پێشکەوتن بەدەست بهێنن. نەریتەکان وەک بەربەستێک بۆ پێشکەوتنی ئابووری کۆمەڵایەتی تەماشا دەکرێن، تیۆری زانایانی نوێخوازیش لەو باوەڕەدان کە بنبڕکردنی داب و نەریتە گوتراوەکان جێی بایەخن ئەگەر ببێتە هۆی سەرکەوتنێکی ئابووری گەورەتر.

**تەکنۆکرات** **Technocrat**

فۆرمێکە لە حکومەت کە تێیدا بەرپرسانی حکومەتەکە بۆ بوارێکی دیاریکراوی بەرپرسیارێتی لەسەر بنەمای شارەزایی خۆیان دیاری دەکرێن. ئەم سیستەمە بە ڕاشکاوانە پێچەوانەی دیموکراسی نوێنەری، و ئەو بیرۆکەیەی کە نوێنەرانی هەڵبژێردراو دەبێت بڕیاردەرانی سەرەکی بن لە حکومەتدا. لە حکومەتی تەکنۆکراتدا بڕیاردەران لەسەر بنەمای زانیاری و ئەدای تایبەتمەند دەستنیشان دەکرێن، نەک ئینتیمای سیاسی و کارامەیی پەرلەمانی یان دەنگی جەماوەر. زاراوەی تەکنۆکراتی لە بنەڕەتدا بەکارهاتووە بۆ ئاماژەدان بە بەکارهێنانی شێوازی زانستی بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان. ڕەخنەگران باس لەوە دەکەن کە حکومەتی تەکنۆکراتی بەرەنگاری مۆدێلی دیموکراسی دەبێتەوە.

**تەوافوق، ڕێککەوتن** **Accord**

هاودەنگی لە بیروڕا، کە دەبێتە هۆی ڕێککەوتن. لە قۆناغی سەرەتا بە دانوستان دەست پێ دەکات، پاشان دەگەنە ڕێککەوتن و پاشان قۆناغی واژۆ کردن دێتە پێشەوە، کۆتا قۆناغ ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکەیە. بۆ نموونە ئیسرائیل و میسر لە دوای چەند هەفتەیەک لە دانوستان ڕێککەوتنیان کرد ڕێککەوتننامەکە واژۆ کرا، دواتر ڕاستەوخۆ لە ساڵی (١٩٧٩) بەرەو پەیمانی ئاشتی ئیسرائیل و میسر چوون.

## تەوافوقی سیاسی، هاودەنگی سیاسی، ڕێککەوتنی سیاسی
## Political Consensus

یەکێک لە ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ململانێی سیاسی، لەسەر بنەمای گەیشتن بە ڕێککەوتن لەنێوان هەموو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گەورەکاندا، بە دارِشتنەوەی هەرەمی سیاسی، دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و سەرچاوە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا. لە مانا فراوانەکەیدا تەوافوق ڕێگایەکە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە بڕیارداندا. ئەگەر هیچ نارەزاییەکی بنەڕەتی لە لایەن زۆرینەی لایەنە بەرژەوەندی خوازەکانەوە نەبێت، و وەرگرتنی بڕیارێک بە ڕەزامەندی هاوبەش بێت ئەوا ئەو کاتە هاودەنگی لە سیاسەتدا بوونی هەیە.

# ج

**جانتای دیپلۆماسی** Valiza Diplomatic

جانتایەکی تایبەتە کە بۆ هەڵگرتنی دۆکیۆمێنتە دیپلۆماسییەکان و ئەو کەلوپەلانەی کە بۆ بەکارهێنانی بابەتی فەرمی پێویستە بەکاردێت، ئەو بەشانەی کە جانتای دیپلۆماسی پێک دەهێنن پێویستە نیشانەی بەرچاوی دەرەکییان هەبێت، کە گوزارشت لە بەڵگەکانی ناو جانتاکە بکەن، هەروەها نابێت جگە لە نامە گۆڕینەوەی فەرمی و بەڵگەنامەکان و ئەو ماددانەی کەلە کاری فەرمیدا بەکار دێن زیاتری تێدابێت. ئەو کەسانەی کە یاوەری دەکەن دەبێت بەڵگەنامەیەکی فەرمییان هەبێت کە ئاماژە بە پیشە و شوێنی کارکردنیان بدات. دەتوانرێت بسپێررێت بە ئەفسەرێکی دیپلۆماسی یان فەرماندەی فڕۆکە یان کەشتییەکی مەدەنی و ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەوانەوە ڕادەستی نوێنەری ئەرکی دیپلۆماسی بکرێت. زۆربەی کات جۆرێک لە قوفڵی مۆرکراوی ئاشکرا بە جانتا دیپلۆماسییەکەوە لکێندراوە. جانتای دیپلۆماسی پارێزبەندی دیپلۆماسی هەیە لە دەستبەسەرداگرتن هەر وەک لە ماددەی (٢٧) ی پەیماننامەی ڤیەننای ساڵی (١٩٦١) بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان جێگیرکراوە. جێگای ئاماژەیە چەندین حاڵەتی هەبووە سوود لە پارێزبەندی جانتا دیپلۆماسی بە شێوەیەکی نەرێنی وەرگیراوە بۆ ئاسانکردنی قاچاخچیتی بەکارهاتووە.

**جاڕنامەی جیهانی هەمەچەشنی کولتووریی یونسکۆ**

**UNESCO Universal Declaration of Cultural Diversity**

ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی یاسـاییە، هونەرمەندان دڵنیای دەکاتەوە کە دەتوانن بەرهەمەکانیان بڵاو بکەنەوە و دەست گەیشتنیان هەبێت کاڵا و خزمەتگوزاری کولتووری جۆراوجۆر. لە مـانگی تەمموزی (٢٠١٠) دا ئەم جاڕنامەیە ڕاگەیەندرا. ڕاگەیاندنەکە بە بەسـتنەوەی هەمەچەشـنی کولتووری بە مافەکانی مرۆڤ و ناسـنامە و داهێنان و هاو هەڵوێسـتی کولتووری دەناسرێتەوە.

**جوداخوازی** **Separatism**

داکۆکییە لە جیابوونەوەی کولتووری، ئیتنیکی، خێڵەکی، ئایینی، نەژادی، حکومی یان ڕەگەزی لە گرووپە گەورەکان. لە ڕووی سـیاسـییەوە جوداخوازی ئاماژە بە جیابوونەوەی تەواو دەکات. ئەم گرووپانە لەو باوەڕەدان کە هەوڵدان بۆ یەکگرتن لەگەڵ گرووپە دەسـەڵاتدارەکان بە دواکەوتنی مافی چارەی خۆ نووسـین کۆتای دێت. لەگەڵ ئەوەشـدا فاکتەری ئابووری و سـیاسـی ڕۆڵیان هەیە لە دروسـتکردنی جووڵەی جوداخوازی بەهێز.

**جیاکاری** Discrimination

سنووردارکردنی بە ئەنقەستە بۆ ماف و ئازادییەکانی تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، یان تەواوی دەوڵەتێک لە سەر زەمینەی سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی. جیاکاری سیاسی، جیاکاری یاسایی، هەڵاواردنی ئابووری لە دونیای ئەمڕۆدا باون. شێوە سەرەکییەکانی جیاکاری بریتین لە دیپۆرتکردنەوە، جینۆسایدکردن، جیاکاری ڕەگەزی و نەتەوەیی کە لە ئاڕاستەیان جیا دەکرێنەوە، دەکرێت ببێتە پرەنسیپێکی سیاسەتی گشتی.

**جیاکردنەوە، سنوور کێشان** Demarcation

هێڵی دابەشکردن و جیاکردنەوەی سنووری سەروەری دوو دەوڵەتە. سنووردانان بریتییە لە دامەزراندنی سنووری دەوڵەت لەسەر پانتای زەوی لەسەر بنەمای بەڵگەنامەکان لەگەڵ دیاریکردنی بە هێما سنوورییە تایبەتەکان.

**جێبەجێکردن، سەپاندن، زۆرەملێ** Enforcement

پەیماننامەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان ئەو مەرجەیان سەپاندووە، کە دەبێت دیپلۆماتەکان بە دڵنیاییەوە گوێڕایەڵ و پابەندی یاساکان بن، و میکانیزمی کارکردنیان بۆ دیاریکراوە، بنەما کۆمەڵایەتییەکان وەکوو پێوانە وەرگیراون لە پرۆسەی دڵنیابوون لە پابەندبوون بە یاسا و ڕێساکانەوە. دەوڵەتەکان هەوڵ دەدەن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی سیاسەتەکانیان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکان کار بکەن.

## جێگۆڕکێ، بە نۆرە، لە جیاتی Alternate

کاتێک ڕێککەوتنێک یان پەیماننامەیەک لە نێوان دوو دەوڵەتدا یان چەند دەوڵەتێکدا واژۆ دەکرێت، هەر دەوڵەتە و کۆپییەکی فەرمی لە ڕێککەوتنەکە پێ دەدرێت و ناو و واژۆی دەوڵەتی خۆی لە پێش واژۆی دەوڵەتەکانی تر لە کۆپی خۆیدا لیست دەکات. جێگۆڕکێ کردارێکە کە سەدەیەک پێش ئێستا بۆ چارەسەرکردنی هەستیارییەکان لەسەر ئەوەی کام وڵات لەپێشدا واژۆ لەسەر ڕێککەوتننامە و پەیماننامەکان بکات هاتە ناو مەیدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

## جیهانگیری Globalization

لە پەیوەندی نێودەوڵەتی هاوچەرخدا، جیهانگیری پرۆسەیەکی بابەتیانەیە. کە لە سایەی فراوانبوون، قووڵبوونەوە، ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکان، کاریگەریی هاوبەشی وڵاتانی جۆراوجۆر و گەلانی جیهان دەرکەوت. جیهانگیری بەرزترین قۆناغی بە جیهانیبوون دەنوێنێت، لەسەر بنەمای پەرەپێدان و پێشخستنی تەکنۆلۆژیای زانیاری، پەیوەندییەکان، ئازادکردن، ئاسانکردنی جووڵەی کاڵا و خزمەتگوزاری، کار و سەرمایە.

کارلێککردن لەسەر پێوەری جیهانی بووە هۆی تێکەڵبوونی کولتوورەکان و یەکخستنی ستانداردەکان لە بەڕێوەبردن، پەروەردە و یەکخستنی جیهانیدا، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سیستەمێکی جیهانی تەواونەکراو.

جیهانگیری لە ڕوانگەی سێ سێکتەری گرنگی ناو کۆمەڵگە دەخەینە ڕوو:

**جیهانگیریی لە ئابووری و سیاسەتدا**

**Globalization in economy and politics**

جیهانگیری پرۆسەی کارلێک کردن و یەکخستنە لە نێوان خەڵک و کۆمپانیاکان و حکومەتەکان لە هەموو جیهاندا. لە سەدەی (١٨) ەوە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای گواستنەوە و گەیاندن خێراتر بووە، ئەم زیادبوونەی کارلێک کردنەکانی جیهانی بووە هۆی گەشەسەندن لە بازرگانی نێودەوڵەتی و ئاڵوگۆڕی بیروباوەڕ و کولتوور. جیهانگیری بە شێوەیەکی سەرەکی پرۆسەی ئابووری کارلێک کردن و یەکخستنە کە پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە هەیە. هەرچۆنێک بێت ناکۆکی و دیپلۆماسیش بەشێکی گەورەی مێژووی جیهانگیری و جیهانگیری مۆدێرنە. دوو زاراوەی دیکە و دوو سیستەمی دیکەی سیاسی کە هاوشێوەی گلۆباڵیزمن دەبنە مۆرکی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی، کە دیسان بە چەندین ڕێگای جۆراو جۆردا ڕۆیشتوون هەتا گەیشتوونەتە ئەو شێوەیەی ئێستا کە ئەویش حوکمی دیموکراتی و کۆمەڵگەی مەدەنییە.

## جیهانگیری لە مەیدانی دیموکراتیدا

## Globalization in the Democratic Field

جیهانگیری لە ناو کۆمەڵگەی مەدەنی و سـیسـتەمی دیموکراتیدا، بۆتە هۆی تێکەڵبوون و بە کردەوە پێکەوە ژیانی کۆمەڵگە پێشـکەوتووەکان. لە کۆتاییەکانی سـەدەی ڕابردوودا کاریگەری هەبووە لە سـەر کۆمەڵگە مام ناوەندەکان، لە پاش نەمانی «شەڕی سارد» وردە وردە خەریکە لە نێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکانیشـدا ڕیشـە دادەکوتێت، بە تایبەتی لە ناو کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان کە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی بەرەو هەڵدێریان دەبات.

## جیهانگیری لە مەیدانی ڕاگەیاندن و میدیادا

## Globalization in the Media Field

لە بـارەی بەرەو پێشـچوونی ڕاگەیـانـدنی دەنـگ و ڕەنـگ بە هۆی پەیدابوونی ئێنتێرنێت و، مۆبـایـل، سـەتەلایت و فراوانبوونی مەودای کەناڵە ئاسـمانییەکان، ڕاگەیاندن و نیشـاندانی ئاسـتی پێشـکەوتن وای لێهـاتووە، کە جیهـانگیری لەم سـەردەمەدا خزمەتێکی گەورەی بە کۆمەڵگەی مرۆڤـایەتـی کـردووە و، کە ئەوەش دەبـێتە هـۆی لـێـک نزیکبوونەوە و لێک شـارەزابوون و زیاتر لێک تێگەیشـتنی مرۆڤەکانی ئەم سـەردەمە. دیارە گلۆباڵیزم ڕۆڵی خۆی لەسـەر هەموو ئاسـتەکانی مەیدانی ژیانی مرۆڤدا بینیوە، بەڵام بە شێوازی جۆراوجۆر.

### جیهانی دوو جەمسەری Bipolar World

زاراوەیەکە لە پێکهاتەی هێزە سیاسییەکانی جیهانەوە وەرگیراوە، ڕەنگدانەوەی ڕووبەڕووبوونەوە ڕاستەقینەی جیهانە. جیهانی دوای شۆڕشی فەڕەنسا بە دژایەتی نێوان دەوڵەتەکانی نەتەوە ناسراوە و لەسەر بنەمای ئەوەش بە فرە جەمسەری پێناسە دەکرێت. لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان دوو سیستەمی کۆمەڵایەتی – سەرمایەداری و سۆسیالیزم – دا بوو بە پێشەنگ، جیهانی ئەم سەردەمە بە دوو جەمسەری ناو دەبرێت.

دوای جەنگی جیهانی دووەم، پێشەنگی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەلایەن ئەمریکاوە گیرا، لەناو کۆمۆنیستەکان –سۆڤیەت پێشەنگی گرت. هەر دوو وڵات پێگەی زلهێزیان هەبوو، براوە بوون لە جەنگدا، وەک ناوەندێکی فراوانکردنی ئایدیۆلۆژیاکانیان و خاوەنی چەکی ناوەکی بوون. بۆیە لە کاتی جەنگی سارددا، ڕووبەڕووبونەوەی دوو جەمسەری پێشوو لە نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزمدا بوو بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەهێزی توندتر لە نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت.

### جیهانی فرە جەمسەر Multipolar World

ئەو چەمکە جیۆپۆلەتیکییە کە پاش کۆتایی جەنگی سارد و ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت هاتە ئاراوە، بە پێچەوانەی چەمکەکانی جیهانێکی تاک جەمسەری لەگەڵ یەک هەژموونی جیهانی و جیهانێکی دوو جەمسەری لەگەڵ دوو ناوەندی جیهانی دژ بە یەک کاردەکات. ئەم چەمکە بوونی

زۆرێک لە ناوەندەکانی دەسەڵات (ئابووری، سەربازی- سیاسی، کولتووری) بە دوور لە زاڵبوونی یەک یان دوو زلهێز و ڕەخساندنی ئەگەری پێشبڕکێ لە نێوان دەوڵەتەکاندا دادەنێت، و پێیوایە دەبێت هەموو دەوڵەتەکان بەشداربن لە بەڕێوەبردنی ئەو ناوەندانەدا.

**جیۆپۆلەتیک، زانستی جوگرافیای سیاسی Geopolitics**

زاراوەیەکی یۆنانییە، لە «جیۆ» بە واتای زەوی و «پۆلەتیک» بە واتای سیاسەت پێکهاتووە. لقێکی جوگرافیای ڕامیارییە. ناوەڕۆکی پێناسەی جیۆپۆلەتیک وەک بنەمایەک بۆ خەسڵەت کردنی تیۆری و پراکتیزەکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کار دەکات، جیۆپۆلەتیک میتۆدێکە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی دەرەوە و ڕوونکردنەوە و پێشبینی ڕەفتاری سیاسی نێودەوڵەتی، بە لەبەر چاوگرتنی ناوچە و کەش و هەوا و تۆپۆگرافی و دیمۆگرافیا و سەرچاوە سروشتییەکان و زانستی پیادەکردنی ناوچەکە. گەوهەری جیۆپۆلەتیک لێکۆڵینەوەی پەیوەندی سیاسەتی نێودەوڵەتییە لە سایەی هەلومەرج و پێکهاتە جوگرافییەکاندا. لە ڕاستیشدا جوگرافیا و توخمە جوگرافییەکان کرۆکی تیۆری جیۆپۆلەتیکن. جیۆپۆلەتیک ئەو تیۆرییەیە کە لە هێزی دەوڵەت بەپێی زەوی دەکۆڵێتەوە، یا تیۆری گۆڕانکارییە ڕامیارییەکانە بەپێی پەیوەندییان بە زەوییەوە. (ڕۆدۆلف کیلین) ئاوا پێناسەی جیۆپۆلەتیک دەکات؛ زانستێکە لە پەیوەندی نێوان ڕووداوە ڕامیارییەکان و زەوی دەکۆڵێتەوە. بەڵام بە بۆچوونی (نیکۆلاس سپایکمانی) ئەمریکی، جیۆپۆلەتیک نە خشە دانانە بۆ سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت لە

چوارچێوەی فاکتەرە جوگرافیاییەکاندا. جیۆپۆلەتیک لە گۆشـــــەنیگایەکی تایبەتەوە لە تان و پۆکانی ســتراتیژ دەکۆڵێتەوە، ئەو پێی وایە ســتراتیژ فەلســەفەی هێزە؛ بۆیە زەروورەت یاسـا ناناسـێت. هەر لە بەر ئەوەشـە جیۆپۆلەتیـک گرنگی گەورە بە داواکـانی دەوڵەت دەدات لە ڕووی ڕووبەرەوە. ئەگەرچی جیۆپۆلەتیک لە جوگرافیای ڕامیاری سەری هەڵدا، بەڵام جیاوازی گەورەشـــیان لەنێواندایە. جیۆپۆلەتیک بە پێچەوانەی جوگرافیای ڕامیارییەوە، ئەوەندەی گرنگی بە بارودۆخ لە پاشـــە ڕۆژدا دەدات، هێنـدە گوێ بە ئەمڕۆ نـادات. جیوێنەی دەوڵەت بەو شـــێوە دەکێشـێت کە پێویسـتە ببێت، لە کاتێکدا جوگرافیای ڕامیاری لە قەوارەی ئێســتای دەوڵەت وەکو ئەوەی هەیە، دەکۆڵێتەوە. (هاوســهۆڤەر) دەڵێت: جوگرافیای ڕامیاری لە ڕووی ڕووبەرەوە لە دەوڵەت دەکۆڵێتەوە، بەڵام جیۆپۆلەتیـک لە ڕووی دەوڵەتەوە لە ڕووبەر دەکۆڵێتەوە. یـان جوانتر پێناسـەی بکەین جوگرافیای ڕامیاری بریتییە لەو سـنوورە جوگرافیایەی کە ئێسـتا هەیەتی و دەسـەڵاتی بەسـەرداهەیە، بەڵام جیۆپۆلەتیک بریتیە لەوســـنوورەجوگرافیـایەی کە لە داهـاتوو دا دەی بێت دوای هێڵکـاری ڕامیاری و پلانە داڕێژراوەکەی. وەک جوگرافیای میسـر پێش هەڵکەندنی نۆکەندی سوێس و دوای هەڵکەندنی نۆ کەندی سوێس کە چەندە گۆڕا.

## جەنگی سارد Cold War

ڕێبازێکی بوو کە ڕۆژئاوا ئیمپریالیستەکان گرتیانە بەر، لە پێش هەموویانەوە ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لە بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتە سۆسیالیستەکانی ئەورووپادا. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی بە تایبەتی لە کۆتایی سالانی چلەکاندا. لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جەنگە پێشبڕکێ لە خۆ پڕ چەک کردن بە تایبەتی چەکیی ناوەکی، و دامەزراندنی بنکەی سەربازی بە دەوری یەکێتی سۆڤیەتدا، بەگەڕخستنی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها ڕەتکردنەوەی هەموو هەوڵێک بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی دانوستانەوە. ئەمە جەنگێکی چالاک نەبوو وەک ئەوەی هیچ چەکێک بەکارنەهات، جەنگەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی پڕوپاگەندەوە شەڕی دەکرد، دەوڵەتەکان پڕوپاگەندەیەکی زۆریان بەکارهێنا بۆ فراوانکردنی پانتاییە سیاسییە تایبەتەکانیان کە هەر یەکەیان بیر و بۆچوونە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیان بڵاو دەکردەوە.

## جەنگی گەورە Large-Scale War

جەنگێکە لە نێوان گەورەترین دەوڵەتەکانی جیهان ڕوودەدات، لە کاتێکدا کە لایەنە دژەکان بەدوای ئامانجە ڕادیکاڵە سەربازیی - سیاسییەکانیان دەکەون. دەکرێت هەڵگیرسانی جەنگێکی بەرفراوان لە ئەنجامی هەڵکشانی شەڕێکی چەکداری بچووک بێت، ئەم جۆرە جەنگانە پێویستی بە هەموو سەرچاوە مادییە بەردەستەکان و هێزە ڕۆحییەکانی دەوڵەتە بەشداربووەکان هەیە.

**چارت/جارِنامە** Chart

بە دوو مانا لە سێکتەری دیپلۆماسیدا بەکاردێت:

-ئەم زاراوەیە بەکـاردێـت بۆ ڕێککەوتننـامە دیپلۆمـاســـییەکـان. هەر دەوڵەتێـک کە ڕێککەوتننـامەکـان پەســـەنـد دەکـات بەپێی بنەمـاکـان هەڵســوکەوتی لەگەڵ دەکرێت و لە هەمان کاتدا داکۆکیشــی لێ دەکرێت. وەک، جارِنامەی ئەتڵانتیک.

-بەڵگەیەکی دیپلۆمــاســـییە کە بــاس لە دامەزرانــدنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی دەکات و ئەوانەی کە ئەم جارِنـامەیـان پەســـەنـد کردووە کردووە چوارچێوەی دەســـەڵات و توانـاییەکـانی تێدا دیـاری دەکەن. وەک،جارِنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**چارەسەر، ڕێی نەجات، دەرەتان** Solution

ئەم زاراوەیە لە مــانــایەکی نــافەرمی یــان کۆمەڵایەتیــدا دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ کیشە و گرفت. لە سێکتەری دیپلۆماسیدا زاراوەکە بریتییە لە دامەزرانــدنی پەیوەنــدییەکی پتەو و متمــانە پێکراوە لە نێوان دوو دەوڵەتدا، بۆ بەدەســـتهێنانی ســـوودێکی ســـتراتیژی یان دۆزینەوەی چارەسەری دوو لایەنەی قبووڵکراو بۆ ئاڵنگارییەکی هاوبەش.

**چاودێری خستنەسەر** Surveillance

ئەم زاراوەیە باس لە چاودێریکردنی ڕەفتار و چالاکییەکان دەکات، بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و کاریگەری و بەڕێوەبردن یان ئاڕاستەکردن. چاودێری لەلایەن حکومەتەکانەوە بەکاردێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری، نەهێشتنی تاوان، پاراستنی پرۆسەیەک و لێکۆڵینەوە لە تاوان هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر تاوانباران و ڕێکخراوە ئاینییەکان، کە تاوانبارن بە دۆزینەوەی گومڕایی. بەڵام چاودێری لەلایەن ڕێکخراوە تاوانبارەکانەوە بەکاردێت بۆ پیلان و ئەنجامدانی تاوان..

**چەقبەستووی، بن بەست، گێژاو، کێشە** Stalemat

ئەم زاراوەیە بۆ گوزارشتکردن لە بارودۆخێک بەکاردێت، کە هیچ کردارێکی تێدا ئەنجام نا درێت یان پێش بکەوێت، واتا دۆخەکە بە بنبەست گەیشتووە. ئەم دۆخە زۆر جار لە نێوان وڵاتاندا ڕوو دەدات تەنانەت پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیش چارەسەری دۆخەکە ناکەن و هیچ پێشکەوتنێکی بە ئاڕاستەی چارەسەر تێدا بەدی ناکرێت.

### چەککردن، چەکداماڵین Disarmament

ئەم زاراوەیە ئـامـاژە بە کرداری لابردن یـان تێکشـــکـانـدنی چەکە دروســـتکراوەکان دەکات. کە زۆر جار کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوا لە وڵاتێک دەکات کە دەستبەرداری ئەو چەکە بێت کە هەیەتی بە تایبەتی لە بواری ئەتۆم و نەوەیـدا، ڕێکـاری تریش بۆ جێبەجێکردنی چەکـدانـان ئەنجام دەدرێت وەک و ئابلۆقە کە بەســەر ئەو لایەنەدا دەســەپێنرێت کە خاوەنی چەکەکەیە.

### چەمکی "ئۆراسیای گەورە" "The concept of "Greater Eurasia"

ئەم چەمکە ئاماژە بە دروســـتکردنی تۆڕێکی ناوچەی بازرگانی ئازاد و بازرگانی نێوان کوتلە و هاوبەشـــی ئابووری و هاوچەشـــنی پرۆســـەی یەکخستنی هەرێمایەتی لە سـەرتاسـەری کیشـوەری ئۆراسـیا دەکات. لە ئێســتادا گرنگترین پێکهاتەی جەوهەری پرۆســەی پێکهێنانی "ئۆراســیای گەورە" پرۆســـەی یەکگرتنی ئابوورییە لە چوارچێوەی یەکێتی ئابووری ئۆراســیا و ڕێگای ئاوریشــم. "ئۆراســیای گەورە" چەمکی ســیســتەمێکی کیشـوەری پەیوەندی نێوان وڵاتەکانە لە ئۆراسـیا، لەسـەر بنەمای متمانە و ئارەزوویەکی جیهانی بۆ ئاسایش. بە "جووڵانەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی نوێی جیۆســتراتیژی. لە پێناســەی ئۆراســیای گەورە دەکرێت بگوترێت گەشـــەپێدان، هاوکاری، ئاشـــتی و ئاســـایشـــە بۆ زاڵبوون بەســـەر ئەو دابەشکاریانەی کە لە جەنگی ساردەوە ماون. چەمکی "ئۆراسیای گەورە" بریتییە لە دروســـتکردنی کۆمەڵگەیەکی ئابووری و بازرگانی تاک لە ناو

کیشوەری ئۆراسیا، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەرژەوەندیەکانی بۆ باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، هەروەها بۆ دوورگەکانی زەریای هێمن، تا ئەندۆنیسیا و ئوستراليا.

پرۆژەی ئۆراسیای گەورە هەر دوو کیشوەری ئەورووپا و ئاسیا و بەشێک لە کیشوەری ئەفریقا لە خۆ دەگرێت. بەپێی پۆلێنکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئۆراسیای گەورە (٤٨) وڵاتی ئەورووپا و (٥٠) وڵات لە ئاسیا و (٧) وڵاتی باکووری ئەفریقا لە خۆ دەگرێت. لە سەرەتای سەدەی (٢١) لە وڵاتانی ئۆراسیای گەورەدا نزیکەی لە دە بەش نۆ بەش لە وزەی جیهان بەرهەم دەهێنن.

### جینۆساید ، کۆمەڵکوژی، لەناوبردن و پاکتاوکردن Genocide

بە لەناوبردنی کۆمەڵێک خەڵک یان دەستەیەک دەگوترێت کە لە لایەن وڵاتێک یان پارتێکی دەسەڵاتدارەوە لە ناو برابن یان هەوڵی کوشتنیان درابێت. دەشێت کۆمەڵکوژی هۆکاری ئایینی، نەتەوەیی، ڕامیاری، یان بیری ڕەگەزپەرستانەی لە پشتەوە بێت. وەک لە ناوبردنی ئەرمەنییەکان لە لایەن ئیمپراتۆری عوسمانییەوە، یاخود کیمیاوی بارانی هەڵەبجە یان ئەنفالی گەرمیان و بارزان لە لایەن ڕژێمی بەعسی عیراقییەوە. کرداری جینۆساید، بە تاوانێکی نێودەوڵەتی ناسراوە، لە ساڵی١٩٤٨دا، نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسی بۆ داناوە و لەسەری ڕێککەوتوون.

جۆرەکانی جینۆساید:

-جینۆسایدی جەستەیی: بریتییە لە کوشتن و لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ وەک: گوللەبارانکردن،

زیندەبەچاڵکردن، شـــوێن بزرکردن، لەســـێدارەدان، بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ بۆ نموونە: کیمیـابـارانکردنی هەڵەبجە و گونـد و لادێکـانی کوردســـتان لە لایەن ڕژێمی عێراق و بەکارهێنانی چەکی فســـفۆری و ژەهراوی دژ بە گەلی کورد، زینـدەبەچـاڵکردنی ئەنفـالکراوەکـان لە بیـابـانەکـانی ڕۆژئـاوای عیراق. کوشـــتن و لەنـاوبردنی گەنجە کوردە فەیلییەکان، بۆردوومانکردنی شـــاری قەڵادزێ بە بۆمبی ناپاڵم، ئەمانە دیارترین جۆری پاکتاوکردنی جەستەیین دژ بە گەلی کورد لە عێراق.

-جینۆسایدی بایەلۆژی: ئەم جۆرەیان بریتییە لە ڕێگرتن لە وەچە نانەوە و زۆربوون و گەشـــەســـەندنی کۆمەڵە مرۆڤێکی یەک ڕەگەز بە هۆی نەزۆککردن و لە بـاربردنی ئـافرەت و خەســـانـدنی پیـاوان و لێـک جیاکردنەوەی ژن و پیاو بۆ ماوەیەکی درێژ. ئەم تاوانە لە شـــاڵاوەکانی ئەنفال لە ســـاڵی (١٩٨٨) لە کوردســـتان پەیڕەوکران، بە تایبەتی لە مەڵبەنـدەکـانی کۆکردنەوەی ئەنفـال کراوەکـان لە کـاتی جیـاکردنەوەی پیاوەکان لە ژنەکان.

-جینۆســـایدی کولتووری: قەدەغەکردنی زمانی زگماک و شـــێواندنی مێژوو و کولتووری کۆمەڵە مرۆڤێـک و ســـڕینەوەی شـــوێنەواری شـارســتانی و مێژوویی دەگرێتەوە. لە وێرانکردن و شـێواندنی شـوێنە دێرینەکان، کە پاشـــماوەی کۆن و نوێی دانیشـــتووانی ناوچەکەن، وەک ڕووخـاندنی مزگەوت و کڵێســـا و قەڵا دێرینەکـان و پەیکەرەکـان، کە ناســنامەی مێژوویی دانیشــتووانی ناوچەکەن. لە لایەن زۆربەی نەتەوە باڵا دەســتەکانەوە هەوڵی بێوچان دەدرێت بۆ پشــتگیری دەســەڵاتەکانیان لە پاکتاوکردنی ڕەگەزیی و نەتەوەیی، بۆ تواندنەوەی زمان و ڕۆشنبیری

و مـێژوویـی ئەو نەتەوانەی کە لەنـاو نەتەوە زۆرینەکـان دەژین. جینۆسایدی کولتووری لە زۆر شوێنی جیهاندا پەیڕەو دەکرێت، وەک لە تورکیـا، ئێران، عیراق و ســووریـا دەر حەق بە گەلی کورد، وە لە باکووری ئەفریقا دژ بە دەما زیخەکان، لە ســوودان دژ بە دانیشــتوانی دارفۆر، ومیانمار دژ بە موسڵمانەکانی ئەو وڵاتە دەکرێت...هتد.

-جینۆســایدی ئابووری: بریتییە لە برســیکردنی دانیشــتووان لە ڕێگای تەختکردنی کێڵگە کشــتوکاڵییەکان و لەناوبردنی ســەرچاوە ئاوییەکان و ڕێگـا گرتن لە کـارکردن بۆ بژێوی ژیـان و لەنـاوبردنی هۆکـارەکـانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵە خەڵکێک. ئەم جۆرەیان وەک و جۆرەکانی تر زۆر بە ئاشــکرا و ڕوون لە کوردســتان بەرچاو دەکەوێت. زیاتر لە (٤٥٠٠) چوار هەزار و پێنج ســەد گوندی کوردســتان لەگەڵ زەوی تەخت کران. شــەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردســتان جینۆســایدێکی ڕێکخســتن و جەمسەرگیرییە.

# ح

**حەسانەوە، ئارامبوونەوە** **Détente**

زاراوەیەکی فەرەنسییە کە لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا بەکاردێت. واتا کەمکردنەوەی پەیوەندییە توندەکانی نێوان دوو لایەنی ناڕازی. لە جەنگی سارددا زۆر بە فراوانی بە کار دەهات بۆ ئاماژەدان بە هەڵگەڕانەوەی پەیوەندی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت. ئارامبوونەوە ئامرازێکی سیاسی بوو و شێوازێک بوو بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان لە ماوەی جەنگی سارددا و چەندین دانوستان و پەیمانی گرنگی لێکەوتەوە، لەوانە گفتوگۆی سنووردارکردنی چەکی ستراتیژی (خوێ) و ڕێککەوتنی هێلسنکی. ئەم ڕێککەوتنانە بووە هۆی کەمکردنەوەی چەک لەلایەن هەر دوو لاوە.

# خ

## خاچی سوور Red Cross

ڕێکخراوێکە هاوکاری مرۆی ئەو کەســـانە دەکات کە بەهۆی ناکۆکی و توندوتیژی چەکدارییەوە لە ســەرتاســەری جیهاندا زیانیان بەرکەوتووە. خاچی ســـوور لە جنێڤی ســـویســـرا لە ســـاڵی(١٨٦٣)دامەزراوە و ڕێکخراوێکی ســـەربەخۆ و بێلایەنە. بە زۆری داهـاتەکەی لە ڕێگەی بەخشـــینی خۆبەخشـــانەوە دابین دەکرێت. ڕاســپاردەی نێودەوڵەتی بۆ خاچی سوور لە پەیماننامەی جنێڤی ساڵی(١٩٤٩) وەرگیراوە کە لەلایەن هەموو دەوڵەتەکانی جیهانەوەڕەزامەندی لەسەر دراوە.

## خزمەتگوزاری کۆنسوڵی Consular Service

بریتییە لە خزمەتگوزارییە مەدەنییەکـانی دەوڵەت، کە لە یـاســـــا ســـەرەکییەکاندا (دەســـتوور، یاســـاکان) ڕێک دەخرێت. خزمەتگوزاری کۆنســـــوڵی وەک دامەزراوەی پەیوەنـدییە دەرەکییەکـانی دەوڵەت کـار دەکـات، بۆیە تـایبەتمەنـدی هەیە هەتـا خزمەتگوزاری دیپلۆمـاســـــی لە جۆرەکـانی خزمەتگوزاری مەدەنی جیـا بکـاتەوە. بە واتــایەکی تر خزمەتێکی پرۆفیشـــناڵە لە پۆســـتە خزمەتگوزارییەکان، بۆ دڵنیابوون لە دەســـەڵاتەکانی دەوڵەت لە بواری پەیوەنـدییە دەرەکییەکانـدا. چالاکی کۆنســـــوڵی بە چوارچێوەیەکی دوو لایەنی ڕێکخەری دیاریکراوە. کە لە بەڵگەنامە یاســـاییە نێودەوڵەتییەکان (پەیماننامەکان، ڕێککەوتننامەکان) و بنەمـاکـانی یـاســــــادانـانی نـاوخۆ پێکهـاتووە. دۆکیۆمێنتی نێودەوڵەتی

سەرەکی پەیماننامەی ڤیەننای ساڵی (١٩٦٣) بۆ پەیوەندییە کۆنسوڵییەکانە کە سەرچاوەی بنەڕەتی یاسای کۆنسوڵییە.

**خزمەتگوزاری دیپلۆماسی بازرگانی**

**Commercial Diplomatic Service**

ئەم خزمەتگوزارییە تایبەتە بە بازرگانی لە دەرەوەی وڵات، کە پاشکۆی بازرگانی نێردە دیپلۆماسییەکانە دەگرێتەوە. ئامانجی گەشەسەندنی بازرگانی وڵاتەکە و ڕاوێژکردنە لە بواری بازرگان هەروەها ئاسانکاریکردنە بۆ ئەو بازرگانانەی وڵاتی میوان کە بەنیازن لە وڵاتەکەیان بازرگانی ئەنجام بدەن و بە پێچەوانەشەوە بۆ ئەو بازرگانانەی وڵاتەکەی خۆیان کە بە نیازن لە وڵاتە میوانداەرەکەدا بازرگانی ئەنجام بدەن. پلەکانی خزمەتگوزاری بازرگانی لە باڵیۆزخانەکان بەم شێوەیە: ڕاوێژکاری بازرگانی، پاشکۆی بازرگانی و سکرتێری بازرگانی.

**خزمەتگوزاری دیپلۆماسی سەربازی Military Diplomatic Service**

جێبەجێکردنی پرۆفیشنالانەی ئامانج و کارەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتە، لە ڕێگەی هێزە سەربازییەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتی بەرگری وڵاتان یاخود هاوپێچی سەربازی، دەریای و ئاسمانی لە باڵیۆزخانەکانی وڵاتان کە لە دەرەوەی وڵات. یاخود لە ڕێگەی ئەو ئەرکە سەربازیی و دیپلۆماسییانەی وڵاتان کە بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەیگێڕن. وەک، ناتۆ و ئەنجوومەنی ئاسایش و هاوکاری سەربازی

لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیماندا. خزمەتی سەربازی و دیپلۆماسی بواری تایبەتی بەڕێوەبردنی سەربازییە لە بواری دەستەبەرکردنی سەروەری و ئاسایشی نێودەوڵەتی وڵاتان.

### خزمەتکردنی بیانی Foreign Service

خزمەتی دیپلۆماسییە لەژێر چەتری وەزارەتی دەرەوە، ئەفسەرانی خزمەتگوزاریی بیانی خزمەت دەکەن بە دارِشتنی و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە و یارمەتیدانی هاوڵاتیانیوڵاتەکەیان لە دەرەوەی وڵات.

### خێزانی بریکارە دیپلۆماسییەکان Family of a Diplomatic Agent

- سەرۆکی ئەرکەکە ئەو کەسەیە کە لەلایەن دەوڵەتی نێردەوە بۆ ئەرکی نوێنەرایەتی کردن لە وڵاتێکی بیانی دەستنیشانکراوە.

ئەندامانی ئەرکەکە" سەرۆکی ئەرکەکە و ئەندامانی دەستەی ئەرکەکەن.

- ئەندامانی دەستەی ئەرکەکە" ئەندامی دەستەی دیپلۆماسی و دەستەی کارگێڕی و تەکنیکی و ستافی خزمەتی ئەرکەکەن.
- "ئەندامانی دەستەی دیپلۆماسی " ئەندامی دەستەی ئەرکەکەن کە پلەی دیپلۆماسییان هەیە.
- "ریکارێکی دیپلۆماسی" سەرۆکی ئەرکەکە یان ئەندامی دەستەی دیپلۆماسی ئەرکەکەیە.

- ئەندامانی دەســتەی کارگێڕی و تەکنیکی" ئەندامانی دەســتەی ئەرکەکەن کە لە خزمەتی کارگێڕی و تەکنیکی ئەرکەکەدا دامەزراون.
- ئەندامانی دەســــتەی خزمەتکارەکان" ئەندامی دەســــتەی ئەرکەکەن لە خزمەتی ناوخۆی ئەرکەکەدا.
- خزمەتکـاریکی تـایبەت کەســـێکە کە لە خزمەتی نـاوخۆی ئەنـدامی ئەرکەکەدا بێت و فەرمانبەری دەوڵەتی نێردراو نەبێت.
- شــوێنی ئەرکەکە بریتییە لە بینا یان بەشــێک لە بیناکان و خانووبەرە و زەوییەکانی ئەوێ، بێ گوێدان بە خاوەنداری کردن، کە بۆ مەبەســـتی ئەرکەکە بەکار دەهێنرێت، لەوانەش شــوێنی نیشــتەجێبوونی ســەرۆکی ئەرکەکە.

**خۆبەڕێوەبەریی ستراتیژی لە سیاسەتی جیهانیدا**

**Strategic Autonomy in World Politics**

ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار لەلایەن دیپلۆمـاتێکی هینـدییەوە بەکار هێنرا، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر سەربەخۆیی سیاسەتی دەرەوەی هیندستان و وڵاتـانی دیکە و گەلانی ئـازادکراو لە داگیرکەری. داوای بێ لایەنی دوور بوون لە ژێر ســـێبەری دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان دەکات. بەو ئامانجەی کە سیاسـەتی دەرەوە و بەرژەوەندی وڵاتان پێویستە لەلایەن خودی وڵاتەکانەوە دیاری بکرێن و بە ڕاسپاردەی هیچ وڵاتێک پەیوەندی دیپلۆماسی و ئابووری و سیاسی لەگەڵ هیچ وڵاتێک دروست نەکەن و نەپچڕێن.

**خستنەسەر، داگیرکردن، دانەدەم، پاشکۆکردن** Annexation

ئەم زاراوەیە لە برگەی Nexus ی لاتینییەوە وەرگیراوە کە بە مانای پێکەوەبەستن دێت، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە بە مانای خستنە پاڵی هەرێمێک یان ناوچەیەک بۆ سەر قەوارەیەکی سیاسیی خاوەن جوگرافیا دێت. لەباری ئاساییدا هەمیشە ناوچەی لاواز و خاوەن دانیشتووانی کەم دەخرێتە سەر لایەنی بەهێز، یان دەوڵەتێک خاکێکی بیانی داگیر دەکات و دەیخاتە سەر قەڵەمڕەوی و دەسەڵاتی دادوەریی خۆی. لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا داگیرکردنی بە زۆری خاکی دەوڵەتێک لەلایەن دەوڵەتێکی ترەوە و بە گشتی بە کردەوەیەکی نایاسایی دادەنرێت .سروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕێگا بە بەکارهێنانی هەڕەشە یان بەکارهێنانی هێز دژی خاکی وڵاتێکی تر بە مەبەستی داگیرکردنی نادات و لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ناگونجێت. چونکە بەکارهێنانی هێز دژی یەک پارچەیی خاک یان سەربەخۆیی سیاسی کارێکی نایاساییە. تێکەڵکردنی خاکی وڵاتێکی تر لەگەڵ وڵاتی بەهێزدا ئێستا لە ئاستی جیهانیدا بە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت.

پێویستە پاشکۆ کردن و خستنە سەر جیا بکرێتەوە لە دەستکەوتنی خاکێکی بێگانە بە ڕەزامەندیی دەوڵەتی پەیوەندیدار هەروەها جیا بکرێتەوە لەو خستنەسەرەی کە هەندێک جار بە پاشکۆی ئاشتی ناو دەبرێت.

هەندێک حاڵەتی خستنەسەر لە پاش جەنگی دووەمی جیهانەوە بەسەر هەندێک ناوچەدا هات، لەوانە خستنەسەری ئۆگەندا لەلایەن ئەسیوپیاوە لە

سـاڵی (١٩٤٥) ، هەرێمی تبت لەلایەن چین-ەوە لە سـەرەتای (١٩٥٠) دا، هەروەها تەیموری ڕۆژهەڵات لەلایەن ئەندۆنیسیا لە (١٩٧٥).

### خۆبەدەستەوەدان Surrender

I. ڕەتکردنەوەی بەرهەڵستییە لە لایەن وڵاتێکەوە کە بەشێکە لە کێشەیەک، خۆبەدەستەوەدان بە دوژمن لەسەر مەرجەکانی خۆی.

II. جۆرێکی تایبەت بە گرێبەسـت کە تێیدا چەند ئیمتیازاتێکی یەکێک لە دەوڵەتەکان بەرامبەر بە دەوڵەتێکی تر جێگیر دەکرێت.

### خۆبەڕێوەبەردن Self- Govemance

ئەم چەمـکە بـۆ پیشـاندانی توانـای کەسـێک یـان گـرووپێکە بـۆ ئەنجامـدانی هەمـوو کـردارە پێویسـتەکانی خۆیـان بەبـێ دەسـتتێوەردان لەلایەن دەسـەڵاتێکی دەرەکیـیەوە. خۆبەڕێـوەبردن لە نـزیکەوە پەیوەنـدی بە چەمـکە فەلسـەفی و کـۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکـانەوە هەیە وەک ئۆتۆنـۆمی، سـەربەخۆیی، خۆبەڕێـوەبردن، دیسـپلین و سـەروەری. لە چوارچێـوەی دەوڵەتـدا خۆبەڕێـوەبەری بە سـەروەری نەتەوەیـی ناودەبرێـت، کە لە یاسـا نێودەوڵەتییەکانـدا چەمکێکـی گـرنگە. خۆبەڕێـوەبردن پەیوەنـدی بە چوارچێـوەی سیاسیشـەوە هەیە کە تێیـدا دانیشـتووان دەیانەوێـت ڕزگـار بـبن لە حـوکمی داگیـرکەری و حکـومەتی ڕەهـا و پاشـایەتی

ڕەهــا یــان هەر حکومەتێــک کە هەســتی پــێ دەکەن نوێنەرایەتییــان ناکات

.

**خیانەت، ناپاکی** **Betra**

بریتییە لە شــــکاندن یان پێشــــێلکردنی گرێبەســــتێکی گریمانەیی یان لەدەســــتدان متمانە، کە ناکۆکی ئەخلاقی و دەروونی لەناو پەیوەندی نێوان تاکەکاندا یان وڵاتان یان لەنێوان ڕێکخراوەکان دروســــت دەکات. زۆر جار خیانەتی کرداری پشــــتگیریکردنی گرووپێکی ڕکابەرە. وڵاتێک یان کەســێکی دیپلۆمات کە خیانەتی لە لایەنەکانی تر بکات بە گشــتی بە خیانەتکار ناو دەبرێت. خیانەتیش ڕەگەزێکی ئەدەبی بەکار هێنراوە.

# د

**دامەزراندنی پەیوەندی دیپلۆماسی**

## Establishing Diplomatic Relations

بە شـێوەیەکی گشـتی سـەرۆکی دەوڵەت یان پاشـا مافی نوێنەرایەتی دیپلۆماسـییان هەیە، واتا دەوڵەت مافی ناردنی نێردەی هەمیشـەی بۆ وڵاتانی تر هەیە. ئەو دەوڵەتانەی مافی بەستنی پەیوەندی دیپلۆماسییان هەیە چەند جۆرێکن وەک:

- ئەو دەوڵەتانەی سـەربەخۆن و خاوەن سـەروەری تەواون، و مافی ئەوەیان هەیە کە نوێنەری هەمیشـەی بۆ ئەو دەوڵەتانە ڕەوانە بکەن کە بەرژەوەندی هاوبەشـییان پێکەوە هەیە. لەم نێوەندەدا نەریتی مامەڵەی هـاوبەش پەیڕەو دەکرێـت، واتە ئەو دەوڵەتەی کە نوێنەر ڕەوانەی دەوڵەتێکی دیکە دەکات لە هەمان کاتدا نوێنەری دەوڵەتەکەش قبووڵ دەکات.
- ئەو دەوڵەتانەی کە دەوڵەتێکی پاشـکەوتوون یان خاوەن سـەربەخۆی تەواو نین، یاسـا و ڕێسـاکانی نوێنەرایەتی لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە بۆ دیاری دەکرێت کە دەیپارێزێت و لە سـنوورێکی دیاریکراودا ئەو مافەی پێ دەدات. بۆ نموونە، وڵاتی بەحرەین لە ڕابردوودا تەنیا مافی ئەوەی هەبوو کە نوێنەری وڵاتـان قبووڵ بکـات و نەیـدەتوانی نوێنەر بنێرێتە دەرەوە، بەریتانیا کاروبارەکانی دەرەوەی بۆ ڕایدەکرد.
- دەوڵەتە فیدراڵییەکان یان نیمچە فیدراڵییەکان، حکومەتە ناوخۆیەکدان لە مافی نوێنەرایەتی خۆیان لە دەرەوە خۆشـدەبن و حکومەتی فیدڕاڵ لەبری ئەوان ئەرکی نوێنەرایەتی دەگرێتە ئەستۆ. بەڵام هەرچی دەوڵەتی

کۆنفیدراڵییە لە مافی نوێنەرایەتی خۆیان خۆش نابن و ڕێگە نادەن کە دەوڵەتە فیدراڵەکە نوێنەرایەتییان بکات.

- دەوڵەتی دۆمنیۆن، ئەو دەوڵەتانەن کە لە بنەڕەتدا داگیر کرابوون بەڵام وردە وردە بەرەو ســـەربەخۆی هەنگاو دەنێن، ئەم دەوڵەتانە لە یەک کاتدا پەیوەندییان بە دەوڵەتی داگیرکەرەوە و دەوڵەتانی ترەوە هەیە. بۆ نموونە، دەوڵەتی کەنەدا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەســـتی بە ناردن و پێشوازی لە نوێنەرەکان کرد، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و فەڕەنسا و چەند دەوڵەتێکی دیکە بەست.
- پاپا مافی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی هەیە، دەوڵەتی ڤاتیکان پێی دەگوترێت شـیاوی دەوڵەت بوون چونکە بنەماکانی دەوڵەتی تێدا نییە، بەڵام بەهۆی پێگەی پاپاوە مافی ئاڵوگۆڕی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی هەیە.

### دامەزراندنی پۆستێکی کۆنسوڵخانە

### Establishment of a Consular Post

I. ناکرێت نێردراوی کۆنسـوڵخانە لەســەر خاکی هیچ وڵاتێکی بۆ نێردراو بە بێ ڕەزامەندی ئەو وڵاتە دابمەزرێت.

II. بارەگای نێردراوە کۆنسـوڵخانەیەکە و پلەکەی و بازنەی پسـپۆرییەکەی لەلایەن ئەو وڵاتەوە دەینێرێت دەسـتنیشـان دەکرێت لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەو وڵاتەی بۆی دەنێردرێت.

III. ئەو وڵاتەی کە کە شـــــاندەکە دەنێرێت بۆی نییە هیچ هەموارکردنێکی پاشـینە بکات لە بارەگا یان پایەی پسـپۆڕی نێردراوە کۆنسـوڵگەرییەکە تەنیا بە ڕەزامەندی ئەو وڵاتە نەبێت کە شاندەکەی بۆ نێردراوە.

IV. پێویسـتە ڕەزامەندی ئەو وڵاتەی کە شـاندە کۆنسـوڵیەکەی بۆ نێردراوە وەربگرێت، ئەگەر کۆنسوڵخانە گشتی ویستی لە ناوچەیەکی تری وڵاتی میواندار کۆنسوڵخانە یان بریکاری کۆنسوڵی بکاتەوە.

V. پێویســـتە ڕەزامەندی ڕوون و ئاشـــکرای پێشـــوەخت وەربگیرێت لەو وڵاتەی کە شـــاندە کۆنســـوڵخانەیەکی بۆ دەنێردرێت بۆ کردنەوەی نووسینگەیەکی سەر بە کۆنسوڵخانەکە بەڵام لە دەرەوەی بارەگاکەی.

**دانپێدانان، پشتڕاستکردنەوە، قبووڵکردن** **Acknowledge**

ئەم زاراوەیە لە دیپلۆماســـییەتدا بۆ ڕاگەیاندن یان دانان بە پارێزبەندی دیپلۆماتکارەکاندا بەکاردێت. کە لە ڕێککەوتننامەکانی ڤیەننای (١٩٦١ و ١٩٦٣) دیاری کراوە، هەندێک وڵات ڕەتی دەکاتەوە دان بە پارێزبەندی دیپلۆماتەکاندا بنێت. بۆ نموونە، ناپلیۆن ڕەتی کردەوە دان بە پارێزبەندی دیپلۆمـاتەکـانـدا بنێـت و چەنـد دیپلۆمـاتکـارێکی بەریتـانی بە تۆمەتی پیلانگێڕی دژ بە وڵاتەکەی زیندانی کرد.

## دەستبەکاربوونی نێردە دیپلۆماسییەکان بۆ کاری کۆنسوڵخانەکان

## Exercise of Consular Functions by Diplomatic Missions

- نێردە دیپلۆماسییەکان دەتوانن کاری کۆنسوڵخانەکان ئەنجامبدەن لەو سنوورەی کە یاساکان ڕێگای پێدەدەن.
- ناوەکانی ئەندامانی نێردەی دیپلۆماسی ئەوانەی کە دامەزراون وەکو کارمەندی کۆنسوڵخانە بە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی میواندار دەناسێنرێن
- لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانی کۆنسوڵخانەدا نێدراوە دیپلۆماسییەکە بۆی هەیە کە پەیوەندی بە دەسەڵاتە خۆجێییەکان لە بازنەی پسپۆڕی کۆنسوڵخانەدا بکات.

## دانوستان یان گفتوگۆ دیپلۆماسییەکان Diplomatic Negotiations

ئەم دەستەواژەیە گوزارشت دەکات لە گفتوگۆی فەرمیی لەلایەن نوێنەرانی دەوڵەتانەوە، بۆ باسکردنی بابەتی سیاسی، ئابووری و کێشەکانی تری پەیوەندییە دوو لایەنە و هەمەلایەنەکان، بە ئامانجی ڕێکخستنی ستراتیژی سیاسەتی دەرەوە، کاری دیپلۆماسی پەیوەندیدار و ئاڵوگۆڕی بیرورا.

دانوستانە دیپلۆماسییەکان ئامرازی سەرەکی یەکلاکردنەوەی ئاشتییانەی ناکۆکی نێوان دەوڵەتەکانە، کە یەکێکە لە باوترین شێوازی یاسای نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدان و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتەکان. ئاستی بەشداربووان لە دانوستانە دیپلۆماسییەکاندا دیاریکراوە، ئەوانیش پێک دێن لە سەرۆکی دەوڵەت، سەرۆکی حکومەت

و وەزیرانی دەرەوە و باڵیۆزەکان کە مافی ئەوەیان هەیە دانوســـتانی دیپلۆماســی ئەنجام بدەن و پەیمانە نێودەوڵەتییەکان بە پێی دەســەڵاتی تایبەت واژۆ بکەن. لەم جۆرە دانیشتنانەدا هەموو هەنگاوێک بە شێوازی پرۆتۆکۆڵی تۆمار دەکرێت و بە دۆکیۆمێنت دەکرێت و ڕێککەوتننامەی زارەکی گرنگی پێ نادرێت.

**دانوستانە نێودەوڵەتییەکان** **International Negotiations**

یەکێکە لە کاریگەرترین شێوازەکانی پەیوەندی لە یاسای نێودەوڵەتی، بۆ ئالوگۆڕی بیروڕاکان لەســەر بابەتەکانی بەرژەوەندی هاوبەش و دامەزراندن و پاراســتن و گەشــەپێدانی هاوکاری لە بوارە جیاجیاکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

**دانانی هەمان کەس لەلایەن دوو یان زیاتر لە وڵاتەکان وەک ئەفســەری کونسوڵی**

**Appointment of the same person by two or more States as a consular officer**

دەکرێت دوو وڵات یان زیاتر یەک کەس دابنێن بە ســیفەتی ئەندامی کۆنســوڵخانە لەو وڵاتەی بۆی نێردراوە بە پێی مەرجەکانی ڕەزامەندی ئەو وڵاتە.

### دیپلۆماسی پیشەگەر Diplomat Professional

کەسێکە کە خۆی بۆ چالاکی دیپلۆماسی تەرخان کردووە و بە کۆمەڵێک ئاستی پلەبەندیی خزمەتی دیپلۆماسیدا تێپەڕیوە، هەتا گەیشتووە بە وەرگرتنی بەرزترین پۆستەکان. بەم شێوەیە دیپلۆماسی دەبێتە پیشە بۆی. دیپلۆماتکارە پیشەگەرەکان هەندێک جار بە دیپلۆماتکاری پیشە ناو دەبرێن. دیپلۆماتێکە کە کاری جێبەجێکردنی پەیوەندییە فەرمییەکانی وڵاتەکەی لە وڵاتانی دەرەوە بەڕێوە دەبات و پێویستە بەردەوام ڕاهێنانی تایبەت لەم بوارەدا وەربگرێت.

### دیپلۆمات یان دیپلۆماتکار Diplomat

کەسێکە کە لەلایەن دەوڵەتێک یان دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتییەوە دەستنیشان کراوە بۆ ئەنجامدانی کاری دیپلۆماسی لەگەڵ یەک یان زیاتر لە وڵاتێکی تر، ئەرکی سەرەکی دیپلۆماتەکان بریتین لە: نوێنەرایەتیکردن و پاراستنی بەرژەوەندی دەوڵەت و گەلەکەیان، دەست پێکردن و ئاسانکردنی ڕێککەوتنە ستراتیژییەکان؛ پەیماننامەکان و بەرزکردنەوەی زانیاری؛ بازرگانی و بازرگانی تەکنۆلۆژیا؛ و پەیوەندی دۆستانە دیپلۆماتکارانی لەگەڵ ناوەندی نێودەوڵەتی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا. دیپلۆماتکارەکان ئەندامی خزمەتگوزاری بیانی و دەستەی دیپلۆماسی گەلانی جۆراوجۆری جیهانن، پێویستە دەوڵەتی نێردە ڕەزامەندی دەوڵەتی وەرگر بۆ کەسێک کە پێشنیازی خزمەتکردن

کردووە لە پۆستە سەرەکییە دیپلۆماسییەکانی وەک باڵیۆز، وەربگرێت و پاشان بە سەرۆکی ئەرکەکە ناو دەبرێت.
دیپلۆماتەکان کۆنترین شێوەن لە هەر یەکێک لە دامەزراوەکانی سیاسەت و پەیوەندی نێودەوڵەتیدا کە نوێنەرایەتی دەوڵەتەکانیان دەکەن. ئەوان بە شـــێوەیەکی ئاســـایی پارێزبەندی دیپلۆماســـییان هەیە و لە گەشـــتە فەرمییەکانیاندا بە زۆری پاســـپۆرتی دیپلۆماســـی بەکار دەهێنن. دیپلۆماتەکان بەپێی پلە دوای باڵیۆز ئەم نازناوانەیان هەیە: ڕاوێژکار (پلە١، پلە٢ و پلە٣) ســـکرتێری یەکەم. ســـکرتێری دووەم و ســـکرتێری سێیەم و پاشکۆکان.

## دیپلۆماسی بازرگانی Commercial Diplomacy

جۆرێکی دیپلۆماســـییەتە کە جەخت لەســـەر پەرەپێدانی بازرگانی نێوان دوو وڵات دەکاتەوە. ئامانجی پتەوکردنی ســـێکتەرەکەیە، لە شـــێوەی بازرگانی و وەبەرهێنانی ناوخۆی و دەرەکی. لەڕێگەی بەرزکردنەوەی کـار و چـالاکی بـازرگـانی لە وڵاتـانی دەرەوەدا. وەک زاراوەیەک، دیپلۆماسی بازرگانی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدا بەڵام بە دڵنیـاییەوە چەمکەکە لە ســـەدەکـانی پێشـــوودا هەبووە. لە ئەدەبیـاتـدا زۆر جـار چەمکەکـانی دیپلۆمـاســـییەتی ئـابووری و دیپلۆماســـییەتی بازرگانی بە ئاڵوگۆڕ بەکار دەهێنرێت. پێناســـەکانی هەردوو چەمکەکە جیـاوازن و لە ئەنجـامـدا پەیوەنـدی نێوانیـان بە شـــێوەیەکی جیاواز باس دەکرێت. هەندێک لە نووســـەران باس لەوە

دەکەن کە دیپلۆماسییەتی بازرگانی ژێردەستەی دیپلۆماسی ئابوورییە لەگەڵ ئەوەشدا، کە هەر دوو جۆرە دیپلۆماسییەتەکە بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ پێکەوە بەستراون بەڵام بە ئاشکرا لە نزیکەوە پەیوەندی بە یەکترەوە هەیە.

**دانپێدانانی دیپلۆماسی** **Diplomatic Recognition**

ئەم کارە لە یاسای نێودەوڵەتیدا کارێکی سیاسی یەکلایەنەیە کەوڵاتێک کە دان بە کردەوە یان پێگەی وڵاتێکی تردا دەنێت. دانپێدانان دەتوانرێت ڕێک بخرێت لەسەر بنەمای دی فاکتۆ، دەتوانرێت لە شێوەی بەیاننامەیەک بێت تێیدا پشتیوانی وڵاتێک بکرێت و دان بەکارەکانیدا بنرێت، یان چوونە ناو پەیمانێکە لەگەڵ وڵاتێک یان ئەنجامدانی سەردانێکە لە ئاستی باڵا بۆ وڵاتێک. بەڵام بۆ بوون بە قەوارەیەکی فەرمی تەنیا وڵاتێک بەس نییە کە دان بە بوونی وڵاتێکدا بنێت بەڵکوو هەموو یان زۆرینەی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت دانی پێدا بنێن کە بە دەنگدان یەکلایی دەکرێتەوە. ڕەتکردنەوە و دانپێدانەنانی کردارە تایبەتەکانی دەوڵەتێک بە شێوەیەکی ئاسایی کار ناکاتە سەر دانپێدانانی خودی دەوڵەتەکە. بۆ نموونە ڕەتکردنەوەی نێودەوڵەتی داگیرکردنی ناوچەیەک لەلایەن دەوڵەتێکی ناسراوەوە مانای ڕەتکردنەوەی خودی دەوڵەتەکە نییە.

## دیپلۆماسی تویتەر یان تویپلۆماسی

## Twitter Diplomacy or Twiplomacy

فۆرمێکی دیجیتاڵی دیپلۆماسی گشتییە، کە لە لایەن دیپلۆماتکارانی پیشەیی، سیاسەتمەداران، کەسایەتییە گشتییەکان، وەزارەتەکانی دەرەوە و ڕێکخراوە حکومییەکان لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەرەوە جێبەجێ دەکرێت. ئەم جۆرە لە دیپلۆماسی بە پلاتفۆرمێک دادەنرێت کە ڕێگەت دەدات سەرنجی جەماوەرێکی بەرفراوان بۆ هەر ڕووداوێکی سیاسی ڕابکێشرێت. زۆربەی حکومەتەکانی دنیای پێشکەوتوو لە پلاتفۆرمی تویتەر سیاسەتی خۆیان دەخەنە ڕوو. لە لایەکی ترەوە بەشێکیش لە دەوڵەتەکان بە فەرمی ڕایان گەیاندووە کە لەسەر پلاتفۆرمی تویتەر هیچ بۆچوونێکی خۆیان دەرنابڕن. وەک دەوڵەتەکانی: لاوس، مۆریتانیا، نیکاراگوا، کۆریای باکوور، سوازیلەند (ئیسواتینی) و تورکمانستان. وڵاتی چین تا ئەم دوایە زۆر بە کەمی تویتەری بەکار دەهێنا بۆ گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونە سیاسییەکانی بەڵام لە ئێستادا تێبینی دەکرێت کە بوونی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاد دەکات.

**دیپلۆماسی دڵ نەرمکردن، سەرسامی Appeasement Diplomacy**

جەوهەری ئەم جۆرە لە دیپلۆماسییەت واتا ئامادەنەبوون بۆ زیادکردن یان ورووژاندنی ئەو ناکۆکیيانەی کە لەنێوان وڵاتاندا هەیە. زۆر جار نموونەی ئەم دیپلۆماسییە بە سیاسەتی بەریتانیا و فەڕەنسا ناو دەبرێت لە ئێوارەی جەنگی جیهانی دووەمدا کە هەوڵیان دا بەرەنگاری ئاواتە شەڕانگێزەکانی هیتلەر ببنەوە.

**دیپلۆماسی دوولایەن Bilateral Diplomacy**

جۆرێکە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان دوو وڵات. بەریەککەوتنەکانی دەوڵەتان دەکرێت لە ڕێگەی پەیوەندی دیپلۆماسیی ناوبەناو یان هەمیشەییەوە بن. کرداره دیپلۆماسییەکانی ئەمڕۆ دەرەنجامی جیهانگیری دیپلۆماسین، لەوانە شۆڕش لە تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندی. دیپلۆماسی دوو لایە نە فاکتەرێکی سەرەکی بنیاتنانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە و ناوەڕۆکی بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانە، هاوکارییەکە لەسەر بنەمای ڕەزامەندی لە نێو یاسای نێودەوڵەتیدایە. دیپلۆماسی دوو لایەنە جیاوازە لە دیپلۆماسی چەند لایەنە، لە بەشداری هاوبەشەکاندا نەک لە تەکنیکی ناوەڕۆکدا.

دامەزراندنی ئەم جۆرە دیپلۆماسییەتە ئەرکی سەرەکی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتان و باڵیۆزخانەکان و کونسوڵخانەکانە، کە لەنێوان

وڵاتـانی بیـانیـدا کـار دەکـات لەســــەر چەنـد لایەنێکی جۆراوجۆر بۆ بەرژەوەندی ئامانجی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی. یەکێکی تر لە ئەرکەکانی دۆزینـەوەی جـیـاوازیـیەکـانە و گـرتـنەبەری کـرداری خـێـرایە بـۆ کەمکردنەوەی کێشـەکان. دیپلۆماسـی دوو لایە نە گرنگە بۆ هەر وڵاتێک کە ڕاســـتەوخۆ لەگەڵ وڵاتانی تر پەیوەندی دەبەســـتێت، دەوڵەتەکان ئامانجی خۆیان بەهێز دەکەن هەروەها بناغەی دروستکردنی هاوپەیمانی بەرژەوەندییەکانە لە ناوەندی هەرێمایەتی و جیهانیدا.

**دیپلۆماسی دۆلار** **Dollar Diplomacy**

زاراوەیەک کە بەکاردێت بۆ دەسـتنیشـانکردنی سـیاسـەتی فراوانخوازی ئەمریکا، بە مەبەسـتی فشـار خسـتنە سـەر وڵاتانی تر بە بەکارهێنانی بەربڵاوی شـێوە جیاوازەکانی فشـاری ئابووری (سـزا ئابوورییەکان، بە کۆیلەکردنی قەرزەکان، ئابووری یارمەتی، کۆنترۆڵکردنی دارایی وڵاتێکی دیاریکراو. ئەم دەســـتەواژەیە بۆ یەکەم جار لە ســـاڵی (١٩١٢) لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا (دەبلیو تافتب) ەوە بەکارهاتووە، دیپلۆماسییەتی دۆلار سیاسەتێکە کە دۆلار دەبێت وەک چەکی کاریگەر هەڵسوکەوت بکات.

**دیپلۆماسی دیاسپۆرا** **Diaspora Diplomacy**

ئەم چەمکە هاوشـێوەی چەمکی دیپلۆماسـییەتی هاووڵاتییە، و ئاماژە بە کۆمەڵگەکانی دیاسـپۆرا دەکات کە لە وڵاتە پەیوەندارەکانیان کۆ دەبنەوە و بەدوای دروســـتکردنی پەیوەنـدی بەهێزتر لەگەڵ دانیشـــتووانە

سەرەكییەكانن. ئەم گرووپە ئەتنیكیانە هەروەها پابەندن بە گەشەسەندنی ئەرێنیی وڵاتانی خۆیان، ناسنامەی هاوبەشی خۆیان وەک هێزێكی ڕێكخراو بەكار دەهێنن و لۆبی حكومەتە دیاسپۆراكانی خۆیان دەكەن بۆ گرتنەبەری ئەو سیاسەت و كردارانەی كە لەبارترن بۆ هەلومەرجی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری لە نیشتمانەكانیاندا.

### دیپلۆماسی دیجیتاڵ Digital Diplomacy

فۆرمێكی نوێی دیپلۆماسی گشتییە، كە ئینتەرنێت و تەكنۆلۆژیای نوێی زانیاری و پەیوەندی بەكاردەهێنێت وەک ئامرازێک بۆ پتەوكردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەكان. جیاوازییە سەرەكییەكانی لەگەڵ دیپلۆماسی گشتی كلاسیكی ئەوەیە كە بە خێرای دەستی بە زانیارییەكان دەگات و بەریەككەوتن و كار لێكردنێكی زیاتر لە نێوان تاكەكان و ڕێكخراوەكان ڕوو دەدات. بۆ نموونە، ئەو ڕۆڵەی كە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و میدیای دیجیتاڵی لە بەهاری عەرەبیدا گێڕای بووە هۆی ئەوەی كە وای لە حكومەتەكانی جیهان كرد كە سەرنج بخەنە سەر ڕووداوەكان.

### دیپلۆماسی ڕەوشت، ئەخلاق Moral Diplomacy

ئەم چەمكە تەنیا پشتگیری ئەو وڵاتانە دەكات كە بیروباوەڕیان لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیدا لێكچووە و یەک دەگرنەوە، ئەمەش گەشەی ئایدیالەكانی نەتەوە بەرز دەكاتە. ئەم دەستەواژەیە لەلایەن (ودرۆ ویلسۆن) ەوە بەكارهاتووە بۆ پشتگیریكردنی لەو وڵاتانەی كە حكومەتی

دیموکراتیان هەیە و هانیان دەدات کە لە ڕووی ئابوورییەوە وڵاتانی نا دیموکرات بچەوسێننەوە. (ودرۆ ویلسۆن) پارێزەری ئەو بیرۆکەیە بوو کە دیموکراتی گرنگترین لایەنی نەتەوەیی سەقامگیر و سەرفرازە. هەروەها پێیوابوو کە ئەمریکا دەبێت ڕۆڵی پێشەنگانە ببینێت لە بەرزکردنەوەی دیموکراسی و ئاشتی لە سەرتاسەری جیهاندا. چەندین نەتەوە بەتایبەتی لە ئەمریکای لاتینی لەژێر کاریگەری ئیمپریالیزم بوون. ویڵسۆن بۆ ئەوەی گەشەی ئیمپریالیزم بوەستێنێت و دیموکراسی بڵاو بکاتەوە، بیرۆکەی دیپلۆماسییەتی ئەخلاقی داهێنا. دیپلۆماسییەتی ئەخلاقی ویلسۆن جێگای دیپلۆماسییەتی دۆلارەکەی (ولیام هۆوارد تافت) ی گرتەوە کە گرنگی پشتگیری ئابووری بۆ باشترکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان دوو نەتەوە پیشان دەدات. دیپلۆماسییەتی دۆلاری تافت لەسەر بنەمای پشتگیری ئابووری بوو، لە کاتێکدا دیپلۆماسییەتی ئەخلاقی ویڵسۆن لەسەر بنەمای هێزی ئابووری بوو.

## دیپلۆماسی فرەلایەن — Multilateral Diplomacy

ئەم جۆرە دیپلۆماسییەتە لە نێوان چەند نوێنەرێکی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی فەرمی لە کۆنفرانسەکاندا ئەنجام دەدرێت. دروستبوونی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکانە. لەم ناوەندەدا ئەرکی هەمیشەیی دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەشداربوونە لە خولی پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی نێوان وڵاتان. ئامانجی دیپلۆماسی

فرەلایەنە بۆ چارەسەرکردنی کێشـە بەپەلە جیهانییەکانە، ئەو کێشـانەی کە زیانی بۆ بەرژەوەندی ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتەکان هەیە.
لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لە ئەنجامی دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکـان، ڕێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکـان گرنگی دیپلۆماسی فرەلایەنە زیادی کردووە.
گەشـەکردنی دیپلۆماسـی فرەلایەنە پەیوەندی بە چڕبوونەوەی پەیوەندی نێوان وڵاتانەوە هەیە، ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە لە جیهاندا لە ئەنجامی جیهانگیریدا ڕوویان داوە بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ خێرابوونی شـۆڕشـی زانسـتی و تەکنۆلۆژیا. دیپلۆماسـییەتی فرەلایەنە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، بۆ نموونە، لە ڕێگەی گفتوگۆی گشـتییەوە ئەنجام دەدرێت، کۆبوونەوەکان بە زۆری بە ڕێکاری دامەزراوەی بەڕێوە دەبرێن هەروەها ئەو بڕیارانەی کە بەشـداربووەکان دەیدەن لە شـێوەی پەیمـاننـامە و پرۆتۆکۆڵە و بە شـێوازێکی فەرمی ئەنجـام دەدرێن. دیپلۆماسی فرەلایەنە ڕێگرێکی باشە لە هەڕەشەی جەنگی ناوکی.

## دیپلۆماسی فەرمی — Formal Diplomacy

دیـپـلـۆمـاسـی حـکـومەتە کە بە ڕێـگـای کەنـاڵە فەرمـی و نەریتییەکـان پەیوەنـدییەکـانی لەگەڵ حکومەتە بیـانییەکـان (بەڵگەنـامە نووسـراوەکان، کۆبوونەوەکان، لووتکە، سـەردانە دیپلۆماسـییەکان) ڕێک دەخات و ئەنجام دەدات. ئەم جۆرە دیپلۆماسییەتە لەلایەن دیپلۆماتکارانی

دەوڵەتێکەوە لەگەڵ دیپلۆماتکار و بەرپرسانی دەوڵەتێکی دیکە یان ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا بەڕێوە دەبرێت.

### دیپلۆماسی گشتی Public diplomacy

پێنج پێکهاتەی سەرەکی کاری دیپلۆماسیی گشتی بریتین لە:

I. گوێگرتن/ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ژینگەی دەرەکی بە ئامانج ئاڕاستەکردنی ستراتیژی دیپلۆماسی گشتی. شێوازەکان بریتین لە چاودێریکردنی میدیا، دەنگدان و بۆچوونی ڕای گشتی.

II. داکۆکیکردن/ گواستنەوە و گەیاندنی بیرۆکە و بەرژەوەندییەکان لە ڕێگەی پەیوەندییە ڕۆژنامەوانی باڵیۆزخانەکانەوە، بۆ ڕای گشتی بیانی.

III. دیپلۆماسییەتی کولتووری/ بەهێزکردنی سەرچاوە کولتوورییەکان لە دەرەوەی وڵات لە ڕێگەی گەشت و فراوانکردنی چالاکییەکان لە بواری کولتوور، هونەر و زمان.

IV. ئاڵوگۆڕی دیپلۆماسی/ سەردانی کردنی نێوان هاووڵاتییانی نەتەوە جیاوازەکان و میوانداریکردنی ڕۆژنامەنووسان کە دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی.

V. پەخشی نێودەوڵەتی - هەبوونی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی حکومەتەوە هەبێت بۆ دابینکردنی زانیاری بۆ ڕای گشتی بیانی. بۆ پێشەکی.

**دیپلۆماسی میللی** National Diplomacy

شێوەیەکی نوێی دیپلۆماسی هاوچەرخە و پێگەیەکی بەرز و بەهێزی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا وەرگرتووە، چونکە ڕاستەوخۆ لەگەڵ بۆچوونی گشتی تێکەڵ دەبێت، بەمەش کاریگەری قووڵ لە تێگەیشتنی سیاسی لای هاوولاتییان دروست دەکات. ئەوانەی بەم جۆرە دیپلۆماسییەتە هەڵدەستن بریتین لە وەفدەکانی خوێندکاران، کرێکاران، هونەرمەندان و وەرزشکاران. کە لە پێناو ناساندنی بیروڕای ڕاست و دروستی وڵاتەکەیان دوور لە گرتنە بەری ڕێگاکانی سیاسەت پەیڕەوی لێ دەکەن. ئامانجی ئەم جۆرە دیپلۆماسییە نزیکبوونەوەی نێوان چین و توێژەکانی گەلانی جیهانە. لەم جۆرە دیپلۆماسییەدا بە کەمی ڕەچاوی ئەتەکێت و یاساکانی پرۆتۆکۆل دەکرێت.

**دیپلۆماسی نافەرمی** Informal diplomacy

ئەم جۆرە لە دیپلۆماسییەت بریتییە لە دیپلۆماسی حکومەت بۆ خەڵک و پەیوەندی بەرپرسانی جێبەجێکار و ڕای گشتی. بەتایبەتی خاوەن بیر و بۆچوونەکان. لە وڵاتانی بیانیدا سیاسەتی دەرەوە و چوارچێوەی دیپلۆماسی گشتی نەتەوەیی تەنیا لەلایەن دیپلۆماتکارەکان ئەنجام نادرێت بەڵکوو بە بەرنامە و لەژێر چاودێرییەکی چڕدا بەشداری بە هاوولاتییان و ڕۆشنبیران دەکرێت.

**دیپلۆماسی نەوت** Oil Diplomacy

چەمکێکی چەسپاوە لە پراکتیکی نێودەوڵەتیدا، لە بەهێزبوونی دیپلۆماسییەتی نەوتدا سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت، سێکتەری ئابووری، وزەی دەرەکی و کۆمپانیاکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە نەوت توانی ببێتە هێزێکی کاریگەر لە پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان وڵاتان.

**دیپلۆماسی هاووڵاتی** Citizen Diplomacy

دەستەواژەکە یەکەم جار لە لایەن زانای ئەمریکی (دەیڤد هۆفمان) لە ساڵی (١٩٨١) دا ئاماژەی پێدراوە. ئەم بیرۆکەیە دەڵێت کە تێکڕای هاووڵاتییان مافیان هەیە یان تەنانەت بەرپرسیارێتییان هەیە بۆ بەرزکردنەوە، بەرەو پێشبردنی وڵاتەکەیان، بەم شێوازە بەشداری لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەیەکی جیهانی پێکەوە بەستراو دەکەن. دیپلۆماتکارانی هاووڵاتی خوێندکار، مامۆستا، هونەرمەند، پیشەگەر، وەرزشکار، گەشتیار و خۆبەخش لە خۆ دەگرێت. ئەم تاکانە لە توانایەکی نافەرمیدا تێ دەکۆشن و کاریگەرییان هەیە بۆ ئاسانکردنی لێکتێگەیشتنی کولتووری و دروستکردنی پردی نێوان خەڵک و کۆمەڵگەکانن.

## دیپلۆماسی هەڕەشە و زۆرەملێ Gunboat Diplomacy

ئەم جۆرە دیپلۆماسییەتە خولێکی سیاسی سەربازییە، بە بەکارهێنانی سیاسەتی پیشاندانی هێز و نمایشی تەکنۆلۆژیای سەربازی و بەکارهێنانی هێزی دەریایی کە کۆمەڵێک کەشتییەکی بچووکن بە چەکی تۆپخانەی زۆر بەهێزەوە نمایشیان پێ دەکرێت. ئەم جۆرە دیپلۆماسییەتە لە لایەن ئەمریکاوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە سەرکوتکردنی یاخیبوونی بۆکسێر لە وڵاتی چین بەکار هات و کۆنترۆڵی ژمارەیەک ڕووباری چینی کرد.

## دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان
## Diplomacy and International Relations

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵێک کاری هەمەجۆرن کە لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر ڕوو دەدەن، بۆیە پێویستە دەوڵەتان دەزگایەکی تایبەت بە نوێنەرایەتییان هەبێت، بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەکانی نێوانیان بکەن، تاکە ڕێگاش بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە پەیوەندی دیپلۆماسییە. واتە دیپلۆماسی ئەو ئامڕازەیە کە دەوڵەتەکان بە بەرژەوەندییەکانیان دەگەیەنێت. ئاشکرایە هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت بە دابراوی لە دەوڵەتەکانی دیکە بمێنێتەوە. بە تایبەتی لە سایەی شۆڕشی پەیوەندی زانیارییەکان و بڵاوبوونەوەی دیاردەی جیهانگیری، لەم ساڵانەی دوایدا پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان زۆر پەرەی سەندووە و

سـنوور و لەمپەری نێوانیان نەماوە هەر ڕووداوێک کە لە جیهاندا ڕوو دەدات کاریگەری لەسەر زۆربەی دەوڵەتەکان دەبێت.

**دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوە**

## Diplomacy and Foreign Policy

دیپلۆماسـی پەیوەندییەکی دانەبڕاوی لەگەڵ سـیاسـەتی دەرەوە هەیە، تەنیا ئامڕازی جێبەجێکردنی سیاسـەتی دەرەوە نییە بەڵکوو بەشـداریش دەبێت لە ئامادەکردن و ڕێکخسـتنی سـیاسـەتی دەرەوە و گەیشـتن بە ئامانجەکانی. هەندێک جار سـیاسـەتی دەرەوە و دیپلۆماسـی وەک یەک زانسـت سـەیر دەکرێن بە بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوانیاندا بکرێت، بۆ نموونە، (هانز مۆرگنشـاو) پێی وایە کە هەر دوو زانسـتەکە یەک شـتن، چونکە دیپلۆماسـی سیاسـەتی دەرەوە دادەڕێژێت و بە هاوبەشـی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە جێبەجێی دەکات. لە لایەکی ترەوە (نیکڵسـۆن) دەڵێت بێگومان دیپلۆماسـی و سـیاسـەتی دەرەوە دوو کاری جیاوازن. کەواتە سیاسەتی دەرەوە بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی گشتی وڵات پێکدەهێنێت، دیپلۆماسییەتی گرنگترین ئامڕازە کە سیاسەتی دەرەوەی پێ جێ بەجێ دەکرێت بۆ گەیشـتن بە ئامانجەکان بەڵام تاکە ئامڕاز نییە و چەندین ئامڕازی دیکە هەن، کە سـەرۆک و پاشـاکان لە سـیاسـەتی دەرەوەدا پەیڕەوی دەکەن.

## دیپلۆماسی و یاسا نێودەوڵەتییەکان

## Diplomacy and International law

ئامانج لە دانانی یاســای دیپلۆماســی ئەوەیە کە دەوڵەت کە پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکە دەبەستێت لەسـەر بنەمایەکی یاسـای ڕێکیان بخات، کە پێویســته لەســەر بنەمای یاســای نێودەوڵەتی و پەیماننامە و ڕێککەوتننامەکان بیت، یاسای دیپلۆماسی بەوە ناسراوە کە بەشــێکە لە یاســای گشــتی، کە گرنگی بە ڕێکخســتنی پەیوەندییەکانی دەوڵەتـان دەدات، هەروەهـا گرنگی بە چۆنیەتی ئیـدارەدانی کـاروبـاری دەوڵەتی و چۆنیەتی ڕاوێژکردن و دانوســتانی نێوانیان دەدات. مەیدانی جووڵە و یاســای دیپلۆماســی و یاســای نێودەوڵەتی یەک مەیدانە و هەردووکیان پەیوەستن بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە.

## دیپلۆماسی یارمەتیدان Help Diplomacy

ئەو جۆرە دیپلۆماسییە کە وڵاتانی باشوور بە کاری دەهێنن، کە بریتییە لە یـارمەتیـدانی وڵاتـانی جیهـانی ســێیەم کە ئـامـانج لێی کـاریگەری دروسـتکردنە لەسـەر ئەو وڵاتانە. ئەوەش لە ڕێگای بەخشـینی یارمەتی داراییەوە دەبێـت، بەمەش وا لەو وڵاتـانە دەکەن کە ڕێگـا لە بەردەم بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتانی باشووردا بکەنەوە.

**دیپلۆماسی ئاسایی** **Conventional Diplomacy**

ئەم دەستەواژەیە گوزارشتە لە دیپلۆماسییەتی دەوڵەت بۆ دەوڵەت، کە بە کەناڵە فەرمی و تەقلیدییەکانی پەیوەندیدا تێ دەپەڕێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ حکومەتە بیانییەکان. ئەم جۆرە دیپلۆماسییەتە لەلایەن دیپلۆماتکارانی یەک وڵاتەوە لەگەڵ دیپلۆماتکارەکان و بەرپرسانی دیکەی وڵاتێکی تر بە ڕێوە دەبرێت.

**دیپلۆماسی، هونەری دانوستان، چارەدۆز** **Diplomacy**

ئەم زاراوەیە داتاشراوە لە وشەی Diploma ی لاتینییەوە، کە بە واتای پەیماننامەی فەرمی دێت. دیپلۆماسی بریتییە لە ڕژێمێک یان هۆکارێکی پەیوەندی بۆ پەیوەست بوونی دوو وڵات یان زیاتر بەیەکەوە، بە پێکهێنانی ڕێککەوتننامەیەک یان پەیماننامەیەک لە نێوان خۆیاندا، کە هەریەکە لە دوو لایەنەکە بەگوێرەی ویست و سیاسەتی خۆیان گفتوگۆ دەکەن. دیپلۆماسی هونەر و پراکتیکی بەڕێوەچوونی دانوستان و پاراستنی پەیوەندییەکانی نێوان گەلانە، کارامەییە لە مامەڵەکردنی کاروبارەکان هەروەها ڕاهێنانی کارلێککردنە لە نێوان ئەکتەرە جیاوازەکاندا بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی ستراتیژی. دیپلۆماسی ئامرازی سەرەکی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە و حوکمڕانی جیهانە، کە نوێنەرایەتی بەدەستهێنانی ئامانج و ستراتیژییە فراوانەکان و ڕێنوێنی بەڕێوەچوونی پەیوەندییەکانی وڵاتێک لەگەڵ هەموو جیهاندا دەکات. پەیماننامە و هاوبەشییە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی دەر

ئەنجامی دانوستان و پرۆسەی دیپلۆماسین. پەیماننامەی ڤیەننا لە ساڵی (١٩٦١) بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، کە لەلایەن زۆربەی دەوڵەتە باڵادەستەکانی جیهانەوە پەسەند کراوە، چوارچێوەیەک بۆ ڕێکار و شێواز و ڕەفتاری دیپلۆماسی دیاری کردووە. گەلێک لە زانا و نوێنەرە دیپلۆماسییەکان پێیان وایە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ پێویست ناکات پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بۆ کاری هەواڵگری بەکار بهێنن بەهۆی پێشکەوتنی بوارەکانی پەیوەندی و تەکنۆلۆژیاوە.

## دیپلۆماسیی چێشت لێنان، ئامادەکردنی خوانی دیپلۆماسی Culinary Diplomacy

ئەم دەستەواژەیە گوزارشتە لە بەکارهێنانی خۆراک وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی تێگەیشتنێکی فەرهەنگی بە هیوای باشترکردنی پەیوەندی هاوکاری نێوان وڵاتان. دیپلۆماسییەتی چێشت لێنان دەکرێت دابەش بکرێت بەسەر، یەکەم: دیپلۆماسی گشتی لە ئاستی حکومەتدا ئەنجام دەدرێت، کاتێک لەلایەن سەرۆکی وڵاتێکەوە پێشوازی لە میوانە نێودەوڵەتییەکان دەکرێت خوانی تایبەتییان بۆ ئامادە دەکرێت. دووەم: دیپلۆماسییەتی تایبەتی چێشت لێنان کە ئاماژە بە شێوەکانی تری میواندارییکردن میوانە بیانییەکان دەکات. ئەم جۆرە لە ئامادەکردنی خوان و دەرفەتێک دەدات بە سەرکردەکان کە پێکەوە گفتوگۆی زیاتر بکەن. ئامادەکردنی خوانی ئاسایی وڵاتێک لەوانەیە زۆر بێ بایەخ دەربکەوێت، بەڵام کاریگەریە دیپلۆماسیەکان تایبەتە بۆ سیاسەتی جیهانی کاردانەوەیەکی ماناداری هەیە.

## دەرەنجامەکانی پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان

## The Consequences of the Breakdown of Diplomatic Relations

شـــــارەزایانی پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان کۆکن لەســـــەر ئەوەی کە پـاریزبەنـدیی نێردەی دیپلۆمـاســـــی، لەگەڵ کۆتـاییهـاتنی کـارە دیپلۆماســـــییەکان کۆتایی نایەت، بەڵکوو دوای ئەوەش بەردەوام دەبێت، بۆ ئەوەی کـاتی زیـاتریـان پێ بـدرێـت تـا کـاروبـاری نێردراوەکـان و گەڕانـدنەوەیـان بۆ وڵاتەکەی خۆیـان ڕێـک بخەن. لەگەڵ پێویســـــتیی ڕێکوپێکی لەسەر پچڕانی پەیوەندیی دیپلۆماسی و هەڵوێستی یاسایی بۆ داخستنی دەزگای دیپلۆماسـی و کشـانەوەی ئەندامەکانی. بەڵام دەوڵەتی میواندار، پابەند دەبێت بە پاراســتنی بارەگای نێردەکە و هەموو کەلوپەل و موڵک و بەڵگەنامەکان، هەروەها ئەندامەکانی نێردە دیپلۆماسی دەتوانن ســـــوود لەو پـاریزبەنـدییەی کە هەیـانە ببینن، تـا ئەو کـاتەی کەوا ڕێگەپێدراوە بۆیـان، لە دوای پچڕانی پەیوەنـدییە دیپلۆمـاســـــییەکـان و بەخشـینی هەموو ئاسـانکارییەکی پێویسـت پێیان، تا وڵاتی پێشـوازیکەر بەجێ بهێڵن. لە بڕیارەکانی ماددەی (٣٩) ی بڕگەی (٢) ی ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لە ساڵی (١٩٦١) دا هاتووە: پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماســییەکان نابێتە مایەی هەڵوەشــانەوەی پەیماننامەکان و ڕێککەوتنە دووقۆڵییە بەســـــتراوەکـان لە نێوان دوو دەوڵەتـدا، یـان ڕاگرتنی پەیوەندیی بازرگانی و ڕۆشـــــنبیری. لێرەدا ئەو دوو دەوڵەتەی کە پەیوەندیی نێوانیان پچڕاوە، دەتوانن لە ڕێگەی دەوڵەتی ســـــێیەمەوە چاودێریی بەرژەوەندییەکانیان بکەن.

### دیپلۆماسییەتی نامۆ Freak Diplomacy

جۆرێکی نوێی لە دیپلۆماسییە، واتا ڕووبەڕووبوونەوەی دیپلۆماسییەتی سروشتی، لەسەر بنەمای ئاڕاستەکردنی تۆمەتی ناڕاست و دژ بۆ بەرامبەر، ئەو تۆمەتانە هیچ بنەمایەکی بەڵگەییان نییە. هاوکات بنکەی ڕاستی ئەو تۆمەتانە لە ئارادا نییە، تۆمەتەکان لە چوارچێوەی دیپلۆماسییەتی ڕاشکاوانە دوورن و هەندێک جار بێ مانان، بەڵام سەرنجی ڕای گشتی پێ ڕادەکێشن.

### دیپلۆماسییەتی پێشگیرانە، ڕێگرانە Preventive Diplomacy

هەوڵی ڕێکخراوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتییە بە ئامانجی ڕێگرتن لە ناکۆکی چەکداری نێودەوڵەتی ئەنجام دەدرێت. هەوڵێکی دیپلۆماسییە بە ئامانجی ڕێگرتن لە کێشەکێشەکان و ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتەکان کە دەبنە کۆسپ لە بەردەم پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ئەم بیرۆکەیە بۆ یەکەم جار لەلایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانە (هامەرسکولد) لە (٥٠ و ٦٠) کانی سەدەی (٢٠) خرایە ڕوو، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە ناکۆکی نێوان ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی دابینکردنی یارمەتی ئابووری و هەوڵی ئاشتی پارێز. ئەگەر ناکۆکیی چەکداری نێوان دوو دەوڵەت پەراوێز بخرێت لەوانەیە ببێتە هۆی زیاتربوونی ناکۆکییەکان و ڕاکێشانی دەوڵەتانی تر بۆ ناو شەڕەکە و دواتر کۆنترۆڵکردنی لە دەست دەردەچێت.

### دیپلۆماسییەتی تۆڕ Network Diplomacy

دیاردەیەکی تا ڕادەیەک نوێیە لە جیهانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە ئاماژە بە زیادبوونی ڕۆڵی ئەکتەرە نا دەوڵەتییەکان دەکات لەسەر ئاستی جیهانی، بە هاوکاری ئەکتەرە دەوڵەتییەکان بۆ گەیشتن بە چارەسەری گشتگیر تر و بڕیاری کاریگەرتر لەسەر کێشە نێودەوڵەتییەکان، دۆزینەوەی ڕێگا چارەی نوێ بۆ فراوانکردن و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان وڵاتان.

### دیپلۆماسییەتی ساختە Fake Diplomacy

جۆرێکی دیاریکراوی ڕەفتارە لە چالاکی دیپلۆماسیدا، کە بریتییە لە کارکردن و دروستکردنی حەقیقەتی ناڕاست و ساختە لەسەر بنەمای تۆمەتی بێ بنەما و بێ بەڵگە و نەسەلمێنراو. دیپلۆماسییەتی ساختە ڕێگا و ئامرازێکی نوێیە لە هەگبەی بەشێک لە سیاسەتمەداراندا.

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە دیپلۆماسییەتە ڕەتکردنەوەی هەموو خاڵێکی ڕاستە لە سەر بابەتی گفتوگۆ لێ کراو بە ئامانجی بە لاڕێدا بردنی حەقیقەتی ڕەها. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لە دیپلۆماسییەت بە میتۆد و ئامرازی ناشەرعی کار دەکات و بەڕێوەدەچێت.

**دیپلۆماسییەتی سەربازی** **Military Diplomacy**

پلانی سـەربازی - سـیاسـییە بۆ جێبەجێکردنی سـیاسـەتی دەرەوەی دەوڵەت. کۆمەڵێک تەکنیک و میتۆدە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سـەربازی و سـیاسـییەکـان. جۆرێـک لە میکـانیزمی پەیوەنـدی نێوان دەوڵەتە باڵادەسـتەکان لەسـەر ئاسـتی هێزە چەکدارەکانیان لەسـەر بنەمای ئاڵوگۆڕی زانیاری سـەرباز و هەواڵگری و هاوکاریکردنی یەکتری لە کاتی پێویستدا.

**دیپلۆماسییەتی مافەکانی مرۆڤ** **Human Rights Diplomacy**

بوارێکی دیپلۆماسی سیاسەت و ستراتیژییە کە ئاڕاستەی بەرزکردنەوە و پـاراسـتنی مـافەکـانی مرۆڤ دەکـات. زۆرێـک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی ئەمڕۆ لە ناوەڕۆکی ئەجێندای خۆیاندا پاراسـتنی مافی مرۆڤیان هەیە و حکومەتە نیشـتمانییەکانیش لەژێر فشـارێکی زۆردان بۆ پاراسـتن و ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وڵاتە دیموکراتەکان لە سـیاسـەتی دەرەوەی خۆیاندا زۆر جەختیان لەسـەر سیاسەتی مافەکانی مرۆڤ کردووەتەوە.

**دیپلۆماسییەتی ناچاری بە زۆر** **Coercive Diplomacy**

ئەم دەسـتەواژەیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئاماژە بە سـەپاندنی دەسـەڵات دەکات لەلایەن دەوڵەتێکەوە لەسـەر دەوڵەتەکـانی تر بۆ ڕێگەگرتن لە گرتنەبەری کردارێک یان نـاچـارکردنیـان بە ئەنجـامـدانی کردارێک. بە زۆری شـێوەی هەڕەشـە یان بەکارهێنانی هێزی سـەربازی

سنووردار وەردەگرێت وەک ڕێگایەکی جیایە لە قایلکردن یان شەڕی تەواو. یەکێک لە شێوازە کاریگەرەکانی ئەم جۆرە دیپلۆماسییەتە جیاوازی دەکات لە نێوان ستراتیژەکان بۆ سزادانی ناحەزێک.

**دیپلۆماسییەتی وەرزشی** **Sports Diplomacy**

بەکارهێنانی وەرزشە بۆ توندوتۆڵکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە نێوان وڵاتاندا. ئەم جۆرە دیپلۆماسییەتە جیاوازییە کولتوورییەکان تێ دەپەڕێنێت و ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتییانی وڵاتانی جیاواز لە چواردەوری خۆی کۆ دەکاتەوە.

بەکارهێنانی وەرزش لە سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کاریگەری ئەرێنی لە نێوان وڵاتانی دونیادا دروست کردووە و ڕێگایەکی دیپلۆماسی بە هێز و کاریگەرە. وەرزش چەکێکی کاریگەرە و یارمەتی تێکەڵکردن و کەمکردنەوەی جیاوازییەکان دەدات. زۆر جار چالاکی فەرمی و نافەرمی دەوڵەتان و دەزگا تایبەتەکانی سیاسەتی دەرەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان وەرزش بەکار دەهێنن لە ڕێگەی ڕێکخستنی ماراسۆنی نێودەوڵەتی و بەشداریکردن لە بۆنە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکاندا.

**دیپلۆماسییەتی ئەتۆمی** Atomic Diplomacy

زاراوەیەکە کە دوای بەکـارهێنـانی چەکی ئەتۆمی لە هیرۆشـــیما و ناکازاکی لە (ئابی ١٩٤٥) پەیدا بوو. بۆ ئاماژەدان بە ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە پشـــتبەســـتن بە هەڕەشـــەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی لە ڕێگەی هەڕەشە.

**دیپلۆماسییەتی شارستانی** Urban Diplomacy

کۆنگرەی هەمیشـەیی نێودەوڵەتی سـەرۆک شـارەوانییەکانی شـارەکانی جیهانە کە لەسـەر بنەمای ناحکومی و خۆویسـتانە دامەزراوە. کۆنگرەکە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان هیچ ســەرۆکێکی هەمیشــەیی و پێکهاتەی ئیداری نییە. لە هەر شارێک کۆنگرە بکرێت هەموو کارەکانی ئامادەکردن و بەســـتنی کۆبوونەوەکان لەلایەن لایەنی میواندارەوە ئەنجام دەدرێت. بەشداربووان تیشک دەخەنە سەر کێشە و ئاڵنگارییەکانی سەدەی (٢١)، کێشـــەکـانی جیهـانگیری، ئـازاردان، شـــەڕی دژی تیرۆر، کێشـــەی کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبردنی شار لە هەلومەرجی نوێدا، بەشداری شارەکان لە کاروباری گشتی وڵاتەکان.

### دیپلۆماسییەتی قەیرانەکان The Diplomacy of The Crisis

جۆرێکە لە چالاکی دیپلۆماسی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانێکی لە ناکاو کە بەرۆکی جیهان دەگرێت، لێرەدا هەنگاوە دیپلۆماسییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ڕووی ئیدارەدان و چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەوە. کە دەبێتە ئیدارەیەکی گرنگ لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکاندا، چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوچەرخ بەردەوام ئەگەری ئەوەی هەیە کە ڕووبەڕووی قەیرانی سیاسی، ئابووری و سەربازی ببێتەوە. لە ئێستادا دیپلۆماسی قەیرانەکان وەک ئەڵتەرناتیڤی جەنگەکان دێت هەروەها دەرچەیەکیشە بۆ کۆتای هاتنی گرژی نێوان دوو دەوڵەت.

### دیپلۆماسی گشت Public Diplomacy

ئەو چەمکەیە کە باس لە کاریگەری هەڵوێستی گشتی لەسەر پێکهاتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە دەکات. گەیشتنە بە دیپلۆماسی نەریتی، بەکارهێنانی ڕای گشتییە لەلایەن دەوڵەتانەوە بۆ دروستکردنی کاریگەری لە نێو وڵاتێکی دیاریکراودا، لەم ساڵانەی دواییدا پلاتفۆرمی ئینتەرنێت و تۆڕی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لە دیپلۆماسی گشتیدا، وڵاتێک بە ئامانجی زیادکردن و بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی بە ڕێگای دیپلۆماسی، کاریگەری لەسەر ڕای گشتی وڵاتێکی بیانی دروست دەکات. شێوازێکی خێرا و گەشەسەندووی پەیوەندیی نێوان وڵاتەکانە. بە مانایەکی فراوان دیپلۆماسییەتی گشتی پرۆسەیەکی بەردەوامی مێژوویی پەیوەندییە لە

نێوان هاووڵاتییانی دوو وڵات کە خاڵی مەعریفی و کولتووری هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە.

**دیپلۆماسییەتی وزە** Energy Diplomacy

جۆرێکە لە دیپلۆماسییەت و ژێردەستەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پرەنسیپی، سیاسەتی دەرەوە، وە بە گشتی ئاسایشی نەتەوەیی، بە تایبەتی ئاسایشی وزە هەیە. دیپلۆماسییەتی وزە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە لە کاتی درووستبوونی قەیرانی نەوت دەستی پێکرد. وەک ئامرازێک بۆ وەسفکردنی کارەکانی ئۆپێک بەکار دەهێنرا و لەو کاتەوە بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنج خراوەتە سەر دابینکردنی ئاسایشی وزە. و وزەی ناوکی و وزەی بەردەوام.

دیپلۆماسییەتی وزە ئاماژە بە چالاکییە دیپلۆماسییەکان دەکات کە بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی وزە و بازارەکان داڕێژراون. سیستەمێکی کاریگەرە لەسەر سیاسەت و بڕیار و بەڕێوەبردنی حکومەت و فاکتەرە نێودەوڵەتییەکانی تر. لە ڕووی چەمکەوە یەکێکە لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوە. دەوڵەتەکانی بەرهەمهێنانی وزە زیاتر جەخت لەسەر بەکارهێنانی دیپلۆماسییەتی وزە و فراوانکردنی هەناردە و ئامادەبوونیان لە بازارە جیهانییەکان دەکەنەوە. بۆ نموونە، دیپلۆماسییەتی وزەی دەوڵەتێکی هەناردەکاری وەک ڕووسیا کە ئامانجی ئەوەیە کە دەست گەیشتنی بە کڕیارەکان بۆ نەوت و گاز مسۆگەر بکات.

**دیپلۆماسییەتی ئابووری** **Economic Diplomacy**

چالاکییە فەرمییەکانی دەوڵەتە بۆ دەستەبەرکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ گەشەپێدانی لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان، لە هاریکاریی نێوان دەوڵەتەکان و بەشداریکردنی لە دابەشکردنی نێودەوڵەتی دابینکردنی کار. پرۆسەی دیپلۆماسییەتی ئابووری لە پەرەسەندندایە. کە لە چوارچێوەی بازرگانی، لێشاوی سەرمایە، سەرچاوەکانی کار، ڕێکخستن لە ئاستی دووقۆڵی و فرەلایەنی پرۆسەی ئابووریدا، پشتگیری چوارچێوەی یاسایی بۆ بەڕێوەچوونی ئابووری جیهان دەکات. دیپلۆماسییەتی ئابووری لەسەر بنەمای کارلێک کردنی پێکهاتە دەوڵەتییەکان و بازرگانی و پاراستنی بەرژەوەندییەکان لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان لەناو بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی کار دەکات.

**دیپۆرتکردن** **Deportation**

گواستنەوە و دەرکردنی زۆرەملێی کەسێک یان گرووپێکە لە خەڵک لە شوێنێک یان وڵاتێک. دەکرێت دیپۆرتکردن وەک پێوانەیەکی سەرکوتکەر بەکار بهێنرێت. دەستەواژەی دەرکردن زۆر جار وەک هاوواتایەک بۆ دیپۆرتکردن بەکاردەهێنرێت. دەرکردنی بە زۆر لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا بەکاردێت، لە کاتێکدا دیپۆرتکردنەوە زیاتر لە یاسای نیشتمانیدا بەکاردێت. هەندێک جار بەهۆی دیپۆرتکردنەوە ئاوارەیی بە زۆر یان کۆچکردنی زۆرەملێی تاکێک یان گرووپێک ڕوودەدات. لە واتایەکی تردا دیپۆرتکردن بریتییە لە دەرکردنی بێگانەیەک بۆ دەرەوەی

وڵات، چونکە بوونی ئەو لەو وڵاتەدا بە ناتەبایی لەگەڵ خۆشــگوزەرانی گشـتیدا دادەنرێت، بەبێ ئەوەی هیچ سـزایەکی بەسـەردا بسـەپێنرێت لەو وڵاتە دەردەکرێت.

### دیسک، فایلی وڵاتان Country Desk

لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتــان بۆ هەر وڵاتێــک کە ئەنـدامی نەتەوە یەکگرتووەکانە و لە پەیوەندی دیپلۆماسـی لەگەڵیدا هاوبەشـی دەکات بە مەبەسـتی ئاسـانکاری و باش بەڕێوەچوونی ئیشـوکارەکانیان دیسـکێکی تـایبەتی بۆ دەکرێتەوە. زۆر جـار پێی دەگوترێـت فـایلی وڵاتـان، ئەگەر وڵاتێکی گەورە دیســــکی بۆ بکرێتەوە، ئەوا لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسـەر و کارمەند کار لەسـەر ئەو وڵاتە دەکەن. بەڵام دیسـکی وڵاتێکی بچووکتر تەنیا پێویستی بە یەک ئەفسەر دەبێت.

### دیکتاتۆری Dictatorship

لە وشــــەی لاتینی (دیکتاتۆس) وەرگیراوە و بە مانای خۆســــەپێن یان بڕیاردەر دێت. جۆرێک لە دەسەڵاتدارییە کە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە هیچ یاسایەک لە کارا نییە بۆ بەربەستکردنی مافەکان و دەسەڵاتی دیکتاتۆر، دەتوانێت بە ئاسایی یاساکان بشکێنێت. دەسەڵاتەکە بە زۆری لەســـەر بنەمای توندوتیژی وەک شــــێوازی ســــەرەکی حوکمڕانێتی دادەمەزرێت. دیکتاتۆر ســــەرکردەیەک یان هێزێکە دەســــەڵات کۆنترۆڵ دەکات و یاسـاکان پشـتگوێدەخات، خۆی بڕیاردەری هەموو شـتەکانە و حیســــاب بۆ کەســــی تر نـاکـات. دیکتـاتۆر و کۆمەڵگە بەردەوام لە

پەیوەندیدان و کار لە یەکتری دەکەن، پێویستی بە کۆمەڵگەیەکی گوێڕایەڵە و کۆمەڵگەش پێویستی بە سەرکردەیە. دیکتاتۆرەکان بەردەوام چێژ لە ئازاردانی خەڵک وەردەگرن، بەشێکی کۆمەڵگەش چێژ لەئازاردانی خۆی وەردەگرێت. دیکتاتۆرەکان بەردەوام خەریکی خەڵەتاندنی خەڵکن، لە ڕێگەی هەڵسوکەوتەکانیان بەردەوام وێنایەکی نەرم و نیان و کۆمەڵایەتی نیشان دەدەن بۆ مانەوەی خۆیان.

### پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان Diplomatic Relations

شێوەی سەرەکی پاراستنی پەیوەندییە فەرمییەکانی نێوان دەوڵەتانە، بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و پراکتیزەکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە دۆستایەتییەکانی نێوان دەوڵەتەکان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

بەپێی ڕێککەوتننامەی ڤیەننای (١٩٦١) دامەزراندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان دەوڵەتان بە ڕەزامەندیی هاوبەش هەر دوو لا ئەنجام دەدرێت، یەکەم هەنگاو بۆ دامەزراندنی پەیوەندی، عادەتەن دانپێدانانی دەوڵەتێک و حکومەتەکەیەتی لەلایەن دەوڵەتێکی ترەوە. دامەزراندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لە ئەنجامی دانوستانە ڕاستەوخۆکانی نێوان نوێنەرانی وڵاتە پەیوەندیدارەکانە ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی نوێنەرانی وڵاتانی سێیەمەوە ئەنجام دەدرێت و فۆرمی ئاڵوگۆڕی پەیام و بروسکە و نامە و تێبینی نێوانیان.

**دادوەری کۆنسوڵی** Consular jurisdiction

ملکەچکردنی ئەو هاووڵاتییانەیە کە لە وڵاتێکی بیانیدا دەژین بۆ سەر دەسەڵاتی کۆنسوڵی دەوڵەتەکەیان لەو وڵاتە بیانییەدا و دوورخستنەوەیان لە دەسەڵاتی دادوەریی دەوڵەتی میواندار. یەکێک بوو لە توخمە سەرەکییەکانی ڕژێمی کاپیتاڵیزم، کە لە لایەن دەوڵەتە ئەورووپییەکانەوە لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا بە کار دەهێنرا.

**دادگای تاوانی نێودەوڵەتی** International Criminal Court (ICC)

دادگایەکی هەمیشەییە کە لە (١ی تەمووزی ٢٠٠٢) دامەزراوە بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە تاوانانەیان ئەنجام داوە: جینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ. بارەگای فەرمی لە شاری لاهای هۆڵەندایە، (١٢٢) دەوڵەت پابەندن بە جێبەجێکردنی یاساکانی ئەم دادگایە. ئەم دەوڵەتانە ناچارن خۆیان لەو کردەوانە بە دوور بگرن کە لەگەڵ مەبەستی پەیماننامەکەدا ناگونجێت. دادگا دەسەڵاتی دادوەری هەیە لەسەر هەر دەوڵەتێک کە گومانی ئەنجامدانی هەر یەکێک لەو تاوانانەی سەرەوەی لێ دەگرێت.

## دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا

## European Court of Human Rights (ECHR)

ڕێکخراوێکی دادوەری نێودەوڵەتییە بۆ ڕەچاوکردنی وەرگرتن و بەدواداچوونی سکاڵاکان بۆ پێشێلکارییەکانی پەیماننامەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان. لە ساڵی(١٩٥٩) لە ستراسبۆرگ دامەزراوە. بەرزترین دادگایە بۆ ڕەچاوکردنی کەیسەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دونیای مۆدێرندا (ECHR) .لە کەیسەکانی ژێر چاودێریدا سێ جۆری بڕیار دەدات: ڕەتکردنەوە لە وەرگرتن و بەدواداچوونی سکاڵا پێشکەشکراوەکە، بڕیارێک لەسەر ڕێگەپێدراوی یان ڕێگەپێنەدراوی سکاڵاکە، بڕیاری کۆتایی لەسەر کەیسەکە. تۆمارکردنی سکاڵا کە پێشێلکاری مافی مرۆڤ و ئازادییە جیا نەکراوەکانی تێدایە دەتوانرێت لە (ECHR) ئەنجام بدرێت. بەڵام سکاڵا تۆمارکردن لە سەر تاکەکان و قەوارە یاساییەکان دەبێت ئاراستەی ئەو وڵاتانە بکرێت کە سەرپێچی پەیماننامە دەکەن. وەک توێژەران دەڵێن لە هەلومەرجی مۆدێرندا سیستەمی پاراستنی یاسایی ئەنجوومەنی ئەورووپا کە هەموو پێوەرەکانی ئەم ناوچەیە داپۆشیوە بێ وێنەیە. چالاکییەکانی (ECHR) گەرەنتی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەکات لە وڵاتانی ئەندامدا.

**دادگای نێودەوڵەتی داد** **International Court of Justice**

ئەم دادگایە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دامەزراوە، و بەرفراوانترین هەوڵە کە تا ئێستا بۆ پیادەکردنی سەروەری یاسا بەسەر کێشە نێودەوڵەتییەکاندا جێبەجێ بکرێت. پەیڕەوی ناوخۆی ئەم دادگایە کە پاشکۆی جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە، هەموو ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەندامی ئەم دادگایەن. دادگا پازدە دادوەری هەیە کە بە دەنگی جیای کۆمەڵەی گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایش هەڵدەبژێردرێن. بۆ دڵنیابوون لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیاندا بەڕێوە دەچن و دادوەرەکان بۆ خولێکی نۆ ساڵە هەڵدەبژێردرێن. ئەندامانی هەمیشەی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ هەمیشە خاوەنی کورسییەکانن واتە هەمیشە بەشێک لەو پازدە دادوەرەی دادگا سەر بەم وڵاتانەن. دادگاکە دەسەڵاتی هەیە چارەسەری کێشە نێودەوڵەتییەکان بکات هەروەها پێشنیازەکانیان بۆ ڕاوێژکردن بخەنە ڕوو. دادگا تەنیا سکاڵای دەوڵەتان وەردەگرێت، بەڵام نوێنەرە مەدەنییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن داوای ڕای ڕاوێژکارانە بکەن. ئەو دەوڵەتانەی کە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نین دەتوانن لە هەلومەرجێکی تایبەتدا پەنا بۆ پەیڕەو پرۆگرامی ئەم دادگایانە بەرن.

**داعش (دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام)**

**ISIL (Islamic State of Iraq and the Levant)**

ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی توندڕەوی ئیسلامی نێودەوڵەتی (سوننە) یە، لە ساڵی (٢٠٠٦) بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق دامەزرا، لە ساڵی (٢٠١٣) بە "دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام" ناسرا. هەر لەو ساڵەدا چەکدارەکانی داعش لە دژی حکومەتی ئەسەد. چوونە ناو شەڕی ناوخۆی سووریاوە. دامەزراندن و بەهێزبوونی داعش لە ئەنجامی داگیرکردنی عیراق و لاوازبوونی پێکهاتەکانی دەوڵەتەکە لە ساڵی (٢٠٠٣) و هەروەها سووریای دوای (٢٠١١) بوو. ئامانجی داعش دروستکردنی خەلافەتێک بوو (واتە دەوڵەتێکی ئیسلامی کە شەریعەتی بەسەردا زاڵە). لە (٢٩) ی حوزەیرانی (٢٠١) داعش پێکهێنانی خەلافەتێکی جیهانی ڕاگەیاند کە پایتەختەکەی شاری ڕەققە ی سووریا بوو، لووتکەی چالاکی داعش لە ساڵی (٢٠١٣بۆ ٢٠١٨) ڕوویدا، هەتا ساڵی (٢٠١٥)، هێزەکانی داعش ناوچە گەورەکانی عیراق و سووریایان بەڕێوە برد هاوکات چەندین گرووپی تیرۆریستی کە لە ژمارەیەک لە وڵاتانی موسڵمان لە ئاسیا و ئەفریقا کار دەکەن سوێندی بێ بەزەییان لەگەڵ داعش خوارد و بەیعەتیان پێدا. ئەوەی بۆ مێژوو بە شانازییەکی گەورەوە بۆ گەلی کورد دەمێنێتەوە بەرگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کە توانی خاکی کوردستان لە داگیرکاری داعش بپارێزێت و لە هەمانکاتدا ئەو ئەفسانەیە تێک بشکێنێت کە مەترسی بوون بۆ سەر جیهان. هێزە هاوپەیمانەکان ڕایانگەیاند کە داعش لە ناو

چووە بەڵام لە ڕاســـتییدا ئێســـتاش داعش لە عیراق بوونی هەیە و سەرقاڵی خۆ ڕێکخستنەوەیە.

**داگیرکردن** **Occupation**

هێرشـــێکی ســـەربازییە کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە جەنگاوەرانی یەک قەوارەی جیۆپۆلەتیک دەچنە ناو ئەو ناوچانەی کە خاوەنی قەوارەیەکی تری جیۆپۆلەتیکن، بە گشـــتی بە ئامانجی داگیرکردن، ئازادکردن یان دووبارە دامەزراندنی کۆنترۆڵ یان دەســـەڵات بەســـەر خاکێکدا. ئەم داگیرکارییە جۆرێکە لە شـــەڕانگێزی ڕژێمی، کە لە یاســـای داگیرکاری لەلایەن پەیماننامەکانی لاهای و جنێڤ ئاماژەی پێدراوە و پێشێلکارییەکان بە تـاوانێکی نێودەوڵەتی دادەنرێـت هەر چوونە ژوورەوە یەک بۆ ســـنووری ناوچەیەک یان وڵاتێک ئەوا بەپێی یاســـای نێودەوڵەتی داگیرکردنە. بە واتایەکی تر داگیرکردن هەندێک جار داگیرکردنی خاکی وڵاتێکە یان داگیرکردنی سـێکتەرێکە لە وڵاتێکدا لەوانە سـێکتەری نەوت یان سەربازی و... هتد. یاخود زۆر جار لەلایەن گرووپێک لە وڵاتێکدا کە لە ڕووی فیکرە و بۆچوونەوە دژی دەســـەڵاتی وڵاتەکەیانن دەســـت دەگرن بەســـەر بەشـــە گرنگ و ســـیادێکانی ئەو وڵاتە وەک لایەنی دیپلۆماسی.

**دەستپێشخەریگەنجان لەسەر کاروباری دەرەوەو پەیوەندی نێودەوڵەتی**

**Young Initiative on Foreign Affairs and International Relation**

ڕێکخراوێکی ناحکومی ئەڵمانییەکە لە ساڵی(٢٠١٠) دامەزراوە تەرخان کراوە بۆ بەرزکردنەوەیئاستی بەشداری زیاتری گەنجان لە کاروباری نێودەوڵەتیدا. (١٩٠) ئەندامی جیهانی هەیە. چالاکی گرووپەکە لەسەر سێ هێڵەThink/Learn/Act هەروەها هەوڵی دروستکردنی گفتوگۆ دەدات لەسەر بابەتەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و پشتیوانیکردن لە گەشەپێدانی پیشەیی ئەندامەکانی و جێبەجێکردنی پرۆژەی تایبەت لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتێکاندا.

**دانیشتووان** **Population**

بریتییە لە ژمارەیەک خەڵک کە لە ناوچەیەکدا بەیەکەوە دەژین.دانیشتووانی شار بریتییە لە ژمارەی ئەو خەڵکەی لە شارەکە دەژین، ئەم خەڵکە پێیان دەگوترێت دانیشتووان یان نیشتەجێبووان. دانیشتووان هەموو تاکەکانی کۆمەڵەیەک پێک دەهێنێت کە لە شوێنێک بەیەکەوە دەژین، ڕێژەی دانیشتووانی جیهان بەپێی سەرژمێری نیسانی (٢٠١٧) دەگاتە (٧،٥) ملیار خەڵک وە چڕترین ڕێژەی دانیشتووان دەکەوێتە وڵاتی چین بە هەبوونی (١،٥) ملیار خەڵک. دانیشتووانی دەوڵەتێک گوێڕایەڵی دەسەڵاتەکەیەتی، هاووڵاتی ڕەسەن و بیانی کە بە هەمیشەیی لە خاکی دەوڵەتێکدا نیشتەجێن بە دانیشتووانی ئەو دەوڵەتە

هەژمـــار دەكرێن. دانیشــــتووانی هەر دەوڵەتێـک خــاوەنی چەنــدین تایبەتمەندی نەتەوەیی و كۆمەڵایەتی و كولتوورییە.

**داهێنەری ئابووری** **Creative Economy**

ئەم تەكنیكە ســـەرنج دەخاتە ســـەر پرۆســـەی دینامیكی داهێنان و دروســـتكردنی زانیـاری لە هەنـدێک بواری تـایبەت بە بـازرگـانی و تەكنۆلۆژیا و بازاڕكردن. ئامانجی سەرەكی ئەوەیە كە ئەنجامی پێوانەیی لە بواری ئابووریدا دابین بكات. دوو زاراوە كە لە نزیكەوە پەیوەندییان بە ئـابووری داهێنەرەوە هەیە بریتین لە پیشـــەســـازی كولتووری و پیشـــەســـازی داهێنەرانە. لەم ڕێگایەوە وڵاتەكان دەتوانن پەیوەندی نێوانیان لە ئاستێكی بەرزدا پتەو بكەن.

**دبلوماسية مكوكية، دیپلۆماسییەتی دانووستان (هاتن و چوون)**
**Shuttle Diplomacy**

ئەم جۆرە لە دیپلۆمـاســـییەت لایەنی ســـێیەم لەخۆ دەگرێـت كە هەڵســـوڕێنەری دانوســـتانە لە نێوان هەردوو وڵاتی ناكۆك بۆ ئەوەی هەرگیز ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی یەكتر نەبنەوە. زۆرجار وەک ئامرازێک بۆ یەكلاییكردنەوەی ئـاشـــتیـانەی نـاكۆكییەكـانی نێوان دەوڵەتەكـان بەكاردێت لەڕێگەی زنجیرەیەک دانوســتانەوە، كە دەوڵەتی ســێیەم تێیدا بەشـــدارە و لەســـەر بنەمای ئەو مەرجانەی كە لەلایەن هەردوو لایەنی نـاكۆكەوە دانراوە. ئەم چەمكە لە بنەڕەتدا بۆ باســـكردنی هەوڵەكانی (هێنری كیســـنجەری) وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا بەكاردەهاتكە هەوڵی

میانگیری بۆ ڕێککەوتنی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و سوریا و ئیسرائیل و میسر دوای جەنگی (١٩٦٧) دەدا.

### دراگۆمانەکان Dragomans

ئەم چەمکە گوزارشـــتە لەو کەســـانەی کە وەرگێڕان یان ڕێنوێنی نێوان وڵاتانی (عەرەبی، تورک و فارس) یان پێســـپیدرابووە. لە ســـەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوســـمانیدا گرنگییەکی تایبەتیان هەبوو، دراگۆمانەکان ئەرکی زمانەوانی و دیپلۆماسییان پێسپێردرا، بەتایبەتی لە دامەزراندن و هێشـــتنەوەی دیالۆگ لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپای کریســـتیاندا. زۆربەی دراگۆمانەکان ڕەگەزیان یۆنانی بوو.

### دروستکردن و بنیاتنانی ئاشتی Peacebuilding

شـــێوەیەکە لە شـــێوەکانی ئاشـــتی پارێزی، کە لە ســـەرەتای نەوەدەکان دوای کۆتایی جەنگی ســـارد دەرکەوت. تایبەتمەندییەکی جۆری نوێی کرداری ئـاشـــتی پـارێزییە کە پێیـدەوترێت فرە پێکهـاتە یـان کرداره ئاڵۆزەکان، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و بە هاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دەدرێت. ئاشـــتەوایی پێکدێت لە: تێکەڵبوونەوەی جەنگـاوەرەکـان بۆ نـاو کۆمەڵگەی مەدەنی، بەهێزکردنی یـاســـا، دەســـتەبەرکردنی ڕێزگرتن لە مافە ســـەرەتاییەکانی مرۆڤ لەڕێگەی چاودێری پەروەردەی، بەدواداچوونی پێشـــێلکارییەکان، گەشـــەپێدانی

دیموکراسی، لەوانە یارمەتی و پشتیوانی بۆ میدیا و پێکهاتە سیاسییەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان. بە بڕیارێکی هاوبەشــی ئەنجومەنی گشــتی و ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی (٢٠٠٥) لیژنەی دروستکردنی ئاشتی PJC وەک دامەزراوەیەکی نوێی نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دروستکرا، بۆ پشـــتگیریکردنی هەوڵەکانی ئاشـــتی لەو وڵاتانەی کە لە ناکۆکی تەواودەبن.

**دژە سامییەتی Anti-Semitism**

هەندێک جار وەک کۆنترین نەفرەتی مێژوویی ناوی لێ دەنرێت. ئەمە نەفرەت لە خەڵکی جوولەکەیە. هۆلۆکۆســـتی نازییەکان لە مێژوودا توندوتیژترین شێوەی خۆ نیشاندانی دژە سامی بوونە. دژە سامی بوون لە هیتلەرەوە دەســتی پێ نەکرد بەڵکوو ئەم بۆچوونە دەگەڕێتەوە بۆ ســەردەمی کۆن. لە زۆربەی ســـەردەمی ناوەڕاســـتدا جووەکان مافی شــاروومەندییان پێ نەدەدرا.

هەر لە یۆنـان و ڕۆمی کۆنەوە جووەکـان تـاوانبـار دەکران بەوەی خۆ دەپارێزن و لە بۆنە کولتووری و ئایینییەکانی داگیرکەراندا بەشـــداری ناکەن. تەنانەت تۆمەتبار دەکران کە منداڵی کریســـتیانەکان دەدزن. ئەمە کاریگەری دانا لەســـەر بۆچوون و ئابووری جووەکان و ڕوانینی ئەوان ســـەبارەت بە جیهان. هەر لە ســـەدەکانی ناوەڕاســـتەوە جووەکان لە شـــوێنێکی تایبەتدا بە ناوی "گەتۆ" نیشـــتەجێ دەکران و ئیزنیان پێ نەدەدرا لەناو خەڵکی ئاســـاییدا بژین. لە هەندێک لە وڵاتەکان داوا دەکرا لە جووەکان قوماشـــێکی زەرد لەســـەر جلەکانیان بدەن یان کڵاوێکی

تایبەت لەسەر بکەن کە ناوی ئەنرا"جوودنهات" بۆ ئەوەی لە خەڵکی ئاسایی جیا بکرێنەوە. بە گشتی جووەکان لە گشت شوێنەکان جیا دەکرانە و و نەیان دەتوانی لە ناو خەڵکی ئاساییدا بژین. هەندێک لە جووەکان ڕوویان هێنا بۆ پارە بە قەرز دان، چونکە ئایینی کریستیانەتی ئیزنی نەدەدا بە کریستیانەکان کە پارە بە سوود بدەن و هەر بەو هۆیەش لە باری ئابوورییەوە جووەکان زۆر سەرکەوتوو تر بوون.

ئادۆلف هیتلەر و نازییەکان لە (١٩٣٠) دا هاتنە سەر کار و بزاڤێکی ناسیۆنالیستییان خستە گەڕ و باسیان لە ڕەگەزی پاک کرد. ئەمان هۆی گشت گرفتەکان و شکستەکانی ئەڵمانیایان لە جووەکان دەدیت بە تایبەت شکستی شەڕی جیهانی یەکەم، هەر ئەمەش بووە هۆی کۆمەڵکوژ کردنی جووەکان و هۆلۆکۆستی لێکەوتەوە.

**دژە سیخوڕی** **Counter-Intelligence**

بەرەنگاربوونەوەی کاری سیخوڕییە بە ئامانجی ڕێگری کردن لە بەرنامە و چالاکی هەواڵگری دەزگا هەواڵگرییە دژەکان، بە ڕێگای کۆکردنەوەی زانیاری و ئەنجامدانی چالاکی بۆ ڕێگرتن لە سیخوڕی و تێکدانی چالاکییە هەواڵگرییەکان، کە لە لایەن دەسەڵات و هەواڵگری وڵاتێکی بیانییەوە لە ناو دەزگا هەواڵگرییەکانیان سەرپەرشتی دەکرێت و بە ڕێوە دەبرێت. وڵاتان سەرنج دەخەنە سەر کارە هەواڵگرییەکانی لایەنە دژەکان و هەندێک لە وڵاتەکان وەک بەشێک لە پێکهاتەی

هەواڵگری فەرمی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیخوڕی بەشێکی سەربەخۆ دادەمەزرێنن.

**دڵ نەرمکردن، ڕازیکردن بۆ جێبەجێکردنی داوایەک Appeasement**

کرداری ڕازیبوون بە داواکارییەکان لە چوارچێوەی پەیوەندی نێودەوڵەتیدا سیاسەتێکی دیپلۆماسییە بە ئامانجی دابینکردنی پێداویستییە سیاسی و ماددی و خاکییەکان بۆ دەسەڵاتە شەڕانگێزەکان تاکوو لە ململانێ دوور بکەونەوە.

**دوا لێدوان، دوا ئاگاداری Ultimatum**

ئەم دەستەواژەیە لە کاری دیپلۆماسیدا بۆ واژۆ کردنی دوا مەرجەکان بەکاردێت، کە لەلایەن یەکێک لە دەوڵەتەکانی بەشداربووی دانوستانێک پێشکەش کراوە بۆ یەکلایی کردنەوەی هەر بابەتێک کە نارەزایەتی لەسەر دروست بووە. لە سێکتەری دیپلۆماسی ڕەتکردنەوەی دەستپێشخەرییەکان بە کارێکی نا دۆستانە دادەنرێت. بۆ بەردەوامبوون و پاراستنی دیپلۆماسی و بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان دەوڵەتان دەبێت مەرجەکانی یەکتری قبووڵ بکەن.

**دوژمن، دوژمنێکی چەکدار** **Foe**

تاکێک یان گرووپێکە کە بە هێز یان هەڕەشەکردن بەر بەرەکانی و دوژمنایەتی لایەنێک دەکات. چەمکی دوژمن وا لێکدراوەتەوە کە لە بنەڕەتدا دوژمنی هەموو دەوڵەتێک دوژمنی تاکەکان و کۆی کۆمەڵگەیە. دەستەواژەکە بەو لایەنانە دەگوترێت کە دەبنە هەڕەشە لەسەر قەوارەیەک. لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی زۆر جار دوژمنی دەوڵەتێک دەبێتە دوژمنی هاوپەیمانەکانی ئەو دەوڵەتە، کێشەکە قووڵ دەبێتەوە و دەرەنجامەکەی بە زیانی بەشێک لەو دەوڵەتانە دەشکێتەوە لە ڕووی ئابووری و بازرگانی و سەربازییەوە هاوبەش و هاوپەیمانن.

**دووقۆڵی، دوو ئالی، دوو لایەنە** **Bilateralism**

بریتییە لە بەڕێوەچوونی پەیوەندییە سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکانی نێوان دوو وڵاتدا. کاتێک یەکتر وەک وڵاتی سیادی دەناسن پاشان ڕازی دەبن بە دروستکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوانیان و ئاڵوگۆڕی بریکارە دیپلۆماسییەکانیان وەک باڵیۆزەکان دەکەن، بۆ ئاسانکاری و پتەوی پەیوەندییەکانیان دیالۆگ، گفتوگۆی دووقۆڵی، دانوستان، یان پەیمانەکان لەنێوانیان ئەنجام دەدرێت. لە بەینی دەوڵەتاندا بە زۆری ڕێککەوتنی دووقۆڵی ئابووری دەبەسترێت چونکە زۆربەی ڕێککەوتنە ئابوورییەکان بەپێی تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی وڵاتانی گرێبەست واژۆ دەکرێن، بۆ پێدانی مامەڵەی پەسەندانە بە یەکتری، نەک پرەنسیپێکی گشتگیر بەڵکوو پێویستی بە جیاوازییەکی بارودۆخی هەیە، بەم شێوەیە لە ڕێگەی دووقۆڵییەوە دەوڵەتەکان دەتوانن ڕێککەوتن و

پابەندبوونی زیاتر بەدەســـت بهێنن کە تەنیا بۆ دەوڵەتەکانی گرێبەســـتە تایبەتەکان جێبەجێ دەکرێن.

**دیمۆگرافیای کۆمەڵایەتی** **Socio-Demographics**

شـــیکردنەوەیەکی چەندایەتییە، بە شـــێوەیەکی ئاســـایی بۆ کۆکردنەوەی داتای پەیوەست بە ڕەگەز، تەمەن، پەروەردە، ئایین، دامەزراندن، جووڵە و پێکهاتەی خێزان بەکاردێت. ئەم شـــــیکردنەوەیە ڕێگە بە توێژەران دەدات کە تێبگەن چۆن ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان پرۆســـەکان بە درێژایی کـات دەگۆڕن. هەروەهـا حکومەتە نەتەوەییەکـان هەموو ســــــاڵێـک ســـەرژمێرییەکی دیمۆگرافیا ئەنجام دەدەن بۆ پێوانە کردنی لێشـــاوی و دەرچوونی دانیشـــــتووان و ڕەوتە دیمۆگرافییەکانی تر کە کاریگەرییان لەسەر ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە.

**دەرکردن، ڕەواندن، دەرکردنی یەکجاری** **Expulsion**

ئەم زاراوەیە گوزارشـــت دەکات لە دەرکردنی کەســـێک یان گرووپێک لە خەڵک لە شـوێنێک یان وڵاتێک. دەســـتەواژەکە زۆر جار وەک هاوواتا بۆ دیپۆرتکردن بەکـاردەهێنرێـت، هەرچەنـدە لە چوارچێوەی یـاســــــای نێودەوڵەتیدا بۆ دەرکردن فەرمی دیپلۆمـاتکارێک بەکاردێت. زۆر جار وەک جۆرێک لە دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە وڵاتی دیپلۆماتکارەکە یان لە ئەنجامی کردەوەکانی دیپلۆماتکارەکە کە دژی وڵاتە خانەخوێیەکە ئەنجامی داوە.

**دەستبەکاربوون** **Inauguration**

ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی سەرۆکی دەوڵەت وەک یاسا لە کەش و هەوایەکی دروستدا بەڕێوە دەچێت. ئەمە هێمایەکی سیاسییە کە جەخت لە گرنگیی کاری وەرگرتنی پۆستی باڵا دەکاتەوە. لە کاتی دەستبەکاربووندا سوێندی یاسای دەخورێت.

**دەستپێشخەری دەستتێوەردانی ئەورووپا**

**European Intervention Initiative**

پرۆژەکە لە ساڵی (٢٠١٨) سەرۆکی فەڕەنسا یەکەم هەنگاوی بۆ دامەزراندنی هاویشت بە ئامانجی دروستکردنی ستراتیژی هاوبەشی ئەورووپی. لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و نەهێشتنی ئەنجامەکانی کارەساتە سروشتییەکان. ئەم ڕێکخراوە گرێ دراو نییە بە یەکێتی ئەورووپا و ناتۆوە، بەڵکوو هەماهەنگییەکی تەواو لە نێوانیان هەیە. گرووپەکەلە چەشنی یانەیەک کار دەکات بۆ ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکان لەسەر مەترسی و خەملاندنی هەڕەشەکان، بە ئامانجی پلانی کردارە هاوبەشەکان و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون.

لە ئێستادا (١٣) وڵاتی ئەندامی هەیە کە (١١) وڵاتیان ئەندامی یەکێتی ئەورووپان: بەلجیکا، دانیمارک، ئیستۆنیا، فینلاند، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا، پۆرتوگال، ئیسپانیا، سوێد، هەروەها نەرویج و شانشینی یەکگرتوو. وڵاتی ڕووسیا نیگەرانی خۆی دەربڕی سەبارەت بە پرۆژەی دروستکردنی پێکهاتەیەکی لەو شێوەیە و گومانی لە ئامانجی پشتی دەستپێشخەرییەکە هەیە.

### دەستپێشخەری ئاشتی عەرەبی Arab Peace Initiative

ئەم دەســـــتپێشـــــخەرییە وا دانراوە ببێتە تـاکە تێڕوانینێکی عەرەبی و خولێکی کرداری لە چارەسەرکردنی ململانێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە ســاڵی (٢٠٠٢) لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبیدا پەســەند کرا. دەســتپێشــخەرییەکە "چوارچێوەیەک" بوو بۆ کۆتایی هێنان بە ململانێی عەرەب و ئیســـرائیل و هێنانە دی ئاشـــتییەکی گشـــتگیر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا. لەســەر بنەمای ئاشــتی خاک ڕاگەیەنرا، کە هەموو وڵاتانی عەرەبی پەیمانی ئاشـــتی لەگەڵ ئیســـرائیل ئیمزا دەکەن بەو مەرجەی ئیسـرائیل دەسـتبەرداری ئەو ناوچانە ببێت کە لە سـاڵی (١٩٦٧) داگیری کردووە. لەوانەشــە بەرزاییەکانی گۆلان و کێڵگەکانی شــەعێب. هەروەها دەبێت ئیسرائیل بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەڵەستین ڕازی ببێت. ئەم دەســتپێشــخەرییە لەلایەن ڕێکخراوی هاوکاری ئیســلامییەوە پەسەندکراوە.

### دەستپێکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان

### Resumption of Diplomatic Relations

لەدوای پچڕانی پەیوەندی دیپلۆماســی دەســتپێکردنەوەی بە ڕێککەوتنی هاوبەشــی هەر دوو وڵاتە لە بەر ڕۆشــنای یاســای نێودەوڵەتی. پاش کۆتایی پێ هێنانی پەیوەندییە دیپلۆماســـییەکان نەریت وایە بە هەمان شێوەی دامەزراندنیان ئەنجام بدرێتەوە، ئەم کارەش لەڕێگەی دانوستان و ئـاڵوگۆڕی بەڵگەنـامە پەیوەنـدیـدارەکـانەوە دەکرێـت. هیچ ڕێکـارێکی دیاریکراو تایبەت بۆ دەســـتپێکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماســـییەکانی

نێوان وڵاتەکان نییە. بەڵکوو لەســەر پراکتیزە و ڕێککەوتنی نیوان وڵاتان خۆیانە.

**دەکەوێتە مەترسییەوە ,مەترسی** **Jeopardize**

کرداری هەڕەشــەکردن خســتنەڕووی مەترسـییەکە، کە جۆرێکە لە تاوان کە ڕەفتارێکی هەڵە و بێباکانەیە، کە لەلایەن وڵاتێکەوە دەکرێتە ســـەر وڵاتێکی تر، وە ئەگەری ئەوە هەیە وێرانکاری و یان زیانێکی بە ئازار بۆ وڵاتێکی تر بەدی بهێنێت. چەند جۆرە مەترسییەک هەیە، کە هەر یەکەیان کارێکی تاوانکارانەیە کە دەکرێت بکەرانی لە دادگادا دادگایی بکرێن.

**دەستنیشانکراوی سیاسی** **Political Appointee**

کەسێک کە خزمەتی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا نییە بەڵام لە لایەن سەرۆکەوە دەستنیشان دەکرێت بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکی دیپلۆماسی.

**دەستتێوەردان، مداخەلەکردن** **Intervene**

ئەم دەســتەواژەیە لە ڕووی یاســای نێودەوڵەتییەوە بۆ بەکارهێنانی هێز لەلایەن وڵاتێکی خاوەن ســـیادە لە کاروباری ناوخۆیی یان دەرەکیی وڵاتێکی تر بەکار دەهێنرێت. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەســـتوەردان بە کارێکی نایاســایی دادەنرێت. (ئۆپنهایم) دەســتتێوەردانی وەک کارێکی بە زۆر یان دیکتاتۆری پێناسە دەکات کە لە لایەن دەوڵەتێکەوە لە کاروباری دەوڵەتێکی تردا دەکرێت. کە ئامانج لێی ســـەپاندنی هەندێک ڕەفتارە لەســـەر ئەو دەوڵەتەی تر. بەڵام هەندێک دەســـتتێوەردان لەوانەیە بە

یاســـای لە قەلەم بدرێت کاتێک وڵاتێک بە بانگهێشـــتکردن، دەســـت لە کاروباری ســـیاســـی وڵاتێکی تر وەردەدات، ناتوانرێت وەک کارێکی نایاسایی لە قەلەم بدرێت. دەستتێوەردانی دەوڵەت هەرگیز ناحەق نابێت ئەگەر لە پێناو بەرژەوەندی مرۆڤایەتیدا بێت. پێویستە هەر دوو دەوڵەت لەســـەر مەســـەلەی دەســـتتێوەردان لە ڕێگەی پەیمانێکەوە ڕێک بکەون. داواکردن بۆ یارمەتیدان کارێکی نایاســـایی نییە. هەروەها بانگهێشـــت کردن پێویستە لە خودی دەوڵەتەوە بێت و دەبێت لە بەرزترین دەسەڵاتی حکومی بەردەســـتەوە بێت و بە دوور لە فشـــار داواکردنەکە ئەنجام بدرێت. دەســـتتێوەردان دەکرێت بە ڕێگای جۆراوجۆر ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە سەربازی، لاوەکی، ئابووری، یان دیپلۆماسی.

### دەوڵەت State

دەوڵەت پلە و پایەی ســیاســیی خەڵکە، جڤاتێکی ســیاســیی ڕێکخراوە کە لەژێر سێبەری حکومەتێکدا دەژییت، دەوڵەت هەمان کۆمەڵگەی سیاسی-یە کە لەپاڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا ڕادەوەســـتێت لە دارایی و ســـامانی سیاسیی خەڵکێکی ڕێکخراوە لە هەرێمێکی دەور گیراودا.

دەوڵەتان بۆیان هەیە سەروەر بن و پشت بە خۆیان ببەستن و بوونیان گرێ دراوی هێز یان دەوڵەتێکی تر نەبێت. زۆرێک لە دەوڵەتان دەوڵەتی یەککگرتوون.

دەوڵەتەکان دەتوانن بەپێی شـــێوەی حکومەت پۆلێن بکرێن (پاشـــایەتی، کۆماری)، شـــێوەی پێکهاتەی دەوڵەت (یەککگرتوو، فیدراڵی، کۆنفیدراڵی)، جۆری ڕژێمی ســیاســی (تۆتالیتار، دەســەڵاتخواز، دیموکرات). هەروەها

وڵاتانی ســــیکۆلار (وەک ئەمریکا، ئەڵمانیا) و ئایینی (بۆ نموونە، ئێران، شاری ڤاتیکان) جیا دەکرێنەوە. دەکرێت کارەکانی دەوڵەت دابەش بکرێت بۆ ناوەوەی (یاســـــایی، ئابووری کۆمەڵایەتی، ڕێکخەری، کولتووری و پەروەردەیی و... هتد) و دەرەکی (بەرگری، پاراســتنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، پاراستنی ڕیزبەندی جیهانی، پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکانی تردا).

### دەسەڵاتەکانی سەرۆکی وڵات

### The Powers of The President of The State

- ئیدارەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی دەکات.
- ڕێککەوتننامەکان واژۆ دەکات و توانای جێبەجێکردنیشی هەیە.
- دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی.
- بەشدارە لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان و کۆنگرەکانی لووتکە.
- ئیفادی نوێنەرە دیپلۆماسییەکان.
- پێشوازی لە دیپلۆماتکارە جیهانییەکان و وەرگرتنی کارنامەیان.
- دیاریکردنی نوێنەری هەمیشەی وڵاتەکەی لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا.
- ئاگاداربوون لە دانوســـــتان و وتووێژەکانی نوێنەرانی وڵاتەکەی کە لە دەرەوە ئەنجامی دەدەن.

### دەستتێوەردانی مرۆیی Humanitarian Intervention

بریتییە لە بەکارهێنانی هێزی ســـەربازی بۆ دەســــتتێوەردان لە دۆخێکی ناکۆکیدا. دەستتێوەردانەکە مەرج نییە بۆ مەبەستی بەرژەوەندی دەوڵەت و ئامانجەکان بێت، بەڵکوو بە شێوەیەکی سەرەکی مەبەست ئاگاداربوونە

لە کارەسـاتە مرۆییەکان. دەسـتتێوەردانی مرۆیی بە پێشـێلکردنی سـەروەری دەوڵەت هەژمار دەکرێت. بۆ نموونە، دەستتێوەردانی ناتۆ لە کۆسـۆڤۆ. مافی دەسـتپێشـخەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراسـتن، بۆ پێدانی ڕێنمایی ڕوونتر لەسـەر دەسـتتێوەردانی مرۆیی، پەرەی پێ درا. هەندێک بوونیان وایە وڵاتە سەرەکییەکانی ناتۆ بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، ئەم ڕێگایە بەکار دەهێنن بۆ پاساوی دەستتێوەردانەکانیان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتە سـیادییەکان(١٩٩٩ – یوگۆسـلاڤیا، ٢٠٠٣ – عیراق، ئێستا – لیبیا، یەمەن سووریا).

**دەستەبەر، زامن، متمانە دەر** **Guarantor**

لە دونیای مۆدێرندا دەوڵەت وەک بەخشـندەی ئازادی تاکی هاووڵاتی ڕەفتار دەکات هەروەها دەتوانێت وەک گەرەنتی جێبەجێکردنی بنەما یاسـایە نێودەوڵەتییەکان، کردارەکان، بڕیارەکان لە ئاسـتی نێودەوڵەتیدا کار بکات. دەسـتەبەر لە بواری داراییدا بەندێکی دڵنیای یان گەرەنتی بەڵێنێکە کە لە لایەن لایەنێکەوە دەدرێت بۆ ئەوەی بەرپرسـیاریەتی قەرزی قەرز دەرەکە لە ئەستۆ بگرێت. نەریت وایە لە دەستەبەری داراییدا ئاماژە بەوە دەدرێت کە دەبێت لایەنێک بڕێکی دیاریکراو لە پارە بدات بە لایەنێکی تر ئەگەر لایەنی دووەم سـەرکەوتوو نەبێت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و جێبەجێکردنی مەرجەکانی گرێبەستەکە.

**دەستەجەمعی، بە کۆمەڵ، پێکەوەی** collective

کۆمەڵێک قەوارە یان دەوڵەت کە بە یەکەوە بەرژەوەنی هاوبەشیان هەیە پێکەوە کار دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانیان.

**دەستەی کارگێڕی و تەکنیکی کۆنسوڵخانەکان**

**Administrative And Technical Staffof the consulates**

گرووپێکن لە ستافی باڵیۆزخانە و کۆنسوڵخانەکان وەک لە پەیماننامەی ڤیەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان (١٩٦١) ئاماژەی پێدراوە، هەرچەندە بە نزیکەی دیپلۆماتکارەکان ئەوانیش ماف و ئیمتیازاتیان هەیە بەڵام وەکوو ستافی دیپلۆماسی هەژمار ناکرێن. دەتوانرێت دەستەی کارگێڕی و تەکنیکی باڵیۆزخانە و کۆنسوڵخانەکان هاووڵاتی وڵاتی خانەخوێ بن بەڵام دەبێت بۆ دامەزراندنیان ڕاو بۆچوونی وڵاتەکەیان وەربگیرێت.

**دەستەی کۆنسوڵگەری** Consular Corps

کۆمەڵێک ئەفسەری کۆنسوڵی وڵاتێکی بیانین لە شارێکی وڵاتی میوانداردا خزمەت دەکەن، کە پێکدێن لە: کۆنسوڵی گشتی، کۆنسوڵ، جێگری کۆنسوڵ و بریکارەکانی کۆنسوڵ. بە شێوەیەکی بەربڵاوتر، هەموو کارمەندە فەرمییە بیانییەکانی ئۆفیسی کۆنسوڵخانە دەگرێتەوە، جگە لە سکرتێری ئۆفیسی کۆنسوڵی و وەرگێڕ و ستافی هونەری و خزمەتگوزارییەکان کە ئەمانە جیاوازن لە دەستەی کۆنسوڵەی هەروەها ئەندامانی بنەماڵەی کۆنسوڵی بەشێک نین لە ستافی کۆنسوڵی.

**دەسەڵاتداریی ڕەها** Plenipotentiary

ئەم دەســـــتەواژەیە لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراوە کە بە مانای "پڕ" و "بەهێز" دێت دیپلۆماتێکە خاوەنی دەســـەڵاتی تەواو و ڕەهایە کە لەلایەن سـەرۆکی وڵاتەکەیەوە یان ئەو ئۆرگانەی کاری تێدادەکات پێی دراوە بۆ ئەوەی پەیماننامەیەک لەجیاتی باڵادەســتانی وڵاتەکەی خۆی واژۆ بکات. لە هەمان کاتدا دەتوانرێت ئەم دەستەواژەیە وەکوو ناوێک گشتیتر بەکار بێت و ئاماژە بە هەر کەسێک بکات کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێت.

**دەسەڵاتی دادوەریی ناوخۆیی** Domestic Jurisdiction

ئەم دەســـــتەواژەیە ئـامـاژە بەو بـابەتـانە دەکات کە لە نێو دەوڵەتێکدا دروسـت دەبێت کە هیچ پابەندییەکی یاسـایی نێودەوڵەتی لەسـەری نییە، هەروەهـا دەوڵەت مـافی ئەوەی هەیە دەســـــەڵاتی دادوەریی تـایبەت بەســـــەریدا پیادە بکات. کە ئاماژە بە ڕووبەرێکی دەســـــەڵاتی ناوخۆیی دەوڵەت دەکات کە لە دەرەوەی گەیشتنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە.

# ٧

**ڕادەستکردنەوە، تەسلیمکردنەوە، بەدەستەوەدان** **Extradition**

کردارێکە کە دەسەڵاتی دادوەری دەوڵەتێک کەسێک ڕادەست دەکات، کە تاوانبار کراوە بە ئەنجامدانی تاوانێک لە دەســەڵاتی دادوەری دەوڵەتێکی تردا. ئەم کارە ڕێوشــوێنێکی جێبەجێکردنی یاســای هاوکارییە لە نێوان دوو وڵاتدا و پشــت بە پەیوەندییەکانی نێوانیان دەبەســتن. ئەگەر دوو وڵاتەکە پەیوەندی دیپلۆماســییان باش بێت ئەم کردارە بە ئاســانی لە نێوانیان ڕوو دەدات، بە پێچەوانەوە ئەگەر پەیوەندییەکانیان باش نەبێت بە ئاسـانی ئەنجام نادرێت. بەگشـتی پەیماننامەکان کە لەنێوان وڵاتەکاندا ئیمزاکراون مەرج، ڕێسا و بەخششی ورد دیاری دەکەن بۆ گواستنەوەی تۆمەتبارانی گومانلێکراو لە دەســـەڵاتێکی یاســـایی باڵادەســـتەوە بۆ دەسەڵاتێکی تر.

**ڕێزگرتن لە یاسا و ڕێساکانی دەوڵەتی وەرگر**

**Respect for the laws and regulations of the receiving State**

- پێویســتە نێردە دیپلۆماسییەکان ڕێز لە یاســا و ڕێســاکانی وڵاتی میوانداربگرن و دەستنەخەنە ناو کاروباری ناوخۆیی.
- بیناکانی کۆنســـوڵخانەکان بە شـــێوەیەکی گونجاو بەکاردێت بۆ بەجێگەیاندنی کارەکانی کۆنسوڵخانە.

**ڕازیکردن، هێنانە سەر ڕێ، نەرمکردن قایلکردن** **Persuasion**

ئەم زاراوەیە لە زۆربەی دیسپلینەکاندا گرنگی پێ دەدرێت. لە ڕەوانبێژیدا ڕازیکردن بریتییە لە خوێندنی مۆدی ڕازیکردن لە قسە و نووسیندا. پڕوپاگەندە جۆرێکە لە قایلکردن کە بەکاردێت بۆ ڕازیکردنی جەماوەرێکی گەورە کە باوەڕیان بە ئایدیۆلۆژیای گرووپێک هەیە. زۆرەملێ جۆرێکە لە قایلکردن کە کار دەکاتە سەر کردەوەکانی خەڵک بە هەڕەشە، هەرچەندە لە هەندێک حاڵەتدا قورسە زۆرەملێ لە قایلکردن جیا بکرێتەوە. دەروونناسی لە ڕێگەی هەڵسوکەوتی تاکەوە دەڕوانێتە قایلکردن. مێژوو و زانستە سیاسییەکان حەزیان لە ڕۆڵی پڕوپاگەندەیە لە دروستکردنی ڕووداوە مێژووییەکاندا. لە بزنسدا قایلکردن پرۆسەیەکە کە ئامانج لێی گۆڕینی هەڵسوکەوت یان ڕەفتاری کەسێکە بەرامبەر هەندێک ڕووداو یان بیرۆکەیەک.. هتد.

**ڕاستێتی، پەیوەستی، نەزاهە** **Integrity**

زاراوەکە بریتییە لە پراکتیکی ڕاستگۆبوون و نیشاندانی پابەندبوونێکی ڕێکوپێک بە بنەما و بەها ئەخلاقییەکانەوە. لە ئەخلاقدا، نەزاهە بە ڕاستگۆیی یان دروستی کردارەکانی مرۆڤ دادەنرێت. نەزاهە بۆ سیاسەتمەداران گرنگە چونکە هەڵبژێردراون، یان دەستنیشان دەکرێن بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە. بۆ ئەوەی بتوانن خزمەت بکەن. هەرچۆنێک بێت مەترسی ئەوە هەیە کە سیاسەتمەداران ئەم ڕێگایە بەکارنەهێنن بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە، ئەمەش دژایەتیی بیرۆکەی نەزاهە دەکات، ئەرستۆ دەڵێت: چونکە فەرمانڕەواکان دەسەڵاتیان هەیە، فریو دەدرێن بۆ ئەوەی

بەکاری بهێنن بۆ دەســـتکەوتی کەســـی. بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە گرنگە ســـیاســـەتمەداران هەرچۆنێک بێت پابەندی ئەو یاســـایانە بن کە لە چوارچێوەی نەزاهەدا بوونی هەیە. سیاسەتمەداران نەزیهن، تا ئەو کاتەی بە بەردەوامی لەگەڵ بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان هەڵســـوکەوت دەکەن. لە پەرتووکی خزمەتکاری گەلدا (مویل کاپتین) باس لەوە دەکات کە دەبێت سـیاسـەتمەداران پەیوەست بن بەوەی کە بزانن پێگەیان چییە، چونکە نەزاهە پەیوەندی بە پێگەکەیانەوە هەیە.

## ڕاگەیاندن، وەشاندن، جاڕدان بە ناو خەڵکا — Declaration

ئەم زاراوەیە دەتوانێت مانای زۆر جیاوازی لە سـێکتەری دیپلۆماســیدا هەبێت. دەکرێت مانای لێدوانێکی تاک لایەنانەی یەک دەوڵەت بێت لە دەربڕینی بیروڕا یان بۆچوونی ســـیاســـییەوە هەتا ڕاگەیاندنیی جەنگ. یـاخود ڕاگەیـانـدنی بەرنـامەیەکی مرۆیی. هەروەهـا دەگونجێـت بۆ ڕاگەیاندنی دەسـتپێشـخەرییەک بێت لەلایەن وڵاتێکەوە بۆ ئاشـتی یاخود ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی.

## ڕاپۆرتکەر — Rapporteur

بەرپرســـی لیژنەیەکە کە کارەکەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتە لە کۆبوونەوەی نێوان وڵاتاندا، تێیدا ئاماژە بە پوختەی کۆبوونەوەکان و گفتوگۆکان و ئەنجامەکانی کۆبوونەوەکە دەدات.

## ڕیفراندۆم، گشتپرسی Referendum

دەنگدانێکی ڕاســـتەوخۆیە، تێیدا داوا لە تەواوی دەنگدەرانی کۆمەڵگەیەک یان وڵاتێک دەکرێت بۆ دەنگدان لەسەر پێشنیازێکی دیاریکراو کە لەلایەن کەســێک یان دەزگایەکی کاربەدەســتەوە پێشــنیازکراوە. ڕەنگە ئەنجامی ڕیفراندۆم ببێتە هۆی دەرچوونی یاسایەکی نوێ. ڕیفراندۆم لە سیستەمی پەرلەمانی نوێدا بۆ پەســەندکردنی یاســایەکی بنەڕەتی یان گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە حکومەت ئەنجام دەدرێت. هەروەها ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوە و مانەوەی هەرێمێک لە دەوڵەتێک ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە، گشتپرسیی ســەربەخۆیی باشــووری کوردســتان لە ڕۆژی (٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧) لە باشـــووری کوردســـتان ئەنجام درا. ســـەرەتای دروســـتبوونی دەنگۆی ئەنجامدانی گشــتپرســی دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵی (٢٠١٤) کە ناکۆکی لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بەغدا دروست بوو و لە لایەکی دیکەشــەوە شــەڕی داعش لە عیراق دەســتتی پێ کرد. دیاریکردنی ڕۆژی گشــــتپرســــی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی (٧ی حوزەیرانی ٢٠١٧) لە کۆبوونەوەیەکدا کە ســـەرۆک مەســـعوود بارزانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی باشـــووری کوردســـتان لەوانە پــارتی، یەکێتی، یەکگرتووی ئیســـلامی، بزووتنەوەی ئیســـلامی، سۆسیالیست، شیوعی کوردستانی، زەحمەتکێشان و بەرەی تورکمانی و کەمایەتییەکان کۆبوونەوە و بڕیاریان لە ئەنجامدانی گشــتپرســییەکە دا و ڕۆژی ئەنجادامدانی گشــتپرســییەکەش لە (٩٣٪) هاووڵاتییان دەنگیان بۆ جیابوونە لە عیراقدا.

## ڕاگەیەندراو، بلاغ Communiqué

کورتە بەیاننامەیەکی پوخت و گشـــتییە، دوای کۆبوونەوەی دوو لایەنە یان فرەلایەنە خاڵە گرنگەکانی کۆبوونەوەکە لە شـــێوەی ڕاگەیەنراوێک یان بەلاغێکدا بڵاو دەکرێتەوە. زۆر جار لیژنەیەکی هاوبەش بۆ بنیاتنانی پەیوەندییەکی دیپلۆماســـی یان ئەنجامدانی ڕێککەوتنێک دادەمەزرێت، لە بەر ئەنجـامی کـارەکـانیـان ڕاگەیـانـدراوێـک بڵاو دەکەنەوە کە خـاڵە گرنگەکان دەخەنە ڕوو. لەم بەیاننامانەدا زۆر جار دەســـتەواژەی گرنگ بەکاردێت وەک "گفتوگۆی پڕ و ڕاشـــکاوانە"، گەیشـــتن بە ڕێککەوتن لەسەر بەیاننامە و ڕاگەیاندراوەکان قورسترین بەشی کۆبوونەوەکانە.

## ڕژێـــــم Regime

ســـیســـتەمێک یان میتۆدێکی تایبەتی حکومەتە، بەتایبەتی ســـیســـتەمێکی دەســـەڵاتخوازە. لە ســـیاســـەتدا ڕژێم بریتییە لە شـــێوەی حکومەت یان کۆمەڵێک ڕێســـا، نەریت و کولتوورە کە کاری دامەزراوە حکومییەکان و کۆمەڵگە ڕێـک دەخـات. تیۆرییەی ڕژێم تیۆرییەکە لە نێو پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکاندا کە لە نەریتی لیبراڵی وەرگیراوە، کە باس لەوە دەکات کە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان یـان ڕژێمەکـان کـاریگەرییـان لەســـەر هەڵســـوکەوتی وڵاتەکـان یـان نوێنەرە نێودەوڵەتییەکـانی تر هەیە وا دادەنێت کە هاوکاری لە سیستەمی وڵاتدا دەکرێت.

**Adviser** **ڕاوێژکار، ئامۆژگار**

کەسێکە شارەزایی کرداریی، فرەیی و قووڵی و زانیاری زیاتری دەربارەی بابەتێکی دیاریکراودا هەیە. ڕۆڵی ڕاوێژکار ئەوەیە کە ڕێنوێنی دەکات و جیاوازە لەگەڵ کەسێک کە بەرپرسی تایبەتە بە ئەرکێک. ڕاوێژکار و ڕاوێژکارە پیشەییەکان لە سەدەی (١٦) وە دروستبوون.

**Autarchy** **ڕژێمی زۆردارەکی، بێ پایانی، بێ جڵەوی**

فەلسەفەیەکی سیاسییە کە بنەماکانی تاک گەرایی، ئایدیۆلۆژیای ئەخلاقی، ئازادی تاک و پشتبەستن بە خود بەرز دەکاتەوە. هەروەها حکومەتی زۆرەملێ ڕەت دەکاتەوە و پشتیوانی لە بنبڕکردنی حکومەتی بیانی دەکات لە بەرژەوەندی خودی حوکمڕانییە بۆ دوورخستنەوەی حوکم لەلایەن کەسانی ترەوە.

**Political Regime** **ڕژێمی سیاسی**

پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و شێواز و ئامرازەکانی پیادەکردنە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، بە واتایەکی تر شێوازی حوکمڕانییە لە دەوڵەتدا. ڕژێمە سیاسییەکان دابەش بوون بەسەر دیموکراسی و نا دیموکراسی. بەپێی شێوەی حکومەت، ڕژێمەکانی پەرلەمانی، سەرۆکایەتی، پاشایەتی، ئەرستۆکراتی جیا دەکرێنەوە.

**ڕکابەر، بەر بەرەکانی کار** **Rival**

ئەم زاراوەیە بە گشتی ئاماژە بە کەسێک یان گرووپێک دەکات کە هەوڵ دەدان بەسەر گرووپێکی تردا سەربکەوێت. بۆ نموونە، کاندیدەکان کە بۆ هەمان مەکتەبی سیاسی کاندید دەکرێن ڕکابەری سیاسین. یاخود دوو کەس لە هەوڵی بەدەستهێنانی سۆزی تایبەتی کەسی سێیەمدان ڕکابەری ڕۆمانسـین. تیمەکان یان کۆمپانیاکان لەوانەیە ڕکابەری درێژخایەن بن ئەگەر هەوڵ بدەن لە ماوەی چەندین ساڵدا پێش بکەون.

**ڕووبەڕووبوونەوە** **confront**

توخمێکی ناکۆکییە لەو شـوێنانەی کە لایەنەکان ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، ڕووبەڕووبوونەوە دەتوانرێت لە هەر پێوەرێکدا لە نێوان هەر ژمارەیەک لە خەڵک، یان لە نێوان دەوڵەتەکان یاخود کولتوورەکاندا بێت کە دژایەتی بەرامبەر دەردەبڕێت. لە زۆربەی دیدارە سـیاسـی و دیپلۆماسـییەکاندا لایەنەکان ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە بۆ ئەوەی بتوانن مافی زیاتر لەوەی کە هەیانە بەدەست بهێنن.

**ڕووداوی دیپلۆماسی** **Diplomatic Incident**

ڕووداوێکی پراکتیکی دیپلۆماسی بووە هۆی سەرهەڵدانی یاسا و ڕێسای دیپلۆماسـی. بەم شـێوەیە بنەمای نەریتی نێودەوڵەتی سـەبارەت بە سـەرۆکی ئەرکی دیپلۆماسـی لە ئەورووپا لە سـەدەی (١٦) لە ئەنجامی هاوکاری دەوڵەتانی ئەورووپا سەری هەڵدا. ڕووداوەکە لە ساڵی (١٥٨٤) لە لەندەن ڕوویدا، کاتێک (میندۆزا) ی باڵیۆزی ئیسـپادیا لە لەندەن

لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە تۆمەتبار کرا بە بەشداریکردن لە پیلانگێڕی بۆ ڕووخاندنی شاژن ئێلیزابێث. بە دەستپێشخەری ئەنجوومەنی شاژنی ئینگلتەرا، حکومەتی بەریتانیا داوای ئامۆژگاری پارێزەرە نا ئینگلیزییەکانی کرد هەروەها بۆ شارەزای بەناوبانگی یاسای نێودەوڵەتی (جەنتیلی) ئیتالّی کە ئەو کات لە لەندەن بوو هەروەها بۆ یاساناسانی فەڕەنسی و عوسمانی، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بالّیۆز دەبێت لەلایەن دەسەلاّتی سیادی دەوڵەتی خۆیەوە سزا بدرێت. لەبەر ئەوە دەبێت لە ئینگلتەرا دەربکرێت. لە ئەنجامدا (مێندۆزا) فەرمانێکی لە دەسەلاّتدارانی بەریتانیا وەرگرت بۆ ئەوەی بەریتانیا بەجێ بهێڵن و کۆمیساری تایبەتیش نێردرا بۆ ئیسپانیا بۆ ئەوەی دەست بکات بە ئەنجامدانی ڕێکاری تاوان دژی (مێندۆزا).

## ڕۆژژمێر Calendar

لە بواری ئەرشیفی دیپلۆماسیدا لیستێکە لە بەڵگەنامەکان کە پێکەوە ڕێکخراون لەگەڵ ئاماژەدان بە پوختەیەک لە ناوەڕۆکەکانیان. ڕۆژژمێرەکان یەکەم جار لەلایەن بیرۆکراسییەکان لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەکار دەهێنران بۆ ئاسانکردنی گەیشتن بە ناوەڕۆکەکانی دۆکیۆمێنتە ڕەسەنە پەرشوبلاوەکان وەک پەیماننامەکان.

## Enlightenment ڕۆشنگەری

سەردەمی ڕۆشنگەری لە ئەورووپا لە نێوان سەدەی (١٧ و ١٨) دەستی پێ کرد. ئامانجی ئەوە بوو بە بەکارهێنانی عەقڵ و زانســـت و لۆژیک (مەنتق) بەرەنگـاری نۆرمەکـانی بـاوەڕ- بنچینە لە کۆمەڵگەدا ببنەوە. زۆرێک لە لایەنگرانی ڕۆشـــنگەری لە لایەن کڵێســـا و دەوڵەتەوە ســـزا دران، چونکە زۆربەی بیرۆکە و فێرکردنەکانیان لە دژایەتیدا وەستان بۆ فێرکردنەکانی کەنیسـە. ڕابەرە سـەرەتاییەکانی بزووتنەوەی ڕۆشـنگەری بە (ڤۆڵتێر و ئیسحاق نیوتن) ناسراون. لە کۆتاییدا بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی ڕۆشـــنگەری بۆ ئەمریکـا بڵاوبووەوە، و ڕۆڵێکی ســـەرەکی بینی لە بڕیاردانی بنەماکانی یاسای مافەکانی ئەمریکا و جاڕنامەی سەربەخۆیی.

## ڕۆڵی میدیا لە بەشداری سیاسیدا
## The Role of Media in Political Participation

میدیا پێگەیەکی گرنگی لە ژیانی سیاسی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە داگیر کردووە، ڕۆڵ و کاریگەری لەســـەر تاک و کۆمەڵ هەیە. بە تایبەتی بۆ ڕووماڵی ڕووداوەکان لە ڕێگەی پێشـــکەشـــکردنی زانیاری و هەواڵەکان بوارێکی فراوان بۆ گفتوگۆی سـیاسـی لە کۆمەڵدا دەڕەخسـێنێت. ئەمەش بەشداری تاک لە ئاستەکانی پرۆسەی سیاسی و بەشداری سیاسی زیاد دەکات. بە تایبەت لەم سـەردەمی کرانەوەدا کە پەیوەندیکردن و میدیایی و ئابووری کاریگەری سـیاسـەتی بەسـەرەوەیە و ڕەگەزەکانی پرۆسـەی پەیوەندیکردن گۆڕانکاری گەورەی بەســەردا هاتووە. پەیامی کەناڵەکانی میدیا ڕۆڵیـان کـاریگەر و چالاکـانەیە لە بەشـــداری ســـیاســـی و

بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بایەخ پێدانی سیاسی لای تاکەکان، دواتر کاریگەری لەسەر بەهای سیاسی تاکەکان دروست دەکات، ئەمەش لە ڕێگەی پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان دەسەلاتی سیاسی و جەماوەری دەبێت بە هۆی میدیا و کەناڵەکانی پەیوەندیکردنەوە. میدیا هانی تاکەکان دەدات بۆ بایەخ پێدانی سیاسییان و بەشداریپێکردنیان لە بڕیاری سیاسیدا، ئەمەش لە ڕێگەی خوڵقاندنی کەشێکی میدیایی گونجاو کە دواجار دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و فراوانکردنی بەشداری سیاسی تاک لە کۆمەڵدا.

## ڕیالیزم Realism

بیردۆزێکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە کە جەخت لە سروشتی پێشبڕکێ و ململانێی سیستەمی دەوڵەتی دەکات. ڕیالیستەکان لەو باوەڕەدان کە هێز و بەرژەوەندی خۆی زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە بنەمای ئەخلاقی لە نێوان دەوڵەتەکاندا فەرامۆش بکرێت. (ماکیاڤیلی) کە بەرەنگاری چەمکی داب و نەریتی ئەخلاقی دەکات لە سیاسەتدا، عادەتەن بە پێچەوانەی ئایدیالیزمی یان لیبراڵیزمەوە بوو، کە حەز دەکەن جەخت لە هاوکاری بکەن، ڕیالیزم بابەتی هەمەجۆر لە ڕێبازەکانی تر دەگرێتە خۆ و نەریتێکی تیۆریی زۆر درێژ دەخوازێت.

## ڕێبازی شارستانی Civilizational Approach

ئەم تیۆرییە لە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا کاری پێ دەکرێت، کە گرنگیی تایبەتی بە ئابووری، و بەرهەمهێنان و شێوازی بەڕێوەبردن دەدات.

شارستانێتەکان لە لایەن کۆمەڵگە مرۆییەکانەوە بە ئاین، تەلارسازی، هونەر، بەها و داب و نەریتەوە نوێنەرایەتی دەکرێن. ڕێبازە مۆدێرنەکان وەک سیستەمی کۆمەڵایەتی و کولتووری کە هەر دوو لایەنی ماددی و مەعنەوی لە خۆ دەگرێت لە شارستانیەتەکان دەڕوانن.

مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی دەوڵەتەکان، بەها، نۆرم، کولتوور و داب و نەریتەکان بنەمای ڕێبازی شارستانی پێک دەهێنێت. لە چوارچێوەی ئەم ڕێبازەدا زۆر جار تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان و ڕەوتە جیهانییەکان پێکەوەبەستراون، و بەها مرۆییە جیهانییەکان و جیاوازییە نەتەوەیی و ناوەڕۆکی کێشەکانی گەشەکردنی وڵاتان و پەیوەندییەکانی نێوان شارستانی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا گرنگی پێ دەدرێت و لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێت.

## ڕێکخراوی گەشەپێدانی پیشەسازی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNIDO) United Nations Industrial Development Organization

ئاژانسێکی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتووەکانە، کە بۆ کەمکردنەوەی هەژاری پەرە بە گەشەسەندنی پیشەسازی دەدات. ڕێکخراوەکە لە ساڵی (١٩٩٦) دامەزراوە بۆ پشتگیریکردنی پرۆسەکانی پیشەسازی کردن لە

وڵاتانەی کە لە پرۆسـەی گەشـەکردندان. پرەنسـیپە بنەڕەتییەکانی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە لە بەیاننامەی (لیما) لە سـاڵی (٢٠١٣) دا جێگیرکراوە. کە (١٧٠) وڵات ئەندامی ڕێکخراوەکەن و بارەگای سەرەکی، لە ڤیەننای پایتەختی نەمسایە. چالاکییە کردارییەکانی (UNIDO) بریتین لە: پەرەپێدانی ڕاسپاردەکان و دابینکردنی هاوکاری تایبەت بۆ وڵاتان لە ئامادەکردنی بەرنامە پیشـەسـازییەکان بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سـیاسـی و ئابووری و دارایی و فاکتەری تەکنیکی. دامەزران و بەهێزکردنی دامەزراوە و جەسـتەی بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنـان لەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی گەشەکردندان.

## ڕیزبەندی شاندی دیپلۆماتکاران List of Diplomats

هەر شاندێکی دیپلۆماسی وەک تاکە کەسێک سەیر دەکرێت، بەڵام بچنە بۆنە و کۆبوونەوەکانەوە شـوێنی سـەرۆکی شـاندەکە لە پێش هەموویانەوەیە. کە بانگهێشـتنامەیان بۆ دەنێردرێت هی سـەرۆکی شاندەکە بە جیا دەنێررێت. شاندەکە با لە چەند کەسێکیش پێک هاتبێتن نابێت لە کاتی خزمەتکردنیان لە یەک جیا بکرێنەوە. هەموو ئەندامانی شاندەکە لە پشتی سەرۆکی شاندەکەوە جێگایان بۆ دابیندەکرێت. ئەگەر ژنی سەرۆک شاندەکە ئامادە بێت دەشێت لە تەنیشتی هاوسەرەکەی جێگای بۆ بکرێتەوە و وەکوو هاوسـەرەکەی هەژمار بکرێت. شـاندە دیپلۆماسـییەکان بە زۆری بۆ ئەو ڕێوڕەسـمانە بانگهێشـت دەکرێن کە سـەرۆکی وڵاتی خانەخوێ ئامادەیە، بۆ نموونە، ڕێوڕەسمی پیشـاندانی

هێز، دەرچوونی خولی ســـــەربازی، جەژن، بۆنە فەرمییەکانی وڵاتـان، ڕێوڕەسم و پێشوازی لە سەرۆکێک یان بەڕێکردنەوەی.

**ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی World Trade Organization WTO**

ئەم ڕێکخراوە لە ســـاڵی (١٩٩٥) دامەزراوە، کە بەنیازە ســـەرپەرشـــتی ئازادی بازرگانی نێودەوڵەتی بکات. ئامانجە بنەڕەتییەکانی ڕێکخراوەکە بریتییە لە: باشـــــکردنی باری گوزەران بۆ وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکە، دابینکردنی هەل و دەرفەتی کارکردن. زیادکردنی داهاتی ڕاســـــتەقینە، کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتە جیهانییەکان، بە مەبەســـتی پتەوکردنی بناغەی دارای ئەندامەکانی و پەرەپێدانی بەرهەمهێنان و بازرگانی نێودەوڵەتی. ڕێکخراوەکە هەوڵ دەدات کە بەهـای گومرگی کەم بکـاتەوە هەروەهـا هەوڵی لابردنی ئاستەنگەکانی دیکەی بەردەم بازرگانیکردنی نێودەوڵەتی دەدات. کاری ســـــەرەکی ڕێکخراوێکە ئازادکردنی بازرگانی جیهانی و دابینکردنی پێشبڕکێیەکی دادپەروەرانەیە.

**ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی World Health Organization**

یەکێکە لە دەزگا پســـپۆڕییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ڕێککەوتی (١٩٤٨/٤/٧) لەسـەر پێشـنیازی کۆنفرانسـی سـانفرانسـیسکۆی (١٩٤٥) و کۆنفرانسـی نێودەوڵەتی تەندروسـتی نیویۆرک (١٩٤٦) دامەزرا. بارەگای ڕێکخراوەکە لە شاری (جنێڤ) ە. کۆنفرانسی ڕێکخراوەکە ساڵی جارێک بە ئامادەبوونی هەموو وڵاتانی ئەندام دەبەســـــترێت، لە کۆبوونەوەکەدا

پلان و بودجەی ڕێکخراوەکە بۆ ساڵێک دەستنیشان دەکرێت. نوێنەری دەوڵەتانی ئەندام ئامادەن تا بڕیارەکانی کۆمەڵەکە جێ بەجێ بکەن. ئەم ڕێکخراوە لە ڕووی بەهێزکردنی باری تەندروستی و دەوا و دەرمان یارمەتی هەموو وڵاتانی ئەندام دەدات تا پەتا و نەخۆشییەکان لە سەرانسەری جیهان ڕیشەکێش بکات.

**ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی Amnestt International**

ڕێکخراوێکی مەدەنی نێودەوڵەتییە کە لە (٢٨ی ئایاری ١٩٦١) دامەزراوە. ئامانج لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە یارمەتیدانی ئەو بەندکراوە سیاسییانەیە کە بە بیانووی کردەوەی توندوتیژی دەستگیرکراون. یارمەتی بنەماڵەی ئەو گیراوانە دەدات کە هەوڵ دەدەن بۆ هێنانە ئارای کەشێکی باشتر بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ زیندانییەکانیان. لە هەمان کاتدا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئاشکراکردنی ئەشکەنجەدان، کوشتن و دەستبەسەرکردنی نا دادپەروەرانە. یەک ملیۆن و نیو ئەندامی لە (١٥٠) وڵاتی جیهان هەیە و هەر ئەوان دارای ڕێکخراوەکە دابین دەکەن. بنکەی سەرەکی دەکەوێتە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیایە و بە ڕواڵەت سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی و ئاینی نییە. لە ساڵی (١٩٧٣) ڕێکخراوەکە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەرگرتووە.

## ڕێکخراوی وڵاتەکانی ئەمریکا

## Organization of American States

ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی هەرێمی نێوان حکومەتەکانی کیشوەری ئەمریکایە کە (٣٤) وڵات لە ناوەڕاست و باکوور و ئەمریکای باشوور پێکی دێنن. لە (٣٠ ی نیسانی ١٩٤٨) لە نۆیەمین کۆنفرانسی ئەمریکا لە بۆگۆتای (کۆلۆمبیا) دامەزرا. بارەگای ڕێکخراوەکە دەکەوێتە واشنتنی پایتەختی ئەمریکا.

ئامانجی ڕێکخراوەکە پاراستنی ئاشتی و سەقامگیرییە لە ناوچەکەدا و کارکردنە لەسەر پرسە ئەمنی و هەماهەنگییەکانی نێوان وڵاتانی بەشداربوو، پاراستنی یەکپارچەیی خاکی و سەربەخۆیی و بەرەنگاربوونەوەی هەژاری و چەوساندنەوەی. ئەنجوومەنی گشتی باڵاترین بەشی ڕێکخراوەکەیە، لیژنەکانی ڕێکخراوەکە لەسەر بنەمای هەمیشەیی و کاتی کار دەکەن. دەستووری ڕێکخراوەکە کە لە ساڵی (١٩٤٨) دا پەسەند کرا.

بە درێژایی بوونی چەندین جار ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە هەموار کراونەتەوە – ئەمڕۆ کارە لە پێشینەکانی بریتییە لە شەڕ دژی تیرۆری نێودەوڵەتی، بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و پەرەپێدانی ناوچە بازرگانییە ئازادەکان لە نێوان وڵاتەکانی ئەمریکا، بەڕازیل، مەکسیک، ڤەنزوێلا، کوبا، ئەرجەنتین.

### ڕێکخراوە ناحکومییەکان Non-Governmental Organization

ئەم دەستەواژەیەی بۆ یەکەم جار لە ماددەی (٧١) ی دەستووری نوێی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٤٥) دا ئاماژەی پێ دراوە. لە کاتێکدا هیچ پێناسەیەکی نەگۆڕ یان فەرمی نییە بۆ ئەوەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بناسێنێت بەڵام بە گشتی وەک قەوارەیەکی قازانج نەویست پێناسە دەکرێن، کە لە کاریگەری حکومەت سەربەخۆن ، هەرچەندە لەوانەیە پارەی حکومەت وەربگرن. زۆر جار ڕێکخراوە ناحکومییەکان وا دەناسێنرێن کە گرووپێکی قازانج نەویست و خۆبەخشی هاووڵاتییانە کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی ڕێکدەخرێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ئامانجی چاکەی گشتی. ڕێکخراوە ناحکومییەکان متمانەیان لەلای ڕای گشتی بەرزە، ودەتوانن گرووپی لۆبی بن لە کارە مرۆیەکاندا. لەگەڵ ئەوەی کە دەگوترێت زاراوەی (NGO)بە ناتەبایی بەکاردێت و هەندێک جار هاوواتای لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی (CSO) بەکاردێت بەڵام کاریان جیاوازە.

### ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان International Organizations

ئەم ڕێکخراوانە بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان و لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی بۆ ئاسانکاری و چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان دروست دەکرێن. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دوو جۆری سەرەکین: ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان (INGO) ئەم ڕێکخراوانە ناحکومین و لە بواری نێودەوڵەتییدا کار دەکەن. وەک، ڕێکخراوی ئۆلمپیکی نێودەوڵەتی یان ڕێکخراوی خاچی سووری

نێودەوڵەتی. ڕێکخراوە حکومییە نێودەوڵەتییەکان (IGOS) ئەو ڕێکخراوانەن کە لە بنەڕەتدا لە دەوڵەتە باڵادەستەکان پێک دێن. وەک، ناتۆ ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی و (WTO) ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی.

لە نیوەی دووەمی سەدەی (٢٠) دا سەربەخۆیی دەوڵەتە سیادییەکان زیادی کرد و پێوەری پرۆسەکانی جیهان گیری و نێودەوڵەتیبوون فراوانتر بوو. ئاڵنگاریی نوێی نێودەوڵەتی و جیهانی لە پێویستی سنووردارکردنی چەکە هاوبەشەکان، تیرۆریزم و نەخۆشییە چارەسەرنەکراوەکان دەردەکەوتن بۆیە بوونی ڕێکخراوەکان گرنگییەکی زۆری هەبوو. پێویستە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پابەندی نۆرمە یاساییە نێودەوڵەتییەکان بن، و ڕێکارە فەرمییەکان لە کاتی دامەزراندنیان و چالاکییەکانیاندا جێبەجێ بکرێن. دامەزراندنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەبێت لەگەڵ دەرەنجامەکانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی، ڕێککەوتن، پەیماننامە یان پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتییەکاندا یەک بگرێتەوە، وەک ڕێزگرتن لە سەروەری وڵاتانی ئەندام، دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیان. گرنگە ئامانج و ماف و پابەندبوونەکانیان دیاری بکرێت. خەسڵەتێکی گرنگی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەربەخۆیی کردارە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و خۆبەڕێوەبردن. پێویستە کە ڕێکخراوەکە ستاف و بارەگای لەو وڵاتانەدا هەبێت کە کاریان تێ دادەکات.

## ڕێکخراوە هەرێمییەکان Regional Organizations

دەستەواژەکە گوزارشت لەو ڕێکخراوانە دەکات کە سنووری چالاکییەکانیان زیاتر لە دەوڵەتێک دەگرێتەوە، واتا کیشوەرەکان یان ناوچە گەورەکانی جیهان دەگرێتەوە. بۆ نموونە، ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقا و کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی کە سنووری کارکردنیان لە زیاتر لە وڵاتێکدایە. تایتڵی هەشتەمی پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکاری دامەزراندن و ئاراستەی گشتی چالاکی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە پێناسە دەکات.

ئامانج لە دروستکردنی ڕێکخراوە هەرێمییەکان بۆ سەرنجدانە لە کێشەی ناوچەیەکی تایبەت لە ڕووی: ئاسایشی هاوبەش، کێشەی گەشەپێدانی ئابووری کۆمەڵایەتی و کولتووری و... هتد. واتا ڕێکخراوە هەرێمییەکان مافی ئەوەیان نییە هیچ چالاکییەک لە ناوچەیەک بکەن کە ناوچەی جوگرافی ئەوان نییە.

## ڕێکخراوی پەیمانی ئاسایشی کۆمەڵ
## Collective Security Treaty Organization (CSTO)

ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی هەرێمایەتییە کە ئامانجەکانی بریتییە لە پتەوکردنی ئاشتی، ئاسایش، سەقامگیریی نێودەوڵەتی و هەرێمی و پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەریی خاکی و دەوڵەتە ئەندامەکان.

لە) ١٥ی ئایاری ١٩٩٢ (ئەرمینیا، کازاخستان، قیرغیزستان، ڕووسیا، تاجیکستان و ئۆزبەکستان پەیماننامەی ئاسایشی کۆمەڵیان لە تاشقەند

واژۆ کرد. ئازەربایجان لە (٢٤) ی ئەیلوولی جۆرجیا لە (٩) ی ئەیلوولی و بێلاڕووس لە (٣١) ی کانوونی یەکەمی (١٩٩٣) پەیماننامەکەیان واژۆ کرد.

لە (٢) ی کانوونی یەکەمی (٢٠٠٤) ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی پەسەند کرد کە باری چاودێری CSTO لە ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێ درا.

### ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان

### International Non-Governmental Organizations

جۆرێکە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کە قەوارەی یاسایین و نوێنەرایەتی وڵاتانی جیاواز دەکەن و چالاکی هاوبەشی ئەنجام دەدەن. بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان. ئەو بڕیارانەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانە دەری دەکەن هیچ هێزێکی یاساییان نییە بۆ دەوڵەتەکان. پێکهاتەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەتوانێت زۆر فراوان بێت و نەک هەر بەشداره ناحکومییەکان، بەڵکوو ڕێکخراوە حکومی و ڕێکخراوە قازانج نەویستەکان و نوێنەرانی تاک لە وڵاتان بگرێتەوە، نموونەی ئەم ڕێکخراوانە بریتین لە: کۆڕی داڤۆس، کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور، پزیشکانی بێ سنوور، کۆمیتەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی.. هتد. لە سەرەتای سەدەی (٢٠) تەنیا نزیکەی (٦٠) ڕێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی لە جیهاندا هەبوو، دوای جەنگی جیهانی دووەم ژمارەیان لە (٨٠٠) ڕێکخراو نزیک بوو یەوە. ئەمڕۆ، ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی جیهان لە (١٠) هەزار ڕێکخراو تێدەپەڕێت.

**ڕێکخســــتنی جیهــان** **Orderm World**

سیستەمی پەیوەندی و لێک نزیکبوونەوەی بیر و بۆچوونەکانە سەبارەت بەو بنەمایانەی کە پەیوەندی نێوان وڵاتان و جیهان بە گشــتی لەســەری بنیات دەنرێت. ســـــەرەڕای بەرەنگاربوونەوەیەکی ناوخۆی لە جیهاندا، ڕیزبەنــدی نێودەوڵەتی مۆدێرن وەک فەرمــانێکی کۆمەڵگەی جیهــانی دەردەکەوێت. سیستەمی مۆدێرنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هێشتا لە پرۆسەی چەمک سازیدایە، ڕۆژئاوا بەپێی مۆدێلی خۆی لە پەرەسەندنی شارستانییەتی خۆی بۆ یەکڕیزی جیهانی دەوەستێت و داوای چاکسازی لە هاوبەشەکان دەکات لە بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

**ڕێککەوتن، ڕا لێ بوون** **Agréement**

دیپلۆماسییەت ئەوە دەخوازێت پێش ئەوەی دەوڵەتێک سەرۆکێکی نوێی ئەرکی دیپلۆماســـی بە مەبەســـتی نوێنەرایەتیکردنی لە دەوڵەتێکی تردا دیاری بکات، دەبێت ســـەرەتا ڕاوبۆچوونی دەوڵەتی خانەخوێ لەســـەر پەســەندبوون یاخود پەســەند نەبوونی کەسی پێشنیازکراو دەستنیشان بکرێت.

ئەم دەســـتەواژەیە لە زمانی فەرەنســـییەوە وەرگیراوە و لە پراکتیکی دیپلۆماســـیدا بەکار دەهێنرێت، ئاماژە بە ڕازیبوونی وڵاتی خانەخوێ دەکات بۆ دانانی ســەرۆکێکی نوێی ئەرکی دیپلۆماســی وڵاتی میوان، بە واتایەکی تر واتا ڕەزامەندی حکومەتی خانەخوێ بۆ دانانی باڵیۆزێکی وڵاتی میوان لە وڵاتەکەی. زۆر جاری وەڵامەکە ئەرێنی دەبێت و نوێنەرە

دیپلۆماسییەکە دەست بەکار دەبێت، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا وەڵام نەرێنی دەبێت و دەوڵەتی خانەخوێ بە بێ ئەوەی هۆکارەکانی دیاری بکات ڕەزامەندی لەسەر کەسی پێشنیاز کراو پیشان نادات و لە وەڵامدا تەنیا دەنووسرێت کەسەکە قبووڵکراو نییە persona non grata.

**ڕێگریکردن، گیر تێ خستن** **Obstruction**

میتۆدێکی خەباتی سیاسییە، بریتییە لە دواخستنی ئەنقەست لە دەرکردنی هەر بڕیارێک و پەکخستنی هەر پڕۆژە یاسایەک کە مەبەست نەبێت تێ بپەڕێت.

**ڕێنمایی تالین** **Tallinn Guide**

کۆمەڵێک ڕاسپاردەیە کە سەرکردایەتی وڵاتانی یۆرۆ سەبارەت بە بەرگری بەرامبەر هێرشی سایبەری دەریان کردووە. ئەمریکا لە ڕێگای شارەزایانی سەنتەری بەرگری سایبەری ناتۆ کە دەکەوێتە ئیستۆنیا پێداچوونەوەی بەم دۆکیۆمێنتانە کردووە. خودی ئەم ڕێنمای و ڕاسپاردانە چوارچێوەیەکی یاساییان نییە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە حکومەت دەتوانێت هەموو ڕێوشوێنێک بگرێتە بەر لە وەڵامدانەوەی چالاکی سایبەرە یاسایی یان نا یاساییەکان. ڕێنمایی تالین شیکردنەوەی یاسایی زیاد دەکات بۆ باوترین هێرشی جیهانی کە سایبەرە و

دەوڵەتەکان ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبنەوە کە ناکەوێتە ژێر پێناسەکانی "بەکارهێنانی هێز" یان "شەڕی چەکداری."

## ڕەفەی کیشوەری Continental Shelf

ئەم دەستەواژەیە لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا، ئاماژە بە بەندەری دەریا دەکات، لەو سنوورە وشکانییەوە بە درێژایی قووڵایی دەریا بۆ ئەو وڵاتانە دیاری کراوە کە دەریاکە دەکەوێتە سنووریانەوە.

## ڕەگەزپەرستی Racism

بریتییە لە بیرۆکەی خۆبەزلزانی بەسەر ڕەگەز و نەژادێکی تردا، کە زۆر جار دەبێتە هۆی جیاکاری و ڕای پێشینەیی بەرامبەر بە خەڵکی بەهۆی ڕەگەز و نەژادیان.

بیرۆکەی ڕەگەزپەرستی پێیوایە دەتوانرێت مرۆڤەکان دابەش و پۆلێن بکرێن بەسەر چەند کۆمەڵەیەکدا، بەهۆی جیاوازی لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، توانا خۆڕسکی و بیرۆکەی ڕیزبەندی کردنیان بەپێی پلە و پایەکانیان. بۆ نموونە، ڕەگەزپەرستییە مێژووییەکانی وەک: هۆلۆکۆست، ڕژێمی ڕەگەزپەرستانەی باشووری ئەفریقا، کۆیلایەتی، جیاکاری کردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆیلایەتی لە ئەمریکای لاتین.

بەپێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان دەستەواژەی "جیاکاری ڕەگەزی" و "جیاکاری نەژادی". پەیماننامەکە زیاتر ڕوونی دەکاتەوە کە خۆ بە زیاتر زانیین یاخود خۆ بە زل زانین کە بەند بێت بە جیاوازی ڕەگەزییەوە لەڕووی زانستییەوە هەڵەیە، جێی

ڕەخنەیە، نا دادپەروەرانەیە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە و ترسناکە. هەروەها هیچ هۆکار و پاســـاوێک نییە بۆ جیاکاری ڕەگەزی نە لە بیردۆزدا و نە لە کرداردا.

**ڕەگەزنامەی ئەندامانی کۆنسوڵخانە**

**Nationality of consular officers**

I. وەکوو بنەمـایەک دەبێت ئەنـدامـانی کۆنســـوڵخـانە ڕەگەزنـامەی ئەو وڵاتەیان هەبێت کە نوێنەرایەتی دەکەن.

II. ئەندامانی کۆنســـوڵخانە نابێت لە نێوان هاووڵاتییانی ئەو وڵاتەی بۆی نێردراوە هەڵببژێررێن، تەنیا لە ئەگەری ڕەزامەندی ئاشـــکرای وڵاتی میوانداردا دەتوانێت، و لە هەر کاتێکدا بیەوێت دەتوانێت ڕەزامەندی بکشێنێتەوە.

III. دەکرێت وڵاتی میواندار بە هەمان شـــێوەی هاووڵاتییانی وڵاتی میوان ســـەیری ئەو کارمەندانەی کۆنســـوڵخانەکان بکات کە خەڵکی وڵاتی سێیەمن.

# ز

## زانستی دیپلۆماسی Science Diplomacy

بایەخدان بە زانستی دیپلۆماسی جۆرێکە لە وەڵامدانەوە بۆ ئەو کێشانەی کە لە دابڕانی نێوان زانست و سیاسەتی دەرەوەدا دەستنیشان کراون. دیپلۆماسییەتی زانستی کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییەکان هەیە، کە جێبەجێکردنیان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خزمەتی دەستکەوتی ئامانجە دیپلۆماسییەکان دەکات. دۆکیومێنتی بنەڕەتی بۆ لێکدانەوەی زانستی دیپلۆماسی بەیاننامەی (مەدریدە)، کە لە شوباتی (٢٠١٩) دا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکاندەرکرا. ئەم دۆکیومێنتە دیدێکی هاوبەشی بۆ داهاتووی زانستی دیپلۆماسی خستە ڕوو، هەروەها ئەو سوودانەی دیاری کرد، کە دەتوانێت بۆ چارەسەرکردنی ئاڵەنگارییە جیهانییەکانی سەردەمی ئێمە و ئەو بنەمایانەی کە پێویستە بۆ پەرەپێدانی ئەوو زانستە. بەپێی ئەم دۆکیۆمێنتە ڕۆڵێکی گرنگی پردی نێوان زانست و تەکنۆلۆژیا و پراکتیزەی نوێخوازی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ناوچەییە هەروەها بەرەنگاری جیهانییە.

## زمانی دیپلۆماسی Diplomatic language

کۆمەڵێک دەستەواژەیە کە بەشێکن لە وشەدانی دیپلۆماسی کە بە گشتی ناسێنراون. زمانی دیپلۆماسی هاوبەش ئەو زمانە یان ئەو زاراوانەیە، کە بەکار دێن لەلایەن ئەو کەسانەی هەمان زمانی دایکیان نییە، واتە بەکارهێنانی زمانێکی هاوبەش کاتێک دوو مرۆڤ زمانی یەکتر نازانن. دیپلۆماسی زانستە و هونەرە ئەم زانستە نابێتە حەقیقەت و بەرجەستە ئەگەر دیپلۆماستەکان بە زمانێکی پارا و زیرەکانە جێبەجێی نەکەن.

زمانی دیپلۆماسی هونەرە کە هاریکاری دیپلۆماتەکان دەکات تاکو بە چەندین شێوە گوزارشت لە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن، ڕاستییەکان بخەنە ڕوو لەسەر مێزی گفتوگۆ سەرکەوتوو بن هەموو دەوڵەتەکانی دونیا هەوڵ دەدەن کە ئامانجەکانی خۆیان بە دەست بهێنن و پارێزگاری لە بەرژەوەندی سیاسی، ئابووری، بازرگانی و ئاسایشی نەتەوەی خۆییان بکەن.

**زۆرلێکردن، ڕەتاندن، فشار** **Strain**

ئەم زاراوەیە لە زانستی دەروونناسیدا گوزارشتکردنە لە خستنەکاری هەوڵ و وزەیەکی زۆر، فشار هەستێکی سۆزداری و سترێسە، جۆرێکە لە ئازارە دەروونییەکان. لەوانەیە بڕێکی کەم لە سترێس سوودبەخش بێت، چونکە دەتوانێت ئەدای وەرزشی، هاندان و کاردانەوە بۆ ژینگە باشتر بکات. لە سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا فشار بۆ سەر ئەو لایەن و دەوڵەتانە دەکرێت کە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان دەشکێنن یاخود پێچەوانەی ئەو بڕیار و ڕێککەوتننامانە کار دەکەن کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەریان کردوون، یاخود پێشێلکاری بەرامبەر مافەکانی مرۆڤلەو کاتەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکان فشار دەکەن لەسەر ئەو وڵاتە.

**زیادە ڕۆی سایبەر** **Cyberaggression**

کارێکی دوژمنانەیە بە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا یان تۆڕە پەیوەندیدارەکان بۆ زیانگەیاندن بە ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتێک. بە واتایەکی تر بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، بۆ لاوازکردن یان زیانگەیاندن بە توانای دەوڵەتێک. ئەم جۆرە هێرشانە دەکرێتە سەر سیستەمی ئابووری، سیستەمی سیاسی، جەنگی زانیاری شەڕانگێزانە. ئەگەر دەوڵەتێک بتوانێت ئەوە بسەلمێنێت کە لەلایەن کەسانی سەر بە دەوڵەتێکی دیاریکراوەوە زیادە ڕەوی سایبەری کراوەتە سەر، ئەوا ئەو دەوڵەتە بەرپرسیارە لە لێپرسینەوە و دادگاییکردنی ئەو جۆرە کەسانە.

# ژ

**ژینگەزانی، ئیکۆلۆژیای داهێنەر** **Creative Ecology**

ڕێبازێکی نوێیە کە ئامانج لێی بەرزکردنەوەی ڕۆشـــنبیری ژینگەیی و هۆشـــیارکردنەوەی زیاتری ڕۆڵی هونەرەکانە لەناو کۆمەڵگەدا. هاوکات بەشـــداری دەکات لە گەشـــەکردنی کۆمەڵگە بەردەوامەکان. بەپێی بۆچوونی (جەی هۆکینس) ئیکۆلۆژیای داهێنەرانە نوێنەرایەتی بیرێک دەکات کە تاکەکان بە شـــێوەیەکی ســـیســـتەماتیک و گونجاندنەوە هەڵسوکەوت دەکەن، بیرۆکەکان بەکار دەهێنن بۆ داهێنانی نوێ.

# س

**ستراتیژی، پلانی درێژخایەن** **Strategic**

بە گشتی ئەم زاراوەیە بریتییە لە کۆمەڵێک سیاسەت و ڕێگا، بۆ گەیشتن بە ئـامـانجێکی کۆنترۆڵکراو، بە کەمترین کـات و کەمترین هەوڵـدان. پەیوەندی بە پلانێکی درێژە پێدراو و سـیسـتەماتیکی کردارەوە هەیە. سـتراتیژی بە مانای هونەری گشـتی دێت، کە چەندین بەش لە خۆ دەگرێت لەوانە تەکتیکی سـەربازی، گەمارۆدان، لۆجسـتی و... هتد. ئەم چەمکە لە سەدەی (٦) ی زاینی لە زاراوەکانی زمانی ڕۆمانی ڕۆژهەڵاتدا بەکار هێنراوە و لە سـەدەی (١٨) گوازرایەوە ناو زمانەکانی تری دونیا. ستراتیژی بە گشتی پێشینەی کردارەکان دیاری دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. لە یاسـای سـەربازیدا سـتراتیژی یان زانسـتی پلاندانان بریتییە لە پلانی جەنـگ، یـان هونەری پلان دانـان بۆ ئۆپەڕاسـیۆنە سـەربازییەکان پێش هەڵگیرسـانی جەنگ، وە هونەری بەڕێوەبردنی ئۆپراسیۆنە لە ناوەڕاستی هەڵگیرسانی جەنگدا.

سـتراتیژی ڕەنگدانەوەی پلانێکی دیاریکراوە، کە پێشـتر ئامادە کراوە بۆ بەجێهێنـانی ئـامـانجێکی دیـاریکراو، لەژێر ڕوونـاکی کەلوپەلە دابین کراوەکـان یـان ئەوانەی دەتوانرێ دابین بکرێـت. پلانێکە یـان ڕێگەیەکە دادەنرێـت بۆ گەیشـتن بە ئـامـانجێکی دیـاریکراو کە لەوانەیە دوای ماوەیەکی درێژ ڕوو بدات، وە پشـت دەبەسـتێت بە پلاندانان و گرتنی ڕێوشوێنە پارێزراوەکان لە دابینکردنی سەرچاوەکان.

**ستراتیژی وروورژاندن، شەڕ نانەوە Strategic Provocation**

کردارێک بە ئامانجی تێوەگلانی لایەنێک یان دەوڵەتێکی دوژمن لە ئاریشە یەک، کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی پێگە و سەرمایەی بەرجەستە و نادیاری ئەو لایەن و دەوڵەتە. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەتوانین چەند نموونەیەک بدۆزینەوە بۆ هاندانی هەڵگیرساندنی شەڕ. بۆ نموونە، لە مانگی ئابی (١٩٦٤) هێزەکانی ڤێتنامی باکوور لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە تۆمەتبار کران بە هێرشکردنە سەر دوو کەشتی جەنگی ئەمریکی لە کەنداوی تۆنکین. ئەنجامی ئەو تۆمەتە شەڕێکی درێژخایەن بوو لەگەڵ ملیۆنەها قوربانیدا. نموونەیەکی تر لەساڵی (٢٠٠٣) دا (کۆلین پاولی) وەزیری دەرەوەی وڵات لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕای گەیاند، کە عیراق چەکی لەناوچوونی بەکۆمەڵی هەیە کە ئەمە بووە بنەمای هێرشی چەکداری بۆ ئەم وڵاتە. ئەنجامەکەشی ئاژاوەی شەڕێکی درێژخایەنی ناوخۆیە و سەدان هەزار کوژراو و بریندارى لێ کەوتووەتەوە.

**سڕکردنی پەیوەندیی دیپلۆماسی**

**Numbing Diplomatic Relationships**

لەم حاڵەتەدا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان ناپچڕێن، بەڵکوو وەک کار دانەوەیەکە بۆ نارەزایەتییەکان. نزمبوونەوە و داکشانی پەیوەندیی دیپلۆماسییە بۆ ئاستی کاربەڕێکەر هەروەها کەمکردنەوەی ئەندامەکانی نێردە دیپلۆماسییەکەیە. بۆ نموونە، مۆریتانیا بڕیاری سڕکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل لە (١٦/ ١/ ٢٠٠٩) دا، کە بووە هۆی

داخســـــتنی باڵیۆزخانەی ئیســـــرائیل لە (نواکشــــۆت) داو هەروەها دیپلۆماتەکانی ئیســـرائیلی دەرکرد. مۆریتانیا ئەم کارەی لەســـەر داوای قەتەر ئەنجامدا لەبەرامبەر هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە.

## سزاکان Sanctions

جۆرێکە لە هێزی سەخت، سزاکان ڕێوشوێنی زۆرەملێن کە لەلایەن یەک یان چەند دەوڵەتێکەوە دەگیرێتە بەر، بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە کردەوەکانی دەوڵەتێکی تر و بە زۆر گۆڕینی ڕەفتاری. لەوانەیە سزاکان شـــێوەی تەکنیکی کرداری ســـــەربـازی لە خۆ بگرێــت. لە ڕووی دیپلۆمـاســــییەوە بریتییە لە پچڕانـدنی پەیوەنـدییە فەرمییەکـان یـان دەرکردنی باڵیۆزخانەی وڵاتێک. فۆرمەکانی تری ســــزاکان بریتین لە ســــزای ئابووری بۆ قەدەخەکردنی هەندێک جۆری بازرگانی و ســــزا وەرزشـــــییەکان بۆ ڕێگەگرتن لە ڕکابەری خەڵک و تیمەکانی وڵات لە بەشداریکردن لە خولە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکاندا و ...هتد.

**چەند نموونەیەک لە سزاکان:**

-گەمارۆی چەک: قەدەغەکردنی فرۆشـتنی چەک و کەلوپەلی سـەربازی بە وڵاتێک.

-ئـابلۆقەی هـاوردەکردن: ڕێگریکردن لە فرۆشـــــتنی کـاڵا، کـانزا، یـان کەرەستە تەکنیکییەکان و سۆفتویرەکان بەو وڵاتێک.

-ســــنووردارکردنی مامەڵە: ئەوە ســــنووردارکردنی هەندێک مامەڵەی داراییە بۆ هەنـدێـک کەس و کۆمپـانیـا. ئەمـانە بریتین لە بلۆککردنی سەرمایەکانیان و سنووردارکردنی متمانەیان.

-قەدەغەکردنی ڤیزا: قەدەغەکردنی گەشتە لە چەند کەسێک یان هاووڵاتییانی چەند وڵاتێکی دیاریکراو.

## سزا دیپلۆماسییەکان Diplomatic Sanctions

گرتنەبەری ڕێوشوێنی سیاسین، بۆ دەربڕینی نارەزایی لە بەرامبەر پێشێلکارییەکانی وڵاتێک. ئەم جۆرە سزایە لە ڕێگەی سێکتەری دیپلۆماسی و سیاسییەوە ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە، سنووردارکردن یان هەڵوەشاندنەوەی سەردانەکانی بەرپرسە باڵا سیاسی و دیپلۆماسییەکان یان دەرکردن یان کشانەوەی ستافەکانی نێردە دیپلۆماسییەکان لە خۆ دەگرێت.

## سزا سەربازییەکان Military Sanctions

سزا سەربازییەکان پێک دێت لە وەشاندنی گورزی سەربازی، کە بە وردی و بە ئامانج گرتنی توانای ئاسایی یان نا ئاسایی دەوڵەتێکە بە مەبەستی ڕیسواکردنی. هەروەها سزای چەک نەناردن و بڕینی کەلوپەلی سەربازی لەسەر ئەو وڵاتە جۆرێکی ترە لە سزای سەربازی.

## سزادانی دیپلۆمات Punishing Diplomat

هیچ دیپلۆماتێک لە وڵاتی خانەخوێدا سزا نادرێت و دەستگیر ناکرێت، ئەگەر لەلایەن خەڵکیش و لایەنێکیشەوە شکاتی لێ بکرێت لە چەند حاڵەتێک نەبێت وەک:

- لە کاتی دەستبەسەردا گرتنی سامان و ماڵی کەسێک لە دەوڵەتی خانەخوێ شکاتی لێکرابێت.

- ئەگەر دیپلۆماتەکە بە ناوی خۆیەوە نەک بە ناوی دەوڵەتەوە کرابێتە سەرپەرشتیار و سەروەسێتی میراتێک، ئەگەر لەو چوارچێوەیە شکاتی لێکرابێت دەستگیردەکرێت.
- ئەگەر جگە لە کاری فەرمی خۆی کاری بازرگانی بکات لە چوارچێوەی ئەو کارە شکاتی لێکرابێت و سکاڵای لەسەر تۆمار کرابێت دەبێت بچێتە بەردەم دادگا.

لەم حاڵەتاندا کە دیپلۆماتێک ڕاپێچی دادگا دەکرێت نابێت سووکایەتی و بێ ڕێزی پێبکرێت.

### سەردانی دەوڵەت State Visit

ئەم دەستەواژەیە بەکاردێت بۆ گوزارشتکردن لە سەردانێکی فەرمی، کە لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی بیانی لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی ئەو دەوڵەتە ئەنجام دەدرێت. لە ماوەی سەردانەکەی وەک میوانی فەرمی کار دەکات، بە گشتی بەم جۆرە سەردان و پێشوازییە دەگوترێت پێشوازی دەوڵەت. بەرزترین پەیوەندی دووقۆڵیی دۆستانەیە لە نێوان دوو دەوڵەتی باڵادەستدا، کە لەلایەن بەرزترین ئاستەوە کە سەرۆکە پێشوازی لە وڵاتی میوان دەکرێت و ئاڵای وڵاتەکەی لە فڕۆکەخانە و کۆبوونەوەکاندا دادەنرێت.

**سەروەری ، دەسەڵاتداری ، ئاغایەتی** **Sovereign**

ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتی باڵا و سەربەخۆ لە حکومەتدا، وەک بانگەشـــە کردنە بۆ خاوەندارێتی دەوڵەتێک یان کۆمەڵگەیەک. لە هەر دەوڵەتێکدا سەروەری بۆ ئەو کەسە دانراوە کە دەسەڵاتی کۆتای بەسەر باڵادەســـتانی تردا هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت یاســـاکان دابمەزرێنێت و بگۆڕێت. لە ســـیاســـەتدا ســـەروەری دەســـتەواژەیەکی ســـەودایە کە دەســـەڵاتی شـــەرعی باڵادەســـتی دیاری دەکات، بەڵام لە یاســـای نێودەوڵەتیدا بریتییە لە پیادەکردنی دەســـەڵات لەلایەن دەوڵەتێکەوە کە مافی یاســـای و نێودەوڵەتی هەیە. لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ســـەروەری ئاماژە بە دەســـەڵاتی باڵا و بێ ســـنووری دەوڵەتێک یان ناوچەیەک دەکات. چۆنیەتی باڵادەستبوونی دەسەڵاتی باڵا و سەربەخۆیە بەســـەر ڕووبەرێکی جوگرافیادا، یان بەســـەر کۆمەڵێک خەڵکدا. بە شێوەیەکی گشتی سەروەری دوو جۆرە: یەکەم/ سەروەری ناوخۆیی، بریتییە لەو دەســـەڵاتەی کە هەر دەوڵەتێک بەســـەر شـــارۆمەندانی خۆی هەیەتی. ئەم جۆرە سەروەرییە خۆی دوو لقی لێ دەبێتەوە: سیاسی و دادپەروەرانە. دووەم/ ســـەروەریی دەرەکی بریتییە، لە مافی پەیوەندیی گرتن لەگەڵ دەوڵەتـانی دیکە و مۆر کردنی ڕێککەوتننـامەکـان یـان ڕاگەیاندنی شـەڕ. هەموو وڵاتە ســـەربەخۆکان ســـەروەریی نەتەوەییان هەیە – بە واتـایەکی تر مـاف و توانـای کۆنترۆڵکردنی کـاروبـاری نـاوخۆیـان هەیە بەبێ دەســـتتێوەردانی دەرەکی دەوڵەتـانی تر و لە ئاستێکی نەتەوەییدا یاساکانی خۆی جێبەجێ دەکات. هەروەها سروشتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی تردا دیاری دەکات، بە شێوەیەکی ئاسایی

پرسیارەکانی دەربارەی سەروەریی نەتەوەیی لە کاتی کێشەی خاک و جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتی لە دەستووورە نەتەوەییەکاندا سەر هەڵدەدات.

## سزا نێودەوڵەتییەکان International Sanction

ئەم چەمکە بەکار دەهێنرێت بۆ باسکردن لە سنووردارکردنی پەیوەندی بازرگانی و ئابووری نێوان وڵاتەکان. جگە لەمانە، سنووردارکردنی دیپلۆماسی و پەیوەندی نێوان وڵاتان بەشێکی ترن لە سزا نێودەوڵەتییەکان. هۆکار زۆرە بۆ ئەوەی سزای نێودەوڵەتی بەسەر وڵاتێکدا بدرێت. وەک، لە ناکۆکی دیپلۆماسی، کێشەی ئەمنی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی واتا بوونی چەکە کۆمەڵکوژەکان.

## سندوقی نێودەوڵەتی دراو IMF, International monetary Fund

ئەم سندووقە لە ساڵی (١٩٤٤) دامەزراوە و بووە بە بەشێک لە سیستەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە سندووقی دراو و بانکی جیهانی گرنگترین دامەزراوەی کارگێڕین، بۆ پەیوەندییە ئابوورییەکان. ئامانج لە پێکهێنانی ئەم سندووقە، پارە دانە بە شێوازی قەرز بە دەوڵەتانی ئەندام. بارەگای سەرەکی ڕێکخراوەکە لە واشنتنی پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، ئێستا (١٨٩) وڵات ئەندامن لەم ڕێکخراوەدا. سندووقەکە

بەهای دراوەکان لە ئاستی جیهاندا دەستنیشان دەکات کە گرێداوە بە پارەی نەختینەی وڵاتان. ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە بریتین لە بەرزکردنەوەی هاوکاری دراوی نێودەوڵەتی، بازرگانی نێودەوڵەتی، جێگیری ڕێژەی ئاڵوگۆڕ، گەشەی ئابووری بەردەوام و دابینکردنی سەرچاوەکانی دارای بۆ وڵاتانی ئەندام. بەشێکی زۆری سەرمایەی سندووقەکە بە پارەی کۆکراوەی نەتەوەکانی ئەندام دابین دەکرێت ئەو وڵاتانەی کە لە جیهاندا گرنگی ئابوورییان زیاترە بەشی گەورەتریان لە سندووقەکە هەیە.

**سنوور، کەنار** **Border**

بریتییە لە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو هەرێمی تەنیشت یەکدی. ئەگەر هەرێمەکان وڵات بن، ئەوا تەنیا لە چەند خاڵێکی دیاریکراو دەتوانرێت سنوور ببڕدرێت، بۆ ئەم بڕینەش ڕەنگە پاسپۆرت وەرگرتنی ڤیزا پێویست بێت. بڕینی هەندێک لە سنوورەکان ئاساییە، وەک سنووری نێوان پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکانی وڵاتێک. لە سێکتەری دیپلۆماسیدا لە مێژە دیپلۆماتکارەکان ڕێگایان پێدراوە کە جانتا و دۆکیۆمێنتە دیپلۆماسییەکان بەبێ پشکنین لە سنوورەکان تێپەڕێنن.

**سنوور بۆ دانان، دەستنیشانکردن** **Delimitation**

ئەم دەستەواژەیە بەکاردێت بۆ گوزارشتکردن لە دیاریکردنی هێڵی سنووری دەوڵەت لە ڕێگەی دانوستانەکان لەگەڵ وڵاتە دراوسێکان بۆ نەخشە کێشانی ورد و جێگیرکردنی مافەکان.

**سنوورە سیاسییەکان** **Political Bordeers**

گەورەترین فاکتەری دیاریکردن و جیاکردنەوەی یەکەی ڕێکخراوی سیاسین لەگەڵ یەکەکانی تر. ئەم سنوورانە دەبنە هۆی پێکهێنانی یەکێتی سیاسی لەو ناوچانەدا کە ڕەنگە هیچ خاڵێکی هاوبەشیان پێکەوەی نەبێت. هێڵە سنوورییەکان، دەستکردن و بەپێی ڕێککەوتن بە مەبەستی دیاریکردنی چوارچێوەی یەکەیەکی سیاسی لەسەر گۆی زەوی دیاری دەکرێن. ئەگەر مەبەست لە یەکەی سیاسی وڵاتێک بێت لەم حاڵەتەدا ئەو هێڵانەی کە خاکی وڵاتێک لە وڵاتی دراوسێی جیا دەکاتەوە هێڵی ناو دەوڵەتی پێ دەگوترێت.

هێڵە سنوورییەکان وێڕای دیاریکردنی چوارچێوەی وڵاتێک پانتای دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتەش دیاری دەکەن. بۆ نموونە، هیچ دەوڵەتێک ئەو مافەی نییە لە خەڵکی دەرەوەی سنوورەکانی خۆی باج وەربگرێت، سەرباز گیری بکات یان لە خاکی وڵاتی دراوسێکەیدا کردەوەی نمایشی سەربازی ئەنجام بدات. تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانێت لە خاکی ئەو وڵاتە کەڵک وەربگرێت کە پێشتر لەگەڵ ئەو وڵاتە ڕێککەوتبن. پەڕینەوە لە هێڵە سنوورییە نێودەوڵەتییەکان بەبێ مۆڵەت قەدەغەیە و پەڕینەوە بەپێی یاسا و پەسەندکراوی تایبەت جێبەجێ دەکرێت.

**سنوورە سەپێندراوەکان** **Super Imposed Borders**

ئەو سنوورانەن کە بەبێ سەرنجدان لە تایبەتمەندی و جیاوازی کولتووری دانیشتوانەکەیان و لەلایەن ولاتانەوە بەسەر ولاتێکدا سەپێنراوە. کۆلۆنیالیستەکان- بە تایبەتی لە ئاسیا و ئەفریقا بۆ دووبەرەکی نانەوە زۆربەی سنووری نێوان کۆلۆنییەکانی پێشووی خۆیان بێ سەرنجدان بە تایبەتمەندی کولتووری و نەژادی دیاری کردووە، کە ئەمە بووەتە هۆی شەڕ و ئاژاوەنانەوە لەو ولاتانەدا بۆ نموونە، سنوورەکانی هیند و پاکستان.

**سکرتێر یەکەم، دووەم، سێیەم** **Secretary First, Second, Third**

ئەو ئەفسەرە دیپلۆماسییانەن کە وەک ستافی نێردە دیپلۆماسییەکان لە دەرەوەی ولاتی خۆیان لە بالیۆزخانە و کونسولخانەکان و نوێنەرایەتیی ولاتان کار دەکەن.

سکرتێرەکان بەرپرسیارن لە:

-دڵنیابوون لە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان بە شێوەیەکی کاریگەر.

-هێشتنەوەی تۆماری کارگێڕی.

-چەسپاندنی داواکارییە یاساییەکانی، بەڕێوەبردنی بەڵگەنامەکان، یاسای خێرخوازی، یاسای کۆمپانیا و... هتد.

-پەیوەندی و گونجان.

**سووکایەتی کردن، ڕیسواکردن** **Insult**

ئەم دەستەواژەیە بەکاردێت بۆ گوزارشتکردن لە کارێکی بە ئەنقەستی هێرشبەرانە، هەندێک لە شەڕە نێودەوڵەتییەکان بەهۆی سووکایەتییەکی بچووکەوە سەری هەڵداوە. بە واتایەکی تر ئاماژە بە لێدوانێک دەکات لە سیاسەتمەدارێکەوە دەربارەی سیاسەتمەدارێکی تر کە مەبەستێکی قێزەون یان تاوانی بەد ناو لەخۆ دەگرێت. سووکایەتیکردن کە لە هیچ پڕۆتۆکۆلێکی سیاسیدا پێناسە ناکرێت. بە هەمان شێوە سووکایەتی لە فەرهەنگی دیپلۆماسیدا بە هیچ شێوازێک جێگای نابێتەوە و چونکە زمانی دیپلۆماسی زمانی نەرم و هێزە.

**سایتی کەلەپووری جیهانیی یونسکۆ**

**UNESCO World Heritage Site**

ئاماژە بە هەر قەوارەیەکی فیزیکی لە بیابان، شار، شاخ، دارستان، مۆنۆمێنت، بینا یان دەریاچەیەک دەکات کە بایەخێکی کولتووری یان مێژوویی هەیە. بەناوبانگترین شوێنەکانی کەلەپوور کە لە لیستی کەلەپووری جیهانیی یونسکۆدا هاتووە کە (٩٦٢) سایت لە خۆ دەگرێت، کە بە بەهایەکی دیاری جیهانی سروشتی و کولتووری بۆ مرۆڤایەتی دادەنرێت. یونسکۆ پارێزگاری لە شوێنە کەلەپوورییەکان جیهان دەکات لە ژێر "پەیماننامەی پاراستنی کەلەپووری سروشتی و کولتووری جیهانی.

## Socialism سۆسیالیزم

سیستەمێکی ئابووریی و سیاسییە، کە خوازیارە خاوەندارییەتی سەرمایە و ئامرازەکان بە کۆمەڵ بێت و سەرکردایەتی بە کۆمەڵ لە ئابووریدا بوونی هەبێت. لە سەرەتادا سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم هاوواتا بوون، بەڵام لە ئێستادا بە دوو سیستەمی جیا دەبینرێن، چونکە لە ڕووی هزری ئابووری بازاڕ و ئابووری سەرمایەداری جیاوازبوونە.بیروباوەڕێکی دیکەی سۆسیالیزم ئەوەیە کە دەبێت ئامێر و کاڵا بۆ خزمەتکردنی بەکارهێنەر دروست بکرێن نەک بۆ قازانجکردن. سۆسیالیزمی مۆدێرن لە بزووتنەوەی سیاسی سەدەی هەژدەوە سەرچاوەی گرت لە دژی ئەو کێشانەی کە بە پیشەسازی و خاوەندارێتی موڵکداری تایبەتەوە ڕووبەڕوویان بوونەوە. سۆسیالیزم لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە مانای هەر دژایەتییەک هات بۆ سەرمایەداری. مارکس یەکێک بوو لەو بیرمەندە سەرەکییانەی کە ئەم بیردۆزەی پەرەپێدا. بیرۆکەی سۆسیالیزم ئێستا دەتوانێت ئاماژە بە سۆسیالیزمی ئازادیخواز و دیموکراتی بکات لە نێو شێوازەکانی دیکەی چەمکەکەدا.

## Politic سیاسەت

پرۆسەی وەرگرتنی بڕیارە بۆ گرووپ و دەستە و تاقمەکان. سیاسەت تەنیا تایبەت نییە بە حکومەت بەڵکوو لە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤدا و لە دامەزراوە ئەکادیمیایی و ئایینی و بازرگانییەکاندا بەدی دەکرێت و ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت.

ڕێبازی چۆنیەتیی بەدەستهێنان و پەیڕەو کردنی دەسەڵاتە. بۆ نموونە، توانای سەپاندنی ئیرادەی لایەنێکە بەسەر لایەنێکی تر. سیاسەت لە واتا تایبەتەکەیدا ئەو هەوڵانە دەگرێتەوە کە حکومەتەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتان ئەنجامی دەدەن.

ئەم هەوڵانە لە دوو ئاستی ناوخۆ و دەرەکیدا جێ بەجێ دەکرێن:

-ئاستی ناوخۆی: حکومەتەکان لە ڕێی کۆمەڵێک بەرنامە و پرۆگرامی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی ماددی و مەعنەوی، کاروباری وڵات بەڕێوە دەبەن تا ژیانی کۆمەلایەتی ئەندامانی کۆمەڵگە بەڕێوە ببرێت.

-ئاستی دەرەوە: پەیوەندی حکومەتەکان لەگەڵ یەکتر کە پەیوەندی نێودەوڵەتیشی پێی دەڵێن و ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای یاسا نێودەوڵەتییەکان ڕێک دەخرێت.

کاروباری سیاسی هاوئاهەنگە لەگەڵ هەلومەرجی ئابووری، کولتووری و بیروڕای هاوبەشی خەڵکی هەیە. زاراوەی سیاسەت گوزارشتە لە دامەزراوە سیاسییەکان، ڕێکخراوە سیاسییەکان، پەیوەندییە سیاسییەکان... هتد. لە کۆمەڵگەیەکی کراوەدا کە هاووڵاتییەکانی هۆشیار و زرنگن و خوێندەوارن، ئاستی بەشداری خەڵک لە کاروباری سیاسی بەرزە. ئەرستۆ دەیگوت مرۆڤ گیانلەبەرێکی سیاسییە.

## سیاسەتی دەوڵەت لە بواری پاراستنی زانیاری
## State Policy in the Field of Information Protection

پلاندانان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی توندە بۆ دەستەبەرکردن و پاراستنی ئاسایشی زانیاری وڵات، کە لە چوارچێوەی بەرنامەکانی دەوڵەتدا جێبەجێ کراون بە ئامانجی باشترکردنی سیستەمە یەک خراوەکانی یاسایی، ئابووری، تەکنیکی و ڕێوشوێنەکانی تر بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی زانیاری.

## سیاسەتی بازرگانی بیانی Foreign Trade Policy

بەشێکی دانەبڕاوی سیاسەتی ئابووری دەرەوەی وڵاتانە، بە مەبەستی ڕێکخستنی بازرگانیی دەرەکییان. لە ڕووی مێژووییەوە، دوو ئاڕاستەی سەرەکی سیاسەتی بازرگانی بیانی ناسراون: پاراستن و ئازاد. یەکەم/ پاراستن لە بازرگانی بیانی، بە مەبەستی پاراستنی پیشەسازی ناوخۆی لە پێشبڕکێی پیشەسازی دەرەکی لە بازاڕی ناوخۆدا. کە گومرگ و بەربەستەکانی تر بەکار دەهێنرێت بۆ ڕێگریکردن لە کاڵای بیانی و هێنانی بۆ بازاڕی ناوخۆ، پاراستن تایبەتمەندی سەردەمی کاپیتالیزم بوو، هاوکات وڵاتانی گەشەسەندوو بەدوای ئەم سیاسەتانەدا دەگەڕێن بۆ پاراستنی پیشەسازییەکانیان. جێگای سەرنجە کە تا کۆتاییساڵی (٢٠١٩) ئابووری ئەمریکا لە لێواری دابەزیندا بوو و (دۆناڵد ترەمپ) پەنای برد بۆ سیاسەتی پاراستن وەک شێوازێک بۆ زاڵبوون بەسەر قەیرانەکەدا. دووەم/ سیاسەتی بازرگانی ئازاد بریتییە لە لابردنی سنووردارکردن لەسەر ڕێگای کاڵا دەرەکییەکان. سیاسەتی بازرگانی

ئازاد دەبێت کە ڕســـوماتێکی کەمی گومرگی لەســـەر کالآ و شـــمەکە بیانییەکان دابنرێت یان هەڵوەشاندنەوەی تەواویان و نەهێشتنی سنوور لەبەردەم هاوردەی جۆراوجۆر.

**سیاسەتی جیهان** **World Politics**

ئەم دەســـتەواژەیە بەکاردێت بۆ گوزارشـــتکردن لە پەیوەندی و کارلێک کردنی دەوڵەتەکان لەگەڵ یەکتر. نوێنەرە نێودەوڵەتییەکان کە لەلایەن ڕێکخراوە نـاحکومییەکـان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان، کۆمپـانیـا نێودەوڵەتییەکـانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، بە ئـامـانجی پێکهێنـانی ســـیســـتەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و جێگیربوونی دواتری لە چوارچێوەی سیاسەتی جیهانیدا کار دەکەن.

**سیاسەتی دراوی** **Monetary Policy**

بەشـێکی دانەبڕاوی سـیاســەتی ئابووری دەرەوەی وڵاتێکە، بە ئامانجی ڕێکخســـتنی بواری پارەدانی نێودەوڵەتی وڵات و هێشـــتنەوەی دراوی نەتەوەیی. سیاسەتی دراوی، دابینکردنی سەقامگیری دراوی نەتەوەیی و بواری ئابووری ناوخۆ و پێوانەکانی بواری چالاکی ئابووری بیانی لە خۆ دەگرێت.

بە واتایەکی تر ســـیاســـەتی دراوی بریتییە لە هەموارکردنی دابینکردنی پارە، یان "چاپکردن" پارەی زیاتر، یان کەمکردنەوەی دابینکردنی پارە بە گۆڕینی ڕێژەی قـازانج یـان لابردنی یەدەگی زیـادە. ئەمە پێچەوانەی

سیاسەتی داراییە کە پشت بە باج و خەرجی حکومەت و قەرزکردنی حکومەت دەبەستێت.
ئابووری دراوی دەتوانێت تێگەیشتنێک دابین بکات بۆ دروستکردنی سیاسەتی دراوی باش. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا سیاسەتی دراوی بە جیا لە سیاسەتی دارایی کاری لەسەر دەکرێت.

**سیاسەتی دڵنەرمکردن، ئارامکردنەوە** **Appeasement Policy**

سیاسەتی یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانە، لەڕێگەی دانوستان و سازان بۆ خۆلادان لە بەکارهێنانی ڕێگای توندوتیژی، بە مانایەکی تەسکتر سیاسەتی دەرەکی و دیپلۆماسییەتی دەوڵەتانە لەسەر بنەمای پێویستی سیاسی و خاکی، بۆ ئەوەی بە هەر نرخێک بێتڕێگری بکەن لە پیادەکردنی ڕێوشوێنی توندوتیژی و پێشێلکردنی ئاشتی.

**پۆلیسێنتریزم** **Polycentrism**

ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ گوزارشتکردن لە لایەنگری لە چەندین ناوەندی سەربەخۆی ڕێبەرایەتی یان ئایدیۆلۆژی لەناو یەک دەزگای سیاسیدا، بەتایبەت کۆمۆنیزم. چەمکێکە کە پێکهاتەی سیاسیی دونیای مۆدێرن دیاری دەکات، بابەتەکانی وەک ناوەندێکی باڵادەستی دەوڵەتی ڕێکخراو لە دەسەڵات و گەشەپێداندا کار دەکەن. دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوتێکی جێگیر بەرەو زیادبوونی هەمەچەشنی بەرژەوەندییە ناوچەییەکان لە جیهانی مۆدێرندا. پۆلیسێنتریزم لە ژێر کاریگەری زۆرێک لە فاکتەرە جیۆپۆلەتیکەکان پێک دەهێنرێت کە لە

نێویاندا ئابووری ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. لە هەلومەرجی فرە دەسەلاتیدا ژمارەی ئەکتەرەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە بانگەشەی ڕۆڵی یەکەم دەکەن لە زیادبووندایە و بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانیان لە زیادبووندایە.

## سیاسەتی دیپلۆماسی Diplomacy Policy

پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، دانوستانە نێودەوڵەتییەکان، پرۆسەکانی بڕیاردانی سیاسەتی دەرەوە، بەڕێوەچوونی سیاسەتی دەرەوە تایبەتمەندییە گرنگەکانی سیاسەتی دیپلۆماسی پێک دەهێنن. ڕۆڵی دیپلۆماسی لە سیاسەتی دەرەوەدا بەو مانایەیە کە دیپلۆماسییەت ڕێگایەکە کە زیاتر هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە ئاشتیخوازەکان دەدات. دیپلۆماسییەت هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان دەوڵەتان لە هەموو بارودۆخێکدا لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە ئەنجام بدرێت.

## سیاسەتی دەرەوە Foreign Policy

ئەو پلانە یان ستراتیژییەیە کە سەرۆک و گەورە سیاسەتمەدارانی وڵاتێک، بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندی وڵاتەکەی خۆیان پێناسەی دەکەن و دای دەمەزرێنن. سیاسەتێکە کە پەیوەندی نێودەوڵەتی بەڕێوە دەبات. سیاسەتی دەرەوەی وڵات ئامانج و چالاکییەکانیەتی لە پەیوەندی لەگەڵ هاوبەشەکانی لە وڵاتو یەکێتی و قەوارە سیاسییەکانی تر چی

دوو لایەنە و چی لە ڕێگەی پلاتفۆرمی فرەلایەنەوە ئەنجامی دەدات. بەریتانییەکان دەڵێن سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت ڕەچاوکردنی بارودۆخی ناوخۆیە، یان ڕەنگدانەوەی هەڵسوکەوتی وڵاتانی ترە، یان پلانە بۆ بەرەوپێشبردنی دیزاینە جیۆپۆلۆتیکیە تایبەتەکان.

سیاسەتی گشتی وڵات لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بە ئامانجی دامەزراندن، پاراستن و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتەکانی تر و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە هەرێمییەکان، بەپێی بنەما و ئامانجەکان لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی بنەڕەتی و پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و لە چوارچێوەی یاسادا پێک دێت و جێبەجێ دەکرێت.

دیپلۆماسییەت گرنگترین ئامرازی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەیە، سیاسەتی دەرەوە بە یەکڕیزیی پرەنسیپی و جیا نەبووەوە لەگەڵ سیاسەتی ناوخۆدا ئامانجی بەدیهێنان و پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکانی وڵاتەکەیەتی.

سیاسەتی دەرەوەی زۆربەی وڵاتان تیشک دەخاتە سەر ئەو جۆرە کێشە جیهانییانەی سەردەمی ئێمە وەک بڵاونەبوونەوەی چەکی کۆکوژی، نەهێشتنی شەڕی مووشەکی ناوەکی و دروستکردنی سیستەمێکی گشتگیری ئاسایشی نێودەوڵەتی وزە، ئاسایشی خۆراک و کێشەی گۆڕانی کەش و هەوا.

چالاکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان بە شێوەیەکی گشتی بۆ دەستەبەرکردنی ئەم بابەتانەیە:

- دەستەبەرکردنی ئاسایشی وڵات، سەروەری، سەروەری خاک، بەهێزکردنی سەروەری یاسا و دامەزراوە دیموکراتییەکان.

- دروســـتكردنی هەلومەرجی دەرەکی گونجاو بۆ گەشـــەی بەردەوام، بەرزکردنەوەی پێشـــبڕکێی ئـابووری، نوێبوونەوەی تەکنۆلۆژیـا و باشترکردنی ئاست و چۆنیەتی ژیانی دانیشتووان.
- بەهێزکردنی پێگەی وڵاتەکە وەک یەکێـک لە نـاوەنـدە کـاریگەرەکـانی دونیای مۆدێرن.
- بەهێزکردنی پێگەی وڵاتەکە لە سـیسـتەمی پەیوەندی ئابووری جیهان و ڕێگرتن لە جیاکاری بەرامبەر کاڵا، خزمەتگوزاری، وەبەرهێنانی وڵاتەکە، و بەکـارهێنـانی توانـاکـانی ڕێکخراوە ئـابووری و دارایە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو.
- پێشکەوتنێکی زیاتر لە دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیریی جیهانی، لەپێناو دامەزراندنی سـیسـتەمێکی دیموکراتی دادپەروەرانەی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان.
- پێکهێنانی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ وڵاتانی دراوســـێ و یارمەتیدان لە نەهێشـتنی کێشـە و ئاڵۆزییەکان، و ڕێگەگرتن لە سـەرهەڵدانی ئەو جۆرە گرژی و ناکۆکیانە کە زیان بە هەموو لایەک دەگەیەنێت.
- پەرەپێدانی پەیوەندی دوو لایەنە و فرەلایەنەی هاوبەش و یەکســـان لەگەڵ وڵاتـانی دەرەوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکـان لە چوارچێوەی پەیماننامەکان و لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی شەفافیەت.
- پاراستنی ماف و بەرژەوەندییە ڕەواکانی هاووڵاتییان و هاونیشتمانییانی وڵاتـان کە لە دەرەوەی وڵات دەژیـن، بە فـۆرمـاتـی جـۆراوجـۆری نێودەوڵەتیشەوە.

- بەهێزکردنی ڕۆڵی وڵاتەکان لە فەزای مرۆیی جیهانی، بڵاوبوونەوە و بەهێزکردنی پێگەی زمانی وڵاتەکان لە جیهاندا و بە ناو بانگکردنی دەستکەوتەکانی کولتووری نەتەوەیی و کەلەپووری مێژوویی نەتەوەیی و ناسنامەی کولتووری و پەروەردە و زانست.
- برەودان بە پەرەپێدانی دیالۆگی بنیاتنەر بۆ پتەوکردنی هاوئاهەنگی و دەوڵەمەندکردنی هاوبەشی کولتوور و شارستانیەتە جیاوازەکان.

**سیاسەتی دەرەوەی دوولایەنی** **Bipartisan Foreign Policy**

ئەم دەستەواژەیە گوزارشت دەکات لە بوونی سیستەمێکی دوو حیزبی و دیموکراسییەکی دوو لایەنی لە وڵاتێکدا، کە لەلایەن هەر دوو حیزبەوە پشتیوانی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکە دەکرێت.

**سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا** **US Foreign Policy**

سیاسەت و ستراتیژی نەتەوەیی بە ئامانجی بەرەو پێشەوە دانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و سەلامەتی خەڵکی ئەمریکایە. لە دوای هێرشەکانی (٢٠٠٣/٩/١١) سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا تا ڕادەیەکی زۆر سەرقاڵ بووە بە کێشەکانی پەیوەست بە تیرۆریزمی جیهانی و توندڕەوی. لەم ساڵانەی دواییدا ئیدارەی (ئۆباما) تەرکیزی خۆی بۆ بەهاری عەرەبی و یەکلاکردنەوەی ناکۆکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردەوە. لە ئێستا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سەرقاڵی کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانیەتی لەو وڵاتانەی کە پێشتر داگیری کردوون وەک عیراق و ئەفغانستان هەروەها ئامانجێتی کە نەیارەکانی بخاتە ناو

گێژاوێکی تا رادەیەک ناو خۆییەوە. بۆ نموونە هاوکاری تایوان دەکات لە دژی چین لەلایەکی ترەوە لەگەڵ وڵاتانی ناتۆ هاوکاری ئۆکراینیا دەکەن و لە دژی ڕووسیا بەکاری دەهێنن.

## سیاسەتی دەسەڵات Power Politics

زاراوەیەک کە ئەمڕۆ بۆ پێناسەکردنی دۆخی سیاسەتی جیهان بەکار دەهێنرێت. هەروەها گوزارشت دەکات لەو وڵاتانەی کە کێبڕکێی یەکتر دەکەن، بۆ دەست گەیشتن بە سەرچاوە جیهانییەکان و دانانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان بەسەر بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. بە واتایەکی تر سیاسەتی دەسەڵات بریتییە لە جۆرەها تەکنیک، کە وڵاتان یان بۆ زیادکردنی بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن یان ڕەنگە باری ئابووری، سەربازی و سیاسی خۆیان بەسەر لایەنێکی تردا پێ سەربخەن.

## سیاسەتی رەگەز پەرستی(ئەفریقاییەکان) Apartheid

زاراوەیەکی ئەفریقییە بە واتای دۆخی جیابوونەوە دێت، کە لە ئەفریقای باشوور بە شێوەیەکی سەرەکی بەکاردێت، کە یاسا جیاکارییە ڕەگەزییەکان بۆ بەرزکردنەوە و باڵادەستی هێزی کەمینە سپی

پێستەکان بەکار دەهێنێت، بە سەرکوتکردنی مافی زۆرینەی دانیشتووانی ئەفریقای ڕەش پێست.

ئەپارتاید لە ئەفریقای باشـــوور بە فەرمی لە ســـاڵی (١٩٤٨) دەســـتی پێکردوو و هەتا ســـاڵی (١٩٩٤) درێژەی کێشـــا، لەو ماوەیەدا ڕەش پێســـتەکان لە لایەن حکومەتی ســـپی ئەفریقا و هێزەکانی پۆلیســـەوە ئازارێکی زۆریان چێشـــت. (نێلســـۆن ماندێلا) جەنگاوەری بەناوبانگی ئازادی ئەفریقی و ســـەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقی لە ڕووخاندنی حکومەتی ئاپارتاید لەو وڵاتەدا ڕۆڵێکی باڵای هەبوو.

## سیاسەتی سەربازی Military Policy

بریتییە لە چالاکی ڕێکخســـتن و جێبەجێکردنی ســـیســـتەمی بەرگری و دەســـتەبەرکردنی ئاســـایشـــی دەوڵەت هەروەها پاراســـتنی بەرژەوەندیی هاوپەیمانەکان. سیاســـەتی ســـەربازی بە گشـتی مامەڵە لەگەڵ ئاسـایشـی دەوڵەتـان و ســـــوپادا دەکات. بەکـاردێت بۆ دڵنیـابوون لە مـانەوە و ســـــەربەخۆیی لە گەشـــــەپێدانی بیری نیشـــــتمانی و کەمکردنەوەی ئەو نەهامەتییانەی کە لە لایەن وڵاتانی دەرەکی نەیار و شـــــەڕانگێزەکانەوە ســـــەپێنراوە. لە زۆربەی وڵاتـانـدا وەزارەتی بەرگری بڕیـاردەرێکی سەرەکییە بۆ بنیاتنانی سیاسەتی سەربازی نەتەوەیی.

### سیاسەتی کولتووری بیانی Foreign Cultural Policy

کولتوور دەتوانێت بەشـــداریيەکی بەرچاو بکات لە پێکهێنانی ئامانجە بنەڕەتییەکان و زیادکردنی کاریگەری سیاسەتی دەرەوە. کارلێک کردنی دیپلۆماســـییەت و کولتوور نەریتێکی مێژوویی دووورودرێژی هەیە لە جیهاندا، خزمەتی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی وڵاتان دەکات. بەشـــێکی دانەبڕاوی ســـیاســـەتی دەوڵەتە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامڕاز و فۆرمی کولتوورییەوە.

### سیاسەتی لەسەر بنچینەی بەڵگە Evidence-BasedPolicy

بیرۆکەیەکە لە ســیاســەتی گشــتی پێشــنیازی ئەوە دەکات، کە بڕیارە ســیاســییەکان دەبێت بنەمایەکی پتەویان هەبێت و لەســـەر بەڵگەیەکی بابەتی بڕیارەکان بدرێن. ئەم جۆرە ســیاســەتە ڕێگای گونجاو پیشــان دەدات، و پێیوایە کە بە بەرنامە و بەڵگەی گونجاو دەگەیتە دەرەنجامێک، کە بە ســوودی کۆی پرۆســەی ســیاســی کۆتای دێت. ئەم ڕێبازە بۆ سیاســەتی گشــتی لەســەر دەســتی حکومەتەکەی (تۆنی بلێر) لە بەریتانیا بەناوبانگ بوو، کاتێک بڕیاری دوورخســـتنەوەی بنەمای ئایدیۆلۆژی لە سیاســەتدا. کە زۆر جار دەیگوت ئایدیۆلۆژیا ڕەگی کێشــەکان چارەسەر ناکات، چارەسەرەکانی کورتخایەن دەبن بۆیە دەبێت بڕیارە سیاسییەکان بنەمایەکی پتەوی بەڵگەییان هەبێت.

## سیاسەتی ناسنامە Identity Politics

ئەم دەستەواژەیە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا هاتووەتە ناو کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، کە لە جەستەیەکی گەورەی ئەدەبیاتی تایبەت بە فێمینیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم و ناسیۆنالیزم و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی تر دارێژراوە. سیاسەتی ناسنامە هەڵوێست و پێگەی سیاسی تێدایە، کە تەنیا پەیوەندی بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، کە لەسەر بنەمای ڕەگەز، نەژاد یان ئاراستەی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکرێن. قەوارە سیاسییەکانی بەشدار لە سیاسەتی ناسنامەدا بەنیازن ئازادی سیاسی گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو کە پەراوێز خراوە یان نوێنەرایەتی سنووردار یان هەیە لە کۆمەڵگەدا دەستەبەر بکەن.

## سیخوڕی، دووزمانی، بەزاخی، جاسووسی Espionage

ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بە کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگە بەکەڵکەکانی وڵاتێک و بەکارهێنانی دژی ئاسایشی وڵاتەکە یان وڵاتێکی تر دەکات. هەروەها بریتییە لە کاری بەدەستهێنانی هەواڵی پۆلێن بەندکراو، بەبێ ڕێگەدان و ئاگاداری خاوەنەکەی. لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و داهێنانی کامێرای وێنەگری و فیلم هەڵگرتنەوە و کامێرای چاودێری شێوازی سیخوڕی نوێش داهێنرا. داهێنان لە بواری کەڵکوەرگرتن لە دەنگ و وێنە لە ڕێکخراوە هەواڵگرییەکاندا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرە دەستێنن.

## سیستەمی دیپلۆماسی Diplomatic System

کۆمەڵێک چەمک، بیردۆز، مۆدێل، فۆرم و میتۆدی دیپلۆماسییە کە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا بەکار دەهێنرێن. ئەرکیان گەرەنتیکردنی سەقامگیری و ڕێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. سیستەمی دیپلۆماسی مۆدێرن هەموو چالاکییە دەرەکییەکانی سەرانی دەوڵەت، حکومەت، بەشەکانی دەرەوە و ئەرکە دیپلۆماسییەکانی دەرەوەی وڵات دەگرێتەوە. مسۆگەرکردنی سەقامگیری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانپێویستی بە ڕێکخستنی یاسا هەیە.

## سیستەمی لاوەکی هەرێمایەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان Regional Subsystem of International Relations

کۆمەڵێکی دیاریکراو لە وڵاتان بە پێوەری هاوبەشی وەک: فاکتەری جوگرافی، بەرژەوەندی و بەها هاوبەشەکان، ، بازرگانی، ئاسایش، سیاسەت، کۆمەڵێک پێوەری سیاسی- ئابووری، کولتووری- شارستانی، مێژوویی- کۆمەلایەتی و کۆمەلایەتی- کولتووری لە ناو یەک هەرێمدا و بە یەک سیستەم پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان ڕێک دەخەن.

## سیستەمی هەڵبژاردن Electoral System

کۆمەڵێک یاسا و ڕێسان، کە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و ڕاپرسی و چۆنیەتی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان دیاری دەکەن. سیستەمی

هەڵبژاردنی سیاسی لەلایەن حکومەتەوە ڕێک دەخرێت، لە کاتێکدا کە هەڵبژاردنی نا سیاسی لەوانەیە لە بواری بازرگانییەوە لە لایەن ڕێکخراوە قازانج نە ویستەکان و ڕێکخراوە نافەرمییەکان ڕێک بخرێت. لە پرۆسەی دەنگدان کۆمەڵێک بنەمای جێگیر هەیە وەک: کێ مافی دەنگدانی پێ دەدرێت، کێ مافی خۆ کاندیدکردنی پێ دەدرێت، چۆن پرۆسەی دەنگدان ئەنجام دەدرێت، چۆن دەنگەکان هەژمار دەکرێن چۆن ئەنجامەکە ڕادەگەیەنرێت.

سیستەمی هەڵبژاردنی سیاسی بە شێوەیەکی ئاسایی لەلایەن کۆمیسیۆنەکانی هەڵبژاردنەوە بەڕێوە دەبرێت. دەتوانرێت چەندین جۆری هەڵبژاردن بۆ ناوەندە سیاسییە جیاوازەکان ئەنجام بدرێت لەوانە: سیستەمی هەڵبژاردن تاکە براوە یەک بۆ پێگەیەکی بێهاوتا وەک سەرۆک وەزیران یان سەرۆکی وڵات. یان چەند کەسێک هەڵدەبژێررێن وەک ئەندامانی پەرلەمان یان ئەنجوومەنی یاسادانانادا و... هتد. دەنگدەرەکان ڕاستەوخۆ دەنگ دەدەن بە کاندیدی تاکەکەسی یان بۆ لیستی ئەو کاندیدانەی کە لەلایەن حیزبێکی سیاسی یان هاوپەیمانێتییەکەوە دانراون.

## سیستەمی ئاسایشی بە کۆمەڵ

## Collective Security System

ئەم سیستەمە باس لە پەیڕەو و پرۆگرامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات. کە ڕێگا دەدات بە پەنابردنە بەر هێز لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی UN بەمەبەستی پاراستن و گەڕاندنەوەی ئاشتی

و ئاسایشی جیهانی. ئەم سیستەمە بەشێکە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی UNو چوارچێوەی بەرپرسیاری یەکەمی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییە.

### سێکتەری بەرژەوەندی Interest Section

ئەم بابەتە زیاتر لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا گرنگی پێ دەدرێت، بەرپرسە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، لە باڵیۆزخانەی وڵاتی سێیەمدا، لە وڵاتێکدا کە ئەمریکا هیچ پەیوەندییەکی دیپلۆماسی فەرمی لەگەڵیدا نییە ئەم بەشە دەکاتەوە.

### سینۆفۆبیا Sinophobia

ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتێکە کە بە دوژمنایەتییەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو شتێکی چینیدا دەکات، و چین وەک دەوڵەتێکی دوژمن کار ناو دەبات هەروەها چینییەکان وەک گرووپێکی نەژادی بێزرا و کولتووری چینی وەک نامۆیی بۆ هەمووان سەیر دەکات.

سینۆفۆبیا زۆربەی کات ئاراستەی ئەو کەسانە دەکرێت کە خەڵکی چینن کە لە دەرەوەی چین دەژین. لە هەموو وڵاتە سنوورییەکانی چین و بەتایبەتی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا باوە، وەک بیرەوەرییەکی مێژوویی کە بانگەشەی فراوانخوازی چین بۆ خاکی مەغۆل و ڤێتنامی و

کۆریا و دراوسـێکانی دیکەی چینی تۆمارکراوە. لە سـاڵی (١٨٨٢ ) دا ئەمریکا یاسـای دەرکردنی هاووڵاتی چینی پەسـەند کرد، کە ڕێگەیان نەدەدا هاووڵاتییە چینییەکان لە کارکردن بەردەوام بن دەریان دەکردن. لە ئینگلتەرا لە سـاڵی (١٩٠٥) دا،یاسـای بێگانەکان دەرچوو، کە چوونە ناوەوەی چینی بۆ وڵاتەکەیان سنووردار کرد.

لە سـاڵی (١٩٤٩) دا هەسـتە دژە چینییەکان لە میدیاکانی وڵاتانی سـەرمایەداریدا بەردەوام پەخش دەکران. و ئەمڕۆ سـیاسـەتی نەیاری ئەمریکا بۆ چین نەک تەنیا لەگەڵ کێبڕکێی نێوان دوو دەسـەڵات بۆ باڵادەستی جیهانی بەڵکوو بە هەموو شێوەیەک دژی دەوەستێتەوە.

## سەربازە بیانییەکان Foreign military

وڵاتێک بەپێی کۆمەڵێک مەرج لەگەڵ وڵاتێکی بیانی ڕێک دەکەوێت، لەسەر ئەوەی کە بەپێی پێویستی بەشێک لە خاکەکەی جیا بکرێتەوە بۆ ئەوەی بکرێتە بنکەی سـەربازی هێزە بیانییەکان کە لە وڵاتەکەی ئەودا بوونیان هەیە. ئەم کارە لەو وڵاتانەدا ئەنجام دەدرێن کە لە ڕووی سـەربازییەوە لاوازن یاخود لە ژێر هەڕەشـەی لایەنی سـێیەمدان یاخود لە ناو جەنگێکی نێودەوڵەتیدان. لە عیراقدا چەندین بنکەی سەربازی هێزە هاوپەیمانەکان هەن و لە ژێر سـەروەری ئەو هێزانەدان و پێیان دەگوترێت: ناوچەی بنکە سیادییەکانی هاوپەیمانان.

## Independence سەربەخۆیی

ئەم دەســـــتەواژەیە بۆ گوزارشـــــتە لە بارودۆخێک، کە گەل و وڵاتێک دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنی بە سەر حکومەت و خاکەکەی خۆیدا هەبێت. دەکرێت سەربەخۆیی لە ڕێگای خەباتی دیموکراتییەوە وەربگیرێت، وەک سەربەخۆی سکۆتلەندا لە بەریتانیا یاخود لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە بەدەســــت بهێنرێت، وەک ســــەربەخۆیی بیابانی ڕۆژئاوا لە مەغریب، و ســــەربەخۆی هەرێمی کوردســــتـان لە عیراق. لە ڕوانگەیەکی ترەوە ســــەربەخۆیی بریتییە لە چۆنیەتی کـار بە کەس نەمـانی وڵاتێک، واتە بڕیاردان و کارکردن هەروەها بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بە تەنیا لەژێر چـاودێری خۆیـدا دەبێـت. بەم پێیە دەتوانین ئـامـاژە بە چەنـد جۆری ســــەربەخۆیی بـدەین: ســــەربەخۆیی ئـابووری، خۆبەڕێوەبەری، سەربەخۆیی بیر، سەربەخۆیی دەروونی و سەربەخۆیی سیاسی.

## Infringement سەرپێچی

کردارێکە کە فەرامۆشــــی ڕێککەوتنێکیـان مـافێکە ڕێیککەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا دەکات.

## Headliner سەردارکار، کەسی سەرەکی، سەردێڕ

ئەم دەستەواژەیە بەکاردێت بۆ گوزارشتکردن لە ناوی سەرکردەکان لە ســەردێڕی ڕاپۆرتە میدیاییەکان. لە زانســتە ســیاســییەکان و پەیوەندییە

نێودەوڵەتییەکاندا، سـەرکردە و کەسـی سـەرەکی هەر پێکهاتەیەک، کە دەسـەڵاتی تایبەتی هەیە زۆربەی جار ناوەکەی لە گوتاری میدیایی و سـیاسـی و کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت و قسـەکانی لە چوارچێوەی پلاتفۆرمە سـیاسـییە نێودەوڵەتییەکان و پلاتفۆرمەکانی دیکە لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە بە بەرژەوەندی خودی چاوی لی دەکرێت. لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا نموونەیەکی بەرچاو لە مانشـێتی میدیاکانی ڕۆژئاوا بە دی دەکرا ئەیش سـەرۆکی ئەمریکا (ترەمپ) بوو کە بە لێدوانە توند و وروژێنەرەکانی لە کاتی قسـەکردنی گشتیدا جیا دەکرایەوە.

**سەرزەوی، ناوچە، پانتایی خاک** **Territory**

لە بوارەکانی جوگرافیای سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، پانتای خاک ناوچە گەلێکی تێک تەنراوە کە بۆ ئەوەی دەسـتی بێگانە بە خەڵک و شـوێنەکانی ڕانەگات، ئەرکی ڕێکخسـتن و بەڕێوەبردنی بە تاک، کۆمەڵ، یان دامەزراوەیەک سپێرراوە.

سـەرەڕای جۆراوجۆریی ڕوانگەکان لەمەڕ مانای وشـەکە، لە یاسـا نێودەوڵەتییەکاندا، سـەر زەوی پارچەیەکی لێ دا نەبڕاوە لە پێکهاتەی وڵاتاندا. سـەر زەوی هەر وڵاتێک بریتییە لەو بەرینایيە (ڕووی زەوی و ژێر زەوی و ئاسـمان و بڕێک لە سـەرچاوە دەریاییەکانی نزیک کەنارەکانیەتی) کە حکومەتی ئەو وڵاتە داوای دەکات و خۆی بە خاوەنی دەزانێت و وڵاتانی تریش ئەو داوایەیان قبووڵە و بە هی ئەوی دەزانن.

جۆرەکانی سەرزەوی یان سەرزەوی:

### سەرزەوی پایتەختی فیدراڵ Capital Territory

لە حکومەتە فیدراڵەکاندا بۆ ئەوەی هەرێمێکلە هەرێمەکانی تر دەست ڕۆیشتووتر نەبێت، پایتەختی وڵات ناخەنە ناو سنووری هیچ هەرێمێکەوە. لە جێگەی ئەوە، بەتایبەت سەرزەوییەکی بۆ دیاری دەکەن تا کورسیی حکومەتی وڵات لەوێ جێگیر ببێت. بەو سەرزەوییە دەڵێن سەرزەویی پایتەخت. بۆ نموونە، پایتەختی وڵاتانی هیند و پاکستان ئوستراليا سەر بە هیچ یەک لە هەرێمەکانی نین و خاک و سەرزەویی تایبەت بە خۆیانیان هەیە.

### سەرزەوی جێناکۆک Disputed Territory

بەو ڕووبەرە جوگرافیایە دەگوترێت کە دوو وڵات یان زیاتر داوای بکەن. وەک کشمیر کە هیند و پاکستان، هەر کامیان بە جیا، داوای دەکەن. یان وەک کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری کە لە نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدادا بوونەتە جێگای ناکۆکی.

### سەرزەوی داگیرکراو Occupied Territory

ناوچەیەکە کە هێزێک لە دەرەوە بە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەستی بە سەردا گرتووە، بەبێ ئەوەی بیلکێنێت بە قەڵەمڕەوی خۆیەوە. چەند نموونەیەک لەم جۆرە سەرزەوییانە لە ڕابردوودا ئەمانەن: ئەڵمانیا دوای شەڕی دووەمی جیهانی، کوەیت دوای ئەوە لە ساڵی (١٩٩٠)دا عیراق داگیری کرد، کۆسۆڤۆی دوای ساڵی (١٩٩٩) و، زۆرێکی تر.

**سەرزەویی دەریایی** **Maritime Territory**

سەرزەوی دەریایی یان سەرزەوی نزیک دەریا بەو ئاوانە دەگوترێت کە نزیکن لە کەنارەوە و ئەگەرچی بە ئاوانی سـەرزەمینی ناژمێررێن بەڵام دەکرێت هاتووچۆی کەشتی گەلی وڵاتانی تری تێدا قەدەغە بکرێت.

**سەرزەوی ناسەربەخۆ** **Dependent Territory**

بە سەرزەوییەک دەگوترێت کە بۆ خۆی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و سـەربەخۆ نەبێت و لە ڕووی سـیاسـییەوە لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەتە حاکمەکەدا بێ. بۆ نموونە سـەر زەوییەکانی بەریتانیا لە ئەوبەر دەریاکاندا سـەر بە شـانشـینی یەکگرتوون، هەرچەند خۆیان تا ڕادەیەک حوکمیان بە دەستەوەیە.

**سەرزەوی ئەوبەر دەریاکان** **Overseas Territory**

ئەو سەرزەوییەیە کە بە ئۆقیانووسێک لەو وڵاتەی کە حوکمی پێ دەکات جیا بووەتەوە. بۆ نموونە گرینلەند و دوورگەکانی فارۆ بە بەشـێک لە شانشینی دانیمارک دەژمێررێن.

**سەرکردایەتی، ڕێبەرایەتی** **Leadership**

ئەم زاراوەیە دەکرێت پێناسـە بکرێت وەک پەیوەندییەکی کاریگەری دەسـەڵات کە تێیدا هێزی سـەرکردە دەتوانێت گۆڕانکاری لە باوەڕی شوێنکەوتووەکانیدا بکات. ڕێبەرایەتی بەگشتی سێ جۆرە:

I. ڕێبەرایەتیی دەسەڵات سەپێن، سەرۆک لێرەدا دەسەڵاتی ڕەهای هەیە، خۆسەپێنە، هەم ئامانج دیاری دەکات و هەم میتۆدی کار خۆی لە سەروو هەمووانە، تەنانەت دەستوور و ڕێسا بە ویست ئارەزووی خۆی دادەڕێژێت و سنوور بەزێنیشی لێ دەکات. ئەم جۆرە ڕێبەرایەتییە کاریگەرە بەڵام کورت مەودایە.

II. ڕێبەرایەتیی خەم سارد، ڕێبەرایەتیی بێباک و بێ پەروا میللەت تووشی سەرگەردانی دەکات. ڕێبەرایەتی وەها، جاروبار بەپێی پەستانی دەوروبەر یان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی، بە ناچاری یان بە ئارەزوو دەست لە کاروبار وەردەدات، لە نێو میللەتدا دڕی و بێباکی تەشەنە دەکەن.

III. ڕێبەرایەتیی دیموکرات، ڕێبەر لێرەدا بۆ دیاریکردنی هەم ئامانج هەم میتۆدی پێکانی ئامانج پرس و ڕا بە هاوکاران دەکات. بەرپرسایەتی لە سازماندا دابەش دەکات.

## سەرمایەی- کۆمەڵایەتی Capital – Social

چەمکەکە ئاماژە بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بەهاکان، نەریتەکان، کارلێکەکان، و ئەو پەیوەندییانە دەکات کە "یەکەی کۆمەڵایەتی" دروست دەکەن. کاتێک سیاسەتەکان بۆ گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەچەسپێنن، بڕیاردەران گرنگییەکی زۆر بەم چەمکە دەدەن وەک ئەوەی پێی وایە کۆمەڵگەیەک دەتوانێت تەنیا لە ڕێگەی پێکەوە بەستنێکی پتەوی

بەردەوامەوە سەر بکەون. بە واتایەکی تر، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان توخمێکی گرنگ لە تۆڕی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمان پێک دەهێنن.

## سەرمایەی وەبەرهێنان Portfolio Investments

کۆکراوەی سـەرمایەیە و دەتوانێت وەبەرهێنانی وەک سـەرمایە، بۆند، سـەرمایەی هاوبەش و سـەرمایەی ئاڵوگۆڕکراوی تێدا کۆ بکرێتەوە. زیاتر چەمکێکە لە بۆشـاییەکی فیزیکی، بەتـایبەتی لە سـەردەمی وەبەرهێنانی دیجیتاڵدا هاتە مەیدانەکە بەڵام دەکرێت یارمەتیدەر بێت بۆ بیرکردنەوە لە هەموو سـەرمایەکان لە ژێر یەک سـەقفی میتافۆریدا. لە وەبەرهێنـانـدا وەبەرهێن پێگەی چـاودێرێکی دەرەکی وەردەگرێـت لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیاکەدا، واتە بەشـداری لە بەڕێوەبردنی ئامانجی وەبەرهێناندا ناکات.

## سەرهەڵداو، یاخی، سەربزێو Insurgent

کەسـێکە یان گرووپێکە کە دژ بە دەسـەڵاتی مەدەنی یان حکومەتێکی دامەزراو یـاخی دەبن و سـەر هەڵـدەدەن. یـاخیبوونێکی تونـدوتیژی چەکدارییە ئەو کەسانەی کە بەشدار دەبن تێیدا بە شەڕکەری نا یاسای دەناسێنرێن. یاخیبوونێکی ڕێکخراوە بە ئامانجی ڕووخاندنی حکومەتێکی پێکهێنراو لە ڕێگەی بەکارهێنانی ململانێی چەکداری. ئەگەر یاخیبوونێک

لە دژی دەسەڵات هەبێت (بۆ نموونە حکومەتێکی نێودەوڵەتی ناسراو) و ئەوانەی بەشـــداری لە یاخیبوونەکە دەکەن بە ئاژاوەگێڕ دەناســـێنرێن، هەموو یاخیبوونەکان نادروست نین، چونکە دۆخی شەڕخوازانە لەوانەیە لەنێوان یەک یان چەند دەوڵەتی باڵادەست و هێزی یاخیدا هەبێت.

## سەروەری Sovereignty

ئەم چەمکە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئاماژە بە دەســـەڵاتی باڵا و بێ ســـنووری دەوڵەتێـک یـان نـاوچەیەک دەکـات. هەموو وڵاتە ســـەربەخۆکان ســـەروەریی نەتەوەییان هەیە، بە واتایەکی تر ماف و توانای کۆنترۆڵکردنی کاروباری ناوخۆیان هەیە بەبێ دەســـتێوەردانی دەرەکی وڵاتانی باڵادەســـت و لە ئاســـتێکی نەتەوەییدا یاســـاکانی خۆی جێبەجێ دەکات. هەروەها سروشـتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی تردا دیاری دەکات بە شێوەیەکی ئاسایی پرسیارەکانی سەروەریی نەتەوەیی لە کاتی کێشەی خاک و جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتی لە دەستوورە نەتەوەییەکاندا سەر هەڵدەدات.

## سەرۆکی ئەرک Chief of Mission

ســەرۆکی نوێنەرایەتییەکی دیپلۆماسییە، وەک باڵیۆز، کۆمیسـیاری باڵا، یان کۆنسـوڵ، نوێنەری هەمیشـەیی،دەسـتەواژەکە ئاماژە بە سـەرۆکی فەرمانگەکانی نوێنەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش دەکات.

**سەقامگیریی ستراتیژی سەربازی Military-Strategic Stability**

دۆخێکی جێگیری پەیوەندی و هاوپەیمانی نێوان دەوڵەتەکانە. کە تێیدا سەروەری دەوڵەتان، یەکپارچەیی خاک، گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، ئابووریو سیاسی و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی تاک دەستەبەر دەکرێت.

ئەم جۆرە سەقامگیرییە پەیوەستە بە دۆخی پەیوەندی نێوان سیاسەتی سەربازی وڵاتانەوە، کە گوزارشتە لەڕازیبوونیان بە بەراوردی ڕێژەیی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان و ئامانجەکان و کردارە پراکتیکییەکان لە بواری سەربازیو سیاسی. سەقامگیریی ستراتیژی سەربازییەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ئاسایشی نەتەوەی. لە مانایەکی فراواندا ستراتیژی دۆخی پەیوەندی نێوان دەوڵەتانە لە بواری سەربازی – سیاسیدا.

مەبەستی سەرەکی ئەم سەقامگیرییە ئەوەیە کە ئاسایشییەکسانی جیهانیی دەوڵەتەکان مسۆگەر بکەن، و پابەندبوونێکی توندیان بەڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و پەیماننامەکان جێگیریی سەربازی – ستراتیژییەوە هەبێت.

**سەوداکردن، بازاڕکردن** **Bargaining**

کرداری ئاڵوگۆڕ کردنی پێشـــنیازەکان و پێشـــنیازی دژە پێشـــنیازەکانە، واتە کـاتێک لایەنێک پێشـــــنیـازێـک دەخـاتە ڕوو لە بری وەڵامـدانەوە لایەنەکەی بەرامبەریشـــــی بە پێشـــــنیازێک وەڵامی دەداتەوە. زۆر جار وڵاتـان لە پەیوەنـدی نێودەوڵەتی و دانوســـــتـانەکـانـدا تـاکو بتوانن بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن ئەم تەکتیکە بەکار دەهێنن.

# ش

**شارستانیەتی مرۆڤ** **Human Civilization**

ئەو چەمکەیە کە کۆکەرەوەی مرۆڤ پێناسـه دەکات لە پەیوەندی لەگەڵ پەرەسـەندن و گونجاندنی ژینگەیی و پێشـکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان. شوێنەوارناسان و مێژووناسان هێشتا مشتومڕیان لەسەر ئەوە هەیە کە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی لە کەی و لە کوێوە دەستی پێکردووە، بەڵام ئەگەر خاڵی سـەرەتا بە دەرکەوتنییەکەم شـاری پلان بۆ دارێژراو و حوکمڕانێتی و نووسین دابنرێت، ئەوا دەکرێت لە نزیکەی (٣٠٠٠ ساڵ .پ.ز) هەرچەندە مرۆڤایەتی دواتر گەشـەی کرد لە کۆمەڵگە جیاوازەکان و سـیسـتەمی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام مرۆڤناسـان شـارسـتانیەتی مرۆڤ بە تـاکە ڕێگەیەک دەزانن کە توانـای چـالاکییە ئـاڵۆزەکـانی هەیە لە وەڵامدانەوەی بەرەنگاری ژینگەیی.

**شـــێوازی کرداری** **Modus Procedendi**

دەستەواژەیەکی دیپلۆماسییە کە شێواز و زنجیرەی کرداری پێویست بۆ بەجێهێنانی پابەندبوونێکی نێودەوڵەتی دیاری دەکات. تێگەیشتنی مۆدێرن مانای شـێوازی کرداری تێبینیکراو بە چەمکی نەخشـەی ڕێگا نیشـان دەدات.

### شاند، ڕەوانەكردن، فەیلەقی Delegation

گرووپێكی نێرراوە بۆ نوێنەرایەتی دەوڵەتێک یان ڕێكخراوێكی نێودەوڵەتی لە كۆنفرانسێک یاخود كۆبوونەوەیەكی نێودەوڵەتی، لە لایەكی ترەوە بەجێهێنانی ئەركێكی دیپلۆماسییە لە وڵاتێكی بیانی بە سەرۆكایەتی دیپلۆماتكارێک.

### شۆڕشی زانیاری Information Revolution

ئەم زاراوەیە باسكردنە لە ڕەوتە ئابووری و كۆمەڵایەتی و تەكنۆلۆژییەكانی ئێستای سەردەمی پاش شۆڕشی پیشەسازی. لە ئەنجامی پەرەسەندنی تەكنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا كە بووە هۆی كەمبوونەوەی دراماتیكی لە تێچووی دەستكەوتن و پرۆسە كردن و كۆكردنەوە و گواستنەوەی زانیاری بە هەموو شێوەكان. شۆڕشی زانیاری بە یەكێک لە فاكتەرە سەرەكییەكانی دیاریكردنی پرۆسەی جیهانگیری دادەنرێت.

### شیكردنەوەی بارودۆخ Situational Analysis

شێوازێكی كاریگەرە لە شیكردنەوەی بارودۆخە گرنگەكان. تەكنیكێكە كە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا لەلایەن كاربەدەستانەوە بە كاردێت، بۆ بەرچاو ڕوونی بۆ پشكنین و هەڵسەنگاندنی بژاردە بەردەستەكان لە قەیرانێكدا. بۆ جێبەجێكردنی پلان و بەرنامەكان بە ئامانجی چارەسەركردنی قەیرانەكان یاخود دەرچوون لەو بارودۆخێكی نا هەموار.

بۆ یەکەم جار شێوازی شیکردنەوەی بار لەلایەن (پریماکۆڤی) سەرۆک وەزیرانی پێشووی ڕووسیاوە لەساڵی (١٩٦١) پێشنیازکرا و پاشان لە چەند حاڵەتێکی پراکتیکیدا جێبەجێ کراو.

پرۆسەی شیکردنەوەی بارەکان دابەش بوو بۆ سێ قۆناغ:

- دروستکردنی سیناریۆیەکی بارودۆخەکە بۆ شیکردنەوە، لەگەڵ پێکهاتەی ناوخۆی و پەیوەندییە دەرەکییەکانی.

-بەدەستهێنانی قەبارەیەکی زۆر لە هەڵسەنگاندنی هەمەجۆری شارەزا لەسەر بنەمای سیناریۆکە.

-دروستکردنی دۆکیۆمێنتی کۆتایی کە بە شێوەیەکی ڕەخنەیی ئەم هەڵسەنگاندنانە کورت دەکاتەوە.

## شیکردنەوەی هەموو سەرچاوەکان All-Source Analysis

چەمکێکە بۆ گوزارشتکردن لە کاری دەزگا هەواڵگرییەکان بەکاردێت. شیکەرەوەی هەواڵگری، یان بەرهەمە هەواڵگرییەکان، کە لەسەر بنەمای هەموو سەرچاوە بەردەستەکان زانیارییەکان کۆ دەکرێنەوە. زاراوەیەکی باوە بۆ شیکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لە هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئامانجە بیانییەکان کۆکراوەتەوە، وەک سەرچاوەکانی ڕاپۆرتی باڵیۆزخانە و نێردە دیپلۆماسییەکان لە وڵاتانی دەرەوە، سیخوڕە بیانییەکان، زانیاری دەزگا هەواڵگرییە هاوپەیمانەکان. ئەم کارە لەلایەن هەندێک ئاژانسی ناوەندیی وەک (CIA) لە ویلایەتە یەکگرتووەکان یان کۆمیتەی هەواڵگریی هاوبەشی بەریتانیا بەڕێوە دەبرێت زۆر جار بە "هەڵسەنگاندنی زیرەک" ناو دەبرێت.

**شەڕانگێزی، هێرشکردن،شەڕفرۆشتن، پەلاماردان** **Aggression**

کارێکی نایاسـاییە، کە بە زۆری بە زەبری هێز، لە دژی سـەروەری یان خاکی دەوڵەتێک ئەنجام دەدرێت. ئەم کارە بەپێی یاسـای نێودەوڵەتی قەدەغەکراوە. لە یاسا نێودەوڵەتیکاندا شـەڕانگێزی لە ڕووی سـەربازی، ئابووری، ئایدیۆلۆژی، دەسـتدرێژیی دەروونی باسـی لێوە کراوە. بەپێی ئەو بڕیارەی کە ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە (١٩٧٤) دا پەسەندی کردووە، ئەم کردەوانەی خوارەوە وەک کرداری شەڕانگێزی دیاریکراون.

I. داگیرکردن یان هێرشـکردن لەلایەن هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتێکەوە بۆ سـەر خاکی دەوڵەتێکی تر یان هەر داگیرکاریەکی سـەربازی، هەروەها هەر لکاندنێک بە زەبری هێز بە خاکی دەوڵەتێکی تر یان بەشێکی تر.
II. بۆردوومـانکردن لەلایەن هێزە چەکدارەکـانی دەوڵەت بۆ دەوڵەتێکی تر یان بەکارهێنانی هەر چەکێک لەلایەن دەوڵەتێکەوە دژی دەوڵەتێکی تر.
III. گەمـارۆدانی بەنـدەرەکـان یـان کەنـارەکـانی دەوڵەتێـک لەلایەن هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتێکی ترەوە.
IV. هێرشـێکی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتێک لە دژی خاک و دەریا یان هێزە ئاسمانییەکانی دەوڵەتێکی تر.
V. بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتێکی لە خاکی دەوڵەتێکی دیکە بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی خانەخوێ، لە پێشـێلکردنی ئەو مەرجانەی کە

لە ڕێککەوتنەکەدا بۆی دابین کراوە، یان هەر بەردەوامبوونی مانەوەیان لەو ناوچانەدا لە کاتی کۆتایی هاتنی ڕێککەوتنەکە.

## شارستانییەت Civilization

**زاراوەکە** هاوواتای Civilization ی فەرەنسییە و کە لە وشەی Civiliserکە بە واتای ڕزگاربوون لە بارودۆخی سەرەتایی وەرگیراوە.

شارستانییەت سێ واتای هەیە:

- بالادەستی عەقڵ و زاڵبوونی مرۆڤایەتی.
- ڕێکخستنی کاروباری ژیان.
- هەنگاونان بەرەو ڕەوشت و هەڵسوکەوتی شارستانی.

شارستانییەت بریتییە لە کۆی دامەزراوە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، هەلومەرج و پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەرهەمهێنان، ئاین، هونەر و ئەدەب لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا. بە واتایەکی گشتگیرتر شارستانییەت بە کۆی پاشەکەوتە ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا دادەنرێت.

## شەرعییەت Legitimacy

ئەم چەمکە باس لە پلەی پابەندبوونی ڕای گشتی بەیاسا بەرکارەکان و بیروبۆچوونە زاڵەکانەوە دەکات. بنەمای شەرعییەت لەکۆمەڵگەدا بریتییە لە نۆرم، نەریتی دەستووری، هەڵبژاردنی دیموکراتی و ڕیفراندۆم. جەوهەری شەرعییەتی ناسینی دەسەڵاتە، پابەندبوونبە شەرعییەتەوە ناوەڕۆکێکییاسایی پتەوی نییە و شەرعییەت و یاساییبوونی حکومەت هەمیشە هاوکات نین. چەمکی شەرعییەتی پەیوەستە بە متمانەی هاوبەشی دەسەڵات و خەڵکەوە.

## شەڕی بازرگانی، جەنگی بازرگانی Trade War

ڕکابەری نێوان دوو وڵات یان زیاترە بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕی بیانی کە پێی دەگوترێت (شەڕی بازرگانی هێرشبەر) یان کۆنترۆڵکردنی بازرگانی "پیشە" ی ئابووری نەتەوەیی کە پێی دەگوترێت (شەڕی بازرگانی بەرگری). لە شەڕی بازرگانیدا وڵاتان هەوڵی زیانگەیاندن بە بازرگانی یەکتر دەدەن. ئەو ڕێگایانەی کە لە شەڕی بازرگانیدا بەکاردێت بریتین لە گومرگ، قەدەغەی هاوردەکردن لە وڵاتانی ترەوە، قەرزی یارمەتیدان بۆ هەناردەکردن بۆ وڵاتانی تر. ئابووریناسان لەو باوەڕەدان کە زۆربەی کات لە جەنگێکی ئاوادا، هەر دوو لا دەدۆڕێنن. شەڕی بازرگانی دەکرێت وەک بەشێک لە بەرەیەکی بەرفراوانتر لە ئەنجام بدرێت – کە پێی دەگوترێت شەڕی ئابووری.

## شەڕی ناوخۆ lockal Ware

جەنگێکە کە ئامانجی سەربازی و سیاسی سنووورداری تێدایە، ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە سنووری وڵاتێکدا لەلایەن دژەکانەوە بەڕێوە دەبرێت و بە شێوەیەکی سەرەکی کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە هەیە لە ڕووی (خاکی، ئابووری، سیاسی و... هتد). هەندێک جار دەستەواژەی جەنگی بچووک بەکاردێت بۆ ناو نانی هەندێکیان. سنوورەکانی شەڕی ناوخۆ بۆ بەشداربووەکانیان زۆر جار یەکلایەنە، کاتێک یەکێک لە لایەنە پێشەنگەکانی جەنگ تەنیا بەشێک لە هێزی سەربازی خۆی دەخاتە کارەوە و هەندێکی تریش پێویستی بە هەموو هێزەکانی نەتەوە هەیە. لە کۆتایدا شەڕی ناوخۆماڵوێرانییە و وڵاتان بەرەو پاش دەبات.

## شەڕی هەرێمایەتی Regional War

جەنگێکە کە لە نێوان چەند دەوڵەتێکی هەرێمێک ڕوو دەدات، کە لە لایەن هێزە چەکدارە نیشتمانییەکانیان هاوپەیمانانەوە بەرپاکراوە. لەم جەنگەدا هەر لایەنە بەدوای ئامانجە گرنگەکانی سەربازی و سیاسی خۆیان کەوتوون. ئەم جۆرە شەڕانە زۆر جار درێژە دەکێشێت و زیان بە ئابووری و پەیوەندی دیپلۆماسی و هەرێمەکە دەگەیەنێت.

# ع

**عەلمانییەت** **Secularism**

جووڵەیەکی سـیاسـییە کە برەو بە جیابوونەوەی کەنیسـە و دەوڵەت لەیەکتری دەدات. عەلمانییەکان مەرج نییە بێ دین بن، لەڕاسـتیدا زۆر کەسـیان ئایینین بەڵام ئەوان باوەڕی هاوبەشـیان هەیە کە دین نابێت بەشێک بێت لە سیاسەتەکانی حکومەت. زۆر کێشەی دەوڵەت هەیە کە عەلمانییەکان بڕوایان وایە دین نابێت دەسـتی تێیدا هەبێت، بۆ نموونە یاساکانی سیاسەتی پەروەردە. سیکۆلاریزمیش ئەو بنەمایە دووپات دەکاتەوە کە خەڵک مافی ئەوەی هەیە لە دەوڵەتێکدا بژین کە ئازادی ئایین بپارێزێت لە هەمان کاتدا دڵنیابوون لەوەی کە دین نە بەسـەر خەڵکدا نە بەسەر حکومەتدا نە سەپێنراوە.

# ف

## فراوانبوونی جیۆ-ئابووری Geo-Economic Expansionism

زاراوەیەکی نێودەوڵەتی و سیاسییە، کە بەکاردێت بۆ گوزارشتکردن لە پاساوی فراوانبوونی ئابووری بیانی، بە مەبەستی گرتنی بەشێک لە داهاتی نەتەوەیی وڵاتانی تر و سوودوەرگرتن لە کەرەستە خاوەکان و دارایی و ڕۆشنبیری و سەرچاوەکانی دیکەیان.

## فراوانخوازی Expansionism

کردەوەی توندوتیژی وڵاتێکە بە ئامانجی بەدەستهێنانی بازاڕە نوێیەکانە. و هەوڵدانە بۆ بڵاوکردنەوەی کاریگەری ئابووری و کولتووری خۆی، بۆ زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی تر و هێرشکردنە سەر سەروەرییان. نموونەی ئەم فراوان خوازییانە سیاسەتی داگیرکەری بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ڕووسیا، ژاپۆن و زلهێزەکانی تر بوو لە سەرەتای سەدەی بیست.

## فڕینی سەرمایە Capital Flight

ئەم دەستەواژەیە لە ئابووریدا کاتێک بەکاردێت کە سەرمایە یان پارە بە خێرایی لە وڵاتێکدا دەچێتە دەرەوە، بەهۆی ڕووداوێکی ئابووری یان لە ئەنجامی ڕووداوێکی سیاسی وەک گۆڕانی ڕژێمی حوکمڕانی دەوڵەتێک. کاتێک سەرمایەدارەکان پارەکانیان دەبەنە دەرەوەی وڵات کە باجی سەر سەرمایەکەیان یان خودی خۆیان زیاد بکرێت بۆیە نرخی سەرمایەکەیان کەم دەکەنەوە ئەگەر ئەو کارە نەکەن هێزی ئابووری خۆیان لە دەست دەدەن.

## فرەکولتووریزم Multiculturalism

بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی تایبەتە بە جیاوازی ڕەگەزی، نەژادی، ئایینی یان کولتووری کە لە ئەنجامی کۆچکردنەوە دروست دەبێت. ئەم تێڕوانینە کۆمەڵایەتییە ئامانجی ئەوەیە کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە وەک هاونیشتمانی یەکسان مامەڵە بکەن و جیاوازییەکانیان وە لاوە بنێن. فرە کولتووریی پشتگیری لە قبووڵکردن و بەرزکردنەوەی کولتوورە جیاوازەکان دەکات بۆ ئەوەی شانبەشانی یەکتر لە کۆمەڵگەدا کار بکەن. هەروەها دەکرێت ئەم دەستەواژەیە بە ئامرازێکی وەسفی بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بە دیمۆگرافیا کۆمەڵگەو بە شێوەیەکی پێوانەی وەک تیۆرییەکی سیاسی، لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە یان وەک ئاماژەدەری سیاسەتەکان یان بەرنامەکان بەکاردێت.

## فرەلایەنی Multilateralism

ئەم دەستەواژەیە بەکاردێت بۆ گوزارشتکردن لە چەند وڵاتێک، کە لە سەر کێشەیەک هاوکاری یەکتری دەکەن. هەندێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی فرەلایەنە کار دەکەن، لەوانەشە نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانی هەرێمی یان سەربازی وەک ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) لە بنەچەدا فرەلایەنە. کارکردن بە شێوەی فرەلایەنی هەرچۆنێک بێت ئەستەمترە لە کارکردنی دوو لایەنە یان تاکڕەوی، چونکە گەیشتن بە ڕێککەوتن لە نێوان دەوڵەتە جیاوازەکان بۆ هاوکاریکردنی یەکتری لە کێشەیەکدا ئاڵۆزترە.

## AL-FATH

## فەتح

ڕێکخراو و پارتێکی سیاسی فەلەستینییە. کورتکراوەی (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین)ە. یەکێک لە پارتە پێشەنگەکانی دەسەڵاتی فەلەستین لە کۆتاییەکانی ساڵانی (١٩٥٠) دا لە کوەیت دامەزرا. بە ئامانجی لەناوچوونی دەوڵەتی ئیسرائیل و دەرکردنی جووەکانە لە خاکی فەلەستین.

لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان فەتح وەک بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵ و تیرۆریستی تەماشا دەکرا. ئەو کاتەی کە هێرشە تیرۆریستییەکانی دژی هاووڵاتییانی مەدەنی ئەنجام دەدا وەکوو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە ئیسرائیل و ئەمریکا ناسرا. چالاکییەکانی فەتح لەلایەن سوپای ئیسرائیلەوە لە غەززە بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوت کراون دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٩٣) فەتح وەک دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین ناسێنرا. لە ئێستادا فەتح پاڵپشتێکی سەرەکییە بەرامبەر بە داگیرکەری بۆ بەرگری ئاشتیخوازانەی بێ توندوتیژی بەتایبەتی لە کێشەی ئیسرائیلدا پابەندە بە سیاسەتی بەرگری ئاشتیانەوە.

## فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## Department of Foreign Relations - GOV.KRD

فەرمانگەکە بە فەرمانی ژمارە ئەنجوومەنی وەزیران ١٤٣ لە ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە. ناوەندێکی گرنگە بۆ بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بە دونیای دەرەوە، بناغەی سیاسەتەکانی لەسەر بنەمای پەیوەندی دوولایەنە دادەڕێژێت. بە پێی فەرمانی ژمارە ١٥لە ٢٠١٩/٨/٧ فەرمانگە تاکە لایەن و کەناڵی فەرمی حکومەتی هەرێمە لەگەڵ نێردە دیپلۆماسی و کۆنسوڵخانە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان.

کارەکانی فەرمانگە بریتین لە:

- گەیاندنی پەیام و هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جیهانی دەرەوە، بە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییە فەرمییەکان یاخود نووسینگەکانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی دەرەوە.
- ڕێکخستنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدڕاڵ.
- ڕێکخستنی کاروباری حکومەتی هەرێمی تایبەت بە نێردەی دیپلۆماسی و کۆنسولخانەی وڵاتانی بیانی لە هەرێم، کارکردن لە پێناو بنیاتنانی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵیان لەسەر بنەمای بەرژوەندی دوولایەنەی هاوبەش.
- سەرپەرشتی کردنی کاروباری نوسسینگەکانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی دەرەوە، بۆ پتەوکردن و پێشخستنی پەیووەندییە دوو لایەنییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش.

- هەمانهەنگیکردن لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی پشتگیری و هاوکاری مرۆی نێودەوڵەتی.
- ئامادەکاری و هەماهەنگی بۆ هاتنی شاندە بیانییەکان بۆ هەرێمی کوردستانلە چوارچێوەی پرۆتۆکۆڵ و نەریتە دیپلۆماسییەکان.
- دەستەبەرکردنی هاوکاری و هەماهەنگی دەزگا میدیای و کۆمپانیا بیانییەکان.
- پەسەندکردنی بەڵگەنامە فەرمی و یاساییەکانی هاووڵاتیانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان کە لەدەرەوەی وڵات ڕێکخراون.
- گرنگیدان بە ڕەوەندی کوردستانی بەشداریکردن لە چالاکی و بۆنەکانیان و ڕێکخستنی بۆنەو گردبوونەوە و چالاکییە نیشتمانی و نەتەوەیی، دەستەبەرکردنی پشتگیری، ئاسانکاری بۆ پرۆژە و بیرۆکە و چالاکییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

جێگای ئاماژەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستا لە ١٤ وڵات نوێنەرایەتی هەیە کە بریتین لە ( ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، ئوسترالیا، ئیتالیا، ئیسپانیا، ئێران، فەرەنسا، سوید، سویسرا، ڕووسیا، نەمسا، پۆڵەندا و یەکێتی ئەوروپا.

### فەرشی سوور Red Carpet

سەرۆک و خاوەن شکۆکان بایەخی زۆریان بە فەرشی سوور داوە، لە ڕووی ئەتەکیەتی پێشوازییەوە ئێستا بووەتە نەریتی دیپلۆماسی و هەر

ســـــەرۆکێک یان بەرپرســــێکی بـاڵا دەچێتە وڵاتێکی دیکە تـا بەردەم فڕۆکەکەی یان لە شـوێنی دیاریکراوەوە پێشـوازیی لێدەکرێت و بەسـەر فەرشـــی ســـوودا دەچێتە شـــوێنە فەرمیەکان، دەگوترێت لە مێژووی ئەمەریکادا ســـاڵی (١٨٢١) فەرشـــی ســـوور براوەتە کەناری دەریا بۆ ئەوەی پێشوازی لە سەرۆکی پێنجەمی وڵات (جیمس مۆنرۆ)بکەن، ساڵی (١٩٠٢) بەمەبەســـتی ســـەرنج ڕاکێشـــانی خەڵـک لەبەردەم هێڵی شـــەمەندەفەرەکاندا فەرشـــی ســـوریان ڕاخســـت، تا پێیان بگوترێت ســـواربوونی شـــەمەندەفەر شـــاهانەیە، بە پێی وتەی شـــارەزایان ئەو هەڵوێستە دوو شتی لێخوێنرایەوە، لایەک سادەکردنەوەی فەرشی سوور بوو بۆ ئاستی جەماوەریی و نەهێشتنی ئەو پیرۆزییە بوو کە یۆنانیەکان پێیان وابوو خواوەند دەســـەڵاتی بە پاشـــا و پاشـــازادەکان داوە بۆیە فەرشـی سـوور هەر بۆ ئەوان ڕادەخرێت، لایەکەی تریشـی بەکارهێنانی بوو لە بواری بازرگانی دا.

**فەرمان دەرکردن، ناساندن** **Exequatur**

بەڵگەنـامەیەکی یـاســـــای و نووســـــراوە یـان فەرمـانێکە کە لەلایەن دەوڵەتێکەوە دەرکراوە بۆ ناساندن و دانپێدانانی ئەفسەرێکی باڵیۆزخانە یان کۆنسوڵخانە.

# ق

## ڤیتۆ Veto

زاراوەیەکی لاتینییە بە واتای "من قەدەغە دەکەم" دێت، ئەم واتایانەی کە ئەمڕۆ بۆ ئەم زاراوە لە ئارادان بریتییە لە:

- ڕەتکردنەوە، دان نەنان یان قەدەغەکردنی بەرپرسێکی فەرمی.
- ماف و دەسەڵات و توانا، ماف و دەسەڵاتی ئۆرگانێکی دەوڵەتی بۆ قەدەغەکردن یان پووچەڵکردنەوەی بڕیاری ئۆرگانێکی تر. ئەم واتایە زیاتر لەمەڕ توانای دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بۆ پێشگرتن لە جێبەجێکردنی بڕیارە یاساییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان پشتڕاست دەبێتەوە.
- ڤیتۆ واتە هێزی کەسێک یان گرووپێک لە کەسەکان و کەسایەتییە مەعنەوییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ ئەوەی یەکلایەنە ڕێگری لە گرتنە بەری بڕیارێکی دیاریکراو بکەن.

چەمکی ڤیتۆ یەکەم جار لە یاسای ڕۆمانی کۆندا بەکار هێنرا. لە سەردەمی کۆماری ڕۆمانیدا ئەم مافە درا بە دوو ڕاوێژکار کە توانای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێکی سەربازی یان سیاسییان هەبوو. لە ئێستادا ڤیتۆ لەلایەن پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەکاردێت بۆ ڕێگرتن لە بڕیارەکان سەبارەت بە کێشە سیاسییەکان.

## ڤیزا Visa

بەڵگەنامەیەکە کە لەلایەن وڵاتێکەوە دەردەکرێت، مۆڵەت بە تاکە کەس دەدات بۆ بەفەرمی چوونە ژوورەوەی وڵاتێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بۆ چەند مەبەستێک. ڤیزا بە زۆری مۆرکراوە یان وەکوو لەزگە بە پاسپۆرتەکەوەدە لکێنرێت یان هەندێک جار وەک پارچە کاغەزێکی جیا دەردەکرێت. چەند جۆرێک لە ڤیزا:

▪ڤیزای گەشتیاریی، بەو کەسانە دەدرێت کە بۆ گەشت و گوزار دەچنە وڵاتێک.

▪ڤیزای هاتنە ناوەوە، بەو کەسانە دەدرێت کە بۆ بازرگانی یان بۆ کارێکی تایبەت دەچنە وڵاتێک.

▪ڤیزای سیاسی، دیپلۆماسی، تایبەتە بە کارمەند و ڕاسپاردە سیاسییەکانە.

▪ڤیزای خوێندن، بەو کەسانە دەدرێت کە بە مەبەستی خوێندن دەچنە وڵاتێک.

▪ڤیزای نەخۆشی، بەو کەسانە دەدرێت کە بە مەبەستی نەخۆشی دەچنە وڵاتێک.

## ڤیزای دیپلۆماسی Diplomatic Visa

ئەم دەســتەواژەیە بەکار دەهێنرێت بۆ گوزارشــتکردن لە ڤیزایەک کە بە هەڵگرانی پاسـپۆرتی دیپلۆماسـی دەبەخشـرێت، ئەو کەسـانەی کە ڤیزای دیپلۆمـاســـییـان پێ دەدرێـت پێـک دێن لە: فەرمــانبەرانی ئەرکە دیپلۆماتییەکان، ئەندامانی خێزانەکانیان، فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە کە بۆ مەبەستی فەرمی سەردانی دەرەوە دەکەن، هاوکاری دیپلۆماسی، ئەنـدامـانی ئەنجوومەنی حکومەت. پێـدانی ڤیزای دیپلۆمـاســـی ئەرکی وەزارەتی دەرەوەیە. دەکرێت ڤیزای دیپلۆماســـی تەنیا بۆ یەک جار یان بۆ چەندین جار چوونە ژوورەوە بێت بۆ وڵاتێکی تر.

# ق

**AL-Qaeda** **قاعیده**

ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نێودەوڵەتی ئیسلامییە،لە زۆربەی وڵاتانی دنیا قەدەغە کراوە لە ساڵی (١٩٨٩)دا لە لایەن(محەمەد مەساری و ئوسامە بن لادن) ەوە دروستکراوە، بە ئامانجی ڕووخاندنی ڕژێمە عەلمانییەکان لە وڵاتانی موسڵمان و دامەزراندنی ڕژێمە ئیسلامییەکان، لەسەر بنەمای شەریعەت. دوای کشانەوەی سوپای سۆڤیەت لە ئەفغانستان، قاعیدە پێشەنگی چالاکییەکانی لە دژی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بەڕێوەدەبرد. ئامانجی ڕێکخراوەکە ڕووخاندنی ڕژێمە عەلمانییەکانە لە وڵاتانی ئیسلامیدا، دروستکردنی "خەلافەتی گەورەی ئیسلامی" لە ئاستی جیهانیدا.

قاعیدە بەهۆی چالاکییە تیرۆریستییە چالاکەکانی لە سەرتاسەری جیهاندا ناوبانگی جیهانی پەیدا کردووە، گەورەترین و توندترین کرداری ڕێکخراوەکە هێرش بوو بۆ سەر تاوەرەکانی سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرک و بینای پنتاگۆن لە (١١ی ئەیلولی٢٠٠١. سەرۆکی قاعیدە تا مردنی لە (ئایاری٢٠١١)(ئوسامە بن لادن) بوو پاشان هاوکارەکەی (ئەیمەن ئەلزەواهیری) بوو بە سەرۆکیڕێکخراوەکە. بەرزترین دامەزراوەی فەرمانڕەوایی ڕێکخراوەکە ئەنجومەنی شوورایە. قاعیدە لە زۆربەی وڵاتاندا کامپی ڕاهێنانی بۆ چەکدارەکانیدەکردەوە – لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەوقاز و باڵکان و... هتد.شانەی ئەلقاعیدە لە زیاتر لە(٣٠) وڵات دۆزراونەتەوە و چەکدارەکانی خەڵکی نزیکەی هەموو وڵاتە موسڵمانەکان بوون. قاعیدە لە لیستی نێودەوڵەتی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە،

ســـزاکان بەســـەر ئەو کەســـانەدا ســـەپێنراوە کە هاوکاری و هاوکاری ڕێکخراوەکەن.

**قسەکەر، پەیوەندیکار، دوێنەر، گفتوگۆکەر** **Interlocutor**

کەسێک کە بەشداری لە گفتوگۆیەکدا دەکات پێی دەگوترێت پەیوەندیکەر، کە بە شـــێوەیەکی نـافەرمی بۆچوونی حکومەتێـک ڕوون دەکـاتەوە هەروەها دەتوانێت پەیامەکان بگەڕێنێتەوە بۆ حکومەت. ئەم دەستەواژەیە جیاوازە لە گوتەبێژ، زۆر جار قســـەکەرێک هیچ پێگەیەکی فەرمی لە ناو حکومەت و هیچ دەســـەڵاتێکی فەرمیدا نییە تاکوو قســـەکانی ببێتە ڕای فەرمی وڵاتێک یان لایەنێک، گوتەکانی بە ڕای کەسی خۆی وەردەگیرێت نەک ڕوانگەیەکی فەرمی هەبێت. زۆر جار پێش دانوســـتانە فەرمییەکان دەوڵەتەکان پەیوەندی لەگەڵ یەکتری دەبەســـتن و قســـە لەگەڵ یەکتر دەکەن، لەم حاڵەتەدا پەیوەندی کارەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینن.

### قوتابخانەی ویڵزی سەلامەتی Welsh School of Safety

یەکێکە لە نـاوەنـدەکـانی لێکۆڵینەوەی گرنگی سـەلامەتی. بیرۆکەی سـەرەکی بریتییە لە تێگەیشـتنی ئاسـایش وەک جۆرێکی ئەنترۆپۆلژجی، وەک پاراسـتنی خەڵک (نەک دەوڵەت) لە هەڕەشـەکانی سـەر ژیانیان کە لە چالاکییەکانی کەسـانی ترەوە سـەرهەڵدەدا. قوتابخانەی ویڵزی سەلامەتی پێی وایە دەبێت گەرەنتی پاراستنی مافی مرۆڤ و کەمینەکان بدرێت لە پاڵەپەستۆی سیاسەت و دەسەڵات. واتا ئازادکردنی خەڵک لە سنووردارێی جەسـتەیی و کۆمەڵایەتی کەڕێگرییان لێ دەکات لەوەی کە دەیانەوێت بە ئازادی ئەنجامی بدەن. ئاسـایش و ئازادکردن دوو لایەک دراون، پێکەوە دەتوانن ئارامییەکی ڕاستەقینە فەراهەم بکەن.

### قوفڵی زەوی، زەوییە داخراوەکان landlocked

ئەم دەسـتەواژەیە بۆ ئەو زەوییانە بەکار دەهێنرێت کە بە تەواوی یان نزیکەی بە تەواوی دەورەدراوە بە خاک. دەوڵەتی دەورەدراو یان وڵاتی بێ کەنار ئەو دەوڵەتەیە، کە هیچ سـنوورێکی ئاوی یاخود کەنارێکی دەریایی یان زەریای نییە، لە هەموو لاکانەوە بە وشـکانی دەوڵەتانی دراوسـێی دەورە دراوە. ئەگەر وڵاتێک سـنووری ئاویشـی هەبێت بەڵام نـاتوانێـت لەگەڵ زەریـاکـان یەک بگرێتەوە ئەوا هەر بە دەوڵەتێکی دەورەدراو دادەنرێن. لە ئێسـتادا تەنیا (٤٥) وڵاتی دەورەدراو لە جیهاندا هەیە کە زۆربەیان دەکەونە کیشـوەری ئەفریقا دوای ئەویش کیشـوەری ئەورووپا و پاشـان ئاسـیا و ئەمریکای باشـوور، ئەمە لە کاتێکدایە کە

ئەمریکای باکوور هیچ وڵاتی دەورەدراو یان تێدا نییە. بە گشـــتی قوفڵ کردنی زەوی هەندێک کەموکوڕی سـیاسـی و ئابووری دروسـت دەکات گەیشـــتن بە ئاوە نێودەوڵەتییەکان دوور دەخاتەوە. بەم هۆیەوە نەتەوە گەورەکـان و بچووکەکـان بە درێژایی مێژوو بەدوای هەوڵی دەســـت گەیشـــتن بوون بە ئاوە کراوەکان و تەنانەت ســـامان و خوێنیان لەم پێناوەدا داناوە.

## قەبارەی دەستەی کۆنسوڵخانە Size of the consular staff

ئەگەر ڕێککەوتنێکی ئاشکرا نەبێت لەسەر قەبارەی نێرراوی کۆنسوڵخانە، ئەوا وڵاتی میوانـدار بۆی هەیە ئەوە بســـەپێنێـت کە ئەم قەبـارەیە لە ســـنووریێکدا بمێنێتەوە، کە بە ماقووڵ و ئاســـای دەزانێت، بە پێی ئەو یاسـایانەی کە بازنەی پسـپۆڕی کۆنسـوڵخانە و پێویسـتییەکانی نێرراوی کۆنسوڵخانەکان دیاری دەکات.

**قەرزدان- کرێ ، الإقراض –الإيجار** lend-lease

شـــێوەیەکە لە پەیوەندی ئابووری نێودەوڵەتی،کە بە مانای ســیســـتەمی گواســتنەوەی کەلوپەلی ســەربازی، چەک و تەقەمەنی، کەرەســتەی خاو، خۆراک و کـاڵا و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکـان دێـت. کۆنگرێســـــی ئەمریکاله (مارســـــی ١٩٤١) ئەم یاســـــایەی پەســـــەند کرد، کە بڕیاری یارمەتیدانی هەموو ئەو وڵاتانەی داکە پاراستنیان بۆ ئەمریکا گرنگ بوو. لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا ئەمریکا و کەنەدا و بەریتانیا کرێی قەرزیان بەو وڵاتانەدا کە لە هاوپەیمانی دژی هیتلەردا بەشــداربوون، بۆ ئەم مەبەســتانەتەنها کۆنگرێســی ئەمەریکا بڕی(٧) ملیار دۆلاری تەرخان کرد.

**قەیرانی سیاسی** Political Crisis

دۆخی سیستەمی سیاسییە کە جۆرێکە لە مانیفێستی ململانێی سیاسی ئاشکرا، کە بە زیادبوونی ناکۆکی لە تەنگژەی سیاسیدا دەردەکەوێت. لە کاتێک دروســـت دەبێت کە ناکۆکییەکە لەڕێگەی ســـازانەوە چارەســـەر نەکرێن.

# ك

**کولتووری دوورخستنەوە (کولتووری هەڵوەشاندنەوە)**

**Culture of Exclusion (Culture of Abolition)**

لەم کولتوورەدا تاکێک یان گرووپێک لە کۆمەڵگە یان لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی جیادا (پیشـــەیی، ئاینی) بێبەش دەکرێن. لە پشـــتگیری لە دونیای مۆدێرندا زۆر جار وەک ئامرازێکی خەباتی سـیاسـی بەکاردێت. بۆ نموونە، دەتوانین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە بلۆککردنی پەیام و هەژمارەکانی ســەرۆکێک یان کەســێکی بەناو بانگ باســی ئەو دۆخە بکرێت کە تێدا دەژین.

**Capital – Cultural** **کاپیتاڵ – کولتووری، سەرمایەی کولتووری**

ئەم چەمکە لە ســاڵانی(١٩٧٠) دا هاتە کایەوە. ســەرمایەی کولتووری ئاماژە بە ســەرمایەی بێ دارایی و هەســتپێنەکراوی وڵاتێک دەکات کە یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی سەقامگیریی ئابووری و پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی. کە کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسی هەیە.

**کار بەڕێکەر ، القائم بالأعمال** **Chargé D'affaires**

دیپلۆماتێکە کە لە غیابی باڵیۆز یان کەسی یەکەم و سەرۆکی باوەڕپێکراوی ئەو ئەرکە کارەکانی باڵیۆزخانە بە شێوەیەکی کاتی بەڕێوە دەبات، ئاساییە ئەگەر ڕاوێژکار یان سکرتێری باڵیۆزخانە بۆ ئەو ئەرکە دیاری بکرێت. بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان هەمان ئەو کارانەی باڵیۆز دەیکات کار بەڕێکەریش دەیکات بەڵام بە ناونیشان و پێناسەی کار بەڕێکەر خاوەنی ناونیشانی ڕانکێکی بەرزی دیپلۆماسی نییە. سەرۆکی شاندەکە بە شێوازێکی فەرمی ناوی کاربەڕێکەرەکە دەنێرێت بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی خانەخوێ. ئەگەر ئەم کارەشی پێ نەکرا ئەوە دەبێت وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی میوان ناوی کار بەڕێککەرەکە بنێرن بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی میواندار. ئەگەر هیچ کارمەندێکی دیپلۆماسیوڵاتی میوان لە وڵاتی خانەخوێدا نەبوو ئەوا ئەو کاتە بەڕێوەبردنی نوێنەرایەتییەکە دەخرێتە ئەستۆی کارمەندێکی بەشی ئیداری و تەکنیکی. لە مانایەکی تردا دیپلۆماتێکە بە شێوەیەکی کاتی لە باری نائاساییدا، لە غیابی باڵیۆزدا خزمەت دەکات لە حاڵەتێکدا کە ناکۆکییەکانی نێوان هەر دوو وڵات گەیشتبنە لووتکە، ناردنی بریکارەکانی پلەیەکی دیپلۆماسی بەرزتر مەحاڵە یان نەخوازراوە، لەوانەیە بۆ ماوەیەکی نادیار کاروبارەکانی باڵیۆزخانەکە لەلایەن کار بەڕێکەرەوە بەڕێوە ببرێت.

## کارتی ناسنامەی دیپلۆماسی Diplomatic Identity Card

ناســـنامەیەکی فەرمییە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی خانەخوێوە، بۆدیپلۆماتە باوەڕپێکراوەکان لەســـەر بنەمای ئەو زانیارییانەی کە لە فۆڕمەکانی "ئاگانامەی گەیشــتن" پێشــکەش کراون بۆ بەشــی پرۆتۆکۆڵ دروست دەکرێت. زۆرێک لە وڵاتەکان کارتێک یان باجێکی تایبەت

دەدەنە دیپلۆمـاتکـارە بیـانییەکـانی وڵاتەکەیـان، بۆ ئەوەی لە شـــوێنە پێویستەکان بناسرێنەوە و ڕێز لە پارێزبەندی و پیشەکەیان بگیرێت، بۆ کەمکردنەوەی کێشـــە لە نێوان دیپلۆمــاتکــارەکــان و ئەفســـەرانی سەپاندنییاسا.

## کارمەندانی ئەرکە دیپلۆماسییەکە

## Personnel of the Diplomatic Mission

لە دوو جۆری سـەرەکی فەرمانبەر پێکدێت، یەکەم/ ستافی دیپلۆماسـی. دووەم/ ســـتافی کارگێڕی و تەکنیکی. جۆری یەکەم بریتین لە بریکارە دیپلۆماســـییەکان کە هەڵگری کارتی دیپلۆماســـین، وەک ســـەرۆکی ئەرکەکە، ڕاوێژکـارەکـان، پـاشـــکۆکـان (بـازرگـانی، ســـەربـازی، ڕۆشنبیری..هتد). جۆری دووەم بریتییە لە کەسانی دەستەی کارگێڕی و تەکنیکی، کە پێکدێت لە ســەرۆکی هەڵی کارەکان، ســکرتێرەکانی بەشــی کۆنســـوڵی، شـــۆفێران،کـارمەنـدی تەلەفۆن، تـایپکەر، ســـکینۆگراف،

ژمێریار...هتد. ئاسـاییە ئەگەر کارمەندی بەشـەکانی شـۆفێران، باخەوانەکان، نێردراوەکان و پاککەرەوەکان هاولاتیانیولاتی میوانداربن.

## کاروباری دەرەوە Foreign Affairs

پەیوەندییەکانی نێوان ولاتەکانە لە چوارچێوەی سـیسـتەمی یاسـای نێودەوڵەتیدا. کەواتە ئەوانەی کە کاروبارە دەرەکییەکان ئەنجام دەدەن ولاتەکـان و رێکـخـراوە نـێـودەوڵەتـیـیەکـانن؛ هەروەهـا رێکـخـراوە ناحکومییەکان و کۆمپانیا فرە نەتەوەکان ڕۆڵیان هەیە.

## کاری بە کۆمەڵ Collective Action

لە سـیاسـەت و ئابووریدا کاری بەکۆمەڵ زۆرجار پەیوەندی بە دەسـتکەوتنی کاڵای گشـتی و کاریگەری فاکتەرە دەرەکییەکان لەسـەر هەڵسـوکەوتی گرووپ هەیە. لە کۆمەڵناسـیدا دەکرێت کاری بە کۆمەڵ بەکار بهێنرێت بۆڕوونکردنەوەی ڕوودانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی یەکخسـتنی کۆمەڵایەتییان نەگونجان و ناکۆکی. دەتوانرێت کرداری کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ چارەسـەرکردنی گرفتە جیهـانییەکـان بەکـاربێـت، لەڕێگەی پێکهێنـانی چوارچێوەی فرە نەتەوەکان، هاوبەشـییەکان، تۆڕ وڕێکخراوەکان هەروەها تێگەیشـتنی هاوبەش لە ئامانجی سیاسەتی نێودەوڵەتی ولاتان.

## کارێزما Charisma

زاراوەیەکی یۆنانی کۆنە، بە مانای دیاری یان بەخشـــشـــی خودایی یان توانا و فەزڵی کەســـانێکی خاوەن بەهرە بەکاردێت. کارێزما کەســـێکی هێورە لە بڕیـار و لە ڕازیکردنی بەرامبەر لە زۆر بواردا، و بوونێکی هەمیشـــەییە بەهێزە لە باڵانس کردنی زمانی جووڵەی جەســـتە و زمانی وتار و فیکر و مێشک بەنجکردنی گوێگران و دەیان بەهرەی تری گرنگ. بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا (ماکس ڤێبەر ) توانی دەســـتەواژە و فەلســـەفەی کـارێزمـا لە نـاو فەرهەنگی فەلســـەفی و مەعریفییەوە بگوازێتەوە بۆ ناو فەرهەنگی ســـیاســـی. ماکس یەکەم کەس بوو ڕەفزی بوونی شـەخس پەرستی تاکڕەوی کرد و بە کۆمەڵگەکانی جیهانی گوت، ئەگەر کتێبەکانی من بخوێننەوە ئەوا ئەو حەقیقەتەتـان بۆ دەردەکەوێت کە هەر یەک لە ئێوە بە بێ جیاوازیی تەمەن سەرکردەیەکن بۆ دوا ڕۆژ، بە پێچەوانەشـــەوە ئەگەر هەر چـاوەڕێی ڕێکەوت و قەزا و قەدەری ڕیفۆرم بن، ئەوا بە دڵنیایی یەک هەنگاو چییە لە جێی خۆتان نا بزوێن و وەک گۆمێکی قەتیس مـاو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیـاتر بۆگەن دەکەن.

## کەناڵ channel

لە دیپلۆماســـییەتدا کەناڵی فەرمی ڕێگای دروســـتە بۆ گەیشـــتن بە چارەسـەرکردنی گرفتەکان، کەناڵە فەرمییەکان زۆرن کە زۆربەی وڵاتان پێیانەوە پابەندن، لە هەندێک دۆخدا لە ڕێگەی کەناڵە نیمچە فەرمیەکانەوە هەوڵی چارەســـەرکردنی گرفتەکان دەدرێت، بە بەکارهێنانی ئەندامانی

ئەكاديمی و زانستی، لە ڕاستيدا ئەم ڕێگايە كێشەكان قووڵتر دەكاتەوە، وەک گرفتی نێوان ئەمريكا و چين.

### كارە جياوازەكانی دیپلۆمات

### Diplomat's Discriminatoid Work

لايەنی پراكتيكی كاری ئەفسەرێكی خزمەتگوزاری دیپلۆماسی بريتييە لە: مامەڵە لەگەڵ سياسەتی دەرەوە و گەياندنی خزمەتگوزاری لە دەرەوەی وڵات بە هاووڵاتييانی وڵاتەكەی. دیپلۆماتكارێک دەرفەتی ئەوەی هەيە كە كاريگەری لەسەر گەشەسەندنی پەيوەندی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی وڵاتەكەی هەبێت. بەرپرسياريەتی دیپلۆماسی زۆربەی وڵاتان بەسەر سێ جۆری سەرەكيدا دابەش كراون: خزمەتگوزاری سياسی، بازرگانی و كۆنسوڵی.

-ئەفسەرێكی سياسی زۆربەی كات ڕاپۆرت دەدات لەسەر پەرەسەندنە ناوخۆييەكان و هەوڵی بەهێزكردنی بۆ بەرژەوەندی وڵاتەكەی دەدات.

-ئەفسەرێكی بازرگانی ڕاپۆرت دەربارەی دەفەتی بازرگانی و دابينكردنی ڕێنمايی بۆ سەردان و زانياری پێويست بەرژەوەندی كۆمپانياكانی وڵاتەكەی بەرز دەكاتەوە.

- ئەفسەرێكی كۆنسوڵی مامەڵە لەگەڵ كێشەكانی ڕۆژانە دەكات وەک پاسپۆرتە ونبووەكان و خزمەتگوزارييە گرنگەكان پێشكەش بە هاووڵاتيانی پێويست دەكات.

**کۆمار، جمهوری** **Republic**

شـــێوازێک لە حکومەتە کە ســـەرۆکی وڵات کە بە ســـەرۆک کۆمار ناو دەبرێـت و بە هەڵبژاردنی ڕاســـتەوخۆ یـان نـاڕاســـتەوخۆی خەڵـک هەڵدەبژێررێت. ســـەردەمی بەرپرســـایەتی ســـەرۆککۆمار بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە. لە کۆمارەکاندا وڵات بە بابەتێکی گشـــتی دادەنرێت، نەک خەمی تـایبەت یـان موڵکی فەرمـانڕەواکـان. پۆســـتە ســـەرەکییەکانی دەسەڵات لە ناو کۆماردا لە ڕێگای پرۆسەی دیموکراسی هەڵدەبژێررێت. کۆمـــار لە زۆربەی حـــاڵەتەکـــانـــدا ڕژێمێکی دیموکراتی پەرلەمـــانییە هەرچەندە هەندێک وڵات ســـــەرەڕای ئەوەی کۆمارین بەڵام دیموکراتی پەرلەمانی ڕەچاو ناکەن. لە پۆلێنبەندی کۆمارە نویکاندا چەندین مۆدێلی گشتی بەدی دەکرێن لەوانە:

– کۆمارە دیموکراتیکەکانی ڕۆژئاوا: لە ڕاســـتیدا ئەم کۆمارانە هەڵقوڵاوی دیموکراســـی و خەڵکن، و بەرهەمی شـــۆڕشـــە ئازادیخوازەکانی ســـەدەی هەژدە و نۆزدەی ئەورووپـان. نەریتەکـانی دیموکراســـــی لەم مۆدێلەدا بەدی دەکرێن. دەســـــەڵاتداری وڵات لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەســـــەڵات دەگرێتە دەســـت. لەم مۆدێلەی حکومەتدا، حیزبەکان و پەرلەمان ڕۆڵێکی زۆر گرنگیـان هەیە. بۆ نموونە، دەکرێـت ئـامـاژە بە کۆمـاری مۆدێلی فەڕەنسی بکەین کە سەرۆک کۆمار دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە. سەرۆک کۆمار دەبێت بەردەوام لە بیری بەدەســـتهێنان و پاراســـتنی دەســـەڵاتی پەرلەمانی خۆیدا بێ.

– کۆمارە دیموکراتیکە جەماوەرییەکان: ئەم کۆمارانە دوای ســـەرهەڵدانی شـــۆڕشـــی کۆمۆنیســـتی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئاســـیا و هەندێک

ناوچەی تر گەشـــەی کردووە. لەم وڵاتانەدا ســـەرچاوەی دەســـەڵات بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەزانن.

- کۆمارەکانی مۆدێلی ئەمریکای لاتین: لەم کۆمارانەدا ئیرادەی گشـــتی ڕۆڵێکی لە بەڕێوەبەریی وڵاتاندا نییە و دەسەڵات بە تەواوەتی لە دەست دەسەڵاتداردایە. دەسەڵاتەکان لێک جیا نەکراونەتەوە. سەرۆک کۆمار کە زیاتر لە ڕێگای کودەتا یان ڕێککەوتنێکی ســیاســی بە دەســەڵات دەگات، دەسەڵاتێکی بێ سنووری هەیە و لەم وڵاتانەدا هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ڕواڵەتی بەڕێوە دەچێ. ئەم ســەرۆک کۆمارانە بۆ پاراســتنی حکومەت و دەســەڵاتی خۆیان کەڵک لە شــێوازی پۆلیســی وەردەگرن و زۆر جار تا مردن واز نـاهێنن لە دەســـــەڵات. پەرلەمـان لەم ڕژێمـانەدا ئـامرازێکە لەدەست ڕژێمی حاکم.

دەکرێت ئاماژە بە چەند چەمکێکی تر بکەین:

- کۆماری ئەرســتۆکراتی: لەم مۆدێلەدا ئەرســتۆکراتەکان دەتوانن پۆســتە بڵنــدەکــان وەربگرن، ئەگەر ئەم ئیمتیــازە لە ئــارادا نەبێــت کۆمــاری دیموکراتیک یان کۆماری نیشتمانی پێ دەگوترێت.
- کۆمــاری ڕاســـــتەوخۆ: لەم مۆدێلەدا خەڵــک لە ڕێگــای نوێنەرەکــانی خۆیانەوە دەسەڵات و سەروەری پیادە دەکەن.
- کۆماری ناڕاستەوخۆ: لەم مۆدێلەدا خەڵک دەسەڵاتی خۆیان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ (دانانی یاسا، هەڵبژاردنی وەزیرەکان، کاربەدەستە باڵاکان، چاودێری بەسەر کاروباری حکومەت) جێبەجێ دەکەن.

**کشانەوە** **Withdraw**

لە کاتی دوژمنایەتی و گرفتی دوو وڵاتدا، زۆر جار دیپلۆماتکارەکان لە پێناو پاراستنی سەلامەتی کەسی لە، وڵاتی خانەخوێ دەکشێنەوە. لە هەندێک حاڵەتدا کە وڵاتی خانەخوێ دۆستە بەڵام مەترسییەکی هەستپێکراوی نەیارانی ناوخۆ هەیە دیپلۆماتەکان دەکشێنەوە وڵاتەکانی خۆیان.

هەندێک جار کشانەوە لە حاڵەتی جەنگدا ڕوو دەدات، هەندێک جاریش سوپا شەڕکەرەکان کشانەوەیەکی تەکتیکی دەکەن، کە ناسراوە بە دووبارە بەکارهێنانەوەی تەکتیکیان پاشەکشەی کرداری بەرگری. کە جۆرێکە لە کرداری سەربازی هێزەکان لەوانەیە پاشەکشەیەک بکەن وەک بەشێک لە پاشەکشەیەکی گشتی، بۆ پتەوکردنی هێزەکان و دووبارە هێرش بکرێتەوە سەر بەرەکانی دوژمن، لەم حاڵەتەدا سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە مسۆگەردەبێت.

**کورت-ماوە** **Short-Timer**

ئەم دەستەواژەیە سەرەتا لە ناو ڕیزەکانی سوپا بەکاردەهات، پاشان گوازرایەوە بۆ ناو سلکی دیپلۆماسی. و ئێستا بۆ ئەو دیپلۆماتانە بەکاردێت کە ئەرکەکانیان نزیکە لە تەواو بوون.

بەو پێیەی دیپلۆماسی تایبەتە بە دەوڵەت، کوردستانیش لە کاتی دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن و سەردەمی پێکهێنانی نەتەوە یەکگرتووەکان و فراوانبوونی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، خاوەن دەوڵەتێکی تایبەت و سەروەری خۆی نییە. بۆیە بە شێوەیەکی فەرمی لەو ناوەندەدا غیاب بووە، هەتا دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دونیادا. هەرچەندە لە ڕابردوودا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە دونیا دانەبڕاوە، و نوێنەری شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی لە دەرەوە هەبووە بەڵام بە شێوازێکی فەرمی نەبووە. لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)، هەرێمی کوردستان بە ڕووی دونیای نێودەوڵەتیدا کرایەوە و سەرەتای دروستکردنی پەیوەندی بوو لەگەڵ ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان، لەگەڵ ئەوەش هەتا ساڵی (٢٠٠٣) پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی حیزبە گەورەکان بوون. بەڵام لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی، کوردستان بووە هەرێمێکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی هەروەها حکومەتی هەرێمیش یەکی گرتەوە و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ساڵی (٢٠٠٩) دامەزرا، دوای ئەوە کۆنسوڵخانە و نوێنەرایەتییەکانی وڵاتانی دەرەوە لە هەرێمی کوردستان کرانەوە بە پێچەوانەشەوە نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی دونیا کرانەوە.

## کولتووری یەک جیهانی — One-World Culture

تیۆرییەکی پەیوەسـتە بە دیاردەی جیهانگیرییەوە، بەو هۆیەوە لێک پچڕانیی دونیای مۆدێرن دەبێتە هۆی هاوتا بوونی لایەنە کولتوورییە جیاوازەکان بۆ ناو کولتوورێکی جیهانی تاک. ئەم تێزە باس لە بەکارهێنانی هەمان شتومەک لە هەموو جیهانیدا دەکات لەگەڵ بەکارهێنانی ئاشکرا لە تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندی. ئارگیومێنتی بایۆلۆجی کە لەپشت ئەم بیرۆکەیەوە وەستاون بریتییە لە گونجاندنی کولتووری کەڵەکەبووی مرۆڤ، ئەو تایبەتمەندییانەی کە ڕێگەی بە مرۆڤ داوە گەشە بکات و تەکنۆلۆژیای گونجاو لەگەڵ ژینگە جیاوازەکاندا بەرهەم بهێنێت.

## کۆتایی مێژوو — End of History

ئەم تیۆرییە لەلایەن (فرانسیس فوکویاما) لە کتێبەکەیدا بە ناوی کۆتایی مێژوو پێشکەش کراوە. فوکویاما ڕیزبەندی نوێی جیهانی لە پاش جەنگی سارددا وەک سیناریۆیەک پێشکەش دەکات، کە تێیدا سەرکەوتنی بەها دیموکراتییە لیبراڵەکانی ڕۆژئاوا دەخاتە ڕوو، هەروەها ئاماژە بە خاڵی کۆتایی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی و شێوەی کۆتایی حکومەتی مرۆڤ دەکات، جیاوازی لە نێوان مێژوو و ڕووداوەکاندا دەکات، ئەگەر جیهان لە ڕاستیدا گەیشتبێتە کۆتایی مێژوو، ئەوە مانای ئەوە نییە کە ڕووداوەکان لە داهاتوودا ڕوو دەدەن.

### کۆبوونەوەی لووتکە Summit Meeting

کۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتییە کە لە نێوان ســەرۆکی دەوڵەتەکان ئەنجام دەدرێت. ئەم جۆرە کۆبوونەوەیە نەریت وایە لەگەڵ ڕووماڵێکی میدیای بەرچاو، ئاســایشــێکی توند، و ئەجێندایەکی پێشــوەختە بەڕێوە دەچێت. چەمکی لووتکە بە گشــتی بۆ ئەم جۆرە کۆبوونەوانە بەکار نەدەهات تا لووتکەی جنێڤ (١٩٥٥) لە کاتی جەنگی ســاردا، کاتێک ســەرۆکەکانی ئەمریکا یەک لەدوای یەک کۆبوونەوەیان لەگەڵ هاوتا ســۆڤیەت و چینییەکاندا ئەنجامدا، میدیاکان ڕووداوەکەیان بە لووتکە ناو دەبرد. ســەردەمی دوای جەنگی ســارد ژمارەی کۆبوونەوەکانی لووتکە زیادی کردووە لەم ڕۆژانەدا لووتکەی نێودەوڵەتی بــاوترین دەربڕینە بۆ حوکمڕانی جیهانی.

### کۆچبەر، لانەوازی Emigration

ئەم زاراوەیە ئاماژە بە جووڵەی خەڵک دەکات لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر. کۆچکردنی مرۆڤ دەتوانێت لە ڕووی نەتەوەیی یان نێودەوڵەتییەوە ڕوو بدات، دەتوانێت خۆویستانە یان خۆنەویستانە بێت، بە ژمارە کەم یان زۆر. پێناسە و تێبینییەکی زۆری جیاواز بۆ کۆچ هەیە. کە هیچ کامیان وەک پێناســەیەکی پەســەندکراوی جیهانی لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پەسەند نە کراوە. هۆکاری پاڵنانی خەڵک بۆ جێهێشتنی وڵاتی خۆیان حەزێکە بۆ دەربازبوون لە هەلومەرجی نەرێنی وەک نەبوونی هەلی کار یان مامەڵەی نا دادپەروەرانە. کۆچبەران دەچنە

ئەو وڵاتانەی کە ئەو هەلانەی تێدا بەردەســـتن. هەڵاتن لە هەلومەرجی زۆرداری و پەنابردن بۆ وەرگرتنی باری پەنابەری لە وڵاتێکی بیانیدا، لەوانەیە ببێتە هۆی کۆچکردنی هەمیشەیی.

لە لایەکی ترەوە ئاوارەیی زۆرەملێ بوونی هەیە کە ئاماژە بەو گرووپانە دەکات کە ناچارن وڵاتی ڕەســـەنی خۆیان بەجێبهێڵن، وەک هەڕەشـــەی پـاکتـاوکردنی ڕەگەزی، پەنـابەران و پەنـاخوازان لە گەشـــتەکەیـان و هەوڵەکانیان بۆ تێکەڵبوون بە کۆمەڵگە تازەکەیان ڕووبەڕووی چەندین کۆسپ دەبنەوە.

## کۆد cod

وشــەیەک یان هێمایەکیان گرووپێکە لە هێماکان، کە واتای وشــەیەکیان کۆمەڵێک وشـــەی کە گوزارشـــتن لە داتا و زانیاری شـــاراوە دەکات هەڵگرتووە. لە دیپلۆماســـییەتدا ســـوود لە کۆدەکان دەبینرێت بۆ پەیامە خێرا و کتوپڕەکـان کە لە وەزارەتی دەرەوە ئـاڕاســـتەی نێردە دیپلۆماسییەکانیان لە دەرەوەی وڵات دەکرێت.

## کۆمپانیای نێودەوڵەتی International Corporation

جۆرێکی تایبەتی دامەزراوەی چالاکی ئابوورییە. کە پێکهێنانی فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان بۆ زۆربەی (کۆمپانیا) ئەنجام دەدات بۆ جێبەجێکردنی کار و چالاکیی و بەرهەمهێنان لە زۆر وڵات و ناوچەکانی جیهاندا.

دوو جۆری کۆمپانیای نێودەوڵەتی هەیە:

I. کۆمپانیای تاک نەتەوەکان TNC کە کۆمەڵێک کۆمپانیایە کە موڵکی یەک وڵاتە، کە لە وڵاتانی جیاوازدا کار دەکەن.

II. کۆمپانیا فرە نەتەوەکان، کۆمپانیای MULTINATIONAL کە کۆمەڵێک کۆمپانیان لە ڕووی خاوەندارێتییەوە سەر بە دوو وڵات یان زیاترن، هەروەها کۆمپانیاکە و لقەکانیشی لە وڵاتانی جیاوازدا کار دەکەن.

## کۆمیتەکانی(سەرەکی)ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

## Committees (main) of the UN General Assembly

شەش لیژنەی سەرەکی هەیە لەناو ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان. ، ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان بەشداری لە کارەکانی ئەم لیژنانە دەکەن. لیژنەکان بریتین لە :

لیژنی یەکەم- چەکدانان و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

لیژنەی دووەم – مەسەلە ئابووری و دارای.

لیژنەی سـێیەم – پرسـە کۆمەڵایەتی و مرۆیی و کولتوورییەکان، لەوانە کێشەی مافی مرۆڤ.

لیژنەی چوارەم– بابەتی تایبەت بە سیاستی ئاشتی پارێزییەوە.

لیژنەی پێنجەم – کاروباری ئیداری و گوژمە (بودجە).

لیژنەی شەشەمی– کێشەیاساییەکان.

## کۆمەڵگەی مەدەنی Civil Society

ئەم زاراوەیە لە هەر دوو بڕگەی (کۆمەڵ + مەدەنی) پێکهـاتووە، کە مەبەست لەو کۆمەڵەیە لە شارەکانەوە سەر هەڵدەدەن و درێژە بە ژیانی ئاسـایی خۆیان دەدەن. زاراوەکەش لە زمانی عەرەبیدا (المجتمع المدنی) و لە زمانی ئینگلیزیدا (civil society) ی بۆ دانراوە کە دەقاودەق مانا و بەهاکانی واتە کوردییەکە دەگەیەنن و بەرجەستە دەکەن.

مەبەست لەو کۆمەڵگەیەیە کە هەریەک لە کۆمەڵ و ڕێکخراوە خۆبەخشە ئازادەکان، واتا ئەوانەی لەلایەن سیستەمی سیاسی هەر دەسەڵاتێکەوە هان نادرێن تا دەســت بخەنە ناو کاروباری هاووڵاتییانەوە و هەوڵی پێشـخسـتنی سـەرجەم بوارەکانی ژیانی خەڵک و کۆمەڵگەکەیان دەدەن. بەمەبەسـتی کۆمەڵگەیەکی پێشـکەوتووی هاوچەرخ، کە ڕێز لە سـەرجەم تـاکەکـان و توێژەکانی کۆمەڵ بگرێت، ئەرکەکـانیـان بۆ دیـاری بکـات و مافەکانیان بپارێزێت. بە واتایەکی تر ســەرجەم ئەو کۆمەڵە هەرەوەزی، پیشــەیی، ســیاســی، ڕێکخراوەیی، زانســتی، ویژەیی، یانە وەرزشــی،

کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیرییانەی لە هەر یەکێک لە کۆمەڵگەکاندا بوونی هەی، و ئاگادار و شـــــارەزای ئەرک و ماف و توانا و کار و ئامانجەکانیانن. هەروەها لە شـــوێنی خۆیانەوە هەوڵی چەســـپاندنی یاســـا و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دەدەن. ئەو بۆشاییەش پڕ دەکەنەوە کە لە نێوان خێزان و دەوڵەتدا دروســــــت بووە. بەڵام ئەمانە جیاوازتر لە ئەندامەکانی هەر خێزانێک، کە وابەســـتەی داب و نەریت و کولتوور و ڕێســـای خۆیان و ڕابردوویانن، یان سیستەمی سیاسی دەوڵەت یان وابەستەی کۆمەڵێک بەرنامە و یاســـــای تایبەت بە خۆیەتی و خۆی لێ لا نا دات، کار و هەوڵەکـــانیـــان دەخەنە گەڕ بە ڕادەیەک لە پێنـــاو بەختیـــاری هەموو توێژەکانی کۆمەڵ، ئامادەن زۆر ســـــنوور ببەزێنن و تازەگەری بهێننە ئاراوە. بەمەش کۆمەڵگەیەک دادەمەزرێت کە ئازادی و بەختەوەری و ڕێزگرتن لە یەکتری و دابینکردنی ماف بۆ هەمووانی تێدا بەرجەســــــتە دەبێت.

## کۆمەڵناسی کولتووری Sociology of Culture

لە بواری ســـۆســـیۆلۆژیدا دەکرێت کولتوور بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و شێوازی بیرکردنەوە و بنەما و زمان و شتە ماددییەکان پێناسە بکرێت، کە شـێوەی ژیانی خەڵک پێک دەهێنن. کۆمەڵناســانی کولتووری میتۆدی زانســتی ڕەتدەکاتەوە، لەجیاتی ئەوە شــیکردنەوەی تیۆری بەکاردەهێنن، بۆ دۆزینەوەی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و کولتووری ڕەمزانەی، کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەرکەوتوون. ئەوان بە دوای ئەوەدا دەگەڕێن کە چۆن کولتوور کاریگەری لەسەر ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان دروست

دەكات و كاریگەری لەسەر هەڵسوكەوتی كۆمەڵایەتی لە هەر دوو ئاستی تاك و كۆمەڵدا هەیە.

### كۆنگرەی ڤییەنای ساڵی (١٩٦١) بۆ پەیوەندی دیپلۆماسییەكان

### Vienna Convention on Diplomatic Relation 1961

لە دوای كۆنفرانسی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ساڵی (١٩٦١) ڕێككەوتننامەی ڤیەننا بە ئامادەبوونی (٨١) وڵات پێك هات، سەبارەت بە پەیوەندیی دیپلۆماسی واتە ئەركی دیپلۆماسی، دەستنیشانكردن، قبووڵكردن و پلەی سەرۆكی بەڕێوەبەری ئەركەكان، دەستپێشخەری پچڕانی پەیوەندی دیپلۆماسی و... هتد. ڕێوشوێن و یاسا داڕێژران. كە بە پشتبەستن بە ڕەشنووسی ئامادەكراوی كۆمیسیۆنی یاسای نێودەوڵەتی داڕێژرابوو. لەم ڕێككەوتنەدا پارێزبەندی بۆ دیپلۆماتەكان و خێزانەكانیان جێگیر كرد، بەڵام ئەو پارێزبەندییە ئەو بوارە بازرگانی و پیشەیانە ناگرێتەوە كە پەیوەندییان بە ئەركی دیپلۆماتەكانەوە نییە. هەروەها فەرمانبەرە ئیداری و تەكنیكییەكان پارێزبەندی تەواوی هاوشێوەی دیپلۆماتەكانیان نییە و یاسای مەدەنی وڵاتی خانەخوێ تەنیا لەو بوارانەدا پشتیوانییان لێ دەكات كە فەرمین، بەخشراون لە جۆرە جیاوازەكانی باج، گواستنەوە، سەفەركردن، گومرگ، كەرەستەكانی ناو ماڵ و پەڕینەوەی باری دیپلۆماسی. هەروەها پەڕینەوەی دیپلۆمات لە وڵاتی سێیەم و هەڵنەكوتانە سەر شوێنی بەڕێوەبردنی ئەركی دیپلۆمات كەرەستەكانی ناوماڵ، سامان، سەیارە و بەڵگەنامەكان، ئەم ڕێككەوتننامەیە لە ساڵی (١٩٦٤) وە بەركارە و بەندەكانی جێبەجێدەكرێت.

## کۆنگرەی ڤییەنای ساڵی (١٩٦٣) بۆ پەیوەندی کۆنسوڵخانەکان

## Vienna Convention on Consular Relation 1963

ئاکامی یەکێک لە کۆنفرانسەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لە ساڵی (١٩٦٣) و بە بەشداری (٩٢) وڵات لە ڤییەننا بە مەبەستی دارشتنی یاسا سەبارەت بە ئەرک، ماف و ئیمتیاز و پارێزراوییە کۆنسوڵییەکان ئەم ڕێککەوتننامەیە پێک هات. بنەمای کاری ئەم کۆنفرانسە بەپێی ڕەشنووسی ئامادەکراوی کۆنسوڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو. وەک پارێزبەندی لە دەستەبەرکردن و دادگایکردنی جگە لە تاوانی قورس، پارێزبەندی لە قۆڵبەستکردن تا کاتی دەرچوونی بڕیاری کۆتایی. ئازادی سەفەرکردن و نامە ناردن هەر نووسراوێکی دیکە، ئازادی ببینن و سەردانی ئەو هاووڵاتییانەی کە خەڵکی وڵاتی کۆنسوڵن و لە بەندینخانەی وڵاتی خانەخوێدا گیراون و پارێزراوی لە تەواوی ئەو کەیسانەی کە بە هۆی ئەرکە کۆنسوڵییەکانەوە دێنە ئاراوە، جگە لەمە نابێت هێرش بکرێتە سەر کۆنسوڵخانەکان و ئەو شوێنانەی کە سەر بە کۆنسوڵخانەکانن، ئەم ڕێککەوتنە لە ساڵی (١٩٧٦) وە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## کۆمەڵەکانی کولتووری — Cultural Clusters

گرووپێک لەو وڵاتانەن کە هەمان کولتوور و بەها و باوەڕی هاوبەشیان هەیە. لە ماوەی ئەم ســـاڵانەی دوایدا، توێژینەوەیەکی زۆر کراوە بۆ ناســـاندنی " کۆمەڵگەکان" بە هاوبەشـــی کردنی لێکچوونەکانی نێوان کولتوورەکـان. بەپێی ئەو ئەنجـامـانەی کە لە ســـاڵی (٢٠٠٢) دا کۆکراوەتەوە، ئەمڕۆ چەندین کۆمەڵەی کولتووری لە جیهاندا هەیە کە بریتین لە: ئاسـیای باشـوور، ئینگلیزی، عەرەب، ئاسـیای کۆنفۆسـیوس، ئەورووپای ئەڵمانی، ئەورووپای لاتین، ئەورووپای ڕۆژهەڵات، ئەمریکای لاتین.

## کۆمەڵەی نەتەوەکان — League of Nations

ڕێکخراوەیەکی نێودەوڵەتی بوو کە لە ســـاڵی (١٩٢٠) و لە ئـاکـامی پەسـەندکردنی پەیماننامەی (ڤێرسـای دامەزرا) بە دا مەزرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی(١٩٤٦) لێک هەڵوەشایەوە. کۆمەڵەکە (٥٨) ئە ندامی هەبوو و ئا مانجە کانی بریتی بوون لە چەک دا ماڵینی جیهانی، بەرگری لە پێش هاتنی شـــەڕ، چارەســـەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئەندامان لە ڕێگەی وتووێژ و دیپلۆماسـی و هەروەها باشـترکردنی باری ژیان لە ئاســـتی جیهانیدا دەکرد. ڕێگریکردن لە شـــەڕەکان لە ڕێگەی ئاسایشی کۆمەڵ و چەک کردن و جێگیرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی دانوســـتـان و نـاوبژیوانییەوە. نیگەرانییەکـانی دیکەی بریتی بوون لە بارودۆخی کار، بازرگانیکردن بە مرۆڤ و ماددە هۆشبەرەکان،

بازرگانی بە چەک، تەندروستی جیهانی، زیندانیانی جەنگ و پاراستنی کەمینەکان لە ئەورووپا.

دەستپێکی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵە ئەو کاتە بوو کە هەندێک دەوڵەتان دەستیاندایە داگیرکەری و کۆمەڵەش هیچی لە دەست نەهات. بۆ نموونە، ژاپۆن بە هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی خۆی لەگەڵ چین، لە ساڵی (١٩٣١) لە کۆمەڵە هاتە دەرەوە. یان هیتلەر لە ساڵی (١٩٣٣) وڵاتەکەی لە کۆمەڵە کێشایە دەرەوە کە ئەنجامەکەی بوو بە شەڕی دووەمی جیهانیی.

فەلسەفەی دیپلۆماسی پشت کۆمەڵەکە گۆڕینێکی بنچینەیی لە سەد ساڵی پێشوودا نیشان دا. ئەم کۆمەڵە هێزی چەکداری خۆی نەبوو و پشتی بە هاوپەیمانە براوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بەستووە (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا و ژاپۆن ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی جێبەجێکار بوون) بۆ سەپاندنی بڕیارەکانی، بەردەوامبوون لە سزا ئابوورییەکانی، یان دابینکردنی هێزە گەورەکان زۆر جار ناڕازی بوون لەو کارە. سزاکان لەوانەیە ئازاری ئەندامانی کۆمەڵە بدەن، بۆیە ئەوان ناڕازی بوون. ئەڵمانیا، ژاپۆن، ئیتاڵیا، ئیسپانیا و... هتد لە کۆمەڵەکە کشانەوە، سەرەتای جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی (١٩٣٩) دەری خست کە کۆمەڵەکە لە ئامانجی سەرەکی خۆی شکستی هێناوە، دوای ئەوەی بۆ ماوەی (٢٦) ساڵ بەردەوام بوو، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٤٦) جێگەی گرتەوە.

**کۆمەڵەی نەتەوەکانی باشووریرۆژهەڵاتی ئاسیا**

**ASEAN)Association of Southeast**

ڕێکخراوی سیاسی و ئابووری هەرێمایەتی سروشتێکی داخراوە، کە لە ساڵی (١٩٦٧) بە بەشداری ئەندۆنیسیا، مالیزیا، سەنگاپوورە، تایلەند، فلیپین پێک هێنرا. برۆنای لە ساڵی (١٩٨٤) چووە پاڵ کۆمەڵەکە، ڤێتنام لە ساڵی (١٩٩٥) لاوس و میانمار لە (١٩٩٧) و کەمبۆدیا لە (١٩٩٩) هەروەها ژمارەی دانیشتووانی وڵاتانی ئەندامی کۆمەڵەکە نزیکەی (٥٠٠) ملیۆن کەسە و کۆی گشتی ڕووبەرەکەی (٤,٥) ملیۆن کیلۆمەتر دووجایە.

بەفەرمی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە بەرزکردنەوەی گەشەی ئابووری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی کولتووری وڵاتانی ئەندامە. وڵاتانی بەشداربووش بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی سووربوونی خۆیان لە ڕاگرتنی لە دەستتێوەردانی دەرەوە ڕاگەیاند. دۆکیۆمێنتەکانی ASEAN باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە ناوچەی ئاشتی و ئازادی و بێلایەنی ڕادەگەیەنن. یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتەکانی کۆمەڵە دروستکردنی ناوچەی بازرگانی ئازاد بوو.

لە ساڵی (٢٠٠٧) دا، پەیماننامەی ASEAN پەسەند کرا، کە بە تایبەتی قەدەغەی ئیدانەکردنی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکانی یەکتر و لەسەر هەر جۆرە دەستتێوەردانێکی دەرەکی لە چارەسەرەکەیاندا جێگیر کرد.

## کۆنترۆڵکردنی چەک Arms Control

زاراوەیەکە بۆ سـنووردارکردنی نێودەوڵەتی لەسـەر گەشـەسـەندن، بەرهەمهێنـان و زیـادەڕەوی لە بەکـارهێنـانی چەکە بچووکەکـان و کۆمەڵکوژەکـان بەکـار دەهێنرێـت. کۆنترۆڵکردنی چەک بە ڕێگـای دیپلۆمـاسـی هەوڵی بۆ دەدرێت بۆ ڕازیکردنی بەشـداربووان لە سـنووردارکردنی بەکارهێنانی چەک،لە ڕێگای ئەنجامدانی پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانەوە. کە مەبەسـت لێیپاراسـتنی باری ئاسـایش و سـەقامگیریی گشـتییە، زۆربەی کات پەیماننامە و ڕێککەوتنەکان وەک ڕێگـایەک دەبینرێن بۆ خۆلادان لە پێشـبڕکێی چەکە گرانبەهـاکـان و وەسـتاندنی بڵاوبوونەوەی هەندێک تەکنۆلۆژیای سـەربازی وەک چەکی ناوەکی یان تەکنۆلۆژیای مووشەکی.

## کۆنترۆڵی هەناردەکردن Export Control

دەوڵەت بۆ دەسـتەبەرکردنی ئاسـایشـی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی، پەنا دەبـاتە بەر سـنووردارکردنی هەنـاردەکردنی کـاڵا و تەکنۆلۆژیـای سەربازی، لە پێناو دابینکردنی ئاشتی و پتەوکردنی بواری سەربازی. لە گرنگترین ئەرکەکانی پابەندبوونە بە کارکردن بۆ بڵاونەبوونەوەی چەکی کۆکوژی (ناوکی و کیمیایی و بایۆلۆجی و... هتد). هەروەها وڵاتەکان لە پێناو کۆنترۆڵکردنی تەکنۆلۆژیای مووشـەکی کۆنترۆڵی هەناردەکردن تەکنۆلۆژیای سەربازی دەکەن.

## کۆنسوڵخانە Consulate

بەپێی یاسـا نێودەوڵەتییەکان دامەزراندنی کونسـوڵخانە بە ڕێککەوتنی دووقۆڵی تـایبەتە لەسـەر بنەمـای بەرژەونـدی هـاوبەش لە نێوان حکومەتەکاندا ڕێک دەخرێت. لە هەمان کاتدا ئاسـتی نوێنەرایەتییەکە و ئەرکەکانی کونسـوڵی دیاری دەکرێن. کۆنسـوڵخانە فەرمانگەیەکە کە لەلایەن دەوڵەتێکەوە لە شـارێکی گرنگی دەوڵەتێکی تر، بە مەبەسـتی پشـتگیری و پاراسـتنی هاوولاتییانی کە گەشـت دەکەن یان لەوێ نیشـتەجێن دادەمەزرێت. لە ڕووی کارگێڕییەوە کونسـوڵخانەکان لە ژێر دەسـەلاتی باڵیۆز و باڵیۆزخانەدان. جگە لەوەی ئەرکی کۆنسـوڵی خۆیان جێبەجێ دەکەن، زۆر جار وەک لقێک یان بەشـێک لە باڵیۆزخانە خزمەت دەکەن. ئەو ئەفسەرەی کە بەرپرسیارێتی کۆنسوڵخانەی پێ دەسپێررێت بە کۆنسـوڵ دەناسـرێت. کونسـوڵخانە تەنیا ئاماژە بە فەرمانگەی کۆنسـوڵی ناکات، بەڵکو ئاماژە بەو بینایە دەدات کە لەلایەن کۆنسـوڵ و سـتافی کۆنسـوڵەوە کاری تێدا دەکرێت. لە ولاتێک دەتوانرێت زیاتر لە یەک کۆنسوڵخانە هەبێت.

## کۆنسوڵ Consul

زاراوەکە گوزارشـت لە چینێک لە ڕاسـپێرراوەکانی دەوڵەتێک لە ولاتێکی بیـانیـدا دەکـات. کۆنسـوڵ ئەرکی پـاراسـتن و پشـتیوانیکردنە لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ولاتی خۆی، هەروەها گواسـتنەوەی زانیاری بازرگانی، سیاسی، کولتووری و زانستییە بۆ ولاتی خۆی لە ئەستۆدایە.

کۆنسـول نوێنەری سـەرۆکی دەوڵەت نییە و کاری دیپلۆماسـی ئەنجام نادات بەڵام جۆرێک لە پارێزبەندی هەیە. دەکرێت لە وڵاتێکی خانەخوێدا لە چەند شـارێکی سـەرەکی کۆنسـوڵخانە هەبێت و لەلایەن چەند کونسـولێکەوە بەڕێوە ببرێن، بۆ ئەوەی بەرژەوەنـدی وڵاتی خۆیـان بپارێزن، و پەیوەنـدی ئـابووری و کولتووری بەهێز دروسـت بکەن. کۆنسـولێکی بەرزترین پلە بە کۆنسـولی گشـتی ناو دەبرێت و بۆ کونسـوڵخانەی گشـتی دەسـتنیشـان دەکرێت. بە شـێوەیەکی ئاسـایی یەک یان زیاتر جێگرانی کۆنسـولی گشـتی و کۆنسـول و جێگری کۆنسـول و سکرتێرەکان هەن کە لەژێر سێبەری کونسوڵخانەدا کار دەکەن.

### کۆنسولی گشتی Consul General

دیپلۆماتێکە کە سەرۆکایەتی کونسوڵخانەی گشتی دەکات، باڵاترین پلەیە کە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی وڵاتێکی بێگانە خزمەت دەکات. زۆر جار بەرپرسە لە ئۆفیسی دیکەی کۆنسولی کە لە شارەکانی تری ئەو وڵاتەی دەکرێنەوە. کونسـولی گشـتی وەک نوێنەرێک کار دەکات کە بەناوی وڵاتەکەیـانەوە لەو وڵاتەی کە تێیـدان لێـدوان دەدات و هەڵسـوکەوت دەکات، هەرچەندە یاسـای نێودەوڵەتی ئەوەی دیاری کردووە کە باڵیۆز مافی قسەکردن بەناوی وڵاتەکەیەوە هەیە.

### کۆنسوڵخانەی فەخری Honorary Consul

بەشێک نییە لە پۆستی دیپلۆماسی، پارێزبەندی و چەند ماف و ئیمتیازی تر هەیە لە سـەریان جێبەجێ نابێت، ئەم پۆسـتە بە پێی ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیوەندی کۆنسوڵخانەکان لە ساڵی (١٩٦٣) ڕێکخراوە. دەکرێت کۆنسـوڵی فەخری هاووڵاتی وڵاتی میوان نەبێت بەڵکوو هاووڵاتی وڵاتی میواندار بێت. سـەبارەت بە دەسـەڵاتەکانی کۆنسـوڵی فەخری زۆر سنووردارە و وڵاتی میوان دەستنیشانی دەکات، پاسپۆرتی دیپلۆماسی و پارێزبەندی لێخۆشـبوون لە ڕسـوومات و باج نایان گرێتەوە. ئەو کەسـانەی کە وەکوو کۆنسـوڵی فەخری دیاری دەکرێن کەسـانی بە ناو بـانـگ و خـاوەن کـارن و دەسـتنیشـان دەکرێن بۆ پـاراسـتنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتی میوان.

### کۆنفرانس یان کۆنگرە Conference or Congress

ئەم زاراوەیە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، بە واتای کۆبوونەوەیەکە کە بۆ لێک تێگەیشـتن و باس وڕاوێژکردنە.لە پەیوەندی نێودەوڵەتیدا، بە واتای کۆبوونەوەی سـەرۆکی وڵاتەکان یان نوێنەرەکانیانە بۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانیان. ئەگەرچی کۆنفرانسیش هەر بۆ ئەو مەبەستانە بە کار دێت بەڵام هەندێک لە سـۆنگەی جۆری بەشـداران و ئەو بابەتانەی کە دەخرێنە بەر باس و تاوتوێ دەکرێن. هەندێک کەس بە کۆبوونەوەکان دەڵێن کۆنفرانس و بە هەندێکیش دەڵێن کۆنگرە. زۆربەی شـارەزایانی

بواری یاســـــا نێودەوڵەتییەکان، جیاوازی نێوان کۆنفرانس و کۆنگرە دەگێڕنەوە بۆ پلە و پایەی بەشـــــداران و گرنگی ئەو مەســـــەلانەی کە باســـــیان لەســـــەر دەکرێت. لە ڕوانگەی هەندێک کەســـــەوە ئەگەر لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی وڵاتان یان وەزیرەکانی بەشدار بن یان بابەتی بەر باس و لێکۆڵینەوە لە ئاســـــتی جیهاندا پڕ بایەخ بێ ئەوە کۆنگرەیە. هەر کاتێکیش بەشـــداranی کۆبوونەوەکە لە بەرپرســـانی خوارەوە بن، و بابەتەکانی بەر باس و لێکۆڵینەوەش گرنگییەکی کەمتریان هەبێت ئەوا کۆنفرانســـــە. لە ڕوانگەی هەنـدێـک کەســـــی دیکەوە کۆنگرە بۆ چارەسـەرکردنی بابەتە سیاسییەکان و کۆنفرانسیش بۆ داڕشتنی بنەما یاســـاییەکانە. لە ئەمڕۆدا لە ســـێکتەری دیپلۆماســـیدا هەردوو زاراوەی کۆنفرانس و کۆنگرە بە کـاردێـت بۆ گوزارشـــــتکردن لە کۆبوونەوە جیهـانییەکـان. هەر کۆبوونەوەیەک ئەنجـام بـدرێـت لەنێوان نوێنەرانی حکومەتی وڵاتانی جیاوازدا، چ لەنێوان دیپلۆماتکاران، یان نێردەکان، یان ســـــەرۆکی دەوڵەت، یان هەر بەرپرس و فەرمانبەرێکی دیکەی حکومەتە جیاوازەکان؛ بەفەرمی بێت یان نافەرمی، کۆبوونەوە، گفتوگۆ، دانوســتان، لووتکە، نێوانگیری، یـــان ســـــــەردانەکـــانی دەوڵەت هەمووی دەچێـت چوارچێوەی کۆنفرانس یان کۆنگرە.

**کارامەیی بنچینەیی دیپلۆماتکار Essential Skills of a Diplomat**

دیپلۆماتکارەکان دەبێت بە هێمنی مامەڵە لەگەڵ بارە سەخت و دژوارەکان بکەن، و بە خێرایی لەگەڵ گۆڕینی بارودۆخەکان بگونجێن. ئەوان لەگەڵ کەسانێک لە کولتوور و بەها و باوەڕی سیاسی و ئایینی جیاوازە کار دەکەن، کەواتە دیپلۆماتکارەکان دەبێت حوکمی باش و تەواوکارییەکی باڵایان هەبێت، وە پێویستییان بە کارامەیی شیکردنەوەی بەهێز هەیە. کۆمەڵێک شارەزایی گرنگ هەیە کە دەبێت دیپلۆماتکار هەیبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرپرسیارێتییەکانی خۆی جێبەجێ بکات و کە هەندێکیان بریتین لە: بایەخدان بە کاروباری وڵاتان و کولتوورەکانیان، شارەزایی پەیوەندی، بیرکردنەوەیەکی بنیاتنەر و داهێنەرانە، ڕێبازێکی چالاک بۆ کارکردن، زۆری سەرچاوە، توانای دروستکردنی پەیوەندییەکان، کارامەیی بڕیاردان، سەرنجدان بۆ وردەکارییەکان، هۆشیاری بازرگانی و دارایی، توانای کارکردن لەژێر فشاردا، لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی، نەرم و نیانی، ئارەزوو بۆ فێربوون و باشترکردن، نوێنەرایەتی و پاراستنی بەرژەوەندی و نەتەوەکانی دەوڵەتی نێردە، دەست پێکردن و ئاسانکاری بۆ ڕێککەوتنە ستراتیژییەکان، پەیماننامەکان، بەرزکردنەوەی زانیاری، بازرگانی، تەکنۆلۆژیا و پەیوەندی دۆستانە.

## کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن Munich Security Conference

لە ساڵی (١٩٦٣) وە بە بەردەوامی کۆنفرانسی ساڵانە لە شاری میونشن لە ئەڵمانیا سەبارەت بە ئاسایشی جیهان دەبەستریێت، کە بە گەورەترین گردبوونەوەی جیهانی دەناسریێت. لەم چل ساڵەی دواییشدا کۆنفرادسی میونشن بۆ ئاسایش بووە بە سەکۆیەکی سەربەخۆ بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا و بۆچوونەکانیان لەلایەن داڕێژران و بڕیاردەرانی سیاسەتی ئاسایشی جیهانییەوە. ساڵانە لەم کۆبوونەوەیەدا(٣٥٠ بۆ ٥٠٠) کەسایەتی لە (٧٠) وڵاتەوە لە سەرانسەری جیهاندا پێکەوە کۆ دەبنەوە بۆ دیبەیتێکی چڕ و پڕ سەبارەت بە بارودۆخی ئێستا و داهاتووی ئاسایشی جیهان و ئاستەنگەکانی بەرامبەری. بەشداربووان جگە لە سەرۆکی وڵاتان و سەرۆک حکومەتەکانیان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، وەزیر و ئەندام پەرلەمان و نوێنەرانی بەرزی سوپای وڵاتان و زاناو کۆمەڵگەی مەدەنی و بازرگان و میدیاش بانگهێشت دەکرێن. کوردیش لەم ساڵانەی دوایدا لە ڕێگەی نێردەی تایبەتەوە بەشداری ئەو کۆنفرانسە گرنگە دەکات، ئەویش بەهۆی پێگەی گرنگی کورد و بایەخی نە تەنیا لە ناوچەکە بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیشدا.

## کۆنفۆشیوس Confucius (551–479 BC)

بە مانای سەردار کۆنگ دێت کە (لەدایکبووی ٥٥١ساڵ پێش زایین – کۆچی دوایی ٤٧٩ساڵ پێش زایین) بیرۆکەوان وفەیلەسووفێکی کۆمەڵگەی چینی بووە. فەلسەفەکەی بایەخ دەدات بە ئەخلاقی تاکەکەسی و کۆمەڵگەی، پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگەی، دادپەروەری و ئاکار باشی. بیرۆکەکانی کۆنفوشیوس، ئێستا دەزگایەکی فەلسەفی و شێوازی بیرکردنەوەیەکی تایبەتی لێ دروست بووە بە ناوی کۆنفۆشیزم. ناوی کۆنفوشیوس یەک جار لەلایەن یەکێک لە پەیڕەوانی ئایینی خاچپەرستی، ناسێنرا. زۆرێک لە بیرۆکەکانی کۆنفوشیوس لە کتێبی گوڵ بژێرێک لە کۆنفوشیوسدا هاتوو کە ماوەیەکی زۆر دوای مردنی کۆکراوە. بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٠٠٠) ساڵ بە نووسەری چەند کتێب دەزانرا بەلام دەرکەوت دوای مردنی نووسراوە.

## کۆنفیدراڵی Confederation

جۆرێکە لە پەیوەندی نێوان وڵاتەکان کە بنەمایان بەرژەوەندی سیاسی هاوبەشە و ڕێگە بە ئەندامەکانی دەدات کە کاری هاوبەش جێبەجێ بکەن. لە هەمان کاتدا دەوڵەتانی کۆنفیدراڵی سەروەری خۆیان و سنوور و جوگرافیای خۆیان لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا دەپارێزن. بۆ ئەوەی کارەکانی کۆنفیدراڵییەکە ڕێک بخرێت، دەستەی هاوبەشی دەسەڵات و کارگێڕی دروست دەبێت. بنەمای دەوڵەتە کۆنفیدراڵییەکان لەسەر ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە دادەنرێت: پەروەردە لەسەر بنەمای

پەیمـاننـامەی تـایبەت، مـافی جیـابوونەوەی ئـازادانەی دەوڵەتەکـان لە کۆنفیـدراڵییەکـان، پـاراســـتنی ســـەروەری دەوڵەتەکـان کە ئەنـدامی کۆنفیدراڵییەکان، کۆنفیدراڵییەکان پێکهاتەی دەوڵەتی زۆر ناجێگیرن کە بە شێوەیەکی نەریتی یان دەشێوێنن یان دەگۆڕن بۆ وڵاتە فیدراڵییەکان.

## کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بازرگانی
## United Nations Conference on Trade

لە ســـاڵی(١٩٦٤) دامەزراوە، وەک دامەزراوەیەکی هەمیشـــەیی کۆمەڵەی گشـــتی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە مامەڵە لەگەڵ کێشـــەکانی بازرگانی و پەرەپێدان و وەبەرهێنان دەکات. ئامانجە سەرەکیەکانیUNCTAD ئەوەیە کە دەرفەتی بازرگانی و وەبەرهێنان و گەشەسەندنی وڵاتان زیاتر بکات و یارمەتییان بدات بۆ چوونە ناو ئابووری جیهان لەسەر بنەماییەکسان.

## کێبڕکێی نێودەوڵەتی International Competitiveness

توانـای وڵاتـان یـان قەوارە ئـابوورییەکـانە لە چوارچێوەی پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکاندا، بۆ سەرکەوتن بەسەر پێشبڕکێ کارەکانیاندا. پێویستە جیاکاری بکرێت لە نێوان کێبڕکێی جیهانی ئابووری وڵات لە بازاڕەکانی جیهان و پێشبڕکێکردن لە ئاستی ناوخۆی و هەرێمی.

## کێشـــە جیـهـانییەکـانی ســـەردەمی ئێمە
## Global Problems of our Time

کۆمەڵێـک کێشـــەن کە کـاریگەری لەســـەر بەرژەوەنـدی تەواوی شـارسـتانییەتی مرۆڤایەتی هەیە، کە چارەسـەرکردنی پێویسـتی بە کاری نێودەوڵەتی هەیە لەســـەر پێوەری کۆمەڵگەی جیهانی. هاوکات کێشـــە جیهانییەکانی ســەردەمی ئێمە و ڕەنگدانەوەی کۆی کێشــە زیندووەکانی مرۆڤ وەسفێکی گشتگیری گرنگترین ئاڕاستەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە خۆ دەگرێـت، و وەک فـاکتەرێکی بـابەتیـانە لە پەرەســـەنـدنی شـارسـتانییەتی مۆدێرندا کار دەکات. سـێ گرووپی سـەرەکی کێشـەکان هەیە. گرووپی یەکەم/ کێشـــەی نەهێشـــتنی شـــەڕی ناوکی، زۆرنەبوونی چەکی لەناوبردن، دەســـتەبەرکردنی ئاسـایش، نەهێشـتنی دواکەوتوویی ئابووری وڵاتانی تاک، نەهێشـتنی برسـێتی، هەژاری و نەخوێندەواری لە خۆ دەگرێت.

گرووپی دووەم/ پێکهاتووە لەو کێشـــانەی کە لە ئەنجامی کارلێککردنی کۆمەڵگە و سـروشـتدا سـەری هەڵداوە: پیسـبوونی ژینگە و بەکارهێنانی ســـامانی ســـروشـــتی و گەڕان بەدوای ســـەرچاوەی وزەی نوێ و دابینکردنی کەرەستەی خاو و خۆراک و... هتد.

گرووپی سـێیەم/ ئەو کێشـانە لە خۆ دەگرێت کە لە هەڵوێسـتی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە ســـەر هەڵدەد، گەشـــەی خێرای دانیشـــتووان، ئەنجامە نەرێنییەکـانی پێشـــکەوتنی زانســـتی و تەکنۆلۆژیـا، بڵاوبوونەوەی ئالوودەبوونی کحول و ئالوودەبوونی مادده هۆشـــبەرەکان، باشـــبوونی چاودێری تەندروستی و پەروەردە.

کێشە جیهانییەکانی سەردەمی ئێمە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پەرەسەندنی پرۆسەی جیهانگیرییەوە هەیە و لە سەرەتای سەدەی٢٠ بە هۆی زیادبوونی نایەکسانی ئابووری کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستی و تەکنیکی و دیمۆگرافیا و ژینگەیی و کولتووری وڵاتە جۆراوجۆرەکان

**کەسی نەویستراو , قبوڵنەکراو، نەخوازراو Persona non Grata**

دەستەواژەیەکی لاتینییە وەک زاراوەیەکی یاسایی، ئاماژە بە کرداری دەوڵەتێک دەکات کە قەدەغە بکات کەسێک وەک دیپلۆماتکار بچێتە ناو وڵاتەکەی، یان سانسۆر کردن و دەرکردنی دیپلۆماتکارێک کە پێشتر نیشتەجێی ئەو وڵاتە بووە. هۆکارەکەشی ڕەنگە هەڵوێستی نێگەتیڤی دیپلۆماتکارەکە بێت بۆ ئەو دەوڵەتە یاخود دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆیدا یان جۆرە چالاکییەک بکات کە نەگونجێت لەگەڵ یاسای وڵاتی خانەخوێدا، یاخود بێ ڕێزی کردن بە داب و نەریتی خەڵکەکەی و پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان. ئەم دەستەواژەیە لە ماددەی نۆی کۆنگرەی ڤیەننا ساڵی(١٩٦١) بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان جێگیرکراوە.

## کەفالەتکردن Bail in

پلانی چارەنووســـــــسازە کە لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا بەکار دەهێنرێت، کەفالەت یارمەتی دامودەزگایەکی دارایی دەدات لە لێواری شـــکســـت هەڵیدەســـتێنیتەوە بە داواکردنی هەڵوەشـــاندنەوەی قەرزەکانی. کەفالەت بـریـتـیـیە لە ڕزگـارکـردنـی دامەزراوەیەکـی دارای لەلایەن لایەنە دەرەکییەکانەوە. بۆ نموونە، وڵاتی یۆنان لە لێواری شکستی دارای بوو بەڵام لە لایەن وڵاتـانی یەکێتی ئەورووپـاوە یـارمەتی دراو توانرا هەڵبستێنرێتەوە. لە دونیای نێودەوڵەتیدا کەنەدا بەشداریێکی چالاک بووە لە بەرنـامەی چـاکســـازی کەرتی دارایی (جی ٢٠) بە مەبەســـتی چارەســـەرکردنی ئەو هۆکارانەی کە بەشـــدارییان لە قەیرانی دارایی کـردووە، ئەمە هەوڵـدانـی نـێـودەوڵەتـی ڕۆڵـی کـاریـگەری هەیە لە چارەسەرکردنی مەترسییە شاراوەکان بۆ سیستەمی دارایی و ئابووری.

## کەلەپووری کولتووری Cultural Heritage

ئەو چەمکەیە کە ئاماژە بە میراتی شـــوێنەوار و مۆنۆمێنتەکان و لایەنە کولتوورییە ناوازەکان دەکات، کە لەڕابردووەوە بۆ وڵاتێک ماوەتەوە و لە نەوە بۆ نەوە دەگوازرێتەوە. پێنـاســـەییونســـکۆ بۆ کەلەپووری کولتووری جەخت لە پەیوەندی لایەنە کولتوورییەکان دەکاتەوە وەک پێکهاتەیەکی ســـەرەکی لە پاراســـتنی هەمەچەشـــنیی کولتووری لە بەرامبەرفراوانبوون جیهانگیریدا.

**کەلەپووری کولتووریی ناوازە، دەست لێ نەدراو**

**Cultural Heritage Intangible**

کەلەپووری کولتووریی نادیارە، کە لەلایەن یونسـکۆوە بە بەشـێک لە کەلەپووری کولتووری نـاوچەیەک دادەنرێت. بـاڵەخـانەکـان، شـوێنە مێژووییەکان و شـوێنەوارەکان موڵکی کولتوورن. کەلەپووری ناوازە بریتییە لە سـامانی فیکری نا فیزیکی، وەک فۆلکلۆر، نەریت، باوەڕ، داب و نەریت، زانین، و زمان. یونسکۆ ئامانجی پاراستنی گواستنەوەی زانین و مانا و کارامەیی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی داهاتوو.

**کەناڵی پشتەوە** **Back Channel**

هێڵێکە کە پەیوەندی دیپلۆماسی کەناڵی ئاسایی یان 'کەناڵی پێشەوە' تێ دەپەڕێنێت، لە پشـتی پەردەکانەوە کۆبوونەوەکان ئەنجام دەدرێت. کە زۆربەی بڕیارە گرنگ و چارەنووسسازەکان لەم کۆبوونەوانەدا ئەنجام دەدرێ. بۆ نموونە، یەکەم جار لە کاتی وتووێژەکانی کۆنترۆڵی چەک لە نێوان یەکێتی سـۆڤیەت و ئەمریکـا لە سـەرەتـای (١٩٧٠) کـانـدا کۆبوونەوەکان لە ڤیەننا (کەناڵی پێشـەوە) ئەنجام درا نەگەشـتنە هیچ ئەنجامێک بەڵام (هێنری کیسـینجەر) کەناڵی پشـتەوەی بەکارهێناو بە نهێنی چاوپێکەوتنی لەگەڵ (ئەناتۆلی دۆبرینین) باڵیۆزی سـۆڤیەت لە

واشـــنتن ئەنجامدا بووە چارەســـەرکردنی گرفتە ســـەرەکییەکانی کۆنترۆڵکردنی چەک.

## کەناڵە دیپلۆماتییەکان Diplomatic Channels

ڕێگاکانی پەیوەندی نێوان دەزگا دیپلۆماســییەکانە بۆ چارەســەرکردنی کێشــە لەناکاوەکان و پاراســتنی پەیوەندییە بەردەوامەکانی دوولایەنە و چەندلایەنەی دیپلۆماسی.

گ

**گونجانی دیپلۆماسی، المراسلات الدبلوماسية**

**Diplomatic Correspondence**

کۆمەڵێک ڕێککەوتن و دۆکیۆمێنتی فەرمییە، کە لەو ڕێگەیەوە پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان ئەنجام دەدرێت. یەکێکە لە شـــێوە ســـەرەکییەکانی سیاسـەتی دەرەوە و چالاکی و سـازانی دیپلۆماسـی دەوڵەتانە. کۆنترین شـــێوەی نزیکبوونەوە دیپلۆماســـییەکان بەکارهێنانی زمانێکی هاوبەش بووە کە زۆربەی ولاتـان لە بـابەتە فەرمییەکـان بەکـاریـان هێنـاوە. بۆ نموونە، زمانی لاتینی ســـەردەمانێک زمانێکی هاوبەش بووە لە نێوان ولاتانی ئەورووپادا، لە کاتێکدا ولاتەکان هەریەکە و خاوەنی زمانێکی تایبەت بە خۆیەتی. پاشـــان ولاتەکان ڕوویان کردە زمانی فەڕەنســـی و وەکو زمانی هاوبەش بەکاریان هێنا. لە سەردەمی مۆدێرندا، ئینگلیزی بە زۆری لە نێوان ئەو ولاتـانەی کە زمـانێکی بـاویـان نییە، وەکو زمـانی هاوبەشی دیپلۆماسیجێگەی فەرەنسی گرتەوەتەوە.

**Transfer** **گواستنەوە**

ئەم زاراوەیە لە یاســـای نێودەوڵەتیدا بەکاردێت بۆ گواســـتنەوەی ئەو هاوولاتییانەی کە لە ئەنجامی شەڕ و جەنگ لە جێگایەکەوە دەگوازرێنەوە جێگایەکی تر، یان بەپێی ڕێککەوتنێک کۆمەڵێک هاوولاتی لە ناوچەیەکەوە دەگوازرێنەوە بۆ ولاتێکی تر کە بە هۆی تێکەڵبوون لەگەڵ کـاری

سیاسەت لە وڵاتەکانی خۆیان ناتوانن بژین و دواتر ئەم کەسانە بە پەنابەری سیاسی ناو دەبرێن.

**گۆشەگیری ، کەنارەگیری، گۆشەنشینی** **Isolationism**

فەلسەفەیەکی سیاسییە، لە سیاسەتی دەرەوەدا دژایەتی تێوەگلان لە کاروباری سیاسی و بە تایبەتی شەڕ و ئاژاوەی وڵاتانی دیکە دەکات. بە شێوەیەکی بنچینەیی داکۆکی لە بێلایەنی دەکات و دژایەتی تێکەڵبوون دەکات لە هاوپەیمانی سەربازی و پەیمانی بەرگریی هاوبەش. گۆشەگیری سیاسەتی بەشدارنەبوونە لە پرسە نێودەوڵەتییە ناکۆکەکاندا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە درێژایی سەدەی نۆزدەیەم و نیوەی یەکەمی بیستەم لە دەوری گۆشەگیریدا چەقی بەست. ئەو سیاسەتە لە دوای هێرشەکەی سەر (پێرل هاربۆر) لە (کانوونی یەکەمی ١٩٤١) وازی لێ هێنراوە و ئەمریکای هێنایە ناو جەنگی جیهانی دووەمەوە.

**گێڕانەوە** **Narrative**

لە زمانەکانی ئینگلیزی، فەڕەنسی، لاتینی، گێڕانەوە بەکارهاتووە بۆ چیرۆکێکی سەربەخۆ دروستکراو، نمایشێکی خۆسەرانە بۆ چەندین ڕووداوی پەیوەندیدار، کە بە شێوەی وێنە یان وشە پێشکەش بە خوێنەر کراوە.

لە مانایەکی فراواندا، زاراوەی گێڕانەوە بە شـــێوەیەکی ئاســـایی بە کار دێـت بۆ گوزارشـــتکردن لە "چیرۆک" دەربـارەی بـابەتێـک. زاراوەی گێڕانەوە لە چەند بوارێکی زانستیدا بەکار دەهێنرێت: فەلسەفە، فیلۆلۆژی، زمانەوانی، مێژوو، کۆمەڵناسی، لقە جۆراوجۆرەکانی دەروونناسی.

لە زانسـتی سـیاسـیدا زاراوەکە خزمەت دەکات بۆ تێگەیشـتن لەوەی کە چۆن پێدا هەڵدان دەتوانێت کاریگەری لەســەر هەڵســەنگاندنی پرۆســەی سیاسی ڕاستەقینە هەبێت.

## گەشەسەندنی بەردەوام Sustainable Development

ئەم چەمکە لە پرۆسەی یەکگرتنی سێکتەری سەرەکیدا دروست دەبێت: ئـابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی. ئـامـاژە بە بەکـارهێنـانی بـاشـــترین سـەرچاوە سـنووردارەکان و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای ژینگە دۆسـتانە، وزەی سروشتی و پاشەکەوتکردنی ماددە دەکات، بە مەبەستی پاراستنی سـەقامگیری سـیسـتەمی کۆمەڵایەتی و کولتووری، لەدەسـتەبەرکردنی سیستەمی سروشتی، بایۆلۆجی و جەستەیی و گەشەسەندنی بەردەوام.

لە ســاڵی(٢٠١٢) لە کۆنفرانســی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەشــەپێدانی بەردەوام، وڵاتـان بڕیـاریـان دا کە گرووپێکی کـاری کراوە دابمەزرێننو ســـاڵی (٢٠١٥) بـابەتەکەیـان کرد بە بڕیـار و لە کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان پەســـەندیان کرد. بەڵێنیان دا کە مرۆڤایەتی لە هەژاری ڕزگاربکەن.

**گەمارۆدان، ئابلۆقەدان، کۆسپ** **Blockade**

ڕێگەگرتنە لە وڵاتێک یان هەرێمێک لە وەرگرتن یان ناردنی خۆراک، پێداویستی، چەک و پەیوەندی. هەروەها ئابلۆقەدان گۆشەگیرکردنی شەڕکەرە لە ناوچەیەکی دوژمن. بۆ نموونە، ئابلۆقەدانی بەندەرێک لە لایەن سەربازان یان کەشتییە جەنگییەکانەوە بۆ ئەوەی ڕێگری لە هاتووچۆی پێداویستییەکانی خەڵک بکرێت. هەر کەشتی و فڕۆکەیەک کە هەوڵی تێپەڕاندنی گەمارۆکە بدات دەستی بەسەردا دەگیرێت. لە ڕوانگەی مێژووییەوە زۆربەی گەمارۆدانەکان لە دەریادا ڕوو دەدەن، لە هەندێک حاڵەتدا لەسەر زەویش بەکار دەهێنرێن بۆ ڕێگەگرتن لە چوونە ژوورەوە بۆ ناوچەیەک. بۆ نموونە، ئەرمینیا وڵاتێکی زەمینییە کە دەکەوێتە نێوان تورکیا و ئازەربایجان بەم شێوەیە ئەرمینیا ناتوانێت بازرگانی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی ئەو وڵاتانەوە بەڕێوە ببات، دەبێت بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی جۆرجیاوە بازرگانی لەگەڵ وڵاتان بکات ئەم کارە گەشەسەندنی ئابووری وڵات سنووردار دەکات.

**گەورەبوون، فراوانبوون** **Enlargement**

ئەم دەستەواژەیە باس لە گەورەبوونی ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) و بەردەوامی پرۆسەی هاتن نە ناوەوەی وڵاتانی ئەندامی نوێ بۆ ناو ڕێکخراوەکە دەکات. دەوڵەتی ئەندام و پەرلەمانی ئەورووپا دەبێت ڕازی بین بە هەر گەورەبوونێک کە لە ڕێکخراوەکەدا ڕوو دەدات. گەورەکردن ئاماژە بە: گەشەی ئەندامێتی قەوارە سیاسییەکان دەکات:

گەورەبوونی یەکێتی ئەورووپا پرۆسـەی سـیاسـییە بۆ یەکخسـتن و بانگهێشـتکردنی وڵاتەکان بۆ ناو یەکێتی ئەورووپا. ڕووسـیا بەردەوام دژی گەورەبوونی ناتۆیە و ترسـی لەوە هەیە کە لە سـنوورەکانی سیستەمی مووشـەکی دابنرێت و لە وڵاتانی دراوسێ پیتاندنی یۆرانیۆم بکرێت کە بە هەڕەشەی دەزانێت بۆ سەر خاکەکەی.

# ل

**لایەنگری، تەرەفگیری، پارێزگاری** **Advocacy**

ئەم زاراوەیە بۆ باسکردنی پشتگیری کارای بیرۆکەیەکیان هۆکارێکی داکۆکیکردن لە چالاکییەک، کە لەلایەن تاکێکیان گرووپێکەوە ئەنجامدەدرێت بەکاردێت. کە ئامانج لێیدروستکردنی کاریگەرییە لەسەر بڕیارەکان لە نێو دامەزراوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا.

**لێ سەندنەوەی متمانە** **Impeachment**

ئەم دەستەواژەیە بەکاردێت بۆ ڕێکاری هێنانە پێشەوەی بەرپرسان بۆ بەردەم دادگاکان. ئەو ڕێوشوێنە لە حاڵەتی سەرپێچی کردنی یاسا لەلایەن بەرپرسانەوە گیراوەتەبەر. پێوەرێکە بۆ ڕادەی پێشکەوتنی دیموکراسی، ئەگەر بە شێوەیەکی بابەتیانە و بەپێی یاساکان لە پراکتیکدا جێبەجێ بکرێت. ئەم کردارە گەورە بەرپرسان دەگرێتەوە، کە یاسا ڕێکاری بۆ داناون تاکوو ئەوانیش بەرامبەر بە دادگا پابەند بن. لابردنی بەرپرسانە لە دەسەڵات پێش کۆتایی هێنانی ماوەی کارەکەیان.

## لیبڕالیزم، ئازادیخوازی Liberalism

بەگوێرەی بۆچوونی لیبڕاڵییەکان، تاک بنەمای ســـەرەکییە و هاوکاری بنەڕەتییە لە گۆڕانکارییەکان بەرەو چاکە. لیبراڵیزم تەماشـــای دەوڵەت دەکات وەک ڕێکخراوێکی ناحکومی کە لەژێر ناوی ڕێکخراوێکی حکومیدا بەڕێوە دەبرێت. لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەوڵەت چەندین بەرژەوەندی هەیە کە تەنیا ناتوانێت بیانپارێزێت یان بەدەســـتیان بخات لەوانە سەروەرییەکەی. لیبراڵیزم دڵنیای دەدات بە هاوکارییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و دامودەزگاکانی وڵات دەتوانن ئامانجە هاوبەشـەکانیان بەدەسـت بهێنن. هەموو لیبڕاڵییەکان ڕژێمی نێودەوڵەتی بە شتێکی هەڕەمەکی دادەنێن و دەسەڵاتێکی نێودەوڵەتی گشتگیر نابینن، پێیان وایە هەموو وڵاتان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەوڵ دەدان.

## لیبڕاڵیزمی سیاسی و نیۆلیبڕالیزمی

## Political liberalism and Neoliberalism

تیۆری لیبراڵیزمی سیاسی، کە دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەکانی (دیمکریتۆس) و وەک ئاڕاستەیەکی ئایدیۆلۆژی لە فەلسەفەی سیاسی لەسەر دەستی (میلەر) پەرەی ســەند. کە بە فراوانبوونی یەکســانی ســروشــتی خەڵک، مافی ژیان، ئازادی، موڵک، ڕژێمێکی ســیاســی دیموکراتی، ســەروەری یاسا، بەرپرسیاریەتی هاوبەش، گرێبەستی نێوان دەوڵەت، کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێشــکەوتوو و پرەنســیپی جیاکردنەوەی دەســەڵات دەســتی پێ کرد.

نیۆلیبێرالّیزم لە نیوەی دووەمی سـەدەی (٢٠) پێداچوونەوەی بە چەند پرەنسیپێکی لیبرالّیدا کرا، لەسەر بنەمای بیرۆکەکانی ڕێکخستنی دەولّەتی سنووردار لە بواری ئابووری و کۆمەلّایەتی، لە چوارچێوەی پاراستنی مافی کەمینەکان و هاوولّاتییان، پرەنسیپی دادگەری و دیموکراتیزەکردن. نیۆ لیبرالّیزم هاتە کایەوە و لە ماوەی سەدەی بیستەمدا بەها بنەڕەتییەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی زۆرێک لە ولّاتانی ڕۆژئاوایی بە شێوەیەکی سەرەکی گۆڕی و بەشداریان لە پەرەسەندنی چەندین تیۆری زانستی سیاسی کرد.

**لیژنەی مافی ئابووری و کۆمەلّایەتی و کەلتووری**

**Committee on Economic, Social and Cultural Rights**

کۆمەلّێک لە شـیکەرەوە و شـارەزایانی پیشـەنگن، کە چاودێری جێبەجێکردنی پەیمانی نێودەولّەتی بۆ مافی ئابووری، کۆمەلّایەتی و کولتووری ولّاتان دەکەن. لیژنەکە لە سالّی (١٩٨٥) دامەزراوە چاودێری پاراستنی مافەکان دەکات وەک مافی بەشداریکردن لە ژیانی کولتووری و مافی پاراستنی کۆمەلّایەتی و مافی پەروەردە و، خانووبەرە، خۆراک، ئاو، مافی جیاکاری لە مافە ئابووری، کولتووری و کۆمەلّایەتییەکانی لە هەموو ولّاتەکانی جیهان.

**لێکتێگەیشتن، پەیوەندی دۆستانە** **Entente**

لە نێوان دوودەوڵەت یان زیاتر ئەنجام دەدرێت، کە هەست بکرێت ئامانج یان بەرژەوەندی هاوبەشیان بەیەکەوە هەیە. دەکرێت لێکتێگەیشتنەکە بە شێوەی زارەکی یان بە شێوەی نووسین ڕێک بخرێت. بەڵام وەک چەمک ئاستی لێکتێگەیشتن بە گشتی نزمترە لە پەیماننامە یان ڕێککەوتننامە.

**لێکنزیکی کولتووری** **Cultural Convergence**

ئەم دەستەواژەیەئاماژە بە گەشەسەندنی یەکگرتوویی کولتووری لە جیهانی ئەمڕۆدا دەکات. ئەو بیرۆکەیەیە کە پێی وایە، جیاوازی نێوان کولتوورە نەتەوەییەکان بە تێپەڕبوونی کات کەمتر دەبێتەوە و دەبێتە یەک کولتووری جیهانی. مرۆڤ دەتوانێت مشتومڕی ئەوە بکات کە لێک نزیکبوونەوەی کولتووری لە نزیکەوە پەیوەندی هەیە بە ئەمریکاوە، کە بە چڕی کار لەسەر ئەم کولتوورە دەکات و بەردەوامە لە دروستکردنی کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر کولتووری وڵاتانی تر. هەموومان سەیری هەمان فیلم دەکەین، گوێ لە هەمان گۆرانی دەگرین، هەمان کتێب دەخوێنینەوە و ئینگلیزیش بە زمانی بازرگانی جیهانی دەمێنێتەوە. بەم مانایەش لێک نزیکبوونەوەی کولتووری ئاماژە بە لێک پچڕانی کولتوورە ناوخۆیی، نەتەوەیی دەکات و چۆنیەتی کاریگەری دروستکردنە لەسەر کولتووری خۆمانە لە لایەن ڕەوتە گۆڕاوەکانی جیهان گیرییەوە.

**لێکۆڵینەوەکانی ئاشتی و ململانێ Peace and Conflict Studies**

لقێکی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکانە، پەیوەندیدارە بە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری توندوتیژی و نا توندوتیژی. لێکۆڵینەوەی ئاشـتی و ململانێی کۆمەڵێک لە دیســـپلینە ئەکادیمییەکانی پێک دەهێنێت، لەوانە ســـیاســـەت، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵناســـــی، مرۆڤناســـــی و ئابووری. هەروەها ئەو دیسپلینە ئامانجی ئەوەیە بگاتە ئەوەی مەبەست لە ئاشتی چییە.

**لەپێشبوون، لەپێشتربوون، لە سەرەتاوەبوون Precedence**

ئەم دەســـتەواژەیە بۆ ڕێکخســـتنی پێشـــینەلە زنجیرەی ناوەکانە بەپێی پلەیدیپلۆماســـییان لە دیدار و کۆبوونەوە دیپلۆماســـییەکاندا گرنگی پێـدەدرێـت. دەکرێـت ڕێکخســـتنی نـاوەکـان بەســـەر تـاکەکـان، گرووپەکـان،یـانڕێکخراوەکـانـدا جێبەجێ بکرێـت. دەتوانرێـت لە بۆنە فەرمییەکـانـدا بە تـایبەتی کە دیپلۆمـاتەکـان ئـامـادەن ڕیزبەنـدییـان بۆ دەکرێت و بەپێی پۆســـــت و بەرزیی ئـاســـــتی نوێنەرایەتییەکـانیـان کورسییەکان ڕێکدەخرێن.

## Rapprochement لێکنزیکبوونەوە

ئەم زاراوەیە لە rapprocherی فەرەنسییەوە وەرگیراوە کە بە مانای پێکەوە بەستن دێت. بەکاردێت بۆ گوزارشتکردن لەو کاتەی کە دەوڵەتەکان کێشە و گرفتەکانی پێشوو وەلا دەنێن و بە دڵسۆزی بەرنامە ڕێژی دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ دەستپێکردنەوە و دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوانیان.

## De Facto لە ڕاستیدا ، لە ناو ڕووداودا، لە واقعدا

بریتییە لەوەی کە شتێک لەسەر زەمینی ڕاستەقینەیی جێبەجێ بکرێت بەڵام مەرج نییە بە یاسایەکی هەنووکەیی باسی لێوەکرابێت یان بەڕێوە ببرێت. نموونە بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان بوو لەلایەن پارتە کوردییەکانەوە لەناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیدا لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) ی کوردان کە لەسەر زەمینی ڕاستەقینەیی ئەو کارە جێ بەجێ دەکرا بەڵام هەرگیز نە دەستووری عیراقیی نە هیچ یاسایەک لەو کاتەدا باسی لەوە نەکردبوو و ئەو کارە لە چوارچێوەی هیچ یاسایەکدا جێ بەجێ نەدەکرا.

# م

**Extraterritoriality، پارێزران لە یاساکانی وڵاتی میواندار**

ئەم چەمکە گوزارشت لە حاڵەتێک دەکات کە لێخۆشبوونە لە دەسەڵاتی دادوەریی یاسای وڵاتی میواندار. کە زۆربەی کات لە ئەنجامی دانوستانە دیپلۆماسییەکان بەسەر سەرۆکی دەوڵەت و باڵیۆز و دیپلۆماتکارەکاندا جێبەجێ دەکرێت.بە هەمان شێوە دەکرێت لێخۆشبوون ناوەندە دیپلۆماسییەکانیش بگرێتەوە وەک باڵیۆزخانەکان، بنکە سەربازییەکان، ئۆفیسی نەتەوەیەکگرتووەکان، کەشتییەکان.

**ماف و ئیمتیازاتی دیپلۆماسی Diplomatic Privileges**

لە یاسای نێودەوڵەتیدا ماف و ئیمتیازات بۆ ستافە دیپلۆماسییە بیانییەکان بە ئامانجی ئەوەی بتوانن ئەرکە دیپلۆماسییەکانیان لە وڵاتانی دەرەوە یان ئۆرگانەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی کاریگەرانە و بێ گرفت ئەنجام بدرێن. سەرجەم وڵاتان ماف و ئیمتیازی ستافە دیپلۆماسییەکان لەسەر بنەمای هەر دوو پەیماننامەی ڤیەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ساڵی (١٩٦١) و ڤیەننا بۆ پەیوەندی کۆنسوڵخانەیەکانی ساڵی (١٩٦٣) دابین دەکەن.

ئیمتیازات و ماف لە ئەرکە دیپلۆماسییەکاندا بریتییە لە ناساندنی بارەگا، پاراستنی ئەرشیف، لێخۆشبوون لە باج، ئازادی پەیوەندیکردن لێخۆشبوونی گومرگی، مافی هەڵواسینی ئاڵا لەسەر بارەگاکانیان... هتد. زۆربەی دەوڵەتەکان لە نێوان خۆیاندا ڕێککەوتنی تایبەت بە دیاریکردنی ئیمتیازات و مافی دیپلۆماسی لەسەر بنەمای یەکسانی ئەنجام دەدەن.

بەپێی یاســا نێودەوڵەتییەکان ئیمتیازات و مافی دیپلۆماســی بە تەواوی دەدرێتە سەرۆکی دەوڵەت و باڵیۆز و ستافە دیپلۆماسییەکان، سەرۆکی حکومەت و وەزیری دەرەوە و عادەتەن بۆ ســـەرۆکی دەزگا باڵاکانی دیکەی دەوڵەت لە کاتێکدا لە خاکی دەرەوەدان. ئەو کەســـانەی کە لە ئیمتیـازات و بەرگری دیپلۆمـاســـییـانە ســـوودمەنـدن، بەبێ ئەوەی پێشـــێلکاری بۆ ئەو ئیمتیازات و پارێزبەندییانە بکەن، ناچارن ڕێز لە یاســـاکانی دەوڵەتی خانەخوێ بگرن، ئەگەر ســـەرپێچییان کرد، ئەوا لەوانەیە بە کەسی قبووڵنەکراو ڕابگەیەنرێن. دەوڵەتی سێیەم پابەندکراوە بە پاراستن و ئاسایشی دیپلۆماتکارێک و ئەندامانی خێزانەکەی کە بەناو خاکەکەیاندا تێ دەپەڕن.

**متمانەپێکراوی دیپلۆماسی** **Diplomatic Accreditation**

ئەم زاراوەیە لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراوە، پرۆسەی دەستنیشانکردنی پۆستی نوێنەری دیپلۆماسییە بۆ پۆستی سەرۆکی ئەرکی دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵات. متمـانە پێدان کردەوەیەکی نـاوخۆی وڵاتە، کە لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە دەدرێت و کەسێک دەستنیشانی دەکات، ئەو کەسە وەک نوێنەری دیپلۆماســـیی دەوڵەت دەناســـێنرێت، پاشـــان داوای ڕەزامەندی لە دەوڵەتی خانەخوێ دەکرێت. پاش تەواوبوونی ئەو پرۆسە و ڕێکارانە پاشان کەسی متمانە پێدراو نامەی سەرۆکی وڵاتەکەی خۆی دەبات بۆ ســـەرۆکی دەوڵەتی خانەخوێ و دواتر بە فەرمی دەســـتبەکار دەبێت.

## مارکسیزم Marxism

ئەم بیردۆزە ئەو بۆچونانە ڕەتدەکاتەوە کە لیبراڵییەکان لەبارەی هاریکاریەکانی نێوان وڵاتان یاخود ململانێکانی نێوانیان دەیخەنە ڕوو،و تیشک دەخاتە سەر لایەنی ماددی ئابووری کە پێی وایە لەتوانایدایە ڕژێمێکی سەرمایەداری دروستبکات. بەڵام پێشتر ئەم ئەزموونە بینراوەکە بووەتە هۆکاری سەرهەڵدانی بیرۆکەی داگیرکاری و دەستدرێژیکردنە سەر سەروەری وڵاتان و مایەی دروستکردنی ناکۆکی جیهانی.

## مافی دەنگدان Suffrage

ئەم چەمکە لە پرۆسەی دیموکراسیدا پێناسە دەکرێت بۆ مافی دەنگدان بە نوێنەران لە هەڵبژاردنەکان و بابەتیرپیفراندۆمدا، زۆربەی کات هاوڵاتیان شیاوی دەنگدانن دوای گەیشتن بە تەمەنێکی دیاریکراو،کە لە زۆربەی وڵاتان تەمەنی هەژدە ساڵ دیاریکراوە. لەدنیای دیموکراسی مافی دەنگدان بەمافی ڕەوای جیهانی دادەنرێت،لەلایەکی ترەوە سنووردارکردنەکان لەسەر بنەمای سێکس،ڕەگەز، ئایین، تەمەن و باری دارایی بوونی هەبووە.

## مانگی سوور Red Crescent

بزووتنەوەیەکی نێودەوڵەتییە کە نزیکەی سەد ملیۆن خۆبەخشیلە سەرانسەری جیهاندا هەیە. ئامانجی بزووتنەوەکەڕێگرتنە لە ئازارەکانی مرۆڤ بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای ئایین و ڕەگەزو ئاڕاستەی سێکسی

و کولتووریان هەر فاکتەرێکی تر، چەندینرێکخراوی ســـەربەخۆ هەن کە بزووتنەوەکە پێکدەهێنن لەوانە کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی ســـوور و فیـدراســـیۆنی نێودەوڵەتی خـاچی ســـوور و کۆمەڵەکـانی مـانگی ســـوور.کۆمەڵگەی خاچی ســـووری نیشـــتمانی و مانگی ســـوور کە لە زۆربەی وڵاتـانی جیهـانـدابوونیـان هەیە. بزووتنەوەکە بە شـــێوەیەکی سەرەکی تیشک دەخاتە سەر چوار کاری سەرەکی: بەرزکردنەوەی بەها مرۆییەکان، وەڵامدانەوەی کارەســاتەکان، ئامادەباشــی کارەســاتەکان، و چاودێری تەندروستی و کۆمەڵگە.

## مرۆڤناسی کولتووری Cultural Anthropology

بوارێکە لە نێو دیســپلینی مرۆڤناســیدا کە لە کولتووره جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، ئەوە شــیی دەکاتەوە کە چۆن ســیاســەتی ئابووری، سیا سی و کۆمەڵایەتی کاریگەری جیاوازیان لە سەر کولتوورەکان هەیە. و چۆن ئەو کولتوورانە بە درێژایی کات گەشـــە یان کردووە. زۆربەی کارەکانی ئەم زانســـتە باس لە مرۆڤناســـێک دەکات کە ماوەیەکی درێژ بەســـــەر دەبــات لەگەڵ ئەو کولتوورەی کە دەخوێنرێــت بۆ ئەوەی تێگەیشـــتنێکی قووڵ لە شـــێوازی ژیـان و کـار و بەهـا و بنەمـا و ستانداردەکان بەدەست بهێنیت.

## ململانێی چەک Gun Conflict

دەیەی دووەمی سەدەی (٢١) ململانێی سەربازیی نێوان زلهێزەکانی جیهانی گەیاندووەتە لووتکە. ئەمریکا زلهێزی ژمارە یەکی جیهان کەوتووەتە گۆڕەپانێکی نوێی سەربازییەوە، کە تێیدا ڕکابەری سەرسەخت و پێداگریی بۆ دروست بووە؛ کە ئەوانیش چین و ڕووسیان. هەر ئەوەیە کە ململانێکانی نێوان ئەو سێ زلهێزەی جیهانی بردووەتە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغی پەرەدان بە پیشەسازی و تەکنۆلۆژیای سەربازی. بودجەی سەربازی ئەمریکا لە (٢٠١٧) دا سەرووی (٦٠٠) ملیار دۆلار بوو، نزیکەی (٥٥) ملیاری بۆ توێژینەوە سەربازییەکان تەرخان کرابوو؛ بودجەی (٢٠١٨) بۆ نزیکەی (٦٤٠) ملیار دۆلار بەرز کرایەوە؛ خەرجییەکانی توێژینەوە سەربازییەکان گەیشتنە نزیکەی (١٠٠) ملیار دۆلار. لە (٢٠١٩) دا بودجەی سەربازی بۆ نزیکەی (٧١٩) ملیار دۆلار بەرز کرایەوە و خەرجییەکانی توێژینەوە سەربازییەکان گەیشتنە (١٥٦) ملیار دۆلار. لە (٢٠٢٠) سەرباری سەرهەڵدانی پەتای کۆڤید-١٩، بەڵام ئەمریکا بودجەکەی بۆ سەرووی (٧٧٨) ملیار دۆلار بەرز کردەوە و توێژینەوە سەربازییەکانی گەیاندە (١٦٠) ملیار دۆلار. چین، دووەم بەهێزترین هێزی سەربازی جیهانە. لەگەڵ هاتنی (شی ژینپینگ) بۆسەر دەسەڵات لە (٢٠١٣) تا وەکوو (٢٠٢٠) خەرجییە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە ساڵانە بە زیاتر لە (٥,٥ ٪ ) بەربووەتەوە و ئێستا چین بە بودجەی ساڵانەی نزیکەی (٢٥٥) ملیار دۆلار لە پلەی دووەمدا دێت لەسەر ئاستی جیهان. لە نزیکەی (١٠) ساڵی سەرۆکایەتی (ڤلادیمێر پووتین) ی سەرۆکی ڕووسیا، خەرجییە سەربازییەکانی ئەو

وڵاتە بۆ ســـەرووی (٤٪) بەرزبوونەتەوە، کە دەگاتە زیاتر لە (٦٥) ملیار دۆلاری ئەمریکی کە نزیکەی (٤٠٣٪ ) ی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی وڵات پێک دەهێنێت. ئێســـتا ڕووســـیا لە ڕیزی پێشـــەوەی وڵاتانی خاوەن پیشـــەســـازی ســـەربازیی پێشـــکەوتووە کە بازاڕێکی گەرمی لە جیهاندا دەستەبەر کردووە.

## ململانێی کۆی- سفر Zero-Sum Conflict

ئەم دەســـــتەواژەیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەکاردێت ئەگەر بەرژەوەنـدی لایەنەکـانی ململانێ تەواو پێچەوانەی یەک بن، واتە بەدیهێنـانی بەرژەوەنـدی یەک لایەن، مـانـای ئەوە دەگەیەنێـت کە بەرژەوەندییەکانی لاکەی تر بە هیچ شـێوەیەک بەدەست نایەت ئەوا ئەو جۆرە ململانێیـانە بە ململانێی کۆی ســـفر نـاو دەبرێن. لە نێویـانـدا "دەستکەوت" ی لایەنێک بە تەواوی یەکسانە بە "دۆڕان" ی ئەوی تر و لە ئەنجامدا کۆی "بردنەوەکان" سفرە.

## ململانێی هاوبەش Communal Conflict

جۆرێکە لە ململانێ کە زیاتر لە لایەنێک تێیدا هاوبەشـــــە، کە پێوەری ئیتنیکی یان نەتەوەیی یان ئایینی یان ســیاســی پێ کەوەیان دەبەســتێت. لەوانەیە لایەنەکان هاوبەشـــییەکانیان لە نیشـــتمانێکی هاوبەش، ئایین، زمان، ڕەگەز و... هتد پێکهاتبێت. ناکۆکییە هاوبەشـــەکان لە قەبارەدا

جیاوازن، چونکە مانای زاراوەکە فراوانە و بەکاردێت بۆ داپۆشـــینی چەندین ناکۆکی ڕەگەزی. لە بواری نێودەوڵەتیدا ململانێ هاوبەشـــەکان زۆر جار لە ســـەر ســـنوورە خاکی و ئاوییەکانە کە چەند لایەک ئەو گرفتەیان لەگەڵ دەوڵەتێکدا هەیە.

**موجامەلە، خۆشدوان** **Courtes**

لە سێکتەری دیپلۆماسیدا کرداری موجامەلە زۆر بەدی دەکرێت، کە هەموو وڵاتان بەرامبەر بە یەکتری ئەنجامی دەدەن. وا باوە کە دەوڵەتە بە هێزەکان لەلایەن دەوڵەتەکانی ترەوە موجامەلە دەکرێن. یاخود دەوڵەتە خاوەن بەرژەوەندییەکان بەیەکەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان موجامەلەی یەکتری دەکەن. .

**مۆدێلی سەوداکاری جەنگ** **Bargaining Model of War**

لە زانســـتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا میتۆدێکە بۆ نیشـــاندانی دیوە شاراوەکان و دۆڕاندنەکان و ئەنجامی کۆتایی جەنگ لەنێوان دوو وڵاتدا، وەک کارلێککردنێکی سەودا کاری و مەتەڵی نا کارا مەیی جەنگە. بۆ چی جەنگ ڕوو دەدات کاتێک باشـــتر دەبێت هەموو لایەنە بەشـــداربووەکان بگەنە ڕێککەوتنێک کە لە جەنگدا کورت دەبێتەوە. ئەم مۆدێلە ئامرازێکە بۆ وەســـفکردنی جەنگ وەک کارێکی ســـیاســـی نەک ئابووری یان

کۆمەڵایەتی،هەروەها باس لە جەنگ، هۆکار و دەرەنجامەکانی دەکات، وەک ناکۆکییەکی سەودا کاری لەسەر تەرخانکردنی سەرچاوەکان.

### میانگیری لە چارەسەری ناکۆکی

### Mediation in Conflict Resolution

زۆر جار ئەم دەســـــتەواژەیە بە بەکارهێنانی لایەنی ســــێیەمی بێلایەن پێناســە دەکرێت بۆ ئاسـانکردنی دانوسـتانە ڕاسـتەوخۆکان. بە ئامانجی گەیشتن بە ئاشتی لە ڕێگەی چارەسەری ناکۆکییەوە. هەمیشە ناوەندێک بەکـاردێت کە هیچ پەیوەنـدی و پـابەنـدبوونێـک بە هیچ کـام لە لایەنە ناکۆکەکان نییە. دووریی پیشـــەیی و نەبوونی پەیوەندی ســۆزداری کە لەلایەن ناوەند گیرێکی بێلایەنەوە دابین دەکرێت شـەرعییەت و دەسەڵات دروســـــت دەکات. بۆ نموونە، لە ســـریلانکا ناوەنـدێکی نەرویجی لە دانوستانەکانی نێوان یاخیبووانی تامیل و حکومەتی سریلانکابەکارهێنانرا.

### میدیای گشتی Mass Media

داپۆشـینی مەودایەکی تەکنۆلۆژیای میدیایە، کە بەکاردێت بۆ گەیشـتن بە بینەری گەورە. شـــێوە جیاوازەکان بریتین لە میدیای پەخش، میدیای چاپی، میدیای دیجیتاڵ، میدیای ئینتەرنێت، و میدیای دەرەوە. میدیای گشـتی ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینێت لە گۆڕینی هەڵسـوکەوتی کۆمەڵگە و کاریگەری لەســـەر ڕای گشـــتی، زۆر جار وەک کەناڵێکی ســـەرەکی

پەیوەندی لە دیموکراسیدا هەستی پێ دەکرێت. هەرچی زیاتر دەست گەیشتن بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زیاتر بێت، زیاتر زانیاری بەدەست دەهێنرێت، ئەمەش یارمەتی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەعریفی و کراوە تر دەدات.

### مێگاترێندس Megatrends

ئاڕاستەی سەرەکی بزووتنەوەیەکە کە دەرکەوتن و جەوهەری کۆمەڵگەیەکی گۆڕاو دیاری دەکات. کۆمەڵێک مێگاترێن هەن کە کاریگەرییان لەسەر هەمووکۆمەڵگەی جیهان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەیە، لەوانە: جیهانگیری، پەرەسەندنیتەکنۆلۆژیای زانیاری، خێراکردنی خێرایی گەشەسەندنی کۆمەلایەتی، دەرچوون لەکۆمەڵگەی بەکاربەر،گۆڕانی دیمۆگرافیا.

### مەترسی سەربازی Military Danger

دۆخی پەیوەندی نێوان وڵاتان یان ناوخۆی وڵاتێکە، کە بە بارودۆخێکی نا هەمواردا تێ دەپەڕێت و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەڕەشەی سەربازی. مەترسییە سەربازییەکان مەرج نییە بەپێی پلانی پێشوەختە بێت و ئامادەکاری بۆ کرابێت، سەرچاوەی مەترسییەکان زۆر جار لە چاوی ڕووکەشی خەڵک شاراوەن، نیشانەکانی مەترسی سەربازی بریتییە لە:

- نـــاکۆکییەک و دژایەتییەکی گەورە لە نێوان وڵاتـــانـدا هەبێـت، کە چارەســـــەرەکەی بە بەکارهێنانی هێزی ســـــەربازی دەکرێت، یەکێک لە لایەنەکانی هێزی سەربازی پێویست هەبێت چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە لە بەرژەوەندی خۆی کۆتای پێ بهێنێت.
- ئیرادەی ســیاســی ســەرکردەکان یان دەوڵەتەکان بۆ بەکارهێنانی هێز، توانای بەکارهێنانی هێزی چەکداری بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.
- هەلومەرجی جیۆپۆلەتیکی گونجاو و بارودۆخێکی ســیاســی ســەربازی ڕاستەقینە بۆ جێبەجێکردنی کرداری سەربازی و... هتد.

### مەرجداریێتی Conditionality

لە ئابووری ســـــیاســـــی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، مەرجداریەتی بریتییە لە بەکارهێنانی مەرجەکانی پەیوەست بە دابینکردنی سوودەکانی قەرز، یان یارمەتی دوو لایەنە. ئەم مەرجانە بە شـــێوەیەکی ئاســـایی لەلایەن دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان یان ڕێکخراوە هەرێمییەکانەوە دەسەپێنرێن، کە بەنیازن بارودۆخی ئابووری لە وڵاتی وەرگری قەرزەکە باشـتر بکەن. مەرجداریەتی بە شـێوەیەکی ئاسـایی لە لایەن سـندووقی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی جیهانی یان وڵاتی بەخشـــەرەوە لەگەڵ پێدانی قەرزەکان دیاری دەکرێت.

**مەزهەبی سیاسی، باوەڕگە، ڕێباز** Doctrine

پڕەنسیپێکی ڕاگەیەنراوی سیاسەتی حکومەتە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە کاروباری دەرەوە و سەربازیدا بە کار هێنراوە. بەپێی پێناسە، کە بریتییە لە پڕەنسیپێک کە ڕاهێنانی دەسەڵات بۆ فەرمان ڕەوایی کردن یان بەڕێوەبردن لە کۆمەڵگەدا دەکات، زاراوەی مەزهەبی سیاسی هەندێک جار بە هەڵە بە ئایدیۆلۆژیای سیاسی ناسێنراوە، هەرچۆنێک بێت لایەنی کرداری ئایدیۆلۆژیای نییە بە شێوەیەکی سەرەکی گوتارێکی تیۆرییە.

ن

## ناسینەوە، دانپێدانانی دیپلۆماسی Diplomatic Recognition

ئەم دەستەواژەیە لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ دەوڵەتێک کارێکی سیاسی یەکلایەنەیە، کە دان بە کردەوە یان پێگەی دەوڵەتێک یان حکومەتێکی تر دەنێت. ناسینەوە یان دانپێدانانی دیپلۆماسی دەتوانرێت ڕێک بخرێت لەسەر بنەمای دی فاکتۆ. ئەگەر وڵاتان دانیان بە قەوارەیەکی دیاریکراو وەک دەوڵەت نا، ئەوا ئەو دەوڵەتە مافی ئەندامێتی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەبێت، لە کاتێکدا کە پێویستی بە دەنگی هەموو وڵاتانی ئەندام هەیە بۆ وەرگرتنی ئەندامێکی نوێ لە نەتەوە یەکگرتووەکان. دەنگدان لەلایەن وڵاتێکەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی ئەندامێتی وڵاتێکی تر بە ئاشکرا ناسین و دانپێدانانی ئەو وڵاتەیە. لە لایەکی ترەوە، دەنگدانی نەرێنی بۆ ئەندامێتی نەتەوە یەکگرتووەکان مەرج نییە بە مانای نە ناساندنی قەوارەکە بێت وەک دەوڵەت، چونکە پێوەرەکانی تر، پێداویستییەکان یان هەلومەرجی تایبەت لەوانەیە پەیوەست بە ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان دابنرێت. بە هەمان شێوە، وڵاتێک بە هۆکاری خۆی داوای ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان نەکات، وەک چۆن سویسرا هەتا ساڵی (٢٠٠٢) بە هۆی نیگەرانی بۆ پاراستنی سیاسەتی بێلایەنی خۆی ئەندام نەبوو.

## ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان International Conflicts

بەریەککەوتنی دەوڵەتەکانە لە چوارچێوەی پەیوەندی نێودەوڵەتیدا لەسەر بنەمای دژایەتیی بەرژەوەندییەکانیان. دەکرێت دەوڵەتەکان، هاووڵاتییان و ڕێکخراوەکان بەشـــێک بن لە ململانێی نێودەوڵەتی. لە ململانێکاندا ڕەنگە بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی لایەنەکان بکەونە مەترســـییەوە، وەک بەرژەوەندی ئابووری و ئاســـایشـــی نەتەوەیی، کە هەر لایەنێک لە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندی ئابووری، سیاسی، سەربازی و سەروەری ســـیاســـی خاکەکەیدا دەبێت و هەوڵی دروســـتکردنی هاوپەیمانی دەدات، بۆیە گرفتەکە دەبێتە گرفتێکی نێودەوڵەتی.

## ناپاک، خیانەتکار، خائین Perfidious

مەیلە بۆ خیانەت لە چوارچێوەی شـــەڕدا،ناپاکی جۆرێکە لە فریودان کە لایەنێـــک بەڵێنی بەکرداری بـــاش دەدات (وەک بە هەڵکردنی ئـــاڵای ئاگربەســـت) بەڵام لە پشـــتەوە و بە نهێنی خەریکی داڕشـــتنی پیلانە و ئاگربەستەکە دەشکێنێت.

**ناجێگیر، جیوەی، بێبار** **Mercurial**

ئەم دەســتەواژەیە لە مەیدانی ســیاســەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەکاردێت و گوزارشــت لە گۆڕانکارییەکی نا پێشــبینی کراو دەکات، کە دەبێتە هۆی سەرسوڕمانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕای گشتی جیهانی. هەندێک جار ئەو گۆڕانکارییانە بە هاوکاری و پلان و ئاگاداری لایەنێک ڕوو دەدەن. بۆ نموونە، هاتنەوە سەر حوکمی تاڵیبان لە ئەفغانستان.

**ناحەز، دوژمن** **Adversary**

کەســـێکە یان گرووپێکە کە چالاکی دژی وڵاتێک ئەنجام دەدەن. لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وا دادەنرێت کە ئەم گرووپە یاخیبوون، هەندێک کردار لە بواری دیپلۆماسییەتدا بە ناڕاســتەوخۆ خزمەتی ئەم دژایەتییە دەکەن. بۆ نموونە ساڵی (٢٠١٢ ) ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە یەکێک لە بابەتەکانیدا نووســـیبووی بواری دیپلۆماســـی لە نێوان وڵاتەکاندا بۆ دوژمنایەتی ئیســرائیل بەکاردێت، ئەمە وای کرد کە لە ناو جەماوەردا وا بڵاوببێتەوە کە وڵاتان بۆ دژایەتی ئیسرائیل یەکیان گرتووە.

### ناسنامە وەک بنیاتنانێکی کۆمەڵایەتی

### Identity as a Social Construction

شـــوناســـی مرۆڤ لە لایەن نۆرم و بەهـا و زمـان و پێکهـاتەکـانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە دروســـت دەبێت. بیرۆکەکە لەســـەر ئەو باوەڕە وەسـتاوە کە مرۆڤ بە شـێوەیەکی سـروشـتی مەیلی گۆڕانکاری هەیە، و ڕێگـاکـانی بیرکردنەوە و ڕەفتـارەکـانمـان زۆر کـاریگەرن بە ئەزموون و کـارلێـک کردنمـان لەگەڵ ئەنـدامـانی تری یەکەیەکی کۆمەڵایەتیدا.

### ناکۆکی سەربازی

### Military conflict

یەکلاکردنەوەی نـاکۆکییە لە نێوانـدەوڵەتـانیـان نـاوخۆی دەوڵەتێکبە بەکـارهـێـنـانـی هـێـزی ســـەربـازی. زاراوەکە هەمـوو جـۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکـداری دەگرێتەوە کە بریتین لە جەنگی گەورە، ناوچەیی و ناوخۆیی و ململانێی چەکداری.

## ناکۆکی لەگەڵ بڕی نەرێنی Conflict with Negative Amount

ئەم دەستەواژەیە لە پراکتیکی دیپلۆماسی و سیاسەتی جیهانی بەکار دەهێنرێت، کە لە تیۆری گەمە کردنەوە هاتووە، واتە ململانێیەک کە هەموو بەشداربووان تێیدا دۆڕاون، ئەگەر هەر کام لە لایەنەکان خۆیان بە براوە بزانن، ئەوا ئەم سەرکەوتنە وەهمییە. ئەم جۆرە سەرکەوتنە کە بە دانی قوربانییەکی زۆر بە دەست دێت لە بنچینەدا یەکسانە بە شکست. جەنگی ناوەکی جیهانی بەوە ناسراوە، کە هیچ براوە و دۆڕاوێکی تێدا نییە و بە شکستێکی نێودەوڵەتی ناو دەبرێت. یاخود شەڕی کۆریای ساڵی (١٩٥٠ -١٩٥٣) بکەین کە هەموو لایەنێک لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی شکستی هێنا.

## ناکۆکی، ململانێ، ناسازان، ئاژاوە Conflict

ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ گوزارشتکردن لە پێکدادانێکی کراوە لە نێوان دوو گرووپی دژ، لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافی یەکێکیان یاخود لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافی لایەنی سێیەم، کە ئەو دوو گرووپە بەپێی یاساکان لە دەرەوەی چوارچێوەی سیادەی لایەنی سێیەمن. زۆر جار ئەم ناکۆکییانە دەبنە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی سەربازی بەڵام لە جیهانی نوێدا زیاتر شەڕی سارد دەبێت و بەردەوام دەبێت.

## نامە　Message

زاراوەکە لە زانستی سیاسەت و دیپلۆماسییەتدا بۆ گوزارشتکردنە لە ناردنی پەیامێک بۆ دەرەوەی وڵات یان ئاگادارکردنەوە و ڕوونکردنەوەی سیاسەتی ناوخۆیی یان دەرەکی وڵات بەکاردێت.

## نامەی باوەڕپێکردن　Letter of Credence

نامەیەکی فەرمییە لە سەرۆکی دەوڵەتێکەوە بۆ سەرۆکی دەوڵەتێکی بیانی دەنێررێت کە باڵیۆزێک، وەزیرێک، یان بریکارێکی دیپلۆماسی لە وڵاتەکەیدا هەیە. کە لەڕێگەی ئەو نوێنەرە دیپلۆماسییەوە نامەکە بە سەرۆکی دەوڵەتە میوانەکە دەگات.

## نامەی بیرهێنانەوە　Letter of Recall

نامەیەکی فەرمییە کە سەرۆکی دەوڵەتێک میواندار بۆ باڵیۆز و وەزیر یان بریکارێکی دیپلۆماسی دەنێرێت کە لە وڵاتەکەی ئەودا نوێنەرایەتی وڵاتێکی بێگانە دەکات. لەم جۆرە نامانەدا ئەو خاڵانە بیری نێردە دیپلۆماسییەکە دەهێنرێتەوە کە لە کۆبوونەوەکانی پێشوودا ڕای سپاردووە بە سەرۆکەکەی بگەیەنێت یان لە کۆبوونەوەیەک بڕیاریان لەسەر داوە لە ئایندەدا بە هاوبەشی کاری لەسەر بکەن.

## Letter of Revocation نامەی پوچەڵکردنەوە

دۆکیۆمێنتێکە تێیدا ئـاگـادارکردنەوەیەک هەیە ئـامـاژە بەوە دەدات کە سەرۆکی نێردەی دیپلۆماسی (باڵیۆز یان نێردە) لە لایەن دەوڵەتەکەیەوە دەکشـــێنرێتەوە لە وڵاتی میواندار. نامەی پووچەڵکردنەوە لە ســـەرۆکی دەوڵەتەوە ئاڕاستەی نێردە دیپلۆماسییەکان دەکرێت، وا باوە لە فۆرمێکی کورت و ڕێزداردا ڕوونکردنەوەیەک لە هۆکـارە فەرمییەکـانی دەخرێتە ڕوو بۆ نموونە، ئاماژە بەوە دەدرێت کە باڵیۆزەکە: باری تەندروســـتی جێگیر نییە یـاخود ڕاژەکەی دەگوازرێتەوە بۆ پۆســـتێکی تر و یـاخود مـاوەی خزمەتکردنی کۆتـای هـاتووە. کە ئەم جۆرە نـامـانە ڕادەســـتی سەرۆکی وڵاتی میواندار دەکرێت.

## Demarche نامەی دیپلۆماسی

ئەم جۆرە نامەیە لە ســـێکتەری دیپلۆماســـییدا، بەکاردێت بۆ گەیاندنی تێڕوانین یان خواســـتن لەســـەر بابەتێک کە لە وڵاتێکەوە ئاڕاســـتەی وڵاتێکی تردەکرێت. نامەی دیپلۆماســی دەگەیەنرێتە بەرپرســی گونجاوی وڵات. مەبەستی پشتی نامەکان بەگشتی قایلکردنە یان ئاگادارکردنەوەیە یـان کۆکردنەوەی زانیـارییە لە دەوڵەتێکی بیـانی، هەنـدێـک جـار وڵاتـان نامەی دیپلۆماســـی بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە کردەوەکانی وڵاتێک بەکار دەهێنن.

### نامەی سیاسی Political letters

جۆرە دۆکیۆمێنتێکی دیپلۆماسییە، کە نێردە و ستافە دیپلۆماسییەکان لە وڵاتە بیانییەکانەوە ئاڕاستەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی خۆیانی دەکەن. ئەم جۆرە نامەیە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی سیاسی وڵاتەکەیەتی لە ڕووداوێکی گرنگ لە ناو وڵاتی میوانداردا ڕوو دەدات و کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵات

.

### ناهاوتایی، نابەرامبەری زانیاری Information Asymmetry

بریتییە لە پەخش بوونی زانیاری بە شێوازێکی نا یەکسان لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیاوە، کە سەرەتا لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بڵاو دەبێتەوە و پاشان هەناردە دەکرێت بۆ ناوچەکانی تری جیهان. هۆکاری نە بەرامبەری زانیارییەکان لەو ڕاستییەوە ڕوون دەکرێتەوە کە ئینتەرنێت وەک تەکنۆلۆژیای زانیاری سەرەتایی لە ڕۆژئاوا و ئەمریکا دەرکەوت، لە هەمان کاتدا ناوەندی میدیا گەورە جیهانییەکان زۆربەیان بارەگایان لە ئەمریکا، کەنەدا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوایە. تۆڕێکی فراوانیان هەیە لە پەیامنێر و نووسینگەی نوێنەرایەتی لە سەرتاسەری جیهاندا، ئەم میدیایانە لە دەیان وڵات دابەش دەکرێن و دەبنە ئامرازێکی زۆر کاریگەر بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری ڕۆژئاوا و بەها ڕۆژئاواییەکان لەو وڵاتانەی کە کۆدێکی کولتووری و شارستانی جیاوازیان هەیە.

**ناوبژیوانی، نێوەندگیری** **Arbitration**

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ژێر سـێبەری یاسـا و ڕێسـا نێودەوڵەتێکاندا، نـاوبژیوانی لە نێوان دەوڵەتـان ئەنجـام دەدەن. بۆ چـارەسـەرکردنی گرفتەکان بە ئاشـتی و هەر لایەک لەسـەر حەق بیت مافی بۆ دەسـتەبەر دەکرێت. وڵاتەکان هەندێک جار پەنا بۆ ناوبژیوانی نێودەوڵەتی دەبەن کاتێک ڕووبەڕووی پرسـیارێک یان خاڵێکی دیاریکراوی ناکۆکی دەبنەوە کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە.

**ناوچە پارێزراوەکانی ژینگە**

**Environmentally Protected Areas**

ئەو ناوچانەن کە لەبەر بەها سـروشـتی و ژینگەییەکانیان پارێزراون،بۆ پاراستنیان پشت دەبەستریت بە یاساکانی وڵات و ڕێساکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکـان. زۆربەی سـتراتیژەکـانی پـاراسـتنی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی جەخت لەسەر ناوچە پارێزراوەکان دەکاتەوە، بۆ کارپێکردنی ژینگە سـروشـتییەکان. بەپێی ئامارەکان، لە جیهاندا زیاتر لە (١٦١،٠٠٠) نـاوچەی پـارێزراوی ژینگەیی هەیە، کە لە نێوان (١٠-١٥٪ ) ڕووبەری زەوی جیهان داپۆشراوە.

## ناوچەگەری Regionalism

بریتییە لە ئاڵۆزبوونی هەڵوێســـت و بیر و بۆچوونی تاک و کۆمەڵ، کە ناوچەی خۆیان بە باڵاتر لە ناوچەکانی تر دەزانن. ئەم کارە لە نێوان دەوڵەتەکـانـدا بوونی هەیە و ئـامڕازێکە بۆ ڕێکخراو و کۆمەڵەکـان. نموونەیەکی دیاری ناوچەگەری یەکێتی ئەورووپایە کە کارلێک کردن و تێکەڵبوونی ئابووری و سیاسی بۆ دەوڵەتەکانی یەکێتی ئەورووپا ئاسان دەکات.

## ناوچەیکۆنسوڵی Consular District

ناوچەیەکی دیاریکراوە کە دەوڵەتی میوان لە دەوڵەتی میواندااردا وەری دەگرێـت. ئەم پرۆســـەیە بەپێی ڕێککەوتنێـک لەنێوان حکومەتەکـانی وڵاتەکان ئەنجام دەدرێت، بە مەبەسـتی دامەزراندنی بینای کونسـوڵخانە یـان نێردە دیپلۆمـاســـییەکەیە، دەبێتە موڵکی دەوڵەتی میوان و کاروبارەکانی خۆیانی تێدا ئەنجام دەدەن. کردارە کۆنســـوڵییەکان لە دەرەوەی ناوچەی کونسوڵخانەکە تەنیا بە ڕەزامەندی دەوڵەتی خانەخوێ ئەنجام دەدرێت. ئۆفیســـی کۆنســـوڵی دەبێت لەو ناوچەیە بێت کە وڵاتی خـانەخوێ بۆی دیـاری کردووە. شـــێوازی مـانەوە و جووڵە و هەڵســـوکەوتەکانی ئەفســـەرانی کۆنســـوڵخانە بە ڕێککەوتنی نێوان وڵاتە پەیوەندیدارەکان ڕێک دەخرێت.

**ناوچەی ئابووری دەریایی** **Maritime Economic Zone**

ڕووبەرێکی چالاکی ئابوورییە، کە پانتاییەکەی (٢٠٠) میلی دەریایە، لە هێڵە بنچینەییەکانی کەنارەکانەوە هەژمار دەکرێت. ناوچەی ئابووری دەریایی بەشێک نییە لە خاکی دەوڵەت، و دامەزراوە بۆ پاراستن و بە باشی بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان هەروەها پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی دەوڵەت. ڕژێمی ناوچەی ئابووری دەریایی لە پەیماننامەی یاسای دەریادا دامەزراوە، کە لە ساڵی (١٩٨٢) دا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کراوە.

**ناوچەیەک کە چواردەوری بە وڵاتی بێگانە دەوردرابێت یان لە ناو وڵاتی بێگانەدا بێت.**

**Enclave**

ناوچەی دەوڵەتێک یان بەشێک لە خاکەکەی لە هەموو لایەکەوە دەورە دراوە بە ناوچەی دەوڵەتێکی تر. بە واتایەکی تر ئینکلاڤ، بەستراوێکە لەگەڵ سنوورێکی دەریایی (بۆ نموونە هەرێمی کالینینگراد لە ڕووسیا). ئینکلاڤ هەندێک جار بە شێوەیەکی نادروست بەکاردێت بۆ گوزارشت لە ناوچەیەک کە تەنیا بەشێکی دەورە دراوە لەلایەن دەوڵەتێکی ترەوە. شاری (ڤاتیکان و سان مارینۆ) کە هەردووکیان لە لایەن ئیتاڵیاوە گەمارۆدراون بەتەواوی دەوڵەتی دەسەلاتدارن. دەتوانرێت بگوترێت

ئینکلاڤ بەشـێکە لە دەوڵەتێک یان ناوچەیەک کە لە ڕووی جوگرافییەوە لە بەشـی سـەرەکی کە وڵاتەکەیەتی جیاکراوەتەوە بە ناوچەی وڵاتانی بێگانە دەورە دراوە.

**ناياسايي، قەدەغە** **Illicit**

کارکردنە بە پێچەوانەی پەیماننامە پەسـەندکراوەکان، و شـکاندنی یاسـا نێودەوڵەتییەکان و تێپەڕاندنی سنوورەکانە بە نا یاسای، و گواستنەوەی شـتومەکی بازرگانی و هەندێک جاریش بازرگانیکردن بە مرۆڤ کە کەیسێکی نێودەوڵەتییە.

**نوخبەی سیاسی** **Political Elite**

کۆمەڵێک لە هاووڵاتییانە کە پێگەیەکی ئیمتیازی لە کۆمەڵگە و پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی پێک دەهێنن. لە ئاستێکی بەرزی کاریگەری سیاسی و پێگەی بەرزی کۆمەلایەتی دیاری دەکرێن، ڕاستەوخۆ و سیستەماتیک بەشـدارن لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی دەسـەڵاتی دەوڵەت، و ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە و کاریگەر دەبینن لە ئاڕاسـتەکردن و بەڕێوەبردنی زۆر کایەکانی ژیانی کۆمەڵگە. پێش هەموویان سـیاسـەت ئینجا بۆ سـەرجەم بوارەکـانی تر: هەر لە ئـابووری و سـیسـتەمی حوکمڕانی و دەسـتنیشـانکردنی میکانیزمەکانی دروسـتکردنی بڕیار و دامەزراوەی

یاسـایی و دادگەری تا دەگاتە کایەی ڕۆشـنبیری و ئایدیۆلۆژیا و بیر و باوەڕ و دیاریکردن و لە چوارچێوەدانی کولتووری سیاسی کۆمەڵگە.

**نووسینگەی باش، المساعی الحمیدة** **Good offices**

شـێوازێکە بۆ یەکلاکردنەوەی نـاکۆکی، کە تێیدا لایەنێک لەسـەر دەستپێشخەری خۆی یان لەسەر داوای وڵاتەکان لە ناکۆکییەکدا دەچێتە ناو پرۆسەی یەکلاییکردنەوە. مەبەست لە ئۆفیسی باش ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت پەیوەندییەکان لە نێوان وڵاتەکاندا دروسـت بکرێت یان دووبارە دەست پێ بکرێتەوە، لە هەمان کاتدا خودی ئۆفیسە باشەکان بەشداری لە گفتوگۆکاندا ناکەن و ئەرکیشـیان ئاسـانکارییە بۆ لێک نزیکبوونەوەی لایەنە ناکۆکەکان.

**نوێنەرایەتی دیپلۆماسی** **Diplomatic Representation**

دامەزراوەیەک کە لەلایەن بریکارێکی دیپلۆماسـییەوە سـەرپەرشـتی دەکرێت و نوێنەرایەتی دەوڵەتێک دەکات، بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندی سـیاسـی لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا، هەروەها نوێنەرایەتی پاراسـتنی ماف و بەرژەوەندییە ڕەواکانی تاکی ناوخۆ و قەوارە یاساییەکان دەکات.
ئەرکێکی دیپلۆماسـی کە باڵیۆزێک سـەرۆکایەتی دەکات بە باڵیۆزخانە نا و دەبرێت، کە لەلایەن نێرراوێک یان دیپلۆماتێکی هەمیشـەییەوە بەڕێوە دەبرێت. ئەم جۆرە نوێنەرایەتییە دیپلۆماسـییە لەگەڵ نوێنەری پاپا و هەندێک وڵاتی تر ناوی جیاوازیان هەیە بۆ نێردە دیپلۆماسییەکان.

هەتا سەدەی شازدەم، ئەرکە دیپلۆماسییە هەمیشەییەکان بوونی نەبوو. باڵیۆزخانەکان بە سەرۆکایەتی باڵیۆزەکان دە نێرران بۆ وڵاتانی دەرەوە، بۆ ئەنجامدانی چەند ئەرکێکی دیاریکراو وەک ئەنجامدانی پەیماننامە، داواکردن، ڕاگەیاندنی جەنگ، ناردنی پیرۆزبایی، پێشکەشکردنی دیاری و... هتد. لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا پراکتیزەکردنی دامەزراندنی ئەرکە دیپلۆماسییە هەمیشەییەکان سەری هەڵدا، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتەکان بەردەوام بوون لە ناردنی ئەرکی تایبەتی کاتی. لە پراکتیکە دیپلۆماسییەکانی سەدەی بیست متمانە پێدانی ئەرکە دیپلۆماسییەکان بوو لە هەمان کاتدا ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەرکەوتن و پراکتیکی دیپلۆماسی بووە فرەلایەنە.

یاسای نێودەوڵەتی پێناسەی بنەمای جیهانی بۆ نوێنەرایەتی دیپلۆماسی دیاری کردووە، یاساکانی بە گشتی لەگەڵ بنەماکانی پرۆتۆکۆڵی، دیپلۆماسی، گومرگ و گونجانی نێودەوڵەتی پەیڕەو دەکرێن. پێویستە وا دابنێین کە نوێنەرایەتی دیپلۆماسی سروشتی تایبەتی خۆی هەیە، تێبینی زارەکی و یاداشت نامە ئاراستەی سەروو خۆی دەکات و مۆری تایبەت بە خۆی هەیە. ئەرکی دیپلۆماسی هەمیشەیی هەژماری بانکی دەکاتەوە و مامەڵە یاساییە تایبەتەکانی خۆی ئەنجام دەدات وەک (کڕینی خانووبەرە، ئۆتۆمبێل، کرێ و چاککردنەوەی شوێنەکان و... هتد).

**نوێنەرایەتی، نواندن** **Representation**

کەســـێکە کە هەڵبژێردراوە بۆ نوێنەرایەتیکردن و گەیاندنی بۆچوونی کەسانی تر. نوێنەرەکان تەنیا بۆ ئەوە هەڵبژێرراون کە ببنە دەم ڕاستی بژاردەی دەنگدەرانیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕای خۆیان و تەنیا بەو شێوەیە کار دەکەن کە پێکهاتەکانیان دەیانەوێت. چالاکی "ئامادەکردن" ی هاووڵاتییانە لە پرۆســـەی ســـیاســـەتی گشـــتیدا کاتێکە کە ئەکتەرە سیاسییەکان بە قازانجی هاووڵاتییان هەڵسوکەوت دەکەن.

**نوێنەری دیپلۆماسی، دیپلۆمات، ئەفسەری دیپلۆماسی** **Diplomatic Agent**

زاراوەیەکی گشتییە ئاماژە بە کەسێک دەکات کە پەیوەندییە دیپلۆماسییە ئاســـاییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ وڵاتێک یان چەند وڵاتێکدا ئەنجام دەدات، لە وڵاتی خوێ یان لەگەڵ شـــاندە فەرمییەکاندا دەچێتە وڵاتان. ئەرکی دیپلۆماتەکان لە دەرەوەی وڵاتە. ڕێپێدراوانی دیپلۆماسی هەڵدەسـتن بە کۆکردنەوەی ســـەرجەم زانیارییە جۆربەجۆرەکان بەگوێرەی داواکاری وڵاتەکەیان. بە شێوازی نووسینی ڕاپۆرت لە ڕێگای باڵیۆزخانەکەیانەوە بە هێما و دروشـمی جیاواز ئەم زانیارییانە بەرز دەکەنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان. جگە لەمە پاراسـتنی هاووڵاتییەکانیان کە نیشـتەجێی ئەو وڵاتەن ئەرکێکی تری دیپلۆماتەکانە.

ئەم نوێنەرانە لە بارەگای سـەرەکی خۆیان کە بۆیان دیاری کراوە کارەکانیان ڕاپی دەکەن. بە هەریەک لەم بارەگانە دەڵێن باڵیۆزخانە و کونسـولخانە .ئەگەر هاتوو نوێنەرەکە بە پلەی باڵیۆز ڕێگەپێدراو بوو سـەرکـردایەتی باڵیۆزخانە دەکات. ئەگەر هاتوو بە پلەی کۆنسوڵ دامەزرابوو لەکۆنسولخانە ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات.

## نووسینگەی ئابووری و بازرگانی لە باڵیۆزخانە وکونسولخانەوە

## The Office of Economy and CCommerce of the Embassy and Consulate

ئەم جۆرە نووسـینگانە لە پارێزگاکان و هەرێمەکانی سـەر بە دەوڵەتی میواندار دەکرێنەوە، ئامانجی سـەرەکییان بریتییە لە پێشـکەشـکردنی خزمەتگوزاری پەرەپێدانی کار و ڕاوێژ بەو کۆمپانیایانەی وڵاتی میواندار کە بەرژەوەندییان لە ئەنجامدانی کاری بازرگانی و وەبەرهێنانە لە وڵاتی میوان، هەروەها خزمەتگوزاری و ئاسـانکاری پێشـکەش بە کۆمپانیاکانی وڵاتەکانی خۆیان دەکەن کە خوازیارن چالاکی بازرگان و وەبەرهێنان لە وڵاتی میوان ئەنجام بدەن. ئەم نووسـینگانە خـاڵی پەیوەنـدی و هەماهەنگییە بۆ خاوەنکار و کۆمپانیاکانی پیشەسازی هەر دوو وڵات.

## نوێنەرێکی هەمیشەیی Permanent Representative

دیپلۆماتێکە کە سەرۆکی ئەرکی دیپلۆماسی وڵاتێکە لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیدا. ئەو ڕێکخراوانەی کە نوێنەری هەمیشەیی لە وڵاتە ئەندامەکانیان وەردەگرن بریتین لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، ناتۆ، یەکێتی ئەورووپا، یەکێتی ئەفریقا، ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی و ڕێکخراوی وڵاتە ئەمریکییەکان. نوێنەرە هەمیشەییەکان دەتوانرێت بنێررێن بۆ لقەکان یان ئۆفیسە مەیدانییەکانی ڕێکخراوێک. بۆ نموونە، جگە لەو نوێنەرە هەمیشەییانەی کە دەنێررێن بۆ بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری نیویۆرک، وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەری هەمیشەییش بۆ ئۆفیسەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان دەنێرن. وەک ئۆفیسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتەکانی جنێڤ، نایرۆبی، ڤیەننا. نوێنەرە هەمیشەییەکان زۆر جار وەک باڵیۆز وەسف دەکرێن. هەرچۆنێک بێت نوێنەرێکی هەمیشەیی بە شێوەیەکی ئاسایی پلەی دیپلۆماسی باڵیۆزە، چونکە ئەوان بە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بڕوادارن و ناونیشانی فەرمی نوێنەری هەمیشەییە. بۆ نموونە، باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری تەکنیکییەوە بە نوێنەری هەمیشەیی نەتەوە یەکگرتووەکان نا و دەبرێت، هەرچەندە بە فراوانی بە باڵیۆز ناو دەبرێن.

**نێردراو، نێردە، نوێنەر** Envoy

سەرۆکی ئەرکێکی دیپلۆماسییە زۆربەی کات وەک وەزیر ڕاسپێردراو دەناسرێت. لە لیستی پلە دیپلۆماسییەکاندا کە لە کۆنگرەی ڤیەننا (١٨١٥) ئاماژەی پێدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا نێردراوەکان وەک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی وڵاتەکەیان خزمەتیان دەکرد. تا دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم زۆربەی ئەرکە دیپلۆماسییەکان بە سەرۆکایەتی نێردراوەکان بە ڕێوە دەچوو. پاشان باڵیۆزەکان ئاڵوگۆڕکران لەنێوان زلهێزەکان و هاوپەیمانەکان، لە دوای جەنگی جیهانی دووەم چیتر قبووڵ نەکرا کە جیاوازی لە نێوان دەوڵەتاندا بکرێت، و بەپێی یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان دەوڵەتەکان لە سیادەدا یەکسانن. پلە و پایەی نێردە وردە وردە کۆن بوو. وڵاتان پەیوەندییەکانیان بۆ پلەی باڵیۆز بەرز کردەوە. نێردراوەکان هەتا ساڵی (١٩٦١) بوونی هەبوو، کاتێک کۆنگرەی ڤیەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان واژۆ کرا، بەڵام ئەو دەیەیە تەواو نەبوو دوایەمین نێردەی ئەمریکی لە وڵاتانی بولگاریا و هەنگاریا لە ساڵی (١٩٦٦) دا بەرزکرانەوە بۆ باڵیۆزخانەکان.

**نیشاندەرەکانی پاراستنی وزە** Energy Security Indicators

ئەم دەستەواژەیە نیشاندەرەکانی پەرەسەندن و کارکردنی ئاڵۆزی سووتەمەنی و وزەیە، ئاستی هەڕەشەکان بۆ سەر ئاسایشی وزە و بەکارهێنانی دەست نیشان دەکەن. لە کاتی هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی سووتەمەنی و وزەدا (٦) گرووپی بنەما بۆ سەقامگیری ئاسایشی وزە

جیا دەکرێنەوە: ئابووری و دارایی، هاوســـەنگی وزە، یەدەگ و کۆگا، ئـامێر و تەکنۆلۆژیـا، بەڕێوەبردنی ســـووتەمەنی و پـاراســـتنی وزە پەیوەندی ئابووری بیانی.

## نیمچە دووری Semi-Periphery

ئەم زاراوەیە زۆر جار بەکاردێت بۆ گوزارشـــتکردن لەو وڵاتانەی کە دەکەونە نێوان پیشـــەســـازی ترین وڵاتەکان و ئەو وڵاتانەی پەراوێز و دواکەوتوون. لە هەندێک حاڵەتدا، ئەم وڵاتە نیمچە دوورانە تەنانەت بە شـــێوەیەکی جەســـتەیی دەکەونە ناوەڕاســـتی نەتەوە پیشـــەســـازییە ناوەکییەکان و ناوچە دابڕاوەکان. بۆ نموونە، مەکســـیک وڵاتێکی نیمچە دوورە لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەمریکای باشـــوور. ئەم وڵاتـانە زۆربەی کات زۆر بچووکن و ئـابووریان هیچ کاریگەریەکی لەســەر جیهان نییە. گەورەترین وڵاتە پیشـەسـازییەکان لە ناوەڕاستی ئەورووپا و ئەمریکای باکوور و ئوستralیادان. لە بەرامبەردا بەشـــی گەورەی ڕووســـیا و ئاســـیا و هەروەها ئەمریکای باشـــوور و زۆربەی ئەفریقا بە وڵاتانی دوور دادەنرێت.

## Political mediation نێوەندگیری

بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جیاوازە بە بەراورد بە بەکارهێنانی لە ناکۆکییە سیاسییەکاندا. نێوەندگیری دیپلۆماسی بە دوای نزیکبوونەوەی ئاشتەوایی نێوان لایەنەکانە لە ڕێگەی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا، بەڵام نێوەندگیری سیاسی دەکرێت لە چوارچێوەی فشارێکی بەهێزدا بێت وەک هەڕەشەی سەربازی لەلایەن لایەنی سێیەمەوە. کردارێکە کە لە ململانێکاندا بەکاردێت بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییەکان یان گەڕان بەدوای چارەسەردا لە هەمان کاتدا پێشنیازی بژاردەی زیاتر بۆ گەیشتن بە چارەسەر دەخاتەڕوو.

## Neoliberalism نیۆلیبڕالیزم، ئازادیخوازی نوێ

ئەم بیردۆزە هەوڵ دەدات گۆڕانکاریە نوێیەکان بگونجێنێت لەگەڵ لیبڕالیزمی کۆن یاخود نوێی بکاتەوە کە وڵاتان کارای سەرەکین لەم نوێکردنەوەدا،لیبڕالیزمینوێ ئابووری نوێش لەخۆ دەگرێت کە هەوڵی ئازادکردنی بازاڕ دەدەن لەژێر چاودێری حکومەت. ئەمیش بۆ پاراستن و ڕێگرتن لە قۆرخکاری و بەلاڕێدا بردن. هەوڵەکانیان سەرکەوتوو بوو بەتایبەت دوای جەنگی سارد و برەودانیی ئابووری هاوبەش لە نێوان وڵاتان.

## Nation نەتەوە

بە گرووپێک لە خەڵکی دەگوترێ کە پەیوەندییەکانی ژیان و چارەنووسی هاوبەش پێکەوەیان دەبەستێتەوە و یەک خاک و یەک مێژوویان هەیە.

گرنگ ترین بنەماکانی نەتەوە ئەمانەن:

I. بوونی کۆمەڵە خەڵکێک: نیشـــتەجێ و مانەوەیان لە یەک شـــوێندا بە درێژایی مێژوو و سەردەمێکی دوور پێکەوە ژیاون.

II. نیشـــتمانی هاوبەش: نیشـــتمان خاکێکی ســـنووردارە کۆمەڵە مرۆڤێکی لەسەر دەژیت چارەنووس و مێژوو کۆ یان دەکاتەوە.

III. مێژووی هاوبەش: ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەی کە لە نیشـــتمانێکدا دەژین بەهۆی ئەو ژیــانە دوور و درێژانەوە کەلەپوورێکی مـێژوویی و شــــارســــتانی و ڕۆشـــنبیری هاوبەش پێک دەهێنن کە دەبێتە هۆی نزیکبوونەوە و بەزەیی هــاتنەوە بە یەکتری بە جۆرێـک کە وا لە ڕۆڵەکانی دەکات هەســـت بە ڕابردوو بکەن کاریـان تێ بکـات، وە هاندەرێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان.

IV. زمـانی هــاوبەش: زمـان هۆیەکە لە هۆیەکـانی لە یەک گەیشـــتن و گواستنەوەی بیروڕا لە نێوان تاکەکانی نەتەوە و بڕبڕەی پشتی هەموو نەتەوەیەکە.

V. بەرژەوەندی هـاوبەش: ژیـانی ڕۆڵەکـانی گەل دەبێتە هۆی پەیدابوونی چەند بەرژەوەندییەکی ماددی و مەعنەوی لە نێوانیاندا، ئامانجی هەر کەســـێک لە هاوکاری و گوزەرانی لەگەڵ خاکدا قازانج و ســــوودێکی دەســت دەکەوێت و ئەگەر لەگەڵیان نەژی هیچی دەســتگیر نابێ، ئەگەر ســەوداگەری و تێکەڵاوی لەگەڵ یەکدا نەکەن هیچ شــتێک قازانج ناکەن لە ژیاندا.

**ناســیۆنالیزم** **Nationalism**

نەتەوەیەک دەتوانێت لە دەوڵەتێک جیا بکرێتەوە بەوەی کە زۆر جار بە کۆمەڵگەیەکی ئیتنیکی یان کولتووری دادەنرێت، لە کاتێکدا دەوڵەت بە قەوارەیەکی سیاسی دادەنرێت. چەمکی ناسیۆنالیزم لەسەر ئەو گریمانانە سەرچاوەی گرتووە، کە مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی دابەش دەکرێت بەســەر نەتەوە جیاکراوەکاندا، و هەر کام لەم نەتەوانە لە کۆمەڵگەیەکی سیاسی پێک دێت. ئەندامێتی ئەم کۆمەڵگە سیاسییە بە هەستێکی بەهێزی ناسـنامەوە بەسـتراوەتەوە، کە زۆر جار بە بنچینە باوەکان، ئیتنیکی یان پەیوەندییە کولتوورییەکان پێناســـە دەکرێن. چەمکی ناســـیۆنالیزم بە بیرۆکەی شەرعییەت و خواستێکی یەکلاکەرەوە بۆ چارەی خۆ نووسین بەســـتراوەتەوە. ناســـیۆنالیزمی کولتووری جەخت لەســـەر پێویســـتی بەرگریکردن و بەهێزکردنی کەلەپووری کولتووری دەکــاتەوە، وەک زمانی نەتەوەیی، یان ئایینێک یان شێوازی ژیان.

**نەتەوە یەکگرتووەکان** **United Nations**

ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە لە سـاڵی (١٩٤٥) لەلایەن دەوڵەتە براوەکانەوە لە جەنگی جیهانی دووەمدا دامەزراوە. لە ئێستادا (١٩٣) دەوڵەت ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن. نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستن و بەهێزکردنی ئاشـــتی و ئاســـایشـــی نێودەوڵەتی هەروەها پەرەپێدانی هاوکاری نێوان دەوڵەتەکان دروســـت کرا، بە کۆڕێکی جیهانی، شـــەرعییەتێکی بێ هاوتا،

پێکهاتەی پشتیوانی لە سیستەمی نێودەوڵەتی ئاسایشی کۆمەڵ، بە توخمی سەرەکی دیپلۆماسی فرەلایەنی هاوچەرخ دادەنرێت.
چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تیشک دەخاتە سەر بابەت گەلێک کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە بایەخە وەک ئاشتی و ئاسایش، چەکدانان، شەڕی دژی تیرۆر، گەشەپێدانی بەردەوام، گۆڕانی کەش و هەوا، تەندروستی، مافەکانی مرۆڤ، بارودۆخی مرۆیی، فریاکەوتن، یەکسانی جێندەری و بەرهەمهێنانی خۆراک.
ڕێکخراوەکە بووە بە سەکۆی سەرەکی نێودەوڵەتی، ڕۆڵی پلاتفۆرمێکی دیالۆگ و ڕێکخەری پەیوەندی نێوان حکوومەتەکانی وڵاتانی جیاواز لە سەر کۆمەڵێک پرسی نێودەوڵەتی دەگێڕێت.
ئۆرگانە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتین لە: ئەنجوومەنی گشتی، ئەنجوومەنی ئاسایش، ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەنجوومەنی دەستپاکی، دادگای نێودەوڵەتی داد و سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**نەرمکردن ، هێورکردنەوە** **Mollify**

ئەم دەستەواژەیە بەکاردێت بۆ هێورکردنەوەی تووڕەیی یان بێزاری دەوڵەتێک کە پێشتر لەلایەن دەوڵەتێکی ترەوە پێشێلکاری بەرامبەرکراوە، یاخود گرفتێک لە پەیوەندییەکانیان دروست بووە، بۆیە لایەنی یەکەم بە ڕاستەوخۆ یاخود بە ڕێگای لایەنی سێیەمەوە هەوڵی گێڕانەوەی دۆخێکی ئارام دەدەن.

**نەریتەکان، باوەکان** **Commons**

وەک توخمەکانی ژینگە پێناسە کراون وەک دارستانەکان، کەش و هەوا، ڕووبارەکان، یان زەوییە درەوشاوەکان کە هاوبەشن، بەکار دەهێنرێن، و هەمووی چێژیان لێ وەردەگیررێت. لە بواری ڕۆشنبیریدا، کولتوورە باوەکان ئاماژە بە سەرچاوە کولتوورییەکانی بەردەستی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەیەک دەکەن، وەک فیلم، ئەدەب، مۆسیقا و هونەر. لەبەر ئەوەی ئەم سەرچاوانە بە تایبەتی خاوەن داری ناکرێن، بۆ هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە بەردەستن. لە بواری پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکاندا نەریتەکان بریتین لە یاساکان و ئەتەکێتی دیپلۆماسی لە هەڵسوکەوت و کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکاندا.

# هـ

**هاوبەشیکردن لە حوکمڕانی ناوچەیەک لەلایەن دوو وڵات یان دوو لایەنەوە**

**Condominium**

بەڕێوەبردنییەک ناوچەیە بە هاوبەشـــی لەلایەن دوو دەوڵەت یان زیاتر (بۆ نموونە دوورگەی فاســانت - کە لەلایەن ئیســپانیا و فەڕەنســاوە بەڕێوە دەبرێت،ڕووباری مۆســێلی – کۆندۆمینۆمی لۆکســمبۆرگ و ئەڵمانیا).

**هاوپەیمانی** **Coalition**

یەکێتی دەوڵەتەکان، لایەنە سیاسییەکان وڕێکخراوەکانە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراوی ســیاســی، ئابووری، ســەربازییان دیکە (بۆ نموونە، هـاوپەیمـانی دژە هیتلەر لە مـاوەی جەنگی جیهـانی دووەمـدا) دروست کراوە.

**هاوپەیمانی فرەنسایس (هاوپەیمانی فەڕەنسی)**

**Alliance Francaise (French Alliance)**

ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە لە ساڵی (١٨٨٣) دامەزراوە، بارەگای سەرەکی لە پاریســـە، هاوپەیمانی فرانســـایز ئامانجی بڵاوکردنەوەی زمان و کولتووری فەڕەنســـییە، و لە چەندین وڵاتی جیهاندا بنکەی ڕێکخراوەکە

بوونی هەیە و ڕۆڵێکی بەرچـاو دەبینێـت لە بەهێزکردنی دیـالۆگی هاوبەش، و بەرزکردنەوەی ئاسـتی تێگەیشـتنی تێڕوانینی فەڕەنسـی لە جیهاندا لەڕێگەی ئاسـانکاری ئاڵوگۆڕی کولتوور و زمانەوە. لە هەرێمی کوردسـتانیشـدا پەیمانگایەک هەیە کە هەوڵ دەدات لە ڕێگای خول و ڕاهێنانی تایبەتەوە زمانی فەڕەنسی بکاتە جێگای بایەخی فێرخوازان.

**هاوبەشی** **Partnership**

ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ گوزارشتکردن لە هاوبەشی نێوان دوو وڵات، کە بۆ بەرەوپێشـبردنی بەرژەوەندییە هاوبەشـەکانیان ڕازین هاوکاری یەکتری بکەن. وڵاتەکان هاوبەش دەبن بۆ زیادکردنی ئەگەری گەیشـتن بە ئەرک و دەسـتکەوتەکانیان. هاوبەشـیکردن لەوانەیە لە دادگاکانەوە و بەپێی یاسـا ئەنجام بدرێت، یان لەوانەیە تەنیا بە گرێبەسـتێک بەڕێوە ببرێت. لە زۆربەی وڵاتاندا هاوبەشی کردن بەم شێوازە ئەنجام دەدرێت:

- دەبێت بە ڕێککەوتن لەسەر بنەمای دۆکیۆمێنت و بەڵگە بێت.
- لەلایەن دوو وڵات یان زیاتر هاوبەشییەکە ئەنجام درابێت.
- هاوبەشەکان بە یەکسانی هاوبەشن لە بەرپرسیارێتی.
- هاوبەشـی بە نەریتی وەک کۆمەڵەی تاکەکان سـەیر دەکرێت نەک وەک قەوارەیەک کە بوونی جیا و سەربەخۆ هەبێت.

**هاوپەیمانی، یەکێتی، پێکبەندی** Alliance

پێکهێنانی یەکێتییەک یان هاوپەیمانێتییەکە لەلایەن دوو دەوڵەت یان زیاترەوە، بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیی هاوبەش و هاوکاریکردنی یەکتری لە بارودۆخی دیاریکراودا. زۆر جار وڵاتان بە مەبەستی هاوبەشی کردن لە کاری سەربازی و ئابووری، هاوپەیمانی لە نێوان خۆیاندا دەبەستن. ئەم کردارە لەگەڵ سەرهەڵدانی چەکی ناوکی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا چڕبوویەوە و هاوپەیمانییەکان دەرکەوتن. وڵاتەکان دەبێت پەیوەست بن بەو پەیمانناماە و هاوپەیمانییانەی کە لە نێوانیان دەبەسترێت لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت هاوپەیمانی نێوانیان پێشێل بکەن یاخود بشکێنن.

**هاوتا، هاوشان** Counterpart

گوزارشتە لە دوو کەس، کە لە پلە و بەرپرسیاریەتی و ئەرک بینیندا هەمان ئاستیان هەیە. بەپێی نەریتی دیپلۆماسی ئەم کەسانە لەگەڵ یەکتر کۆبوونەوەکانیان ئەنجام دەدەن و پێشوازی لە یەکتری دەکەن. بۆ نموونە، وەکو سەرۆکەکان یان وەزیرەکانی دەرەوە یاخود کەسە سەربازییەکان. جاران نەریت بوو لە چوارچێوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکاندا پاشاکان و سوڵتانەکان تەنیا دیارییان بە یەکتری دەدا. بۆ نموونە، ئیمپراتۆرانی بیزانتینیە و حاکمانی موسڵمان، بەتایبەتی عەباسییەکان و فاتیمییەکان، هەروەها فەرمانڕەوایانی موسڵمان لە نێوان خۆیاندا، دیاری گرانبەهایان ئاڵوگۆڕ دەکرد.

## هاودەنگی، کۆدەنگی پەکین Beijing Consensus

چوارچێوەی گەشەسەندنی ئابووری نێودەوڵەتییە، کە نوێنەرایەتی جێگرەوەیەک دەکات بۆ کۆدەنگی واشنتن. کۆدەنگی پەکین تێکەڵەیەک لە سەرمایەداری دەوڵەت و سیاسەتی بازاڕی ئازاد لە خۆ دەگرێت و وەک ڕێنماییەک بۆ چاکسازی ئابووری لە وڵاتانی گەشەسەندوو کار دەکات. چوارچێوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن چین و تا ڕادەیەک سەنگافوورە پشتگیری دەکرێت. لە (کانوونی دووەمی ٢٠١٢)دا، ئابووریناسی بەریتانی (جۆن ویلیامسۆن) کۆدەنگی پەکینی بە پێنج توخم وەسف کرد، کە بریتین لە چاکسازی زیادە، داهێنان و تاقیکردنەوە، گەشەی هەناردەکردن، سەرمایەداری دەوڵەت، و دەسەڵاتخوازی.

## هاوسەنگی بازرگانی Trading Balance

دروستکردنی هاوسەنگییە لە نێوان بەهای کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، کە لەلایەن وڵاتێکەوە هەناردە دەکرێت (هەناردەکردن) و بەهای کاڵا و خزمەتگوزارییە هاوردەکراوەکان (هاوردەکردن) بۆ ماوەیەکی دیاریکراو (ساڵ، مانگ).

ئەگەر هەناردەکردن لە هاوردەکردن زیاتر بێت، هاوسەنگی بازرگانی چالاکە، ئەگەر هاوردەکردن لە هەناردەکردن تێپەڕ بکات نەرێنییە. ئەگەر هەناردەکردن و هاوردەکردن یەکسان بێت، هاوسەنگی تۆڕ یەکسانە. هاوسەنگی بازرگانی ڕەنگدانەوەی جووڵەی ڕاستەقینەی ناردن و هاوردەکردنی کاڵاکانە لە سنووری وڵات. لە باڵانسی بازرگانی لە

زۆربەی وڵاتـانـدا بەهـای هەنـاردەکردن بە ڕەچـاوکردنی تێچووی گواستنەوە بۆ دەرەوە و بیمەی کاڵاکان لە گواستنەوەدا ئەنجام دەدرێت. هەروەها بەهـای هـاوردە بە نرخی بـازاڕ ئەنجـام دەدرێت. بـاڵانسـی بازرگانی یەکێکە لە نیشـانـدەرەکانی بارودۆخی ئابووری وڵات و ڕۆڵی هەیە لە سـیسـتەمی دابەشـکردنی کاری نێودەوڵەتی و پێشـبڕکێ کردنی کاڵاکان لە بازاڕەکانی جیهاندا.

## هاوسەنگی هێز، باڵانسی هێز Balance of Power

ئەم زاراوەیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بریتییە لە دابەشـکردنی هێزی جیهانی لەنێوان ناوەندە تاکەکانی دەسـەڵاتدا کە پێی دەگوترێت جەمسـەرەکان. ئامانجی سـەرەکی باڵانسـی هێز وەسـتانی زاڵبوونی یەک دەوڵەت یان کۆمەڵێک دەوڵەتە لە سـیسـتەمی نێودەوڵەتیدا و زامنکردنی پاراسـتنی سـیسـتەمی جیهانییە. هاوسـەنگی هێز دەتوانێت دەسـەڵات بە چەند شـێوازێک دابەش بکات لەوانە: دوو جەمسـەری، سـێ جەمسـەری، فرە جەمسەری و... هتد.

باڵانسی هێز یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی تیۆری ڕیالیزمی سیاسی. کە ئەم ڕێبازە بە ڕێگای سـەرەکی دەزانن بۆ جێگیرکردنی سـیسـتەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بنەمای ڕێکخستن و ئاسایشی نێودەوڵەتی. باڵانسـی هێز زۆر جار ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دیپلۆماسـییەتدا: بۆ نموونە، ئینگلتەرا لە سـەدەی شـازدەیەمەوە، پاراسـتنی "هاوسـەنگی هێز" لە کاروباری ئەورووپادا وەک بەردێکی بناغەی سـیاسـەتی خۆی سـەیر کردووە.

**هاوکاری مرۆیی** Humanitarian Cooperation

یەکێکە لە ئاراستە سەرەکییەکانی سیستەمی مۆدێرنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کە بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و دابینکردنی هاوکاری لە دۆخی فریاکەوتندا. لە مانایەکی فراوانتردا، مانای چەمکەکە بواری پەیوەندییە کولتوورییەکان و دیالۆگی نێوان شارستانییەتەکان دەگرێتەوە.

**هاوکاری، هەرەوەزی** Cooperatio

ئەم زاراوەیە گوزارشتە لە ڕاهێنانی پێکەوە کارکردن لەسەر بڕوایەکی هاوبەش. پرۆسەی ئەو دەوڵەتانەن کە بە گرووپ پێکەوە کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی هاوبەش، بەڵام زۆر جار هەندێک دەوڵەت ژێر بە ژێر، بە پێچەوانەی پێکەوە کارکردن تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆپەرستانە کار دەکەن.

**هاونیشتمانی** Compatriot

بەپێی یاسای نێودەوڵەتی هاونیشتمانییان ئەو کەسانەن کە لە یەک دەوڵەتدا لە دایک دەبن و تێیدا دەژین. خاوەنی زمان، مێژوو، کەلەپوور، کولتوور و داب و نەریتی هاوبەشن. ئەو کەسانەی کە لە وڵاتی خۆیان ناژین خۆیان و نەوەکانیان کە لە وڵاتانی بیانی لە دایکبوونە بە هەمان شێوە بە هاونیشتمانی هەژمار دەکرێن. هەروەها ئەو کەسانەی کە بە خواست و ئارەزووی خۆیان چوونەتە وڵاتێکی تر و ڕەگەزنامەی ئەو

وڵاتەیان وەرگرتووە بە هەمان شـێوە بە هاونیشـتمانی ئە وڵاتە کە تێیدا نیشتەجێن هەژمار دەکرێن.

**هاونیشتمانی دوودەوڵەت، کەسانی دوو ڕەگەزنامە**

**Dual-Stated Pers ons**

ئەم دەسـتەواژەیە بۆ ئەو کەسـانە بەکاردێت کە هەڵگری ڕەگەزنامە دوو دەوڵەت یان زیاترن. ئەو کەسـە لەڕووی یاسـاییەوە هاونیشـتمانی دوو وڵاتە و لە یەک کاتدا لە هەر دوو وڵات ماف و پابەندبوونی یاسـای دەبێت. لە کـاتێکدا هـاووڵاتی بوونی دووانی سـوودێکی دیـاریکراو دەبەخشـێت، وەک نیشـتەجێبوونی ئاسـان لە چەندین وڵات و دەسـت گەیشـتن بە بەرنامەکانی حکومەت. لە هەمانکاتدا زۆر ڕەچاوی یاسـایی هەیە کە دەتوانێت ژیان ئاڵۆزتر بکات. بۆ نموونە، هاونیشـتمانی دووانی لەوانەیە لە زیـاتر لە یەک وڵاتـدا پـابەنـدی بـاجی هەبێت، یـان لەوانەیە پێویسـت بکات پێداویسـتی نیشـتەجێبوون لە نێوان دوو نیشـتماندا دابین بکات. بەشـێک لە وڵاتەکان ڕێگە بە هاونیشـتمانیی دووانی نادەن واتا بە مەرجی ڕەتکردنەوەی ڕەگەزنامەی یەکەم ڕەگەزنامە دەبەخشێت.

## هاوولاتیبوون Citizenship

پەیوەندی یاسایی هەمیشەیی نێوان تاک و دەوڵەتە، لە ماف و پابەندبوونە هاوبەشەکاندا. لە هەمان کاتدا پەیوەندی کەسێک لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا دیاری دەکات کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دادوەرییەوە، بێ گوێدانە ئەوەی لە خاکی ئەم وڵاتەدا دەژییت یان لە دەرەوەیە. ڕێگا سەرەکییەکانی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە لە ڕێگەی لەدایکبوون و بە سروشتی بوونەوەیە، دوو بنەمای پێدانی ڕەگەزنامە هەیە: لەسەر بنەمای "مافی خوێن"، واتا نەتەوەیی دایک و باوکە. یان "مافی خاک" - شوێنی لەدایکبوون.

## هونەر Arts

لە چوارچێوەی دیپلۆماسی کولتووریدا، هونەر دەتوانێت ناوەندێک بێت کە لە ڕێگەیەوە پەیوەندی لە نێوان کولتووری جیاواز دروست بکرێت. دەتوانێت ڕێگەیەک دروستبکاتکە میراتی کولتووری و ناسنامە ئەزموون و لێکدانەوەی بۆ بکرێت و لێی بکۆڵرێتەوە. هونەر وەک ئامرازێکی دیپلۆماسی کولتووری، دەتوانێت بریتی بێت لە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی کولتوورە جیاوازەکان و بەرزکردنەوەی پێکەوەبەستنی کۆمەلایەتی و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان کولتوورەکان.

## Power – Soft Power هێز – هێزی نەرم

بەکارهێنانی ڕێگاکانی دیپلۆماسی و کولتوور و مێژووە لەگەڵ گرووپێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، ئەکادیمیستی دیپلۆماسیی کولتووری جەخت لە سوودەکانی هێزی نەرم لە بەرزکردنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکات. متمانە و لێکتێگەیشتنی هاوبەش بەهێز دەکات، بە پێچەوانەی هێزی ڕەقەوە کە هەموو دانوستان و پێکەوە کارکردنەکان تێک و پێک دەدات. دامەزراندنی هێزی نەرم لە حکومەتەوە درێژ دەبێتەوە بۆ تاکەکان و کۆمپانیا کەرتی تایبەت. زیانی هێزی نەرم ئەوەیە کە دامەزراندنەکەی لە بارودۆخێکی سەختی وەک شەڕدا بێهودە دەبێت. بەم شێوەیە بە گشتی تێکەڵەیەک لە هێزی ڕەق و نەرم، ناسراو بە "هێزی زیرەک کاریگەرترە بۆ گەیشتن بە ئاشتی و ڕێککەوتن.

## Power – Collaborative Power هێز – هێزی هاوبەش

بەکارهێنانی کۆمەڵێک لە خەڵکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، کە تاک بە تەنیا توانای بەدەستهێنانی نەبێت. هێزی هاوبەش بە شێوەیەکی ئاسایی ئاماژە بە گرووپێک لە تاکەکان دەکات کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە کە بەیەکدەنگی کار دەکەن بۆ بەرزکردنەوەییان گۆڕینی هێز. دەتوانێتیان خۆویستانە بێت، وەک لە حاڵەتی خۆپیشاندانیان خۆنەویستانە، وەک شەڕەکان کاتێک دەسەپێنرێت.

## هێزی تیژ sharp power

ئەم دەســـتەواژەیە بریتییە لەو هەولانەی کە ولاتێک دەیدات بە ئامانجی دەســـتکاریکردنی رای گشـــتی لە ولاتێکی رکابەری. بۆ یەکەم جار ئەم چەمکە لە کۆتـایی ســـاڵی (٢٠١٧) دا لە لایەن هەر دوو نووســـەری ئەمریکی( K. Volker و D. Ludwig ) بە زانستی سیاسی و سیاسەتی نێودەوڵەتی ناسـێنرا. "دەسـەلاتی تیژ" بە شـێوەیەکی ئامانجدار باس لە رژێمە دەســەلاتدارەکانی وەک چین و رووسـیا دەکات، کە بەبێ بە کار هێنانی هێزی نەرم هەوڵ دەدەن کە کاریگەری خۆیان بۆ دانیشـــتووانی ولاتــانی تر بســـەلمێنن. لەســـەر حیســـابی پێکهــاتە بنەرەتییە پێکەوەبەستراوەکانی ولاتان.

## هێزی رەش Black Power

دروشــمێکی ســیاســییە بەکاردێت بۆ گوزارشــتکردن لە بەدەســتهێنانی چــارەی خۆ نووســـین بۆ خەڵکی بە رەگەز ئەفریقی. بزووتنەوەکە بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی (١٩٦٠ و ســـەرەتای ١٩٧٠) ســـەریهەڵدا و بە چالاکی باسـی لە شـانازی بە رەگەزی خۆیان دەکرد. هەروەها ناوەندی سـیاسـی و فەرهەنگی بۆ رەش پێسـتەکان دەکردەوە. لەسـەر دەسـتی بزووتنەوەی هێزی رەش بەرهەمی هونەری و کولتووری گەشــەی کرد، هەروەها وای کرد کە رەش پێســتەکان شــانازی بە خۆیانەوە بکەن. لە کۆتایدا ناسنامەیەکی ئەفریقی - ئەمریکی دروست کرد.

## Military force — هێزی سەربازی

توانای دەوڵەتە بۆدروستکردنی کاریگەری لەسەرولاتانی تر و تەواوی سیستەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێپیشاندانی توانا سەربازییەکانی ولاتێک یان بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی ئامرازەکانی هێزی چەکدار. قەبارە و توانای هێزی سەربازی دەوڵەتێک دەوری گرنگی هەیە لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر دەوڵەتێک تر یان گرووپێک لە ولاتان.

## Hard Power — هێزی قورس

ئەم دەستەواژەیە لە تیۆر و پراکتیزەکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جۆرێکە لە دەسەلاتی سیاسی، کە جێبەجێکردنی بە ئامانجی دروستکردنی گۆڕانکارییە لە بەرژەوەندیی هێزێکی سیاسی، لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی سەربازی. لە دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژە بەوە دراوە کە چەمکی هێزی قورس پەیوەندی بە هەڕەشەکانی سەر پێشێلکردنی ئاشتی و کردەوەی دەستدرێژییەوە هەیە. لە دەستووری ئەنجوومەنی ئاسایشدا هاتووە لە کاتی تێکچوونی بارودۆخی ئاسایش دەبێت لە ڕێگای دیپلۆماسی و ناوبژیوانی کێشەکان چارەسەر بکرێن ئەگەر ئەو ڕێگایانە نەیانتوانی گرفتەکان چارەسەر بکەن ئەوا ولاتان ڕێگە پێدراون لە ڕێگەی هێزی ئاسمانی، دەریایی یان وشکانییەوە ئەو ڕێوشوێنانە بگرێتە بەر، کە پێویستن بۆ پاراستن یان گێڕانەوەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. ئەم جۆرە کارانە لەوانەیە

خۆپیشـــاندان و گەمارۆدان و ئۆپەراســـیۆنەکانی دیکە لە ڕێگەی هێزی ئاسمانی، دەریایی یان وشکانیی ئەندامانەوە بگرێتەوە.

## هێزی مەدەنی Civilian Power

زاراوەکە بەو مانایە دێت کە ســـیاســـەتی دەرەکی و ناوخۆییولاتان، تا ڕادەیەکجەخت دەکاتە سەر بەهێزکردنی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و ســەروەرییاســا، هەروەها پاراســتنی هەوڵەکانی دروســتکردنی ئاشــتی لەڕێگەی هاوکاری نێودەوڵەتییەوە. ئەم چەمکە لە نزیکەوە پەیوەســتە بە "هـێزی نەرم" چـونکە جەخـتـێکی زۆر هەیە لەســـەررۆڵـینـوێنەرە نـادەوڵەتییەکـان و توانـای نەتەوەکـان بۆ زاڵبوون بەســـەر نـاکۆکییە نێودەوڵەتییەکاندا.

## هەرێمی سیاسی نێودەوڵەتی International Political Region

ئەم دەســتەواژەیە بەکاردێت بۆ گوزارشــتکردن لە ناوچەیەکی دیاریکراو کە بە پێکهاتەیەکی هاوبەشـی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سـیاسـی، ژینگەی ســروشــتی و فاکتەرە جوگرافییەکانی هەیە. دەســتەواژەکە لە ســاڵانی (١٩٩٠) کان لە چوارچێوەی قوتابخانەی زانستی شیکاگۆدا گەشەی کرد. تەرخانکردنی ناوچە سـیاسـییە نێودەوڵەتییەکان لەسـەر بنەمای کێشـەی ئابووری دەوڵەتانە کاتێک لە گەشـەی ئابووری و سـیسـتەمی سـیاسـیدا هەمیشە سەر بە هەمان هەرێم نین. بۆ نموونە، بەشداری ئەفغانستان لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی باشووری ئاسیا بۆ هاوکاری هەرێمی، وا دەکات

لەڕووی ئابوورییەوە ئەم دەوڵەتە لە پەرەپێدانی پرۆسـەی یەکخستنەوە سـەر بە هەرێمی باشـووری ئاسـیا بێت نەک بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت. بیرۆکەی هەرێمی نێودەوڵەتی لەگەڵ سـنووری جوگرافی ڕووندا ناگونجێت، لە چوارچێوەی زانسـتی سـیاسـی مۆدێرندا هەرێمی سیاسی نێودەوڵەتی وەک ئامانجێک لە سیاسەتی جیهانی کار دەکات.

**هەڕەشەکردن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی**

**Threat to National Security**

کۆمەڵێکهۆکار و فاکتەرن کە بە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ یان ناڕاسـتەوخۆ زیـانبە بەرژەوەنـدییە نەتەوەییەکـانـدەگەیەنن. لە ئەمڕۆدا لە ئـاسـتی نێودەوڵەتیدا سێ جۆر هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەییدیاری کراوە: هەڕەشەی دەرەکی، هەڕەشەی ناوخۆیی و هەڕەشەی سنووربڕ.

**هەڕەشەی سەربا** **Military Threat**

لە فراوانترین مانادا هەڕەشـە بریتییە لە کۆمەڵێک مەرج و فاکتەر کە هەڕەشـەلەسـەر بەرژەوەندییە زیندووەکانی تاک و کۆمەڵگە و دەوڵەت دروسـت دەکەن. جیاوازی هەڕەشـەی سـەربازی ئەوەیە کە هەموو ئەگەری شاراوە و هەموو ئەگەری ڕاستەقینەئەو لایەنانە پیشاندەدات کە هێزی سەربازی بەکاردێنێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە.

## هەژموونی دەسەڵات — Power – Hegemonic

جۆرێکە لە سەرکردایەتییان زاڵبوون کە تێیدا دەوڵەتی دەسەڵاتدار سیستەمە کولتووری و ئابووری و سیاسییەکانی خۆی بەسەر دەوڵەتەلاوازەکاندا دەسەپێنێت.

## هەژموونی کولتووری — Cultural Hegemony

تیۆرییەکی سۆسیۆلۆژییە کە لەلایەن فەیلەسووفی دیاری مارکسیستی (ئەنتۆنیۆ گرامشی) (دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا) داڕێژراوە. تیۆرییەکە ئەوە دەردەخات کە کۆمەڵگەیەکی هەمەجۆری کولتووری دەتوانێت لە ڕێگەی "مانای لێڵکراوەوە" بە پێچەوانەی بەکارهێنانی هێزەوە فەرمانڕەوایی بکرێت. بە واتایەکی تر بیرۆکەکانی چینی زاڵ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبنە بیروبۆچوونە دەسەڵاتدارەکان و ئەو شێوازەی کە کۆمەڵگە بەڕێوەدەبات یان دروستی دەکات لەلایەن کولتووری دەسەڵاتدارەوە دیاری دەکرێت.

## هەژموون، هێگمۆنی — Hegemony

زاراوەیەکی یۆنانییە کە باڵادەستی و دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت پێناسە دەکات. لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەژموون لەلایەن دەوڵەتێکەوە پیادە دەکرێت کە لە ڕێگەی دەسەڵاتی جیاوازەوە ڕێنمایی بە ئەکتەرە سیاسییە ژێردەستەکان دەدات. لە ڕووی سەربازی یان

ئابووری یان کولتووریی بە درێژدایت مێژووی مرۆڤایەتی هەمیشە هێزە هەژموونییەکان بوونیان هەبووە. و لە جیهانی هاوچەرخدا زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە سیاسەتی هەژموون لەلایەن ئەمریکاوە پیادە دەکرێت.

**هەڵوەشانەوە، پووچەڵکردنەوە، بەتاڵکردنەوە** **Abrogate**

ئەم زاراوەیە بە فەرمی ئاماژەدانە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتنانەی کە لە نێوان دەوڵەتەکاندا ئەنجام دەدرێت. هەروەها بە کار دێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێک و یاسایەک کە لە وڵاتێکدا پەیڕەو دەکرێت و بەرکارە. بۆ نموونە، هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە بە یاسا بە سەرۆکی وڵاتێک دراوە.

**ماڵی ئەمریکا** **America House**

دامەزراوەیەکە ڕاستەوخۆ پاش کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم بە ئامانجی پتەوکردنی پەیوەندی ئەڵمانیا و ئەمریکا دامەزرا. ئەمریکا هاوس لە بەرلین بنیاتنراوە و وەک پلاتفۆرمێک بۆ ئاڵوگۆڕی کولتووری و دیالۆگی خزمەت دەکات، بە ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ هاووڵاتییانی ناوخۆی ئەڵمانیا بۆ فێربوونی دەربارەی کولتوور و مێژوو و سیاسەتی ئەمریکا.

**هەواڵگری** **Intelligence**

دەســـــتەبەرکردنی کۆمەڵێک زانیاری نهێنییە لەمەڕ وڵاتانی تر، لەســــەر ئاســـــتی توانا، ئامانج و مەبەســــــتەکانیان. کۆکردنەوەی زانیاری نهێنی مەدەنی یان ســــتراتیژی ســــوپا، چەکی نوێ، وزەی هێزە چەکدارەکان، ئامانجی ســــتراتیژی و تەکنیکی، ڕێککەوتننامە و یەکێتییە نهێنییەکان و وزەی خەڵک، لە نموونەی ئەو زانیارییانەن کە وڵاتان تان هەوڵ دەدەن لەســــەر وڵاتانی تر بیانزانن. یەکە دژە هەواڵگرییەکانیش لەگەڵ هەواڵگرە بێگانەکان و دەســــــت و پێوەندەکانی ناوخۆ هەوڵدەدەن، پێش بگرن بە دزەکردنی زانیاری نهێنی ســــەربازی و نا ســــەربازی. لەم ســــەردەمەدا بەدەســـتهێنانی زانیاری نهێنی لەســــەر دەوڵەتە دۆســـت و هاوپەیمانەکان بەقەد وڵاتە دوژمنەکان بە بایەخ و گرنگە.

**هەواڵگری سەربازی** Military Security

دۆخی پاراســتنی بەرژەوەندییە زیندووەکانی تاک و کۆمەڵگە و دەوڵەتە، لە هەڕەشە سەربازییە دەرەکی و ناوەکییەکان پەیوەست بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی. هەواڵگری سەربازی پێکهاتە سەربازییەکانی ئاسایشی دەوڵەتە کە لەلایەن بەرپرســــانی باڵای ســــەربازی دەوڵەتەوە بەڕێوە دەبرێت، کە مەبەســــتیانە توانای بەرگری دەوڵەت لە ئاســــتی شــــکۆدا بپارێزن. بۆ ئەم مەبەســــته پێویســــته پەیوەندی گونجاو لە نێوان دەوڵەتەکاندا دروســـــت بکرێت و هەوڵی پاراســـــتنی بەرژەوەندییە گرنگەکانی تاک و کۆمەڵگە و دەوڵەتەکان بدرێت لە هەڕەشە سەربازییە دەرەکی و ناوەکییەکان.

**هەواڵی ساختە** **Fake News**

زانیاری هەڵە یان چەواشـەکارین، کە وەک هەواڵ پێشـکەش دەکرێن. کە زۆر جار ئامانجی ئەوەیە کە ناوبانگی کەسـێک یان قەوارەیەک لەکەدار بکات و بیزڕێنێت، یان لە ڕێگەی داهاتی ڕیکلامەوە پارە پەیدا بکات. ئەم چەمکە پێناسـەیەکی نەگۆڕی نییە و بە شـێوەیەکی بەربڵاوتر کاری پێکراوە بۆ ئەوەی هەر جۆرە زانیارییەکی هەڵە لە خۆ بگرێت. شـێواندن جۆرێکی قێزەونە کە بە نیازی زیانبەخشەوە زانیاری هەڵە بڵاو دەکاتەوە. هەندێک جار لەلایەن وڵاتە بیانییە نەیارەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت و پڕوپاگەنـدەی دژی وڵاتێکی تر پێ دەکرێـت. پەیمـانگـایەکی ئەمریکی دەڵێت، هەواڵە سـاختەکان بە ڕێژەی لە (٧٠%) زووتر بڵاو دەبنەوە بەراورد بە هەواڵە ڕاستەکان. پەیمانگای (ماساچوسێتس) بۆ تەکنۆلۆژیا لە ئەمریکا، توێژینەوەکەی لەسـەر تویتەر ئەنجامداوە، و پشـتی بە ملیۆنان تویت بەسـتووە کە لە سـاڵانی نێوان (٢٠٠٦ بۆ ٢٠١٧) بڵاو کراونەتەوە، ئەو هەواڵانەی کە سـاختەن زۆر بە خێرایی بڵاوبوونەتەوە بەراورد بە ڕاسـتییەکان. توێژینەوەکە بۆی دەرکەوتووە، ئەو هەواڵە ساختانەی کە پەیوەندییان بە تیرۆر، کارەساتە سروشتییەکان، زانست، ئەفسـانەی شـارسـتانی و زانیاری ئابوورییەوە هەبووە بە شـێوەیەکی خێرا بڵاوبوونەتەوە

# و

## وزاری، شالیاری Ministerial

پۆلێک لە خەڵک بوون کە لە پلە و پایەی دەسەڵات و بەرپرسیارێتیدا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی ڕۆمانیا دانرابوون. لە ئێستادا ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ کۆبوونەوەی فەرمی لە نێوان وەزیرانی وڵاتە جیاوازەکانی ئەندام لە ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ)، وەک وەزیرانی بەرگری یان دەرەوە.

## وڵات State/ Country

چوارچێوەیەکی جوگرافییە کە لە ئاستی جیهانیدا دانپێدانراوە، و سنوور و ڕووبەرەکەی دیاریکراوە. خاوەنی سیستەم و دەسەڵاتی تایبەت بە خۆیەتی. سێ فاکتەری خاک، دانیشتووان و حکومەت مەرجی پێویستن بۆ پێکهێنانی وڵات. ئەگەر دەسەڵاتدارانی وڵات لە بەڕێوەبردنی داڕشتنی سیاسەت و بڕیاردا ئازاد بن، سەربەستانە و بێ دەستتێوەردانی وڵاتانی بیانی، وڵات بەڕێوەببەن و سەربەخۆیی ئەو وڵاتەش لەلایەن چەند وڵاتی سەربەخۆی دیکەوە بە فەرمی دانی پێدانرابێت ئەوا ئەو وڵاتە سەربەخۆیە.

### Associated State ولاتی پەیوەندیدار

بۆ زۆر مەبەســـــتی پراکتیکی هاوشـــیوەی ولاتێکی پاریزراوە، بەلام لە قەوارەکەی خۆی خاوەنی سەروەری نییە، بەم شێوەیە ولاتێک یان زیاتر هاوەڵی دەکەن لە بەرێوەبردنی ناوخۆی ولاتەکە. بەرگری و کاروباری دەرەکی لە دەستی ئەو ولاتادا دەبێت کە لەگەڵیدا پەیوەندی هەیە.

### Great Powers ولات، دەوڵەتە زلهێزەکان

زاراوەیەکە بۆ ئـامـاژەدان بە بەهێزترین دەوڵەتەکـان بەکـاردێت، کە لە گۆرەپانی نێودەوڵەتیدا رۆڵی ســــەرەکی دەبینن. لە کۆنگرەی ڤیەننا لە سـالی (١٨١٥) ەوە، چەند ولاتی ئەوروپا بەم شـێوەیە ناو زەند کراون: بەریتانیا، فەرەنسا، نەمسا، رووسیا. لەو کاتەوە بە شێوەیەکی سەرەکی کۆنترۆلی ژیانی ســـیاســـی ئەورووپایان کرد. بۆ هەر گۆرانکارییەکی خاکی لە ئەورووپادا پێویســـت بوو رەزامەندی ئەم ولاتانە وەربگیرێت. هەتا کاتی دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە سـالی (١٩١٩). جێنشـینی کۆمەڵەی نەتەوەکان رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە سـالی (١٩٤٥) ەوە دامەزراوە. لە ئێســـتـادا "زلهێزەکـان" ئەنـدامە هەمیشـــەییەکـانی ئەنجوومەنی ئاســـایشـــی نەتەوە یەکگرتووەکانن -رووســـیا، ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنســا و چینن، کە بەرپرســیارن لە پاراســتنی ئاشــتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

**ولاتی سەرکەش، یاخی** **Rogue State**

زاراوەیەکە لەلایەن هەندێک لە تیۆرییە نێودەوڵەتییەکانەوە جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەو ولاتانە بەکار دەهێنرێت کە بە هەڕەشەیان دەزانن بۆ ئاشتی جیهانی، وەک ئەو ولاتانەی کە لەلایەن حکومەتە دەسەلاتخوازەکان یان تۆتالیتارەکانەوە بەڕێوە دەبرێن، کە مافی مرۆڤ بە توندی سنووردار دەکەن، سپۆنسەری تیرۆریزم دەکەن و بەدوای بلاوکردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژدا دەگەڕێن. ئەم چەمکە زۆربەی جار لەلایەن ئەمریکاوە بەکاردێت (هەرچەندە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە فەرمی لە سالّی (٢٠٠٠) وازیان لە بەکارهێنانی ئەو چەمکە هێنا، بەلام دۆنالد ترەمپ سەرۆکی پێشووی ئەمریکا لە سالّی (٢٠١٧) لە گوتارەکەیدا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم دەستەواژەیەی دووپات کردەوە هەرچەندە لەلایەن ولاتانی ترەوە بەردەوام بەکارهاتووە.

**ولاتی ناسەربەخۆ (بەستراوە)** **Depen Dent State**

ئەندامێکی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە خاوەنی ڕەوش و هەلومەرجێکی مەرجدارە. ولاتی بەستراوە بە شێوەیەکە کە ئازادی و سەربەخۆ لە ڕێگەی ولاتی پێ بەستراوەوە بەڕێوە دەبرێت. هەلومەرجی بەستراوە بوون نابێت لەگەڵ واقیعی سیاسی ئەو ولاتانەی کە لە ژێر فشاری دەرەکی و بەسترانەوەی دوو لایەنەی جیهاندان، تێکەڵ بکرێت. ولاتانی بەستراوە ولاتانی بە کرێ گیرا و نیمچە سەربەخۆ و ژێر سەرپەرشتیاریشیان پێ دەگوترێت.

## وڵاتی بەربەست لە نێوان دوو وڵاتی زلهێزدا Buffer State

ئەم چەمکە بەشـێکە لە تیۆری هاوسـەنگی هێز کە لە سـەدەی (١٨) دا چووە ناو بیری سـتراتیژی و دیپلۆماسـی ئەوروپییەوە، وڵاتێکە کە لە نێوان دوو ڕکـابەر یـان بە شـاراوەیی دوژمنی گەورەدایە. دەکرێـت هەنـدێـک جـار بیر لە بوونی بکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگری لە نـاکۆکی نێوانیـان بکـات. ئەم دەوڵەتە لە دەسـەڵات دابڕێنراوە و داگیرکردنی لەلایەن یەکێک لە دەسـەڵاتەکانی دەوروبەرەوە زۆر جار دەبێتە هۆی شـەڕ لە نێوانیان. توێژینەوەکان ئەوە نیشـان دەدەن کە ئەم دەوڵەتانە بە شـێوەیەکی بەرچاو ئەگەری زیاتریان هەیە کە داگیر بکرێن. نموونەی ئەم جۆرە دەوڵەتانە وڵاتی ئۆکراینایە کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە وڵاتێکی بەربەست لە نێوان ڕووسیا و بلۆکی ناتۆ هەژمار دەکرێت.

## وەزیری دەرەوە Minister of Foreign Affaiars

سـەرۆکی وەزارەتی دەرەوەیە، کە بەرپرسـە لە کاروباری دەرەوەی وڵاتەکەی. لە زۆرێک لە وڵاتان بەرپرسـیارە لە کاروباری دیپلۆماسـی دووقۆڵی و پەیوەندییە فرەلایەنەکان هەروەها دابینکردنی پشـتیوانی بۆ هـاووڵاتییـانی وڵاتەکەی کە لە دەرەوەی وڵاتن. دەسـەڵاتەکـانی لە حکومەتێکەوە بۆ حکومەتێکی تر جیاوازە، لە سـیسـتەمێکی کلاسـیکی پەرلەمـانیـدا، وەزیری دەرەوە دەتوانێـت کـاریگەرییەکی بەرچـاو لە پێکهێنانی سـیاسـەتی دەرەوەدا هەبێت بەڵام کاتێک حکومەت لەلایەن سـەرۆک وەزیرانێکی بەهێزەوە بەڕێوە دەبرێت ڕەنگە دەسـەڵاتەکانی

وەزیری دەرەوە ســــنووردار بێت و ڕۆڵێکی لاوەکی پێ بدرێت یاخود پەراوێز بخرێت.

**وەزیری کار پێسپێردراو** **Resident Minister**

لە ڕابردوودا ســــەرۆکایەتی نێردراوی وڵاتەکەیان دەکرد، کە پێیان دەگوترا کار پێســپێردراو بەڵام ئەمڕۆ دوای باڵیۆز یان ســەرۆکی ئەرکی دیپلۆماســی کەوتوون و لە پلەی دووەمدا دێن. وەزیری کار پێســــپێردراو هەموو ئەو دەســــەڵاتـانەی هەیە کە بـاڵیۆز هەیەتی، چونکە ســــەرۆکـایەتی نێردراوە دیپلۆماســــییەکان لەســــەر بنەمای پلە و جۆر جیا ناکرێنەوە، بەڵکوو تەنیا لەسەر بنەمای مافی پێشخستن و ڕێوڕەسمەکان جیا دەکرێنەوە. پسپۆڕانی بواری دیپلۆماسی ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەگەر باڵیۆز پسپۆڕی و لێهاتووی تەواوی لە ڕاییکردنی کـارەکـانی بـاڵیۆزخـانەدا نەبوو ئەوا زۆرینەی کـات وەزیری کارپێسپێردراو بە کردەی کارەکانی باڵیۆز ڕادەپەڕێنێت.

ی

**یاداشت، نووسینەوەی ڕووداو، پەراوێزنووسی        Memorandum**

پەیامێکی نووســـراو یان بیرخەرەوەیە، کە بە شـــێوەیەکی ئاســـایی لە ڕێکخستنێکی پرۆفیشناڵدا بەکاردێت. بە گشتی بە "یاداشت" ناسراوە. ئەم پەیامانە بە شـــێوەیەکی ئاســـایی کورتن و تێگەیشـــتن لێیان ئاســـانە. یادا شتێکە هەلی پەیوەندیکردنی زانیاری گرنگ بە کارامەیی پێشکەش بە ڕێکخراوێک دەکات بۆ ئەوەی گۆڕانکاری دینامیکی و کاریگەری دروست بکات. یاداشــت لە ســلکی دیپلۆماســیدا بە جۆرێک لە دۆکیۆمێنتی فەرمی دیپلۆمـاســـــی دەگوترێـت کە دابەش کراوە بۆ نووســـــراو و زارەکی. تێبینییەکی تایبەتە لەسەر کێشە گرنگەکان و زانیاری بنەڕەتی دەربارەی ڕووداوێکی ســـەرەکی تێدایە کە لە پراکتیکی دیپلۆماســـیدا بوونی هەیە. تێبینییە زارەکییەکان باوترن لە تێبینییە نووسراوەکان.

لە واتایەکی تردا یاداشـــــت بەکاردێت بۆ گوزارشـــتکردن لە لێدوانێکی نووســـراوە لەســـەر بابەتێک، لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتێک ئاڕاســـتەی باڵیۆزخانە یان نێردە دیپلۆماســـییە بیانییەکان لە وڵاتەکەی دەکات بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیان هەبێت لە ڕوودانی هەر ڕووداوێک لە وڵاتەکەدا.

## یادخەرەوە Aide-Memoire

ئەم دەســـــتەواژەیە لە زمانی فەڕەنســــییەوە وەرگیراوە  کە بەواتەی یارمەتی بیرگە دێت، تێبینییەکی دیپلۆماســـییە، کورتەیەکی نافەرمییە لە چاوپێکەوتن و گفتوگۆ دیپلۆماسییەکاندا یاداشت دەکرێت، کە تەنیا وەک یارمەتی بۆ یادکردنەوە و بیر هاتنەوەی بابەتەکانی گفتوگۆ لە سـەرکراو خزمەت دەکات و ئاڕاســتەی ســەرۆکی ئەرکی دیپلۆماســی دەکرێت. بە هاوکێشــەی موجامەلە دەســت پێ ناکات، بەڵام دەبێت بە ڕوونی لە دوو دێڕی یەکەمدا نیشـــانی بدات کە ئاڕاســـتەی کام باڵیۆز، وەزیرو...هتد دەکرێـت. نەریـت وایە ئەم جۆرە نـامـانە ئـاڕاســـتەی وەزارەت یـان فەرمانگەی دەرەوە دەکرێت و لەلایەن ئەوانیشــەوە ڕادەسـتی باڵیۆز یان وەزیرێکی پەیوەندیدار (یان نوێنەر) دەکرێت.

لە مانایەکی تردا یادخەرەوە بە مسـوەدەی دەقی دانوسـتانێک دەگوترێت کە بەشـــێوەیەکی نافەرمی لەنێوانشـــاندەکاندا ئامادە دەکرێت، بەبێ ئەوەیبەشـداربووەکان هیچ واژوویەک لەســەر ناوەڕۆکەکەی بکەن تەنها بۆ ئەوەیە کە لەبەردەوامبوونی دانوســـتانەکان لەو خاڵەوە دەســـت پێبکەنەوە کە پێشتر باسیان کردووە لە ئەنجامدا کە گەیشتە ڕێککەوتنی کۆتای ئەو مسـوەدانەش ڕێکدەخرێنەوە و دەبنە بەشـێک لە پەیماننامە و پرۆتۆکۆڵەکان.

**یارمەتی دەرەکی** Foreign Aid

زۆر جار لە شـــێوەی یارمەتی ئـابوورییە کە لە لایەن وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دابین دەکرێت.

**یاسای بۆشای** **Space law**

بریتییە لە یاســـای بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە بۆشـــایی ئاسمان. سنوورەکانی یاسای بۆشایی ئاسمان بریتین لە گەڕانی بۆشایی ئاســـمان، بەرپرســـیاریەتی زیانگەیاندن، بەکارهێنانی چەک، هەوڵدانی ڕزگارکردن، پاراستنی ژینگە، هاوبەشکردنی زانیاری، تەکنۆلۆژیای نوێ. بەپێی یاســـای نێودەوڵەتی ســـەروەری هەر وڵاتێک بە ســـەروەری خاکەکەی و ئاســـمانەکەیدا دەناســـرێتەوە. کەواتە هەموو وڵاتان دەبێت پابەند بن بە پاراســـتنی ســـنووری ئاســـمانی یەکترەوە. بەبێ ڕێککەوتنی پێشـــوەختە هیچ فڕۆکەیەکی جەنگی بۆی نییە بەســـەر ئاســـمانی وڵاتێکدا بفڕیت لەو کاتەدا دەچێتە چوارچێوەی بەزاندنی ئاسمان و سزای یاسای لەسـەرە و زۆر جاریش لەلایەن ئەو وڵاتەی کە ئاسـمانەکەی بەزێندراوە بەرپەرچدانەوەی سەربازی ڕوو دەدات.

## یاسای کۆنسوڵخانە Consulate law

کۆمەڵێک پرەنسیپ و بنەمای یاسایی نێودەوڵەتییە کە ئیش و کاری باری کۆنسوڵخانە ڕێک دەخات، هەروەها دیاریکردنی ڕێکاری و بیر هێنانەوە و ئەرک و ئیمتیازات و پارێزبەندی بەرپرسانی کۆنسوڵخانە و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و تەکنیکی. پشتیوانی سەرچاوەکانی یاسای کونسوڵخانەن، پەیمانی نێودەوڵەتی و نەریتی نێودەوڵەتین. یاسای کونسوڵی بەشێکە لە یاسای نێودەوڵەتی پەیوەندییە دەرەکییەکان.

## یاسای نێودەوڵەتی International law

کە بە یاسای نێودەوڵەتی گشتی و یاسای نەتەوەکان ناسراوە، بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا و بنەما و پێوانەکان کە بە گشتی بە پردی پەیوەندی نێوان گەلان دەناسرێنەوە، ڕێنماییە ستانداردەکان و چوارچێوەیەکی باوی چەمکی بۆ دەوڵەتەکان لە مەودایەکی فراواندا دادەمەزرێت، کە بریتین لە جەنگ، دیپلۆماسی، بازرگانی، و مافەکانی مرۆڤ. یاسای نێودەوڵەتی ئامانجی بەرزکردنەوە و پراکتیزەکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە. یاسای نێودەوڵەتی جیاوازە لە سیستەمە یاساییە بنچینەییەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی سەرەکی، هەرچەندە بە شێوەیەکی تایبەت بۆ وڵاتان ناگونجێت، نەک بۆ تاکەکان، و بە شێوەیەکی زۆر لە ڕێگەی ڕەزامەندییەوە کار دەکات، چونکە هیچ دەسەڵاتێکی قبووڵکراوی جیهانی نییە بۆ سەپاندنی یاسا نێودەوڵەتییەکان بەسەر دەوڵەتە

ســــیادییەکان، دەوڵەتەکان لەوانەیە ئەو ڕێگایە هەڵی ببژێرن کە پابەند نەبن بە یاسای نێودەوڵەتی.

**یاسای نێودەوڵەتی نەریتی(عورفی) Customary International**

یەکێکە لە پێکهاتەکانی یاســــای نێودەوڵەتی، ئاماژەیە بە پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکــان، کە لە پراکتیکی نێودەوڵەتییەوە دامەزراوە، بە پێچەوانەی ئەو یاسایانەی کە لە پەیماننامەکان و نووسراوی فەرمییەوە ســـەر هەڵدەدات. عورف لەلایەن دادگای نێودەوڵەتی و یاســـاناســـان و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ســـەرچاوەی ســـەرەکی یاســـای نێودەوڵەتی دادەنرێت. زۆرێک لە حکومەتەکان لە پرەنســـیپدا بوونی یاســـــای نێودەوڵەتی عورفی قبووڵ دەکەن.

لە ساڵی (١٩٥٠) دا، کۆمیسیۆنی یاسا نێودەوڵەتییەکان ئەم سەرچاوانەی وەک بەڵگە لە یاســـای نێودەوڵەتی نەریتی لیســـت کرد: پەیماننامەکان، بڕیارەکانی دادگای نەتەوەیی و نێودەوڵەتی، یاســــادانانی نەتەوەیی، بیروڕای ڕاوێژکارانی یاسایی نەتەوەیی و عورف.

## یونسکۆ UNESCO

ئاژانسی تایبەت بە ڕێکخراوی پەروەردەیی و زانستی و ڕۆشنبیری نەتەوە یەکگرتووەکانە. ئەو ئامانجانەی لەلایەن ڕێکخراوەکەوە ڕاگەیەنراوە بریتین لە بەشداریکردن لە پتەوکردنی ئاشتی و ئاسایش لە ڕێگەی فراوانکردنی هاوکاری نێوان دەوڵەتی لە بواری پەروەردە، زانست و ڕۆشنبیریدا. دەستبەر کردنی دادپەروەری و ڕێزگرتنە لە سەروەری یاسا و ڕێزگرتنی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانە کە لە دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ هەموو گەلان دانراوە، بێ جیاوازی ڕەگەز و سێکس و زمان و ئایین. ڕێکخراوەکە لە (١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥) دامەزراوە و بارەگاکەی لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسایە. لە ئێستادا، لە (١٩٥) وڵاتی ئەندامی هەیە.

## یەک پشتێنە، یەک ڕێگا One Belt, One Road (BRI))

پرۆژەی چینی "یەک پشتێنە - یەک ڕێگا" تێکەڵەیەکە لە پرۆژەکانی پشتێنەی ئابووری و ڕێگای ئاوریشم پاشان بە ڕێگای ئاوریشمی دەریایی ناوبانگی دەرکرد.
سەرۆکی وڵاتی چین لە سەردانەکەیدا بۆ کازاخستان لە مانگی ئەیلوولی (٢٠١٣) بیرۆکەی دروستکردنی پشتێنەی ئابووری ڕێگای ئاوریشمی خستە ڕوو لە مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی وڵاتی ئەندۆنیسیا، جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی دەریایی قبووڵ کرا. پرۆژەکە پێک دێت لە دروستکردنی سێ ڕا ڕەوی

ئابووری لە ناو ئەورووپادا: باکوور، ناوەڕاست و باشوور. پرۆژەی "ڕێگای ئاوریشمی دەریایی سەدەی (٢١) دروستکردنی دوو ڕێگا لە خۆ دەگرێت: یەکەمیان پەیوەندی ناوچە کەناراوییەکانی چین لەگەڵ ئەورووپادا لە ڕێگەی دەریای باشووری چین و زەریای هیندییەوە، دووەم لە ڕێگەی دەریای باشووری چینەوە بۆ ناوچەی باشووری هێمن.

دەستپێشخەریی "یەک بێڵت - یەک ڕێگا" تەنیا پرۆژەیەکی گواستنەوە و لۆجستی نییە، بەڵکوو لە هەمان کاتیشدا ستراتیژییەکی گشتگیرە و فاکتەرێکی سەرەکییە لە سیاسەتی دەرەوە و ئابووری وڵاتاندا. پرۆژەکە بە مەبەستی باشترکردن و دروستکردنی ڕێگا بازرگانییە نوێیەکان و هەروەها ڕێڕەوە ئابوورییەکانە کە زۆربەی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەورووپا و ئەفریقا بە بەشێک لە پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ چین دەبەستێتەوە.

بە ڕای بەشێک لە شارەزایانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی ئابوورییە بە ئامانجی خێراکردن و پەرەپێدان و پێکهێنانی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە لە بواری ئابووری و سیاسی و مرۆییدا تێبینی ئەوە کراوە کە پرۆژەی "One Belt - One Road" بنەمای هاوکاری ئابووری لە نێوان وڵاتانی ئارەزوومەند دروست دەکات.

## یەکخستن Integration

پرۆسـەی جووڵانەوەیە لە دۆخی گۆشـەگیرییەوە بۆیەکخسـتن. کە دەتوانێت چەندین بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری و یاسـایی لە خۆ بگرێت. یەکگرتنیڕەگەزییان کۆمەڵایەتی ئاماژە بە کۆکردنەوەی خەڵک دەکات لە گرووپەڕەگەزی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییە جیاوازەکانەوە بۆ ناو یەکگرتنی بێ سنوور و یەکسان لە کۆمەڵگەیانڕێکخراوێکدا.

## یەکێتی ئابووری ئۆراسیا Eurasian Economic Union (EAEU)

ڕێکخراوێکی ئابووری هەرێمی نێودەوڵەتییە و کەسـایەتییەکی مەعنەوی یاسـایی نێودەوڵەتی هەیە، لە کانوونی دووەمی (٢٠١٥) لە سـەر بنەمای پەیماننامەی یەکێتی ئابووری ئۆراسـیا دامەزراوە. ئامانجی سـەرەکی یەکێتییەکە زامنکردنی جووڵەی ئازادانەی کەلوپەل و کار و سـەرمایە و خزمەتگوزاری نێوان وڵاتەکانە، بۆ ڕێککەوتن لەسـەر بنەما هاوبەشـەکان بۆ گەشـەپێدانی ئابووری. هەروەها هاوکاری نێوان وڵاتانی بەشداربووە بۆ زیادکردنی کێبڕکێی ئابووری نەتەوەیی وڵاتەکانی ڕووسـیا، کۆماری کـازاخسـتـان، کۆمـاری بێلاڕووس، کۆمـاری ئەرمینیـا و کۆمـاری قیرغیزستان لە خۆ دەگرێت.

لە چوارچێوەی یەکێتییەکەدا بازاڕێکی هاوبەش و سیستەمێکی بازرگانی بۆ پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی سێیەم و سیاسەتی ڕێکخستنی گومرگی هاوبەش و چارەسەرکردنی کێشەکانی سیاسەتی دراوی و گەشەپێدانی کەرتی گواستنەوەی کاڵاکان هەیە. لە کانوونی یەکەمی (٢٠١٦) دا، کۆدی گومرگی لە نێوان وڵاتانی یەکێتییەکە هەڵگیرا کە جووڵەی کاڵاکان لە سنوورەکان زۆر ئاسان دەکات. ئەنجوومەنی باڵای ئابووری ئۆراسیا دەگرێتەوە کە بەرزترین ئۆرگانی یەکێتییەکە. چالاکییەکانی بە ئامانجی پەرەپێدانی تێکەڵبوونی ئابووری نێوان وڵاتانی یەکێتییەکەیە، هەماهەنگی نێوان ئەندامانی ڕێکخراوەکە لەلایەن ئەنجوومەنی حکومەتی ئۆراسیاوە ئەنجام دەدرێت.

### یەکێتی ئەفریقا African Union

ڕێکخراوێکە لە (٩) ی تەمموزی (٢٠٠٢) بە بەشداری (٥٥) وڵاتی ئەفریقا جگە لە مەغریب دامەزرا. بارەگای ئەم ڕێکخراوەیە لە شاری) ئادیس ئابابای (پایتەختی وڵاتی ئەتیۆپیایە. لە کاتی دروستکردنی ڕێکخراوەکەدا میکانیزمەکانی ئەزموونی گەشەکردنی لەبەرچاو گیراوە. ئامانجی یەکێتی ئەفریقا پاراستنی سەروەریی وڵاتانی یەکێتییەکەیە هەروەها ڕێ گیری کردن لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە سنوورییەکان. یەکێتی ئەفریقی مافی دەستتێوەردانی لە کاروباری وڵاتانی تری ئەفریقی هەیە لە حاڵەتی جینۆسایددا. کارێکی تری ڕێکخراوەکە گەشەپێدانی یەکڕیزی و هاوکاری

و هاوئاهەنگییە لەنێوان هەموو گەلانی کیشـــــوەری ئەفریقادا. هەروەها تیشک دەخاتە سەر ڕێگەگرتن لە شەڕ و ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتان.

دەرەنجامی کارەکانی یەکێتییەکە دروســـــتبوونی هێزە چەکدارەکانی یەکێتی ئەفریقا بوو لە ســـــاڵی (٢٠١٠) دا کە ژمارەیان (٨ بۆ ١٢ هەزار) ســــەرباز بوو. یەکێک لە کێشـــــەکانی یەکێتی ئەفریقا دابینکردنی دارایی پرۆژە هاوبەشـــەکانە بەتایبەتی دوای لەناوبردنی ســـەرۆکی لیبیا معەمەر قەزافی کە یەکێک بوو لە سپۆنسەر و دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە.

چالاکییەکانی یەکێتی ئەفریقا لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و تەواوی خاکی وڵاتانی ئەندام و پاراستنی بەرژەوەندیی هەموو وڵاتانی ئەندام لەم ڕێکخراوەیە.

### یەکێتی ئەوروپا European Union (EU)

قەوارەیەکی نێودەوڵەتییە کە کۆمەڵەیەکی ئابووری و ســیاســییە و (٢٧) دەوڵەتی ئەورووپـا تێیـدا ئەنـدامە،یەکەم هەنگـاو بۆ پێکهێنـانی یەکێتی ئەورووپای هاوچەرخ لە ساڵی (١٩٥١) بوو کە وڵاتانی بەلجیکا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، هۆڵەندا، لوکســـەمبۆرگ، فەڕەنســـا، ئیتاڵیا ڕێککەوتننامەیەکیان لەســەر دامەزراندنی کۆمەڵەی خەڵووز و پۆڵای ئەورووپی واژۆ کرد کە ئامانجی یەکخستنی ئابووری وڵاتانی ئەروپا بوو. هەمان شەش دەوڵەت لە ســـــاڵی (١٩٥٧) EEC کۆمەڵگەی ئابووری ئەورووپا یان بازاڕی گشـــــتی، و کۆمەڵگەی وزەی ئەتۆمی ئەورووپایاندامەزراند. پێوەرەکان داوا دەکەن کە دەوڵەت ڕێز لە پرەنســیپە دیموکراسـییەکان و بنەماکانی ئازادی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پرەنســیپی ســـەروەری یاســـا

بگرێت. بە پێی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتی ئەورووپا هیچ بەربەســـتێک ناخرێتە بەردەم ئاڵوگۆڕی شـــمەکی خزمەتگوزاری ســـەرمایە کرێکار و گەشـــتیاران، وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا لە ماســـتریخی/ هۆڵەندا، کۆبوونەوە و لەسەر ئەم پڕۆرتۆکۆڵانەی خوارەوە ڕێککەوتن:

-پێکهێنانی دراوێکی یەکگرتوو، ئەم دراوە لە ژێر ناوی یۆرۆ لە کانوونی دووەمی (٢٠٠٢) وە کەوتە بازاڕەوە.

-پێکهێنانی سیاسەتێکی دەرەوەی یەکگرتوو بۆ وڵاتانی ئەندام.

-پێکهێنـانی ڕێبـازێکی بەرگریی هـاوبەش لە ژێر فەرمـانـدەیی یەکێتی ئەورووپا.

-یەکێتێکە دەبێتە پێشەنگی ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو.

-زیاترکردنی دەسەڵاتی پەرلەمانی ئەورووپا.

-ئەنـدامـانی یەکێتی ئەورووپـا لە (٢٠) ی حوزەیرانی (٢٠٠٣) دا، ڕەشـــنووســـی دەســـتووری ئەم یەکێتییەیان پەســـەند کرد و کردیان بە بنەمـای دەســـــتووری داهـاتووی یەکێتییەکە. وڵاتـانی ئەنـدامی یەکێتی ئەورووپا بریتین لە:

ئەڵمانیا، نەمســـا، ئوســـتراليا، بەلجیکا، بولگاریا، کرواتیا، چیک، دانیمارک، ئســـــتۆنیا، فینلاند، فەڕەنســـــا، یۆنان، هەنگاریا، ئێرلەندادا، ئیتاڵیا، لاتیڤیا، لیتوانیـا، لۆکســـــۆمبورگ، مـاڵتـا، هۆڵەندا، پۆڵەنـدا، پۆرتوگـال، ڕۆمـانیـا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوێد، قوبرس.

### یەکێتی، فیدڕاڵی، فیدراسیۆن Federation

حکومەتی فیدراڵ کە زاراوەی فیدرا سیۆنیشی بۆ بەکاردێت، پێک دێت لە چەند وڵات یاخود ویلایەت یا خود هەرێمێک کە هەر کامیان خاوەنی بناغەی تایبەت بە خۆیانن و بۆ خۆیان ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەڕێوە دەبەن. وڵاتی فیدراڵ کە لە کۆی کیانەکانی ئەندامی فیدراسیۆن پێکهاتووە، خاوەنی ماف و ئیمتیاز گەلێکە، کە هەموو وڵاتانی ئەندام و دانیشتووانەکانیان دەگرێتەوە بەڵام لە هەمان کاتدا سەربەستی وڵاتانی ئەندام لە کاروباری ناوخۆدا دەپارێزێت.
لە سیستەمی فیدراڵدا هەندێک بنەما لە ئارادان وەک باڵا دەستی یاسا فیدراڵییەکان بەسەر یاسای ناوخۆی کیانە ئەندامەکان، هەروەها بەڕێوەبردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵدایە. لە چوارچێوەی دیاریکراوی دەستووردا وڵاتی فیدراڵ خاوەنی کۆڵەکەی تایبەت و دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی هەیە بەسەر تەواوی خاکی کیانەکانی ئەندامدا.

### یاری ئۆڵمپیک Olympic Games

پێشەنگی چالاکی وەرزشی جیهانن، کە هەر چوار ساڵ جارێک لە شوێنە جیاوازەکان لە سەرانسەری جیهاندا ئەنجام دەدرێت. هەزاران وەرزشوان، لە زۆربەی وڵاتانەوە، لە هەر دوو یاری ئۆڵمپیکی هاوین و زستاندا بەشداری لە پێشبڕکێی جۆراوجۆردا دەکەن. وڵاتی میواندار بە شێوەیەکی ئاسایی (٢-٣) ساڵ پێش کاتی خۆی دەست بە ئامادەکاری

دەکات چونکە یارییەکان گەورەترین دەرفەتیان بۆ ڕەخسـانـدووە بۆ نیشـانـدانی کولتوورەکەیان بۆ هەموو جیهان. یەکەم یاری ئۆڵمپی کۆن دەتوانرێـت بگەڕێنرێتەوە بۆ (٧٧٦ پ.ز) لە یۆنـان. هەرچەنـدە یـارییە مۆدێرنەکان لەو کاتەوە تا ئێستا گۆڕانکارییان لەسەر کراوە، بەڵام ئەوان بەردەوامن لە هێشتنەوەی میراتێکی مێژوویی بێهاوتا.

## سەرچاوەکان

- ✓ پ.ی.د. تالیب ڕەشید یادگار(٢٠١٣)، بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا.
- ✓ ئەحمەد شەبانی(٢٠١٠)، فەرهەنگی زانستی سیاسی، چاپی یەکەم، سنە زانکۆی کوردستان.
- ✓ عەلی جەوشەنی (٢٠١٤- تاران)، کوردستانیکا، چاپی یەکەم، چاپخانەی مانگ.
- ✓ هەژار موکریانی (١٩٩٠)، هەنبانە بۆرینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سروش- تاران.
- ✓ شێخ محەممەد خاڵ( ٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵم، چاپخانەی ئاراس- هەولێر.
- ✓ عبدالوەهاب شێخانی (٢٠٠٩) فەرهەنگی شێخانی، چاپی یەکەم، دەزگای موکریان -هەولێر.
- ✓ محەممەد ساڵح پێندرۆیی (٢٠٠٩) فەرهەنگا کانی، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی- هەولێر.
- ✓ زانستپەروەرانی کورد (٢٠١١) فەرهەنگی تەکنەلۆژیای زانیاری، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی- هەولێر.
- ✓ غولامەرزا علی بابا، وەرگێڕانی زاهیر محمد، یاسین حاجی زادە (٢٠١٣)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر.
- ✓ ساڵح عوسمان، (٢٠٢٠) دیپلۆماسی بنەما، گەشە، هەنگاوەکان. چاپی دووەم، چاپخانەی بینای- سلێمانی.
- ✓ شێرزاد ئازاد سوڵتان (٢٠١٧)، پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێتی دیپلۆماسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب-هەولێر.

- ✓ Русско–литовскийилитовскийрусскийсловарь(2008), общественнойполитическойидипломатическойлексики

- Минстерсево Иностраниных Дел Российской Федерации(2022), Дипломатическая Академия, дипломатическийсловарь.
- А. А. Громыко, А. Г. Ковалев, П. П. Севостьянов, С. Л. Тихвинский (1985-1986), Дипломатический словарь [3 тома].
- Дипломатическая Академия МИД России, Новыйдипломатическийсловарьhttp://diplomaticdictionary.com/dictionary/
- Sovereign Statehood: The Basis of International Society (Allen & Unwin: London, 1986).
- The British Yearbook of International Law, Oxford1991.
- Wilson, E. (2008). Hard Power, Soft Power, Smart Power. Annals of American Academy ofPolitical and Social Science
- https://journals.sagepub.com/doi/10.1177/0002716207312618.
- Amal Al-Rifai(2012) Dictionary of diplomatic and political terms, Nashiri.
- G.R. Beeridge and Lorna Lloyd (2015) **Diplomacy: Theory and Practice,**
- Rozental,A.&Buenrostro,A.(2015).'BilateralDiplomacy'.InCooper,A.F.,Heine,J.,&Thakur, R. (2015). The Oxford Handbook of Modern Diplomacy. Oxford: Oxford University Press
- U.S. Department of State. Diplomacy in Action, Evaluation and Measurement Unit, https://2009-2017.state.gov/r/ppr/emu/index.htm
- of The Academy for Cultural Diplomacy Cultural Diplomacy DICTIONAR(2013 london).
- Ross, A. (2011). Digital Diplomacy and US Foreign Policy. The Hague Journal of Diplomacy

# بیۆگرافیا



- هاوکار حمەفەرەج حسن.
- لە دایکبووی 1989 .
- بڕوانامەی ماجستێر لە زانستی زمان لە ڕووسیا.
- تایبەتمەندی: سۆسیۆلینگویستك و زمانەوانی سیاسی.
- بەرهەمی بڵاوکراوە: وتاری سیاسی بارزانی و پوتین لە سۆسیۆلینگویستیکدا 2019.


بۆ پەیوەندی:

Hawkarhasan61@gmail.com

07505730102